IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

---

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# هەژمونی نەوت
# و
# وەرچەرخان لە تەرازوی هێزە جیهانییەکاندا

رۆبەرت سلیتەر

وەرگێڕانی: سۆران عەلی

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (144)

ناوی کتێب: هەژمونی نەوت و وەرچەرخان
لە تەرازوی هێزە جیهانییەکاندا
بابەت:  ئابوری سیاسی
ناوی نووسەر: رۆبەرت سلیتەر
وەرگێڕانی: سۆران عەلی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2016
تیراژ: 500 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1807 )ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# هەژمونی نەوت

و

وەرچەرخان لە تەرازوی هێزە جیهانییەکاندا

**رۆبەرت سلیتەر**

**وەرگێڕانی: سۆران عەلی**

**2016**

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:**

سلطة النفط والتحولات في ميزان القوى العالمية، روبرت سليتر، ترجمة: محمد فتحي خضر, مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، الطبعة الاولى 2016.

**کتێبەکە بە ئینگلیزی:**

Seizing Power

Robert Slater

# پێڕست


نەخشەیەکی زەمەنی.........................................................6

پێشەکی.................................................................7

بەشی 1 نزیکبوونەوە لە لێواری توندوتیژی و بێ سەرەوبەرەیی................11

بەشی 2 دوو دەوڵەتی نەوتی ئەفەریقیا: لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی .............23

بەشی 3 چین ئەفریقیا داگیردەکات........................................51

بەشی 4 هێزی بیابان: کەنداو و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست........................73

بەشی 5 تاقیکردنەوەی سیستمی نەوتی: جەنگ و گەمارۆ و توانای...........87

بەشی 6 مێژوی نەوت و خەونی ئەمەریکا....................................113

بەشی 7 ئەخلاق و نەوت..................................................131

بەشی 8 خۆپارێزی: دڵنیایی یان جامبازیی؟.................................143

بەشی 9 چەندە نەوت ماوە؟ تا چەند ویلایەتە یەکگرتوەکان..................159

بەشی 10 ڕۆن بۆ چراکانی چین... و هندستان................................179

بەشی 11 وەرچەرخان لە تەرازوی هێزەکاندا...................................207

بەشی 12 روسیا: جەنگی پوتین لەدژی نوخبە..................................235

بەشی 13 ئێران: لوتبەرزی وەك ستراتیجێکی نەوتی...........................251

بەشی 14 ڤەنزوێلا: جیهان لە تێڕوانینی چاڤێزەوە............................265

بەشی 15 بەرازیل و پترۆبراز: کۆمپانیایەکی نەتەوەیی نەوت لە.................283

بەشی 16 دوای وەرچەرخانی تەرازوی هێز: ئەمە هەمووی.......................293

# نەخشەیەکی زەمەنی

| | |
|---|---|
| دیسەمبەری 1970 | نرخی بەرمیلێک نەوت: 1,80 دۆلار |
| ئۆکتۆبەری 1973 | ڕێکخراوی ئۆپیک رازی نابێت نەوت بە دەوڵەتانی پشتیوانیکاری ئیسرائیل بفرۆشێت لە جەنگی ئۆکتۆبەردا (ڕۆژی لێبوردن). نرخی بەرمیلێک نەوت: 4 دۆلار |
| دیسەمبەری 1974 | نرخی بەرمیلێک نەوت: 12 دۆلار. هەندێک دەوڵەت کۆتوبەند دەخەنە سەر خێرایی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەپێناو کەمکردنەوەی بەکارهێنانی نەوتدا |
| نۆڤێمبەری 1979 | دەستپێکردنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و قەیرانی بارمتەکان لە ئێران. نرخی بەرمیلێک نەوت: 70 دۆلار |
| ئۆکتۆبەری 1981 | سعودیە بە نەوتی هەرزان بەها بازاڕ دادەپۆشێت و کەمکردنەوەی بێ پێشینەی نرخ بەسەر دەوڵەتانی ئۆپیکدا دەسەپێنێت. نرخی بەرمیلێک نەوت: 35 دۆلار |
| ئۆگەستی 1990 | داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە. نرخی بەرمیلێک نەوت: 24 دۆلار |
| نۆڤێمبەری 1997 | ڕێکخراوی ئۆپیک بەرهەم زیاد دەکات. نرخی بەرمیلێک نەوت: 18 دۆلار |
| یەنایەری 1999 | عێراق بەرهەمهێنان زیاد دەکات. قەیرانی دراو ئابوری وڵاتانی ئاسیا تووشی داکشان دەکات. نرخی بەرمیلێک نەوت: 10 دۆلار |
| سێپتەمبەری 2000 | مەترسییەکان سەبارەت بە بەرهەمی نەوتی جیهانی و خراپی کەشوهەوا نرخی نەوت بەرزدەکەنەوە. نرخی بەرمیلێک نەوت: 30 دۆلار |
| سێبتەمبەری 2004 | نیگەرانی جیهان سەبارەت بە شەڕی عێراق. نرخی بەرمیلێک نەوت: 53 دۆلار |
| ئۆگەستی 2005 | زریانی کاترینا کەنداوی مەکسیک دەگرێتەوە. نرخی بەرمیلێک نەوت: 35 دۆلار |
| یۆلیۆی 2006 | زیادبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکان سەبارەت بە مەسەلەی عێراق. نرخی بەرمیلێک نەوت: 77 دۆلار |
| سێپتەمبەری 2007 | ئۆپیک زیادکردنی بەرهەم، کەمتر لە پێشبینییەکان رادەگەیەنێت. بۆرسەکانی ئەمەریکا لە پێشبینییەکان زیاتر دادەبەزن. هێرشکردنە سەر شەش بۆری نەوت لە مەکسیک لەلایەن چەند گرووپێکی چەپڕەوەوە. نرخی بەرمیلێک نەوت: 80 دۆلار |
| ئۆکتۆبەری 2007 | زیادبوونی گرژی و ئاڵۆزی لە خۆرهەڵاتی تورکیا هەڕەشەی هەڵگیرسانی کاری توندوتیژی دەکات. دابەزینی دۆلاری ئەمریکی. نرخی بەرمیلێک نەوت: 90 دۆلار |
| یەنایەری 2008 | نرخی بەرمیلێک نەوت: 100 دۆلار |
| مارسی 2008 | نرخی بەرمیلێک نەوت: 110 دۆلار |
| مایۆی 2008 | نرخی بەرمیلێک نەوت: 130 دۆلار |
| یۆنیۆی 2008 | نرخی بەرمیلێک نەوت: 138 دۆلار |
| سێپتەمبەری 2008 | نرخی بەرمیلێک نەوت: 95 دۆلار |
| دیسەمبەری 2008 | بەهۆی لاوازی ئابوری جیهانی و کەمبوونەوەی چاوەڕوانکراو لە داواکاری لەسەر نەوت نرخی بەرمیلێک نەوت دادەبەزێت بۆ 33,87 دۆلار |
| ئۆگەستی 2009 | لەگەڵ زیادبوونی ئاماژەکانی باشبوونی ئابوری، خواست لەسەر نەوت بەرزدەبێتەوە. نرخی بەمیلێک نەوت دەگاتە 70 دۆلار |
| یەنایەری 2010 | نرخی نەوت بەردەوامبوو لە بەرزبوونەوە، بەجۆرێک لە سەرەتای ئەو مانگەدا گەیشتە 80 دۆلار |

# پێشەکی
# چیرۆکی ساوتۆمی

گەلی ساوتۆمی زۆر خۆشمەشرەبن. ئاسایش تێیدا ئەوەندە بەرقەرارە، کە شەوانە بچیتە دەرەوە بۆ سەیرانگە، یان تەنانەت لە کەنار دەریاش بخەویت. دارستان لێرە پڕە لە میوە و زەریاش لێوانلێوە لە ماسی، بۆیە هۆکارێك نییە تاکەکانی گەل وا لێبکات لەوە بترسن، کە خۆراکیان تەواوببێت. لەدارستان دڕندەی وەك پڵنگ، شێر، مار و جاڵجاڵۆکەی ژەهراوی نییە. ڕەنگە مەترسیدارترین بوونەوەر مێشوولە بێت، ئەگەر خۆت نەپارێزیت دەکرێت توشی مەلاریات بکات.

پەیجی زانیارییەکانی حکومەتی ساوتۆمی و پرینسیپ، 2008.

* * *

هەردوو دورگەی ساوتۆمی و پرینسیپ، کە ساڵی 2003 نەوتیان تێدا دۆزرایەوە، دوو دورگەی بچوکن و دەکەونە بەرامبەر کەناری خۆرئاوای ئەفریقا. ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە 200 هەزار کەس و پشکی هەر تاکێك لە داهاتی نەتەوەیی 390 دۆلارە. حکومەتی ساوتۆمی هەوڵیداوە پشتیوانی دارایی کۆبکاتەوە بۆئەوەی پشت بەخۆی ببەستێت لە ئەنجامدانی پرۆسەی زیاتری گەڕان بەدوای نەوت و بەرهەمهێنانیدا، بۆئەوەی خۆی لە هاوبەشێکی تەکنۆلۆجی بەدوربگرێت، کە پشکێکی گەورە لە کێکی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ خۆی ببات.

ئەو رێگەیەی حکومەتی ئەوێ بۆ کۆکردنەوەی پارە پەیڕەویدەکات، شێوازێکی داهێنراوە، بەڵام دروستنییە، چونکە دەوڵەت هێڵەکانی تەلەفۆنی بەکرێداوە بەو کەسانەی، کار بە ماڵپەڕە سێکسییەکان دەکەن و پەیوەندییە تەلەفۆنییە سێکسییەکان لەو هێڵانەوە دەگوازنەوە بۆ خاڵە جیاجیاکان لەسەر ئەم هەسارەیە، هەروەها دەوڵەت پۆستکارتی مارلین مۆنرۆ-ش دەفرۆشێت.1

ساوتۆمی و پرینسیپ تەنیا ئەکتەر نییە لە ئەکتەرە بەشدارەکانی «گەمەی نوێی نەوت»دا. تا ئێستاش ئەو ئەکتەرێکی شێوە ناشرینە بەراورد بە ئەکتەرانی تری وەك روسیا، چاد، ئێران و ڤەنزوێلا، کە شایانی ئەوەن پێیانبوترێت «دەوڵەتانی نەوتی دەستدرێژیکار»، بەڵام روداوەکانی ساوتۆمی و پرینسیپ چیرۆکێکی رەمزین بۆ ئەو

بێسەروبەرەییەی ئەمڕۆ، کە توشی جیهانی سیاسەتەکانی نەوت دەبێت.

بۆ یەکەمجار پێش سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر نەوت دۆزرایەوە، لەگەڵ ئەوەی بڕێکی زۆری نەوت بوونی هەبوو، بەڵام کەمتر نەوت پێویستبوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی سەدە و نیوێك، ئێستا ئەو نەوتە زۆر پێویستە، بەشێوازێك ئەو بڕەی کە لەبەردەستدایە بەشناکات. بەدرێژایی ئەو ساڵانەش، نەوت سەرەتا لەلایەن ڕۆکفیلەر و کارنیجی و ئەندامانی خێزانەکانیانەوە و پاشان لەلایەن «حەوت خوشکەکە» و گەورە کۆمپانیا جیهانییەکانی نەوتەوە، دواتریش لەلایەن ڕێکخراوی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوتەوە (ئۆپیك) بەڕێوەدەبرا.

خاڵی هاوبەشی ئەم قەوارە زەبەلاحانەی پیشەسازی نەوت ئەوەیە، کە هەموویان پیاوی کار بوون، بەشێوەی کۆ یان تاك بازرگانیاندەکرد. بێجگە لە هەردوو جەنگەکەی جیهان، کە بوونە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر نەوت، ئەوا بازاڕی نەوت بەدرێژایی سەد و پەنجا ساڵی یەکەم سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بەخۆوە بینی.

بەڵام پێناچێت ئەو سیستم و سەقامگیرییە ببینینەوە، کە جیهانی نەوت لەو ساڵانەدا هەیبوو، بۆیە لە سەدەی بیست و یەکەم و بەرە و ژوردا، پێدەچێت کێڵگەکانی نەوت و پرۆسەکانی گەڕان بەدوایدا گومان و بێ سەروبەرەیی و کەم بەرهەمی بەخۆوە ببینن، چونکە پاشەکەوتی نەوتی جیهانی

لە کەمبوونەوەدایە و رەنگە تا پەنجا یان سەد ساڵی دیکە بەردەوام بێت، بەڵام لەوانەیە لە سەدە یان سەدە و نیوی داهاتودا، پاشەکەوتی نەوتی جیهان کۆتاییپێبێت.

پاش چەند دەیەیەك، مێژونوسان سەیری ئەو ماوەیەی گەشەکردنی زەوی دەکەن، کە تێیدا دەوڵەتان پشتیان بە نەوت بەستوە، وایدەبینن بەو پێیەی کاتێك بووە تێیدا دەوڵەتان لەململانێدابوون دژی یەکتر لەسەر ئەو کاڵا دەگمەن و بەنرخە تا ئەو کاتەی سەرچاوەیەکی نوێی وزە داهێنراوە، کە ئەرکی کارپێکردنی بزوێنەرەکانی جیهان و هۆکارەکانی گواستنەوە بگرێتەدەست و کەشوهەوای جیهانیش کۆنترۆڵبکات.

تا ئەو کاتەی جیهان سەرچاوەی دیکەی کەم تێچوو دەدۆزێتەوە، بۆئەوەی بزوێنەری پیشەسازییەکانی لە دەوڵەتانی پێشکەوتو و تازەگەشەسەندودا بەگەڕبخات، ئەوا لەژێر بەزەیی زۆرداران و تیرۆریستان و مامەڵەکاراندا دەبێت.

**پەراوێزەکان**

(1) بی بی سی نیوز، 16ی یۆلیۆی 2003.

# بەشی 1

## نزیکبوونەوە لە لێواری توندوتیژی و بێ سەروبەرەیی

توێژەرەوەکانی گروپی گۆڵدمان ساکس بە ڕێبەرایەتی ئاریۆن ئێن مۆرتی لە ڕاپۆرتێکیاندا باسی ئەوەیان کردوە، کە ڕەنگە نرخی نەوتی خاو لە ماوەی دوو ساڵدا بەرزببێتەوە بۆ 150 تا 200 دۆلار بۆ یەك بەرمیل، لەگەڵ بەردەوامبوونی بێتوانایی بەرهەمی خراوەڕو، کە هاوشانی داخوازی رولەزیادبووی دەوڵەتانی تازەگەشەسەندووە، ڕێبکات... شیکەرەوانی گۆڵدمان ساکس لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕۆژی پێنجی مایۆدا نوسیویانە: «پێدەچێت ئەگەری گەیشتنی نرخی بەرمیلێك نەوت بە 150 – 200 دۆلار لە ماوەی شەش بۆ

بیست و چوار مانگی داهاتودا زیاتر ڕێی تێبچێت، ئەگەرچی هێشتا پێشبینیکردنی ترۆپکی کۆتایی نرخی نەوت و ئەو ماوەیەی، کە ئەم خولەی بەرزبوونەوە ماوەیەتی، گومانیان تێدایە».

مۆرتی لە گۆڵدمان ساکس دەڵێت: «پێدەچێت، نرخی بەرمیلێك نەوت بگاتە نێوان 150 بۆ 200 دۆلار»

**نیسا سوبرامانیان، بلومبێرگ، 6ی مایۆ ، 2008.**

* * *

ساڵی 2008 نرخی نەوت بەشێوەیەکی زۆر بەرزبووەوە بەجۆرێك، هەژمونی خۆی بەسەر گوتار و ئامرازەکانی راگەیاندنی جیهانیدا سەپاند. ئەو زیادبوونە دڵڕەقانەیەی نرخی سوتەمەنیش بەلای بەکاربەرەوە، هەڕەشەی بۆ سەر سەقامگیری ئابوری جیهان دروستکرد. نرخی سوتەمەنی وای لە جیهان کرد بەشێکی زیاد لە پێویستی داهات، نەك تەنیا بۆ خودی سوتەمەنی خەرجبکات، بەڵکو بۆ دانەوێڵەشی خەرجبکات، لەگەڵ زیادبوونی پانتایی بەرهەمەکانی وزەی جێگرەوە لەسەر هەژماری چاندنی بەروبوومی خۆراکی.

ئەو چارەسەرانەش کە تائێستا پێشنیارکراون -وەك «هەڵپەساردنی سەپاندنی باجی سوتەمەنی لەماوەی مۆڵەتەکاندا» بۆئەوەی داوا لە سعودیە بکرێت خستنەڕو زیادبکرێت- لە ئازارشکێنێکی کاتی زیاتر نەبوون، نەك چارەسەری دورمەودا... لەگەڵ ئەمەشدا پێشنیارکراوەکانی پشت بەرزبوونەوەی نرخی نەوت جێی ناکۆکی بوون، ئایا هۆکارەکە دەوڵەتە عەرەبیەکانن، کە وەك یەکێتییەکی قۆرخکاری نەوت، هەڵسوکەوت دەکەن؟ یاخود هۆکارەکە ئەو دوو ملیار چینی و هندیەن، کە توێژی مامناوەندیان خواستێکی ئەوتۆیان خستۆتەسەر سەرچاوە کەمەکان، کە ناتوانرێت جێبەجێبکرێت؟ یان جۆرێك لە هاوپەیمانێتی شەیتانی لەلایەن گەورە کۆمپانیاکانی نەوتی خۆرئاواوە هەیە لە دژی بەرنامەی وزەی جێگرەوە؟ یاخود هۆکارەکە مامەڵەکارانی وۆڵ ستریتە؟ نرخی رو لەزیادبووی نەوت چی لەو ئابوریانە دەکات، کە هێشتا لە قەیرانی ئەم دواییەی رەهنی خانوبەرە چاك نەبوونەتەوە؟

خۆرئاوا لە رونکردنەوەی رێنماییە هۆشیارکەرەوەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەوشێوە خێراییە سەرکەوتونەبوو، بۆیە تا کاتێکی نزیکیش - لەسێپتەمبەری 2003دا، کە نرخی نەوت کەمتر لە 25 دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێك - ئەمریکییەکان بەدەگمەن بایەخیان بە نەوت دەدا. هیچ سکاڵایەکیش لەلایەن بەکاربەرانی سوتەمەنییەوە بەرزنەکرایەوە، تا کاتی گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەب، ئەگەرچی لە ساڵانی 1973 و 1974دا کاریگەری هەبوو کاتێك نرخی نەوت چوار هێندە بەرزبووەوە و لە کۆتایی ساڵی 1972دا دوو یان سێ دۆلار بۆ یەك بەرمیل و لە کۆتایی 1974دا بۆ 12 دۆلار بەرزبووەوە.

لەگەڵ سەرەتای هەزارەی نوێدا، ئەو گوێپێنەدانە بێ زیانەی وەك کۆمەڵگە بەرامبەر بە نەوت هەستمانپێدەکرد، گۆڕا بۆ تامەزرۆییەکی نادیار، پاشان بۆ ئارەزویەك، بۆیە لەپڕ وا دەرکەوت کە کاروباری نەوت رۆحی «دڕندەیی خۆرئاوا»ی بە پلەیەکی زیاتر لە ماوەی دوای دۆزینەوەکانی سەرەتای نەوت لەویلایەتە یەکگرتوەکانی تێدایە، کە سەرکێشی تێدابوو. دەمانویست ئەو مەتەڵە هەڵبێنین، کە چۆن کەوتوینەتە ئەم قەیرانە و ئەو هۆکارەش بزانین، کە چۆن هەر ستەمکارێك یان کۆمپانیایەکی تازەگەشەسەندو لە سوچێکی دوری ئەم جیهانەدا، توانای کۆنترۆڵکردنی شێوازی ژیانمانی هەیە، کە پشتی بە وزە بەستوە. پێمانوابوو دەتوانین هۆکاری پشت ئەو بەرزبوونەوە خێرایەی نرخی نەوت

دەستنیشانبکەین، دوای ئەوەش ڕەنگە بتوانین ئاراستەی ئەو ڕەوتە پێچەوانەبکەینەوە و بگەڕێینەوە بۆ «ڕۆژانی خۆشی ڕابردو» کە تێیدا نەوت بەردەوام لەبەردەستدابوو، پێویستی بەوە نەدەکرد بیری لێبکەینەوە، چونکە ئەمە ئومێدەکە بوو، بەرلەوەی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی بواری وزە ببنە هۆی هاتنەئارای پڕۆسەیەکی دابەشکردنەوەی گەورەی سامانی نەوتی جیهان، هەروەها بەرلەوەی کۆمەڵێك ئەکتەری نوێ لەبواری نەوتدا دەربکەون، کە بوونەهۆی هێنانەئارای ڕێسای جیۆسیاسی نوێ و خستیانینە سەر ڕێچکەی بەرەو بێسەروبەرەیی و توندوتیژی، بۆئەوەی لەچۆنێتی گەیشتنمان بەم ئاستە تێبگەین، پێویستە سەیری ئەو بارودۆخە بکەین، کە پێشتر تێیدابووین.

هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بەکاربەری سەرەکی نەوتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بوو، هێزی خستنەڕو، داخوازیش لەبازاڕی نەوتدا هاوسەنگی ڕادەگرت، بۆ نمونە لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هێزە باڵادەستەکان بەدیاریکراویش «حەوت خوشکەکە» – زاراوەیەکە بۆ ئاماژەکردن بە کۆمەڵێك لە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا – جڵەویان بەدەستەوە بوو، بەڵام لەگەڵ بەدوایەکداهاتنی دۆزینەوە نەوتییەکاندا، جڵەوی هێز وردەوردە کەوتە دەست کۆمپانیا نەتەوەییەکان لەدەوڵەتە تازە گەشەسەندوەکاندا. ئەندامانی ڕەسەنی ڕێکخراوی ئۆپیك کۆمپانیای نەوتی نەتەوەیی بوون، بەڵام لە بنچینەدا

لەژێر کۆنترۆڵی سعودیەدابوو، کە دەیویست پارێزگاری لە سەقامگیری جیهانی نەوت بکات، لەڕوی مێژوییشەوە لەو کۆمپانیا نەتەوەییە نوێیانەی نەوت نەبوو، کە سەرچاوە سروشتییەکان وەك چەکی دوژمنکاری بەکاردەهێنن: واتە لە «دەوڵەتانی نەوتی دەستدرێژیکار» نەبوو - جگە لە چەند هەڵوێستێکی کەم نەبێت.

## حەوت خوشکە رەسەنەکە

**1. ستاندەرد ئەمریکان ئۆیل ئۆف نیوجێرسی (دواتر بووە ئیکسۆن).**
**2. رۆیاڵ دەچ شێل.**
**3. کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- فارسی (دواتر بووە بریتش پترۆلیۆم).**
**4. ستاندەرد ئەمریکان ئۆیل ئۆف نیویۆرك (دواتر بووە مۆبیل).**
**5. تەکساکۆ ئەمریکا (دواتر بووە تەکساکۆ).**
**6. ستاندەرد ئەمریکان ئۆیل ئۆف کالیفۆرنیا (دواتر بووە چیڤرۆن).**
**7. گەڵف ئۆیل.**

1. هەڵکشانی ئەستێرەی کۆمپانیا نەتەوەییەکان

لەسەرەتادا تەنیا کۆمپانیا گەورەکانی نەوت باڵادەست بوون بەسەر پرۆسەکانی گەڕان بەدوای نەوت و بەرهەمهێنانیدا، بەڵام دەوڵەتانی نەوتی نوێ بەهەڵپە بوون، بۆئەوەی کۆنترۆڵی پیشەسازییە نەوتییەکان لەدەستی گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت دەربهێنن، پاشان دەرفەتێك بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی ببننەوە.

خاڵی وەرچەرخانی جیاکەرەوە -وەرچەرخان لە تەرازوی هێزدا- لە سیستمی کۆنی نەوتییەوە بۆ سیستمی هاوچەرخی نەوتی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستدا رویدا. روداوەکە زۆر گەورە بوو، نەك لە روی کاریگەرییە داراییەکەیەوە، بەڵکو لە روی کاریگەرییە سیاسییەکەشیەوە هەر وابوو، بۆیە کاتێك سعودیە گەمارۆی نەوتی لەنێوان ساڵانی 1973 و 1974 لە شەڕی ئۆکتۆبەردا (رۆژی لێخۆشبوون) راگەیاند، ئەوە یەکەمجار بوو، کە جیهان روبەڕوی کەمی بەرهەمی نەوت ببێتەوە، ئەویش کاتێك نەوت وەك چەکێکی سیاسی بەکارهێنرا.

لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمیشدا، پڵنگێك و فیلێکی نوستوو لە خەوەکەیان بەخەبەرهاتن، چونکە هەردوو ئامێری ئابوری چین و هندستان - بە ژمارەی دانیشتوانیانەوە، کە هەر یەکەیان ملیارێکی تێپەڕاندوە، هەروەها خواستی هێنانەئارای چینێکی ناوەندی تایبەت بە خۆیان- پێویستیان بە نەوت هەبوو بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنیان و هێنانەدی خەونی خۆشگوزەرانی.

لەبەرژەوەندی سعودیەی «سەرکردە»ی دەوڵەتانی ئۆپیکدا بوو، کە بەردەوام نرخی نەوت بە نزمی بهێڵێتەوە تا ئاستی پێویست، بەجۆرێك بەکاربەران هەرگیز هەست بە هیچ گوشارێك نەکەن ناچاریانبکات بەدوای سەرچاوەی جێگرەوەی وزەدا بگەڕێن. سعودییەکان هەوڵیاندا لەڕێی رێکخستنی بڕی ئەو نەوتەی هەڵیدەهێنجن، نرخی نەوت


ڕێکبخەن. لە رابردودا ئەو کاتەی نرخ زیاد لە پێویست دادەبەزی، سعودیە ئاستی بەرهەمهێنانی دادەبەزاند، کاتێکیش نرخ زیاد لە پێویست بەرزدەبووەوە، ئاستی بەرهەمهێنانی بەرزدەکردەوە.

بە گشتی ئەم سیستمە بەشێوەیەکی باش کاریکرد. خۆرئاواش هاندەرێکی نەدۆزییەوە هانیبدات تا دەستبەرداری نەوت ببێت، کە شێوازی ڕەگداکوتاو و خۆشگوزەرانی ژیان پشتیپێدەبەست، بەڵام ئێستا جموجوڵێك پەیدابووە لە ئەنجامی ئەو خواستەی لەو دوو زەبەلاحە ئاسیاییە دەستبڵاوەوە دێت، چونکە هندستان و چین فشارێکی زۆریان دەستپێکردوە بۆ سەر هەناردەکارانی نەوت، بەڕادەیەك سعودیە پێیوایە زەحمەتە نرخی نەوت بە نزمی بهێڵێتەوە.

فەرمانڕوایانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم خەون بە دۆزینەوەی نەوت لەسەر خاکەکانیان دەبینن، چونکە ئەم بابەتە بەلایانەوە وەك بردنەوەی یانسیب وایە، چونکە هەندێکیان خەون بەوەوە دەبینن، خێروبێر بۆ گەلەکانیان بهێنن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە بە سادەیی هەوڵ بۆ دەوڵەمەندکردنی گیرفانیان دەدەن. گۆڕەپانەکە لەباربووە بۆ وەرچەخانی داهاتوی تەرازوی هێز، دور لە پەیکەری بەهێزی سەقامگیری و بەئاڕاستەی قۆناغێك هەموو شتێکی تێدا قبوڵکراوە، قۆناغێك لە لامەرکەزیەت و دەوڵەتانی نەوتی دەستدرێژیکار.

هەڵکشانی ئەستێرەی کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت، لەنێویشیاندا هەندێك لە بەهێزترین پرۆژەی نەوتی جیهان، ئاماژەیەکی سەرەکی بوو بۆئەوەی، کە ئێستا سیستمێکی نوێی نەوتی جیهانی لە ئارادایە. لەم روەشەوە وادیار بوو، کە ویستی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت - ئەو ویستەی پێشتر هەرگیز مەسەلەیەکی جێ باس نەبوو - ئامادەییەکی هەمیشەیی ترسناکی هەیە لە سەرەتاکانی هەزارەی نوێدا، چونکە هیچ روکارێکی سیستمی نوێی نەوتی کاریگەری راستەوخۆ و رۆژانەی لەسەر ژیانی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك دانەناوە، وەك ئەوەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کردویەتی.

**ئامانجی گازپرۆم بریتییە لە چوونەناو یانەی تریلیۆنەوە لەگەڵ گەیشتنی نرخی بەرمیلێك نەوت بە 250 دۆلار**




شێوەی 1-2: «ئەلێکسی میلەر» بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گازپرۆم دەڵێت « لە ئایندەیەکی

چاوەڕوانکراودا» نرخی بەرمیلێك نەوت دەگاتە 250 دۆلار، کە ئەوەش یەکسانە بە زیادبوونی بە ڕێژەی 85%ی نرخی ئێستای نەوت، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند» بەهای بازاڕیی بۆ ئەم کۆمپانیا ڕوسییەی بواری وزە سێ هێندە زیاددەکات و بەجۆرێك لە کاتێکی نزیکی ساڵی 2015 دا دەگاتە تریلیۆنێك دۆلار. (سەرچاوەی پێگەیشتنی وزەی کەم، بۆتە مایەی ڕودانی وەرچەرخانێکی بەردەوام لە تەرازوی هێزەکان لە نەخشەی وڵاتە نەوتییەکاندا، نەوەك هەر بەتەنها لەنێوان هێزە گەورەکان و ڕکابەرەکانیان لە کۆمپانیا نەوتییە گەورەکان، هەروەها بۆتە مایەی داسەنگانی تەرازوی هێزی کارەکتەرە کۆنەکان بە لایەنی کۆمپانیا نەوتییە نەتەوەییەکان لە دەوڵەتە گەشەسەندووە بچوکەکان، کە خاوەن حکومەتێکی ناسەقامگیرن. (سەرچاوە: بلومبێرگ).

مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە نەوتەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە «جۆری» نەوتیشەوە هەبوو: چونکە جۆری باشی نەوت، نەوتی خاوە «شیرینی سووك» لە کاتێکدا لەڕوی جۆرەوە خاوی «تاڵی قورس» کەمتر بە باش دەزانرێت، پلەی خاویش لەنێوانیاندا جیاوازە. جیاوازی ئەم پلانەش پەیوەستە بە هەموو ئەو ناوچانەی تێیدا بەرهەمهێنراون، لەگەڵ تەکنۆلۆجیا و تیچوونی پەیوەست بە پاڵاوتن و پوختەکردنی جۆرە جیاجیاکانەوە سەرباری دەرهێنانی بەرهەمی بەسوود لێیان.

### (1-1) جۆرەکانی نەوت

نەوتی خاو جۆری زۆری هەیە، کە هەریەکە لە بڕی گۆگردەکەی و ئاستی لینجیەکەی دیاریدەکەن، بۆیە ئەو نەوتەی بڕێکی زۆر گۆگرد لەخۆ دەگرێت وا ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە «تاڵ»ە لە کاتێکدا ئەو نەوتەی بڕێکی کەم لە گۆگردی تێدایە، پێیدەوترێت نەوتی «شیرین»، لەبەرئەوەی گۆگرد لە ژینگە پیسکەرەکانە، زۆر یاسای تایبەت بە وزەی «پاك» هەن بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانە کەمدەکەنەوە، کە گۆگردیان تێدایە.

«لینجی»یش پەیوەندی بە چڕی و تۆخی مادده خاوەکەوە هەیە (چ لە شێوە شلەکەیدا، یان هاوشێوەی قەتراندا). نەوتی خاوی قەترانیش بە نەوتێکی «قورس» دادەنرێت لە کاتێکدا ئەو نەوتەی لیتەی زیاترە بە نەوتێکی «سوك» دادەنرێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بەرهەمی زۆر لە هەر یەکێك لەجۆرەکانی نەوت دەربهێنرێت، بەڵام نەوتی خاوی تاڵی قورس، پێویستی بە پرۆسەیەکی پوختەکردنی گرانبەهاتر هەیە، زۆرێکیش لە پاڵاوگەکان وا ئامادە نەکراون، کە بتوانن نەوتی تاڵی قورس پوختە بکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە وێنەی خواست و خستنەڕوی نەوت، تەنیا پشت بە یەك کاڵا نابەستێت، بەڵکو پشتیش بە خواست و خستنەڕوی بەرهەمی دیاریکراو و توانای پاڵاوتنی بەردەست دەبەستێت. بۆ نموونە خواست لەسەر بەنزین لە بازاڕی ئەمریکادا لە مانگەکانی هاویندا زۆرە، لە کاتێکدا خواست لەسەر مازوت (رۆنی گەرمکردنەوە) لە مانگەکانی زستاندا زۆرە.[1]

«بەرهەمە سوکەکان» بەرهەمە سوکەکان هەریەك لە پرۆپان و بیوتان و نەفتا و بەنزین لەخۆدەگرن. خاوی شیرینی

---

[1]. پلاتس بۆ زانیارییەکانی وزە.

سوك، كە پلەی لینجی و بڕی گۆگردی نزمە، زۆرترین جۆری تەنیایە، کە لەڕوی خواستی جەماوەرییەوە. (بۆ نمونە ئەوروپا وردە وردە خەریکە رو دەکاتە ئەو ئۆتۆمبێلانەی توانایان زیاترە و بە دیزل کاردەکەن)، بەڵام بەداخەوە خاوی شیرینی سوك، تەنیا پێنج یەکی بەرهەمی جیهانی پێکدەهێنێت. گرنگترین وڵاتانی بەرهەمهێنیشی بریتین لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و شانشینی یەکگرتو (خاوی دەریای باکور «برێنت»)، نایجیریا، عێراق و خۆرئاوای ئەفریقیا.

«بەرهەمە قورسەکان»، بەرهەمە قورسەکان هەریەك لە مازوت و رۆنی سوتەمەنی لەخۆدەگرن. گرنگترین وڵاتانی بەرهەمهێنی خاوی تاڵی قورسیش بریتین لە سعودیە، کوێت، ئێران، ڤەنزوێلا، روسیا و مەکسیك.

## 2. دەوڵەتانی نوێی نەوتی دەستدرێژیکار

ئەو گۆڕانکاریانەی لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دەستیانپێکرد، سادەبوون. لەو کاتەشدا بە ئاستەم دەبینران، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانە وەرچەرخانێکیان لە تەرازوی هێزدا هێنایەئارا. ئاشکراکردنی سیستمی نوێی نەوتی بە دوو دەوڵەت لە دەوڵەتانی ئەفریقیا دەستپێدەکات: دەوڵەتی چاد و دەوڵەتی ساوتۆمی و پرینسیپ، چونکە بەدرێژایی چەند سەدەیەك ئەم دوو دەوڵەتە بەدەست هەژارییەکی زۆر لە داهاتدا دەیانناڵاند، بەڵام ئێستا لە دەسەی بیست و یەکەمدا ئەم دوو دەوڵەتە هەنگاوی خێرا دەنێن بۆ بوونەئەندام لە یانەی بەرهەمهێنەرانی نەوتدا. جیاوازی و ئەگەرەکانی کێبڕکێی ئاشتیانە، یاخود توندوتیژیش لەلای کەس شاراوە نین.

# بەشی 2

## دوو دەوڵەتی نەوتی ئەفریقیا: لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی خاڵە جیاوازەکانەوە

لەگەڵ هاتنی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، دۆزینەوەی نەوت بووە کارێکی زۆر زەحمەت، لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلە ژینگەییەکان رێگر بوون لە دەرهێنانی نەوت لەو ناوچانەی هەلومەرجی جیۆلۆجییان تاڕادەیەکی زۆر لەبار بوو. دەوڵەتە گەورە بەرهەمهێنەکانی نەوتیش چیتر لەوە بەدور نین، کە نەوت بگۆڕن بۆ چەکێکی سیاسی. ئەم حاڵەتە بۆ دەوڵەتە بچوکەکانیش لەوە جیاواز نەبوو. بێسەروبەرەیی باڵادەست بوو، بەڵام بە وردبوونەوە لە مەسەلەکە لە گۆشەنیگای ئێستامانەوە و لەسایەی کێبڕکێی دڕندانە و توندوتیژ، کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا باڵییان بەسەر پیشەسازی نەوتدا کێشاوە، زۆربەی ماوەکانی سەدەی بیستەم ئارام دیار بوو.

* * *

لەپڕێکدا هەموو دڵۆپێك نەوت بایەخی خۆی پەیداکرد. لە ئێستاشدا دەوڵەتانێکی بچوك، کە پێشتر دەنگیان نەدەبیسترا، خەریکن رێگەی خۆیان بەرەو بازنەی روناکی جیهانی دەبڕن. نەوت لە ناوجەرگەی ئەو وەرچەرخانەی تەرازوی هێزدابوو: لەڕوی ئەوەی کێ خاوەندارێتی دەکات و کێش پێویستی پێیەتی. دەکرێت لەمیانی وردبوونەوە لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی نەوت لە دوو دەوڵەتی جیاوازی ئەفریقیادا، کە ئەوانیش: دەوڵەتی چاد و دەوڵەتی ساوتۆمی و پرینسیپ-ن، دژبەیەکییەکی جێ بایەخ دەربخرێت.

**ساوتۆمی و پرینسیپ**

لەنێوان هەردوو مانگی مایۆ و ئۆکتۆبەردا، بارانبارین لە ساوتۆمی و پرینسیپ رادەوەستێت، ئەو دەوڵەتە بچوکەی لەدوو دورگە پێکدێت و 150 میل لە کەناری خۆرئاوای ئەفریقیاوە دورە. بۆ چەند دەیەیەك چالاکی دانیشتوانەکەی تەنیا بریتی بوو لە راوکردن و میوەڕنین و ردوستکردنی کاکاو بە مەبەستی هەناردەکردن.

رەنگە ساوتۆمی و پرینسیپ وەك بەهەشتێکی راستەقینە دەرکەوتبێت، بەڵام لە واقیعدا هاووڵاتیانی لەژێر سایەی هەژارییەکدا دەیانناڵاند، کە هیچ هیوایەك بۆ کۆتایی هاتنی نەبوو. تەنانەت نرخی بەرزی کاکاویش کەمێك نەبێت، کاریگەری لەسەر بارودۆخیان نەبوو: لە سەرەتای دەیەی

یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، دانیشتوان بەدەست شەپۆلێکی وشکەساڵی و خراپی بەڕێوەبردنی سیستمی کشتوکاڵییانەوە دەیانناڵاند.

ساوتۆمی و پرینسیپ دووەم بچوکترین دەوڵەتە لە ئەفریقیادا، سامانێکی سروشتی ئەوتۆی نەبوو، نزیکەی نیوەی دانیشتوانەکەشی لەخوار تەمەنی چواردە ساڵییەوە بوون. لە هەژارترین دەوڵەتانی جیهان بوو، وا دەردەکەوت کە جیهان پشتگوێیانخستبێت. لە رابردودا ساوتۆمی و پرینسیپ لەسەر یارمەتییەکانی کوبا و کۆریای باکور و چین دەژیا. وەك زۆرێك لەو دەوڵەتە بچوکانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لەپڕ چاویان بە جیهانی نوێ کردەوە، وا دیاربوو کە ساوتۆمی و پرینسیپ-یش پێویستی بە موعجیزەیەك هەیە.

لە ساڵی 2003دا پشکی تاك لە کۆی داهاتی ناوخۆ بە 1200 دۆلار، مەزەندە دەکرا. بڕی داهاتیش لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەتدا گەیشتە تەنیا 47.11 ملۆن دۆلار. ساوتۆمی و پرینسیپ ئاشتییەکی جیاوازی لە ناوخۆ و دەرەوەدا تێدا بەرقەراربوو. پسپۆڕانی زانستە سیاسییەکان دەڵێن دەوڵەتانی هەژار لە سەرچاوەدا، ئەگەری چاندنی رەگی دیموکراسی تێیاندا زۆر لەو دەوڵەتانە کەمترە، کە لە سەرچاوەدا دەوڵەمەندن، بەڵام هاووڵاتیانی ساوتۆمی و پرینسیپ ئەوەیان سەلماند، کە گریمانەی ئەو پسپۆڕە ئەکادیمیانە هەڵەیە.

له واقیعدا دیموکراسی له ساوتۆمی و پرینسیپ سەرەتا لە ساڵی 1991وە گەشەیکرد، بەڵام بە بێ هیچ توندوتیژییەك. دوو کودەتای سەربازی لەوڵاتەکەدا رویانداوە. یەکێکیان ساڵی 1995 و ئەوی دیکەش ساڵی 2003، بەڵام هەردووکیان شکستیانهێناوە. پرۆسەی سیاسی ببووە چەند زنجیرە و هەنگاوێکی خێرا لە هاوپەیمانی ناجێگیر. لەماوەی دوانزە ساڵدا حکومەت چواردە جار گۆڕاوە، ئەو رێژەیەش لە زۆربەی دەوڵەتانی دیکەی ئەفریقیا زیاترە.

لەبەرئەوەش کە ساوتۆمی و پرینسیپ سامانی کەمی هەیە، هاووڵاتیانی بە بێ ترس لە دەستدرێژی دەرەکی ژیاون، بەڵام وا دیارە ئابورییەکەی مەحوکم بووە بە شکستی هەمیشەیی. زۆربەی هاووڵاتیانی لە هەژارییەکی زۆردا ژیاون، کە زۆریان ئاوی پاك و کارەبایان نەبووە. لە نۆزدەی یۆنیۆی 2004دا لە یەکێك لەو ئاماژە دەگمەنانەی سەبارەت بەم دەوڵەتە لە رۆژنامەیەکدا هاتووە، رۆژنامەی دەیلی تێلگرافی بەریتانیا ساوتۆمی و پرینسیپی بەوە وەسفکردوە کە «ناوچەیەکی بچوکی دورەدەستە و پەتای تێدا بڵابۆتەوە، لە رابردودا بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی پورتوگال و مێژویەك لە کۆیلایەتی هەیە».

لە ساڵی 2005دا 199 هەزار هاووڵاتی تەنیا 7100 هێڵی تەلەفۆنی نۆرماڵ و 12 هەزار مۆبایل و 23 هەزار هێڵی ئینتەرنێتیان هەبوو. هەموو دەوڵەتەکە خاوەنی دوو سەد میل رێگە بوو، کە تەنیا نەوەد و نۆی قیرتاوکراو بوو. تەنیا

دوو فڕۆکەخانەی هەبوو، کە ڕێگەی فڕینی قیرتاوکراویان تێدابوو. تاکە قوتابخانەی دواناوەندی لە وڵاتدا سێ دەوامی بەردەوامی خوێندنی تێدا دەکرا، کە ماوەی هەر یەکێکیان پێنج کاتژمێر بوو، هیچ زانکۆیەکیشی تێدا نەبوو. بەدرێژایی دە ساڵی دوای 2005 بودجەی نەتەوەیی بە مامناوەندی نزیکەی 50 ملیۆن دۆلار بووە، کە زۆربەی هی هەناردەکردنی بەروبوومی وەك قاوە و کاکاو، یاخود راوکردن بوو. بڕی یارمەتییە دەرەکییەکانی ساڵانە دەگاتە 35 ملیۆن دۆلار. لە ساڵی 2007دا یەدەگی دەوڵەت لەدراوی بیانی و زێڕ تەنیا 36 ملیۆن دۆلار بوو. هەرناردەکانیشی گەیشتۆتە 4 ملیۆن دۆلار.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا وەك بەشێك لە سەودانامەیەکی لەگەڵ حکومەتی ئیسپانیا، ساوتۆمی و پرینسیپ رازی بوو، پێشوازی لە زیندانیانی سیاسی باسك لە فەرەنسا بکات. لەبەرامبەریشدا ساوتۆمی و پرینسیپ بەڵێنی ئەوەی لە فەرنسا وەرگرت، کە یارمەتییە دەرەکییەکانی بۆ زیادبکرێت. سەرباری ئەوەش ساوتۆمی و پرینسیپ ڕێگەی نا دروستی دیکەی هەبوو بۆ کۆکردنەوەی پارە، هاوشێوەی گواستنەوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییە سێکسییەکان و فرۆشتنی پول و پۆستکارتی مارلین مۆنرۆ.

وەك حکومەتە نەتەوەییەکانی دیکەش، حکومەتی ساوتۆمی و پرینسیپ هەستیکرد، کە داواکاری ئەوەی لەسەرە هێزی چەکدار بهێڵێتەوە، سەرەڕای بودجەی سەربازییە لاوازەکەی، کە تەنیا یەك ملیۆن دۆلار بوو. هەواڵە ناخۆشەکە

ئەوەبوو، کە هیچ ئۆتۆمبێل و فڕۆکەیەکی نەبوو. هەروەك تەقەمەنیشی خراپ بوو، بە رادەیەك نەیدەتوانی بەرگری لەخۆی بکات لەبەرامبەر هەر دوژمنێکدا، بەڵام هەواڵە خۆشەکە ئەوەبوو، کە لە بنچینەدا هیچ دوژمنێکی نەبوو. کاتێکیش ویلایەتە یەکگرتوەکان رایگەیاند مولحەقێکی سەربازی رەوانەی وڵاتەکە دەکات بۆ بنیاتنانی سوپای ساوتۆمی و پرینسیپ، هاووڵاتیان ئاهەنگیان گێڕا، ئەگەرچی ئەرکەکە مەحاڵ بوو، هێزی ئامادەش بۆ شەڕکردن کەم بوو. هەرچەندە هاووڵاتیانی ئەم دەوڵەتە بچوکە پێیانوایە کاتی رودانی موعجیزەکان بەسەرچووە و تێپەڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موعجیزەکە رویدا.

ساڵی 1997 پڕۆسەکانی روپێوی جیۆلۆجی دەریانخست بڕێکی زۆر لە نەوت، کە بە 4 بۆ 11 ملیار بەرمیل مەزەندەدەکرێت، لەبەرامبەر کەناراوەکانی ساوتۆمی و پرینسیپدا هەیە. ئەگەرەکان زۆر دڵخۆشکەر بوون، بە رادەیەك کۆمەڵێك لە کۆمپانیا گەورەکانی نەوت پێشنیاری بڕی 237 ملیۆن دۆلاریان[2] خستەبەردەم ساوتۆمی و پرینسیپ بۆ بەدەستهێنانی مافی گەڕان بەدوای ئەو نەوتەی لە کەناراوەکانیدا هەیە. لەناکاو هیوا دڵی هەژارانی داگیرکرد: چونکە نەوت تەنیا توانای

2. ساوتۆمی و پرینسیپ لە نیوە کەمتری ئەو بڕە پارەیەی دەست کەوت، چونکە نایجیریا کاتێك تێچوونی سەرەتایی پڕۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتی گرتە ئەستۆ لەسەدا 60ی دەستکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا پشکی ساوتۆمی هەر چوار هێندەی قەبارەی داهاتەکانی حکومەت لە ساڵی 2004دا زیاتر بوو.

ئەوەی نەبوو لە هەژاری دەریانبهێنێت، بەڵكو پێشدەچوو بیانكاتە خاوەنی مەلایین دۆلار.

لەساڵی 2001دا سەرۆك فریدریك دی مینیزیس بازرگانی پێشوی كاكاو، حوكمی وڵاتەكەی گرتەدەست. هەر بەگرتنەدەستی دەسەڵاتیش دی مینیزیس بەڵێنیدا بەپێچەوانەی نایجیریاوە، دەوڵەتەكەی نەبێتە نێچیری گەندەڵی، كە لەگەڵ زیادبوونی سامانی نەوتەكەیدا دەركەوت. كۆمەڵی نێودەوڵەتی خۆشحاڵ بوو، نەك تەنیا لەبەرئەوەی گوێیان لە سەرۆكی ساوتۆمی و پرینسیپ بوو، كە قسە لەبارەی خواستی بەكارهێنانی سامانی نەوت بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتەكەی دەكات: بەڵكو لەبەرئەوەی دەوڵەتەكەی لە دەوڵەتێكی ئەوروپا دەچوو، زیاتر لەوەی دەوڵەتێكی ئەفریقیا بێت، چونكە جلوبەرگی هاووڵاتیان و تەرزی تەلارسازی دەوڵەت و خواردنە ناوخۆییەكان ، تەنانەت زمانە (پورتوگالیەكەش)، هەمووی ئەوروپی بوون. ململانێی ئەتنیكی و ناسەقامگیری و دڕندەیی حكومەت هەموویان بەزەقی لەئارادا نەبوون. پیشەسازی نەوتیش ئەوەی پێخۆشبوو، هەر ئەمەش بوو، كە زۆرێك لە بەرپرسان پشتیان پێدەبەست، ئەویش بریتی بوو لە دابینكردنی سەقامگیری سیاسی و ئاڕاستەكردنی قازانجی نەوت بۆ تاكەكانی گەل.

كاتێك پرۆسەكانی گەڕان لە ساڵی 2003دا دەستیانپێكرد و كاتێكیش بەكردەوە نەوت دۆزرایەوە، موعجیزەكە ئەوەبوو هەموو نەوتەكە دەكەوتە نێو ئاوی هەرێمایەتی ساوتۆمی

و پرینسیپەوە. خەڵك لەوێ جورئەتی ئەوەیان نەبوو خەون بە موعجیزەوە ببین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موعجیزەیەکیان قبوڵکرد. مەسەلەکە ئەوە نەبوو بودجەی ساوتۆمی و پرینسیپ بەم هەواڵە خۆشانە – ئەو پارانەی لێیانەوە دێت - سودمەند نابێت، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە دەوڵەتانی هەژار بەمجۆرە بەخششە موعجیزەئاسایانە رانەهاتوون. تەنانەت ئەگەر هاووڵاتیانی ساوتۆمی و پرینسیپ بەخششێکی ئاواش وەربگرن، ئەوا تەکنۆلۆجیا و زانیاری پێویستییان نەبوو، کە ئەم مادە خاوە بگۆڕن بۆ کاڵایەکی شیاو بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی.

زەحمەتبوو بۆ ساوتۆمی و پرینسیپ ئەم دۆزینەوەیە بە جدی وەربگرێت، لەبەرئەوەی راستییەکە ئەوەبوو کاتێکی زۆری دەویست تا کەسێك بتوانێت یەك بەرمیل نەوت بەمەبەستی هەناردەکردن بەرهەمبهێنێت. ساوتۆمی و پرینسیپ و نایجیریا بەر لەماوەیەکی کەم ناکۆکییەکانیان سەبارەت بە سنوری ئاوی چارەسەرکردبوو، لە ساڵانی 2000و 2001 یشدا رازیبوون بەهاوبەشی بەدوای نەوتدا بگەڕێن لەکەناراوەکانیاندا. پێشبینیدەکرا ناوچەی گەشەپێدانی هاوبەش بتوانێت لەماوەی پێنج ساڵدا رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت، بەرهەمبهێنێت، بەڵام بۆئەوەی دەوڵەت بە ئەکتەرێکی راستەقینەی گۆڕەپانی نەوتی جیهانی دابنرێت، پێویست بەرهەمی رۆژانەی لە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت کەمتر نەبێت. هەندێك لە گومانکاران پێیانوابوو هەتا کاتێکی دورودرێژیش هەژاران سود لە قازانجەکان نابینن. پێشدەچێت

هەر داهاتێك پەیدابێت لە گیرفانی سیاسییەکاندا بمێنێتەوە.

لە ساڵی 2004دا، هەریەك لە چیڤرۆن و تەکساکۆ و ئیکسۆن مۆبیل و کۆمپانیای وزەی نەرویجی ئیکویتی ئینەرجی، بە هاوبەشی مافی گەڕانیان لە یەکێك لە نۆ ناوچەکەی گەڕان لەبەرامبەر بڕی 123 ملیۆن دۆلار بەدەستهێنا. پێشبڕکێی گەشەپێدان هاتەئاراوە، چەند کۆمپانیایەکی سویدیش دەستیانکرد بە گەڕان بەدوای پڕۆژەی پەیوەندی تەلەفۆنی و چەند کۆمپانیایەکی بەلجیکیش هەوڵیاندا، کار لە بواری بنیاتناندا بکەن، چەند کۆمپانیایەکیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین و نەرویج و کەنەدا تیمیان رەوانەی دورگەکە کرد.

ئەم هەموو هەرایە چییە لەسەر ئەم بەرهەمهێنەرە بچوکەی نەوت دروستکراوە؟ یەکەم: ساوتۆمی و پرینسیپ جۆری نەوتی شیرینی سوکی دابینکرد، کە پاڵاوتن و پوختەکردنی بۆ بەنزینی بێ رەساس ئاسانە. دووەم: ساوتۆمی و پرینسیپ ئەندام نەبوو لە رێکخراوی ئۆپیکدا، بەو پێیەش پابەند نەبوو بە پشکێك لە بەرهەمهێنانی ئیلزامی، دەشتوانرا یەدەگە باشەکەی لە کەناراوەکانیدا لە کامیۆنی نەوت باربکرێت، بە بێ ئەوەی هیچ کۆمپانیایەکی بیانی پێی بخاتە سەر خاکی دەوڵەتەکە. دواجار ساوتۆمی و پرینسیپ بەلای دەوڵەتانی بەکاربەری نەوتەوە وەك پەناگەیەك وابوو، کە زۆر پێویستیان پێی بوو بۆ خۆپاراستن لە مەترسییەکانی راوەستانی هەڵێنجانی نەوت، لە هەر ناوچەیەکی دیکەی ئەم هەسارەیەدا، بۆیە ئەگەر بۆمبێك

له سعودیه بتەقێتەوە، یان مانگرتنێك له ڤەنزوێلا روبدات، بێگومان نرخی نەوت بەرزدەبێتەوە، لەو حاڵەتەشدا هەر دڵۆپێك نەوت بایەخی خۆی دەبێت و ناکرێت ئەو رێژەی 15%ی، کە داهاتی ویلایەتە یەکگرتوەکانە له خۆرئاوای ئەفریقیا فەرامۆشبکرێت. بەهۆی ئەو پێگە ستراتیجیەش، کە ساوتۆمی و پرینسیپ لەکەنداوی گینیای دەوڵەمەند بەنەوتدا هەیەتی، ویلایەتە یەکگرتوەکان رایگەیاند، کە بەنیازە بنکەیەکی دەریایی له کەنداوەکەدا دابمەزرێنێت بۆ چاودێریکردن و پاسەوانیکردنی سەکۆکانی نەوت و جموجوڵی کەشتییە نەوتگوێزەرەوەکان. وەك خواستێکیش بۆ رەواندنەوەی هەر ترسێك، کە ساوتۆمی و پرینسیپ سەبارەت بە دەستوەردانی دەرەکی له سیاسەتەکانیدا هەیبێت، جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەمریکا سەرۆکی ساوتۆمی و پرینسیپی دڵنیاکردەوە لەوەی هێزە سەربازییەکە له دورگەی ساوتۆمی و پرینسیپ جێگیر نابێت، بەڵکو لەسەر ئەو کەشتییە دەمێنێتەوە، کە لەبەرامبەر کەناراوەکانی وڵاتەکەدا وەستاوە. سەرۆکی ساوتۆمی و پرینسیپ-یش خۆشحاڵی بەو هەنگاوە دەربڕی: لەبەر ئەوەی بنکەکە بەر له هەموو شتێك دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیانی وڵاتەکە دابیندەکات، کە بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن، کە رێژەکەی لەسەدا (55)ە. بایەخپێدانی دەوڵەتێك بە قەبارەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەم دەوڵەتە بچوکە ئەوە دەردەخات، کە چۆن نەوت ئاڕاستەی جیهان دەگۆڕێت.

## هێڵی زەمەنی ساوتۆمی و پرینسیپ

1997: پڕۆسەکانی ڕوپێوی جیۆلۆجی ئەگەری بوونی نەوت لەبەرامبەر کەناراوەکانی ساوتۆمی و پرینسیپ ئاشکرادەکەن.

2000: ئۆگەست: چارەسەرکردنی کێشە نێوان ساوتۆمی و پرینسیپ و نایجیریا، سەبارەت بە سنوری ئاوی نێوانیان، کە بە وردی دیارینەکراوبوو، وەك زەمینەخۆشکردن بۆ دەستپێکردنی پڕۆسەکانی دۆزینەوەی نەوت. دامەزراندنی ناوچەی گەشەپێدانی هاوبەش لە لایەن هەردوو دەوڵەتەکەوە.

2001: گرتنەدەستی حوکم لە ساوتۆمی و پرینسیپ لەلایەن دی مینیزیس-ەوە.

2002: دی مینیزیس پلانەکانی دامەزراندنی بنکەیەکی دەریایی ئەمریکا لە ساوتۆمی و پرینسیپ رادەگەیەنێت، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی وڵاتدا.

2003: دۆزینەوەی نەوت لە ساوتۆمی و پرینسیپ.

2003: ئۆکتۆبەر: کۆمپانیاکانی نەوت بەخششەکانیان پێشکەشدەکەن بۆ ئەو ناوچانەی گەڕان، کە لەژێر کۆنترۆڵی ساوتۆمی و پرینسیپ و نایجیریادان. پێشبینیشدەکرێت بەخششەکان سەدان ملیۆن دۆلاری پارەی مۆڵەتپێدراویان بۆ ساوتۆمی و پرینسیپ لێبێتە بەرهەم.

2004: مایۆ: جیفری ساکس-ی ئابوریناس چاوی بە لێپرسراوانی ساوتۆمی و پرینسیپ دەکەوێت لە پایتەختی وڵاتەکە.

2004: دیسێمبەر: پەرلەمان رەزامەندی لەسەر یاسای نەوت دەردەبڕێت، کە لەپێناو پاراستنی داهاتەکان لە گەندەڵی دانراوە.

**2005: فێبرایەر: ساوتۆمی و پرینسیپ و نایجیریا یەکەم ڕێککەوتن سەبارەت بە گەڕان بەدوای نەوت لە بەرامبەر کەناراوەکانیان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت ئیمزادەکەن.**

**2006: چیڤرۆن -کە کار لە ناوچەی یەکەمدا دەکات-، رایدەگەیەنێت ئەو نەوتەی دۆزیویەتییەوە بۆ بەکارهێنانی بازرگانی شیاو نابێت.**

**2010: وادەی پێشبینیکراو بۆ دەستکردن بە بەرهەمهێنانی نەوت.**

هەروەها سەرۆك دی مینیزیس وتی لەدوای رووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر، جیهان پێویستی بە سەرچاوەی جێگرەوەی نەوتە دور لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە پێویستی بە سەقامگیرییە. سەرۆك ئەوەشی بە بیری لایەنە پەیوەندیدارەکان هێنایەوە، کە دەوڵەتەکەی دەکەوێتە «پێگەیەکی ستراتیجی لە گرنگترین ناوچەی نەوتی لەسەر ئاستی جیهان لە قوڵایی زەریادا لەبەرامبەر کەناری خۆرئاوای ئەفریقیا.». سەرەڕای ئەوەش، زۆر کەس پێیانوایە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گرنگترین سەرچاوەی نەوت دەمێنێتەوە، بەڵام کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات، کە بایەخی ناوچەی خۆرئاوای ئەفریقیا بەرەو زیادبوون دەچێت. ئەمریکییەکان بەکردەوە لەسەدا 15ی پێداویستی نەوتیان لە ئەفریقیا و باشوری بیابانەوە هاوردە دەکرد، پێشبینیش دەکرێت ئەو ڕێژەیە لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا زیادبکات و بگاتە لەسەدا 25.

ئێستا هاووڵاتیانی ساوتۆمی و پرینسیپ نەوت بە جدی وەردەگرن، بەڕادەیەك دەیانویست داهاتی نەوت خەرجبکەن، تەنانەت پێش ئەوەی بەدەستیشیبهێنن. ماوەیەك هەستێکی باو لەئارادابوو سەبارەت بەوەی بوژانەوەیەکی نزیك بەڕێوەیە. گروپەکانی گوشار و پەیوەندیدارانی بواری نەوتی ئەمریکا، سەردانی دورگەکەیان کرد، بەڵام شارەزایانی بواری نەوت دەیانزانی بەرهەمهێنان بەوخێراییە بەدوای دۆزینەوەدا نایەت. ئەوەش کە بووەهۆی بوژانەوەش ئەوەبوو، ئەگەری بوونی نەوت سەرنجڕاکێش بوو، نەك خودی نەوتەکە.

سەرۆك دی مینیزیس -لە سۆنگەی ئارەزوی بۆ دڵنیابوون لەوەی دەوڵەتەکەی سەرچاوە نوێیەکانی نەوتی بەدانایی بەکاردەهێنێت- پەنای بۆ پرۆفیسۆر جیفری ساکس مامۆستا لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لەنیویۆرك برد، کە پسپۆڕێکی ئەمریکاییە لە یارمەتی گەشەپێداندا ئەویش ئەوەی بە دەرفەتێك زانی تا ساوتۆمی و پرینسیپ بکاتە نمونەیەك بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی سەرکەوتوانەی دەوڵەتێکی هەژار لەگەڵ نەوتدا، بە بێ ئەوەی خۆی لە ململانێی توندەوە بگلێنێت، یان پشت بەو کاڵایە ببەستێت. لە ئەنجامی ئەوەشدا لە دیسەمبەری 2004دا ساوتۆمی و پرینسیپ یاسایەکی نەوتی نوێی دەرکرد، کە باشترین جۆری یاسابوو لەسەر ئاستی جیهان، چونکە پابەندیکردن بەوەی راستەوخۆ داهاتی نەوت لە بانکی یەدەگی فیدراڵی لە نیویۆرك دابنرێت. لەوپارانەش دەتوانرا تەنیا بەشێکی بچوك بخرێتە

ناو بودجەی ناوخۆوە، هەرچی ئەو پارەیەشە، کە دەمایەوە ئەوا دەبوایە بپارێزرێت بۆ ئاینده، هەرچی کۆنترۆڵکردنی خودی نەوتیشە ئەوا بە لیژنەیەك سپێردرابوو، کە لە هاووڵاتیانی ساوتۆمی و پرینسیپ پێکهاتبوو.

ساکس بەردەوام بوو لە کارکردن لەگەڵ بەرپرسان لە مەسەلەکانی شەفافیەت و یاساکانی نەوت و گەشەپێدان و کۆنترۆڵکردنی مەلاریادا، بەڵام لە سایەی پێشبینینەکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ماوەیەك، ئومێد بە پڕۆژە نەوتییەکە کەم بووەوە «بوژانەوەکە بەشێوەیەکی رێژەیی کەمخایەن بوو... یاساکە پەسەندکرا، بەڵام مەسەلەی توانای خۆڕاگری بەرامبەر ئەو گوشارانەی دەرهێنانی بەکردەوەی نەوت دروستیدەکردن، یەکلانەبووەوە. هەوڵماندەدا چوارچێوەیەکی کار بێنینە ئاراوە وامانلێبکات، ئەگەر نەوت دەرهێنرا، بەفیڕۆی نەدەین. بەجۆرێك بخرێتە خزمەتی بنیاتنانی قوتابخانە و رێگە و کلینیکەوە... هەرگیز دڵنیا نەبووین، کە دەتوانین سەرکەوتوبین، بەڵام پێموابوو کارەکە شایانی هەوڵبۆدانە. شتێکی سەرسوڕهێنەرە گەلێکی 140 هەزار کەسی ئەم جۆرە ئاڵۆزییە سیاسییانەی تێدا بێت». ساکس بەمجۆرە قسەیکرد و سەریدەلەقاند.[3] لەساڵی 2009یشدا بەکرداری هەڵکەندن دەستیپێکرد. پێشبینیشدەکرێت بەرهەمهێنانی بازرگانی لەماوەی چەند ساڵێکدا دەستپێبکات.

3. جیفری ساکس، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نوسەری کتێبەکە لە 29ی ئەپرێلی 2008دا.

### 3. چاد

لەناوچەیەکی نزیك لە باکوری ساوتۆمی و پرینسیپ دەوڵەتی چادی لێیە. چاد-یش، کە لە زۆر روەوە لە ساوتۆمی و پرینسیپ دەچێت، دەکەوێتە ناوجەرگەی کیشوەری ئەفریقیا و لە زۆربەی ناوچەکانیدا بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنێت. لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا نەوتی خاوی ئاست نزم لە چاد دۆزرایەوە، بەڵام هاوشانی ئەوە پەلە نەکرا لە بنیاتنانی ژێرخانی پێویست بۆ هەڵێنجانی، چونکە وەبەرهێنەران لە ناسەقامگیری سیاسی و گەندەڵی دەترسان. باری نا سەقامگیری چاد بەدرێژایی سی ساڵی لەسەر یەك بەردەوامبوو.

چالاکوان ئیدریس دیبی جڵەوی حوکمی لەدووی دیسەمبەری 1990دا گرتەدەست، کە ئەو کات لە تەمەنی سی و هەشت ساڵیدا بوو. دیبی موسڵمانە و چەندجارێك هاوسەرگیری کردوە. بەلانی کەمەوە دەستەیەك منداڵی هەیە. ئەگەرچی کوڕە شوانێك بوو، بەڵام چووە کۆلیجی جەنگی لە ئینجامینای پایتەختی چاد. دوای ئەوە نێردرا بۆ فەرەنسا، کاتێکیش لە ساڵی 1976دا گەڕایەوە بۆ چاد بڕوانامەی وەك فڕۆکەوانێکی شارەزا بەدەستهێنابوو. دڵسۆزی سوپا و سەرۆك فیلێکس مەعلوم بوو، لە ساڵی 1979دا حکومەت هەرەسیهێنا.

دواتر چارەنوسی دیبی وابەستەی حسێن حەبری میری جەنگ بوو لە چاد. حەبری لەساڵی 1982 بووە سەرۆك، وەك پێزانینیش بۆ دڵسۆزییەکەی دیبی، کرایە سەرۆکی ئەرکانی سوپای چاد. دیبی ناوبانگێکی باشی بۆ خۆی دروستکرد کاتێك

له ساڵی 1984دا هێزەکانی سەر بە لیبیای لە خۆرهەڵاتی چاد لەناوبرد.

لەساڵی 1985یشدا حەبری دیبی نارد بۆ خوێندن لە خوێندنگەی سەربازی لە پاریس. کاتێك دیبی گەڕایەوە، کرایە گەورەی راوێژکارە جەنگییەکانی حەبری. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی 1989دا دووبەرەکی کەوتە نێوان حەبری و دیبیەوە سەبارەت بە هەژمونی رولەزیادبووی گاردی کۆماری. کاتێکیش حەبری دیبی بە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی لەدژی تۆمەتبار کرد، دیبی هەڵات بۆ لیبیا، پاشان بۆ سودان و بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی دامەزراند، کە گروپێکی جیابووەوە بوو، لە لایەن لیبیا و سودانەوە پشتیوانیدەکرا و لەئۆکتۆبەری 1989دا هێرشیکردە سەر هێزەکانی حەبری لە چاد. لەسەرەتای دیسەمبەری 1990یشدا هێزەکانی دیبی بەبێ بەرەنگاربوونە چوونە ناو ئینجامینا، دوای ئەوە لە 28ی فێبرایەری 1991دا دیبی بە سەرۆکی چاد هەڵبژێردرا، کە رێژەی 64.67ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

### (1-2) ئابوریی چاد لە هەشتاکاندا

چاد سەربەخۆیی لە فەرەنسا لە ساڵی 1960دا بەدەستهێنا. چاد دەوڵەتێکی داخراوە و نیمچە وشکەڵانە، لەو کاتەدا پشتی بەتەنیا یەك بەرهەم بەستبوو، کە ئەویش لۆکە بوو. لە ساڵی 1985یشدا بانکی نێودەوڵەتی چادی وەك یەکێك لە هەژارترین پێنج دەوڵەت لەسەر ئاستی جیهان پۆلێنکرد.

ژمارەی دانیشتوانی چاد لە ساڵی 1985دا گەیشتە 10 ملیۆن کەس، پشکی تاکیش لە کۆی داهاتی ناوخۆ تەنیا 160 دۆلار بوو، لەسەدا هەشتای دانیشتوان بەکەمتر لە یەك دۆلار لە رۆژێکدا دەژیان، رێژەی لەسەدا 98,5ی دانیشتوان بە بێ کارەبا و ئاوی شیاوی خواردنەوە و توانای بەکارهێنانی ناوەندە بنەڕەتییە تەندروستییەکان دەژیان، شیاکە و دار، سوتەمەنی سەرەکی چێشتلێنان بوون.

لە ساڵی 1985دا نرخی لۆکە هاڕەیکرد، کە تەنیا بەرهەمی نەختینەی وڵات بوو، لەسەر ئاستی جیهان. سەرچاوەی دووەمی داهاتی چاد بەخێوکردنی ئاژەڵ بوو، بەڵام لەو وشکەساڵییەی لەنێوان 1984 و 1985دا وڵاتەکەی گرتەوە سێیەکی سامانی ئاژەڵی وڵات لەناوچوو، کە ژمارەیان دەکاتە 4,7 ملیۆن سەر ئاژەڵ.

دوالا نزیکترین بەندەری کامیرۆنە و ماوەی 1056 میل لە چادەوە دورە. لە ساڵانی هەشتاکاندا تاکە رێگەی قیرتاوکراو، کە پایتەختی بە ناوچەکانی تری ناوخۆوە دەبەستەوە بەهۆی چاکنەکردنەوە دیارنەمابوو. لەو رێگەوبان و رێڕەوە گڵیانەی درێژییەکەیان دەگەیشتە 19 هەزار میل، لە وەرزی بارانباریندا تەنیا 780 میلیان شیاوی بەکارهێنان بوو. چاد هێڵی ئاسنینی تێدانەبوو، تەنیا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیشی بەهۆی ململانێ سەربازییەکانەوە لەنێوان ساڵانی 1980 و 1981دا وێرانکرا. لەساڵی 1985یشدا دەوڵەت تەنیا دوو هێڵی تەلەفۆنی نێودەوڵەتی هەبوو.

## (2-2) هێڵی بۆڕییەکانی چاد

سەرەڕای ئەوەی بۆ یەکەمجار لە کۆتایی شەستەکاندا نەوت لە چاد دۆزراوەتەوە، بەڵام شەڕی ناوخۆ، کە ماوەی سی ساڵ درێژەیکێشا، بووە هۆی دورخستنەوەی وەبەرهێنەران.

لە ساڵی 1999دا کۆمەڵی نێودەوڵەتی بڕیاریدا سود لە چاد وەربگرێت، بەو پێیەی حاڵەتێکی ئارەزومەندانەیە و تێیدا داهاتی نەوت بۆ دەربازکردنی هەژاران لە قەیرانەکەیان بەکاردەهێنرێت. کاتێکیش پرۆژەیەکی هاوبەش لەنێوان حکومەتی چاد و هاوپەیمانییەك لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت بە سەرۆکایەتی ئیکسۆن مۆبیل کرایەوە، بانکی نێودەوڵەتی پلانی دانا بەمەبەستی دروستکردنی هێڵێکی بۆڕی بەدرێژایی 650 میل، کە بتوانێت رۆژانە 225 هەزار بەرمیل نەوت بگوازێتەوە. هێڵەکە لە کامیرۆنەوە درێژ دەبێتەوە بۆ کەنداوی گینیا و کێڵگەکانی نەوتی باشوری چاد دەبەستێتەوە بە بەندەرەکانی هەناردەکردن لە کەناراوەکانی زەریای ئەتڵەسی لە کامیرۆن و لەوێوە نەوتەکە بەرەو خۆرئاوا باردەکرێت. بانکی نێودەوڵەتی پێیوابوو ئەم رێوشوێنە پلانێکی نوێی بوێرانەیە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری، نەك تەنیا لە چاد دا، بەڵکو لە دەوڵەتانی دیکەی تازەگەشەسەندوشدا، کە هاوشێوەی ئەو دەوڵەمەندن بە سەرچاوە. پلانەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە وڵاتدا بەرەوپێش دەچوون، لەبەر رۆشنایی دابینبوونی پارەی پێویست بۆ پرۆژەکە، چاد بەخێرایی بووە روگەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی.

له بەرامبەریشدا بانکی نێودەوڵەتی سوربوو لەسەر بەشداریکردنی لە پڕۆژەکەدا بە مەرجێکی یاسایی -، ئەویش خۆی لە پابەندبوونی بە یاسای بەڕێوەبردنی داهاتی نەوتدا دەبینیەوە- لەپێناو پاڵپشتیکردنی ئەو هێڵی بۆڕییەی چاد بە کەناراوەکانی زەریای ئەتڵەسی لە کامیرۆن دەبەستێتەوە. حکومەتی چاد بەو مەرجە رازیبوو، بەڵێنیدا هیچ بەندێکی یاساکە هەموارنەکرێت کە پێدەچوو «کاریگەری مادی بە روە نەرێنییەکەیدا هەبێت» لەسەر ستراتیجی کەمکردنەوەی هەژاری، کە ئامانجی یاساکەبوو. لە بارێکیشدا ئەگەر چاد یاساکەی پێشێلبکردایە، بانکی نێودەوڵەتی مافی ئەوەی هەبوو هەر مینحەیەکی نوێ رابگرێت و پێدانی بڕە پارەکانیش بوەستێنێت و داوای زوو دانەوەی هەر قەرزێکیش بکات.

دوای رازیبوون بەوە، بانکی نێودەوڵەتی 190 ملیۆن دۆلاری بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەکە پێشکەشکرد. پڕۆژەی هێڵی بۆڕییەکان، کە پێشبینی دەکرا لە یۆلیۆی 2003دا تەواوبکرێت، خزمەتی بە مەبەستێکی دووسەرە دەکرد، چونکە تەنیا نەوتی چادی رەوانەی جیهان نەدەکرد، بەڵکو ئەوەیشی دەسەلماند دەکرێت نەوت گەشەکردنی دەوڵەتە جیاجیاکان پتەوبکات.

چاد تا ساڵی 2003 هەڵێنجانی نەوتی دەستپێنەکرد. سەرەڕای کەمی بەرهەمی ناوخۆیی، کە دەگەیشتە 250 هەزار بەرمیلی رۆژانە، وەبەرهێنەرەکان - بەدیاریکراویش هەردوو کۆمپانیای زەبەلاحی ئەمریکا چیڤرۆن و ئیکسۆن مۆبیل و کۆمپانیای نەتەوەیی نەوتی مالیزیا پترۆناس -

بایەخیان بە کێڵگە نەوتییە تازەکانی چاد و هەندێك بەشی پەیپێنەبراوی بیابانەکەی دەدا. ئەگەرچی زەحمەت بوو باوەڕ بە کارەکە بکرێت، بەڵام لەگەڵ هاتنی ساڵی 2004دا – بە هۆی وەبەرهێنانی بیانی و هەناردەکردنی نەوت لەڕێی هێڵی بۆڕییە نوێیەکانەوە – چاد بووە خاوەنی خێراترین گەشەی ئابوری لەسەر ئاستی جیهان.

دیبی «بە روکەش» نیازی باش بوو. سوربوو لەسەر ئەوەی چاد بەشێك لە داهاتی هێڵی بۆڕییەکان لە بودجەی وڵاتدا بەکاربهێنێت. لەسەددا دەی پارەی حکومەت تەرخانکرا بۆ ژێرخانی تایبەت بە رێگەوبان، تەندروستی، ئاو و خوێندن. پلانەکانی چاد، کە ئامانجیان تەرخانکردنی داهاتی نەوت بوو بۆ هەژاران هەڵسوکەوتێکی جێسەرنج بوو دوای ئەو کارانەی لە سیاسییە گەندەڵەکانی دەوڵەتانی دیکەی ئەفریقیا بینیمان – هاوشێوەی نایجیریا، کۆنگۆ برازاڤیل، گابۆن و ئەنگۆلا –، کە ئەوەندە ویژدانیان نەبوو رێ لە گیرفان پڕکردنیان لە پارەی نەوت بگرێت. وا سەیری هێڵی بۆڕییەکانی نەوتی چاد دەکرا، کە رێگەیەکی نمونەییە بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لەپێناو دەربازبوون لە هەژاری و گەندەڵی. جیهانی پیشەسازیش بەبایەخێکی زۆرەوە چاودێری ئەزمونەکەی چادی دەکرد.

لەسەرەتادا وادیار بوو، کە هێڵی بۆڕییەکان تەنیا باشبوونێکی کەمی لە گوزەرانی هاووڵاتیانی چاددا بەدیهێناوە. ترافیك لایتەکان لە ئینجامینا ئەوەندە کزبوون بەرادەیەك

هیچ سودێکیان نەبوو، ئەویش لەبەرئەوەی چاد بەشی پێویست کارەبای بەرهەم نەدەهێنا، هەروەك موەلیدەکانیشی بەشێوەیەکی گونجاو کاریان نەدەکرد، بەڵام هاتوچۆ کێشەیەکی گەورە نەبوو، بەوپێیەی زۆربەی بەنزینخانەکانی دەوڵەت چۆڵکرابوون. فولکەی رێگە گڵییەکانی ناوجەرگەی ئینجامینای پایتەخت پڕبوون لەو منداڵانەی کیسەی پاقلەی سودانیان دەفرۆشت، ئەو منداڵانەی پێنەدەچوو، تا تەمەنی چل و پێنج ساڵی بژین. چونکە لەسایەی کرێیەکدا، کە کەمتر بوو لەیەك دۆلاری رۆژانە، بەشێکی زۆر کەمی چادییەکان دەیانتوانی تێچوونی زۆری چاودێری تەندروستی بگرنە ئەستۆ.

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، لە دەرەوەی نوسینگەکانی ئیکسۆن مۆبیل ئەو گوڵۆپانەی کە بۆ پاسەوانی دانرابوون و بە موەلیدەی کارەبا کاریاندەکرد، تیشکێکی روناکییەکەیان یارمەتی منداڵانی دەدا ئەرکەکانی قوتابخانەیان لەبەردا ئەنجامبدەن. بانکی نێودەوڵەتی سوربوو لەسەر ئەوەی بەشێك لە پارەی نەوت بۆ هەژاران تەرخانبکرێت، بەڵام وادیاربوو حکومەتی چاد ئەولەویەتی دیکەی هەیە. ئەو کۆمەڵەیەی بڕیاریدەدا لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی پارەی نەوت، پڕبوو لە دۆستی نزیکی سەرۆك، کاتێکیش دیبی لەساڵی 2004دا یەکەم بڕە پارەی نەوتی لە ئیکسۆن مۆبیل وەرگرت، ئەو پارەیەی لە کەلوپەلی سەربازیدا خەرجکرد.

هەر کە کۆمپانیاکانی نەوتیش لە ساڵانی 2005 و

2006دا دەستیانکرد بە دۆزینەوەی بەشی دیکە لە نەوتی چاد، قازانجە پێشبینیکراوەکانی ئایندەی نزیك، زیادبوونێکی زۆریان بەخۆوە بینی. هەندێك پێیانوابوو سێ کێڵگەی یەکەمی نەوت دەتوانن لەماوەی 25 ساڵی داهاتودا 5 ملیار دۆلار قازانجی نەوت بەدەستبهێنن، کە ئەوەش مەودای بەرهەمهێنانی پێشبینکراوی کێڵگەکەیە.

چاد چووە پلەی چوارەم لە لیستی هەژارترین دەوڵەتەکان لەسەر ئاستی جیهان، کە پێشتر لە پلەی دەیەمدا بوو، بەڵام وادیاربوو سەرۆك دیبی تەنیا بایەخی بە ئاسایشی تایبەتی خۆی دەدا نەك بەخۆشگوزەرانی گەلەکەی، چونکە کاتێك دەگەیشتە پایتەخت، شەقامەکان چۆڵ دەکران و دوکانەکان دادەخران و ئۆتۆمبێلەکان لە شەقام لادەبران. فەرمانیش دەرکرابوو تەقە لە هەر کەسێك بکرێت کە لە پشتی پەنجەرەوەشەوە سەیربکات. لە ساڵی 2005یشدا کاتێك پرۆژەی هێڵی بۆرییەکان 306 ملیۆن دۆلار بەرهەمی هەبوو، یەکێك لە گروپە نێودەوڵەتییەکانی چاودێریکردن، کە ئەویش رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بوو، چادی بە گەندەڵترین دەوڵەت لەسەر ئاستی جیهان پۆلێنکرد.

وا پلان دانرابوو، هەڵبژاردنی چاد لە سێی مایۆی ساڵی 2006 ئەنجامبدرێت، بەڵام لە سیانزەی ئەپرێلدا نزیکەی 600 یاخیبوو، دەستیان بەسەر پایتەختدا گرت و هەڕەشەیان لە حکومەتەکەی دیبی کرد، هەر خێراش شەقامەکانی ئینجامینا پڕبوون لە ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار. هەندێکیان

جلوبەرگی قاوەیی کاڵیان لەبەردا بوو، لەو جۆرەی تایبەت بوو بە سوپا، لەکاتێکدا ئەوانی تر پێیان باش بوو ئەو عەبا و سەرپێچانە بپۆشن، کە هاووڵاتیانی پایەتەخت بەشێوەیەکی ئاسایی لەبەریان دەکردن. ئەوانە هێزەکانی دیبی بوون، کە هاتبوون بۆ بەرگریکردن لە رژێم لەدژی ئەو یاخیبووانەی، لە هەوڵەکەیاندا بۆ لابردنی دیبی لە دەسەڵات، سودانیان کردبووە بنکەی خۆیان.

ئەگەر دیبی بیەوێت لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوبێت، ئەوا پێویستە بانکی نێودەوڵەتی کارئاسانی بۆ بکات لە کۆنترۆڵکردنی چۆنێتی خەرجکردنی پارەی نەوت لەلایەن چادەوە. بەکردەوەش پەرلەمانی چاد هەنگاوێکی نائاسایی نا، کە خۆی لەگۆڕینی یاسای بەڕێوەبردنی داهاتەکانی نەوتدا دەبینییەوە، بەشێوەیەك رێگەبدرێت بڕی 50 ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت، کە لە لایەن ئیکسۆن مۆبیلەوە دێت، لابدرێت و نەخرێتە سەر هەژماری بانکی نێودەوڵەتی، کە بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدان تەرخانکراوە بەو مەرجەی ئەم پارانە راستەوخۆ بگوازرێنەوە بۆ حکومەت. ئەم مانۆڕە یاساییە وەك بەرەنگاربوونەوەیەکی ئاشکرای بانکی نێودەوڵەتی وابوو لەلایەن دەوڵەتێکی بچوکەوە، کە یەکێکە لە دەوڵەتە نەوتییە دەستدرێژیکارە نوێیەکان. وەڵامی بانکی نێودەوڵەتی ئەوەبوو هەژمارە هەڵپەسێردراوەکەی لە لەندەن سڕکرد، کە بەهاکەی 125 ملیۆن دۆلاری داهاتی نەوتی چاد بوو لەگەڵ بڕینی 124 ملیۆن دۆلاری دیکە لە یارمەتییە پێشکەشکراوەکان بە چاد.

وڵامی دیبی بۆ هەنگاوەکەی بانکی نێودەوڵەتی، ئەوە بوو هێڵی نوێی بۆرییەکانی داخست، تا ئەو کاتەی هاوپەیمانی کۆمپانیاکانی نەوت بە سەرۆکایەتی ئیکسۆن مۆبیل 100 ملیۆن دۆلاری دەداتێ. لە هەمانکاتدا چاد ویستی بەردەوامی هاتنی داهاتی نەوت مسۆگەربکات لە یەدەگی دڵنیایی نەوت، کە بڕەکەی ملیار و نێوێك بەرمیلە. ئەگەرچی چاد پێویستی بە ژێرخانی پێویست بوو، بەڵام دیبی توانی پشت بە ژێرخانی کامیرۆن و نایجیریا ببەستێت بۆ گواستنەوە. دیبی هۆشداریدایە هەموو لایەکیش، کە لەتوانایدایە وەبەرهێنەری دیکە بدۆزێتەوە لەوانەی لە هاوپەیمانییەکەدا بوون، کە زیاتر دۆستی گەلی چاد بن، بەتایبەتی لە سایەی ئەو بەرزبوونەوە زۆرەی لەنرخی نەوتدا هاتبووە ئاراوە. لەکۆی 306 ملیۆن دۆلار، کە چاد لە داهاتی نەوت وەریگرتبوو، تەنیا 27,4 ملیۆن دۆلاری بۆ مەبەستی گەشەپێدان تەرخانکرا، هەر خێراش پارەکانی داهاتو گواسترانەوە لەپێناو هێشتنەوەی حکومەتەکەی دیبی لە دەسەڵاتدا. بانکی نێودەوڵەتی درکی بەوەکرد، کە دوای ئەمە ناتوانێت متمانە بەدیبی بکات. بڕیاربوو ماوەی دووەم و دوا ماوەی سەرۆکایەتی دیبی، کە پێنج ساڵە، لە مایۆی 2006دا کۆتاییبێت، بەڵام لە ساڵی 2004دا دەستوری هەموارکرد، تا بۆماوەیەکی دیاری نەکراوی سەرۆکایەتی، لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

ململانێی چاد لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی بەسەرکەوتنێکی گەورەی دیبی کۆتاییهات. پۆل وۆلفۆیتس، سەرۆکی بانکی

نێودەوڵەتی بەبوێرییەکەی دیبی توشی شۆك بوو تا ئەو رادەیەی هەموو داواکارییەکانی دیبی جێبەجێکرد و هەر یەك لە قەرزەکان و خەرجکردنی پارەکانی نەوت دەستیانپێکردەوە، مشك نەڕاندی و شێر ملکەچ بوو!، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاد پەرۆشبوو بۆئەوەی، پشتیوانی زیاتری بانکی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت، بۆیە لە یۆلیۆی 2006دا گەیشتە رێککەوتنێك لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی بەو پێیە لەسەدا 70ی قازانجی نەوت دەبڕدرا بۆ دژایەتیکردنی هەژاری. راستەخۆ دوای ئەوەش چاد دەستیکرد بە پڕۆسەیەکی گەورەی کڕینی چەك و فڕۆکە و ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی هامڤی.

هەرچەندە هەناردە نەوتییەکانی چاد، کە دەگاتە 160 هەزار بەرمیلی رۆژانە – نەوتێکە بڕێکی زۆر گۆگردی تێدایە، کە بەهاکەی کەم دەکاتەوە - بە پشکێکی کەم دادەنرێت بە پێودانگە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام ئەو جیاوازییەی دروستکردوە، کە بانکی نێودەوڵەتیی یارمەتییە داراییەکانی بگێڕێتەوە، کە دیبی داوایدەکردن، یان بەلانی کەمەوە ئەوە ئومێدی دیبی بوو. خستنەڕوی جیهانی نەوت دەستی بە کەمبوونەوە کرد، بە رادەیەك دەوڵەتێکی خاوەن نەوتێکی کەم و هەژار لەجۆرەکەیدا وەك چاد هەڵوێستێکی بەهێزی هەبێت لە روبەڕوبوونەوەی دامەزراوەیەکی رەگداکوتاوی وەك بانکی نێودەوڵەتی.

لەئۆگەستی 2006دا دیبی سکاڵای ئەوەی کرد، کە چاد تەنیا «وردەیەك» وەردەگرێت – وەك ئەو ناوی نا- لەو گەورە

کۆمپانیایانەی پیشەسازی نەوت بەڕێوەدەبەن، بۆیە داوایکرد پشکی دەوڵەتەکەی لە بەرهەمهێنانی نەوت بۆ لەسەدا 60 زیادبکرێت. سەرباری ئەوەش، دیبی وتی چیڤرۆن و پترۆناس رازی نەبوون بڕی 486,2 ملیۆن دۆلاری ئەو باجەی لەسەریانە بدەنە حکومەت.

رەنگە ئەم نمایشکردنی هێزە هەڵوێستی سیاسی دیبی لە ناوخۆدا پتەوکردبێت، بەڵام لەچاوی چاودێرە شارەزاکانی نەوتدا لە دەرەوە، دیبی بەو کارەی سەرکێشی ئەوەی دەکرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دامەزراوە دیاریکراوانەدا بخاتە مەترسیەوە، ئەو دامەزراوانەی زۆر پێویستی پێیانبوو بۆ بەهێزکردنی بەرهەمهێنانی نەوت.

تا کۆتایی ساڵی 2008، چاد بە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری مایەوە و لابردنی دیبی لە حوکم تەنیا مەسەلەی کات بوو. چاد بەخۆی دەڵێت دەوڵەتێکی دیموکراتی، بەڵام لەوەتەی لە ساڵی 1960وە سەربەخۆیی لە فەرەنسا وەرگرتوە، چاد بۆ یەکجاریش دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی بەخۆوە نەبینیوە.

بۆیە بە پێچەوانەی ساوتۆمی و پرینسیپەوە، چاد فێری ئەوە بوو سامانە نەوتییە نوێیەکەی لە بەدەستهێنانی هەڵوێستی بەهێزدا بەکاربهێنێت، هەروەها فێربوو بواری بەردەم دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەرتەسك بکاتەوە و وا لە گەورە کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان بکات بەردەوام کێبڕکێبکەن بۆ بەدەستهێنانی شوێنپێیەك لەناو سنورەکەیدا.

مانۆڕ و یارییەکانی چاد لە مەسەلەی نەوتدا بە یەکێك لە ئاماژە بەهێزەکان دادەنرێت لەسەر ئەوەی دەوڵەتێکی بچوکی بەرهەمهێنی نەوتی هاوشێوەی چاد دەتوانێت بەشێوەیەکی باش یاری نەوت بکات و توانای ئەوەی هەبێت پێگەی ئەکتەرێکی گەورەی نەوت بەدەستبهێنێت. حاڵەتی چاد حاڵەتێکی نمونەیی بوو بۆ دەوڵەتێکی نەوتی دەستدرێژیکار، کە سنوری خۆی لەناو سیستمی نوێی نەوتیدا دەبەزێنێت.

**تەنگژەیەکی راستەقینە**

**هەوڵەکانی چاد بۆ گوشارخستنەسەر بانکی نێودەوڵەتی بایەخی زۆر کەسی لە خۆرئاوا بەلای خۆیدا راکێشا و وای لە جیم جۆباك-ی گۆشەنوس لە پێگەی «ئێم ئێس ئین مەنی وێب» کرد بڵێت: «ئای خوایە، کاتێك دەوڵەتێکی وەکو چاد، کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە 8,1 ملیۆن کەس کە لەسەر روبەری 1,3 ملیۆن کیلۆمەتر لە بیابان دەژین، گوشارت لێبکات و ئەوەی دەیەوێت بەسەرتدا بیسەپێنێت، ئەو کاتە دەزانیت لە تەنگژەیەکی راستەقینەدایت» هێشتا شتێك لەئارادانەبوو مایەی هەستکردن بە نیگەرانی بێت بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت، بەڵام دەوڵەتانێکی وەك روسیا و ئێران و ڤەنزوێلا - تەنانەت چادیش - بەشێوەیەکی رولەزیادبوو جڵەوی کاروباریان گرتەدەست.**

**لە بەشی داهاتودا رۆشنایی دەخەینە سەر پەیوەندی**

**گەشەسەندوی نێوان چین و ئەفریقیا. چینییەکان و ئەفریقیاییەکان لەڕوی سیاسییەوە تەواو جیاوازن، لەگەڵ ئەوەشدا نەوت ئەو فاکتەرە بوو، کە ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە کۆکردنەوەی نێوانیاندا.**

پەراوێزەکان

(1) ساوتۆمی و پرینسیپ لە نیوە کەمتری ئەو بڕە پارەیەی دەستکەوت، چونکە نایجیریا کاتێك تێچوونی سەرەتایی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتی گرتە ئەستۆ لەسەدا 60ی دەستکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا پشکی ساوتۆمی هەر چوار هێندەی قەبارەی داهاتەکانی حکومەت لە ساڵی 2004دا زیاتر بوو.

(2) جیفری ساکس، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نوسەری کتێبەکە لە 29ی ئەپریلی 2008دا.

## بەشی 3
## چین ئەفریقیا داگیردەکات

لە کاتی گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەب بۆسەر خۆرئاوا لە ساڵانی 1973 و 1974دا، هەریەك لە دەوڵەتانی خۆرئاوا و ئاسیا لە پشتبەستن بە نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، خۆیان دەبوارد.

ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەنیاز نییە سیاسەتی پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو پەیڕەوبکات، بەڵام لەهەوڵدایە بۆ گەڕان بەدوای رێگەیەکدا «ئالودەبوونی» بە نەوتی عەرەب کۆتایی پێبهێنێت، پاشان روداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر هاتن و مەترسییەکانی جیهانیان زیاترکرد، بۆیە

چیتر پێویست ناکات سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە «سەوز» بن، واتە هەر دۆستی ژینگە بن (ئینجا لەڕوی سیاسییەوە بەسود بن)، بەڵکو پێویستە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە هەندێك لایەنی پشتبەستن بە دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت رزگاربکەن، بەڵام بەداخەوە، سەرەڕای بوێریی چەمکەکانی وزەی جێگرەوە (هاوشێوەی ئاشە هەواییەکان و پلێتەکانی وزەی خۆر و ئیسانۆڵ) و رێوشوێنەکانی پاراستنی وزە (هاوشێوەی ئۆتۆمبێلە قەبارە بچوکەکان و خێرایی کەمەکان)، ئەوا لە ئەرزی واقیعدا جیهانی پێشکەوتو پێیوایە ئەرکی خۆی بوو ئەم هەوڵەی لە چەندین ساڵی رابردووەوە دەستپێبکردایە. لەم کاتەی ئێستاشماندا چەند ئابوریەکی گەشەسەندو هەیە، لە گەشەکردنیاندا وەك درندەی برسین و پێویستە تێربکرێن، لەبەرئەوە پێویستە چارەسەری دەستبەجێ بۆ وزە بدۆزرێتەوە.

* * *

بۆ ماوەیەکی دورودرێژ ناوی ئەفریقیا تەنیا گرێدراوی هەواڵە خراپەکان بوو، چونکە زۆربەی دانیشتوانی جیهان کاتێك بیر لە ئەفریقیا دەکەنەوە شەڕی ناوخۆ و برسێتی و نەخۆشی ئایدز و بەرزی رێژەی مردنی منداڵ و هەژاری زۆر و گەندەڵی حکومی بەخەیاڵیاندا دێت، بەڵام دۆزینەوەی نەوت تروسکاییەکی هیوابەخشبوو بۆ گۆڕینی ژیانی زۆرێك لە ئەفریقیایەکان بەرەو باشتر.

وەکو ساوتۆمی و پرینسیپ و چاد، کە لە بەشی دووەمدا باسمانکردن، ئێستا چەندین دەوڵەتی دیکەی ئەفریقیا، هاوشێوەی گینیای کەمەرەیی و گابۆن و ئەوانی دیکە، بڕێکی زۆر دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریيان هەیە.

لە سەرەتادا گەورە کۆمپانیاکانی نەوت چوونە ئەفریقیا، بەو هیوایەی ئەو کیشوەرە بێتە سەرچاوەیەکی نوێی نەوت بۆیان، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەرکەوت ئەفریقیا کێشەی نوێ بۆ ئەو کۆمپانیایانە دروستدەکات، کە هاوتان بەو چارەسەرانەی بۆ کێشە کۆنەکان پێشکەشکراون. کۆمپانیاکان بۆیان رونبوویەوە مامەڵەکردن لەگەڵ سعودیەکان و کوێتیەکاندا ئاسانترە، بەراورد بەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەفریقیایەکاندا، چونکە دەوڵەتانی خۆهەڵاتی ناوەڕاست هەرچەندە نیشانەکانی ناسەقامگیرییان پێوە دیاربێت، بەلانی کەمەوە خاوەنی رژێمی سیاسی فەرمانڕەوای ئەوتۆن، کە دەکرێت بۆ ماوەی یەك نەوە، یان ماوەیەکی نزیك لەوە پشتیان پێببەسترێت، لە کاتێکدا لە ئەفریقیا رەنگە لەماوەی

هەر چەند مانگێکدا، لە یەك دەوڵەتدا کودەتایەکی سەربازی بەسەر حوکمدا روبدات. رەنگە کۆمپانیایەك سەودانامەیەك لەگەڵ یاخیبوویەکدا، کە ئەمڕۆ نازناوی جەنراڵی بەخۆی بەخشیوە ئیمزا بکات، پاشان بۆ سبەینێ ببینێت بە تەواوی لە دەسەڵات لابراوە، هەروەها کۆمپانیاکان پێیانوابوو باشترە بۆیان مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا بکەن، کە پێشتر ناسیویانن. هەندێك لەم وەبەرهێنەرانەی زوو هاتبوون، بەردەوامبوون، بەڵام ژمارەیەکی کەمییان دەستیانکرد بە جێهێشتنی کیشوەری ئەفریقیا، بەوەش دەرفەتیان دایە ئەو دەوڵەتانەی ترسێکی کەمتر و نیگەرانییەکی کەمتریان هەیە سەبارەت بە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی گرژی و ئاڵۆزییە باوەکانی ئەفریقیا.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا و سەرەڕای کێشە سیاسییەکان و بایکۆتکردنەکانی بەرهەمهێنان، نەوتی ئەفریقیا دەستیکرد بە رۆڵگێڕانێکی بەرچاو لە دابینکردنی پێداویستییە نەوتییەکانی جیهاندا، پێشبینییەکانی تایبەت بە ژمارەی ئەو بەرمیلانەی دەکرێت لە خاکی ئەفریقیادا دەربهێنرێن، گەشبینانە بوون. پێشبینییە پێشوەختەکان وتیان لەگەڵ هاتنی ساڵی 2015دا، پشکی ئەفریقیا لە بازاڕی نەوتی ئەمریکادا بەرێژەی لەسەدا 15 بۆ لەسەدا 25، گەشەدەکات. ئەگەر وردی ئەم پێشبینیانە بسەلمێت، ئەوا ئەفریقیا لەماوەیەکی کەمدا، کە لە هەشت ساڵ تێناپەڕێت، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رادەماڵێت، بەو پێیەی سەرچاوەی سەرەکی نەوتی دەرەکییە لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا. بەدڵنیاییەوە وا دیاربوو

کاروبارەکان بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن. لە ساڵی 2001دا داهاتی نەوتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە داهاتی نەوتی ئەفریقیا زیاتر بوو بەڕێژی لەسەدا 10 زیاتر و قەبارەکەی گەیشتە 1,3 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە. وا دیاربوو ئەو کاتە هەردوو ناوچە سەرەکییەکەی بەرهەمێنانی نەوت نزیکن لە یەکسانبوونەوە. داهاتی نەوتی ئەمریکا لە ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پشکی لەسەدا 22ی داهاتی ئەمریکای لە نەوتی خاو پێکدەهێنا، بەڵام رەنگە ئەم هاوسەنگییە ببێتە هۆی ئەوەی روبکرێتە ئەفریقیا لەماوەی چەند ساڵی کەمی داهاتودا.

ساڵی 1982 ئابوریی چین بە تێکڕاییەکی ساڵانە گەشەیدەکرد، کە دەگەیشتە لەسەدا 9، لە ساڵی 1993یشدا تێکڕای گەشە لەسەدا 13 بوو، لە ساڵی 2006 یشدا گەیشتە لەسەدا 11,3، هەروەها سەرکردەکانی چین روبەڕوی گرێکوێرەیەك ببوونەوە سەبارەت بە تێکڕای گەشەی دەوڵەتەکەیان. بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامی هاووڵاتیانیشیان لەسەر پشتیوانیکردنی سیستمی سیاسی ئێستا، پێویست بوو ئەو سەرکردانە هیچ نەبێت توانای ژیانی توێژێکی مامناوەند پێشکەشی هاووڵاتیان بکەن، بەڵام کاتێك چۆنێتی دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە وزەی پێویست بۆ ئەو ستراتیجییەیان هەڵسەنگاند، خۆیان لە بارێکدا بینیەوە، کە لە گۆڕاندا بوو.

بە هاتنی ساڵی 1989، کۆگای نەوت بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، پێویست بوو ئەو لایەنە نوێیانەی لەبری

خستنەڕووەوە هاتبوونەوە نێو پرۆسەی خواست و خستنەڕو، بەدوای سەرچاوەی نا تەقلیدیدا بگەڕێن. ئەوەی دەمایەوە دەوڵەتە بچوکەکان بوون، کە کەمتر سەقامگیرن و بەزۆریش مەترسیدارن، زۆرێك لەم دەوڵەتانەش دەکەوتنە ئەفریقیاوە. پسپۆڕان پێشبینییانکرد بە هاتنی ساڵی 2045، نەوتی هاوردەکراو ڕێژەی لەسەدا 45ی پێداویستییە نەوتییەکانی چین پێکبهێنێت. هیچ گومانێك نەماوە، بۆیە ئەگەر چین بیەوێت ڕووبەڕوی پلانی گەشەی ناوخۆیی ببێتەوە و ببێتە هاوردەکارێکی تەواوی نەوت، ئەوا پێویستە ئەفریقیا ڕۆڵێکی تەوەری لە پلانەکەیدا بگێڕێت.

چین لە ساڵی 1959دا نەوتی لە خاکەکەیدا دۆزیەوە، بەڵام ئەو کێڵگە نەوتیانەی لەسەر خاکەکەیدان، هەرگیز نەیانتوانیوە شانبەشانی ئابورییە فراوانبووەکەی بەخێرایی ڕێبکەن. دواجار لە ساڵی 1993دا هاوسەنگی لەنێوان بەرهەمی نەوتی نەتەوەیی چین و تێکڕای گەشەکردنی ئابورییەکەی گۆڕا، بەجۆرێك چین بووە هاوردەکارێکی تەواوی نەوت. لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم و دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا نەوت دەوڵەتی چین و کیشوەری ئەفریقیای پێکەوە کۆکردبۆوە. چین پەرۆش بوو بۆ بەرەوپێشبردنی گالیسکەی گەشەی ئابورییەکەی، ئەفریقیاش پێویستی بە شارەزایی و تەکنۆلۆجیا بوو، تا سەرچاوە تازە دۆزراوەکانی لە کاڵایەکی خاوەوە بگۆڕێت بۆ کاڵایەکی قازانجهێن. کاتەکە بۆ هەردولا نمونەیی بوو. جەخت

نەکردنەوەی چین لەسەر چەند مەسەلەیەکی دیاریکراو، کە خۆرئاوا ترسی لەبارەیانەوە هەبوو - هاوشێوەی بەرتیل و گەندەڵی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ - ئاسانکاری زۆری بۆ دەوڵەتانی ئەفریقیا کرد بە مەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ چینییەکاندا. لە کاتێکیشدا نرخی نەوت دەستی بە بەرزبوونەوە کرد، چەند لایەنێکی دیکە دەستیان دایە راکێشانی دەوڵەتانی ئەفریقیا - کۆمپانیای زەبەلاحی وەك تۆتاڵ، ئیلف، رۆیاڵ دەچ شێل، ئیکسۆن مۆبیل و چیڤرۆن تەکساکۆ - بەڵام خواستی چین لەسەر نەوت زۆر برسیانە بوو بەشێوەیەکی تایبەتی، بۆیە لەسەرەتای ساڵی 2004دا ئەم خواستە رێژەی لەسەدا 40ی کۆی گەشەی خواستی جیهان لەسەر نەوت پێکدەهێنا، بەجۆرێك پێشی ژاپۆنی دایەوە و چووە پلەی دووەم لە بەکاربردنی نەوتدا لەدوای ویلایەتە یەکگرتوەکان. پسپۆڕانی نەوت بە ناوچەی خۆرئاوای ئەفریقیایان دەوت «ئەلدۆرادۆی پیشەسازی نەوت». هەندێك لە شیکەرەوان باوەڕیانوایە ناوچەکە لەسەدا 10ی یەدەگی نەوتی جیهان لەخۆدەگرێت. دەشوترێت هاوردەی نەوتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەخۆرئاوای ئەفریقیا، لە ساڵی 2005دا زیاتربووە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. نایجیریای زەبەلاحی نەوتیش لە خۆرئاوای ئەفریقیا، نزیکەی لەسەدا 10 بۆ 12ی هەناردەی نەوتی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان دابیندەکرد.

بەهاتنی ساڵی 2006 وێنەی جیهانی نەوت بەراورد بە دەیەی رابردو گۆڕابوو، چونکە هاوردەی نەوتی ئەمریکا

لە ئەفریقیاوە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بوو، تەرازوی بازرگانی چین لەگەڵ ئەفریقیا بەرزبووەوە بۆ ژمارەیەکی گەورە و گەیشتبووە 55 ملیار دۆلار. ئەو هاوبەشییەی لەنێوان چین و دەوڵەتانی ئەفریقیادا پێکهاتبوو جێگەیەکی تەوەری لە سیستمی نوێی نەوتیدا گرتبوو. نەوت بەکردەوە هەژارانی پێکەوە کۆکردەوە.

چین ئەفریقیای داگیرکرد، نەك بە چەك، بەڵکو بە پارە و هەژمون. لە ساڵی 2005دا کۆمپانیاکانی چین 175 ملیۆن دۆلاریان لە ئەفریقیا خستە وەبەرهێنانەوە لە پڕۆژەی دۆزینەوەی نەوت، بنیاتنانی ژێرخان، ڕێگاوبان، هێڵی ئاسنین، بەرنامەکانی کشتوکاڵ و خوێندندا. لە 10ی یەنایەری ساڵی 2006 یشدا «دامەزراوەی نیشتمانی چین بۆ نەوتی دەریایی»، کە کۆمپانیایەکی حکومی چینە، رایگەیاند پلان دادەنێت بۆ کڕینی پشکێك بە ڕێژەی لەسەدا 45 (2,27 ملیار دۆلار) لە کێڵگەیەکی نەوتی، کە دەکەوێتە بەرامبەر کەناراوەکانی نایجیریا، هەروەها چینییەکان ڕێژەی لەسەدا 64ی هەناردەی نەوتی سودانیان دەکڕی.

بەهاتنی سەرەتای ساڵی 2007 یش، چینییەکان بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی نەوت، نەك تەنیا لە سودان و نایجیریا و چاد، بەڵکو لە ئەنگۆلا، جەزائیر، گابۆن، گینیای کەمەرەیی و کۆماری کۆنگۆیش. بەرنامەی چین بۆ هەڵکەندن و گەڕان بەدوای نەوتدا لە ئەفریقیا

بەلای ئەفریقیاییەکانەوە زۆر پەسەند بوو، بۆیە لە کاتێکدا کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتوەکان پەیوەستبوون بە دۆزینەوە گەورەکانەوە، چین رازی بوو بەوەی، دەست بەسەر دۆزینەوە بچوکەکاندا بگرێت، باوەڕی بەوەش هەبوو، کە هەمەجۆری لە کیشوەرێکی ناسەقامگیری وەك ئەفریقیادا، سودی خۆی هەیە.

لە رێی وەبەرهێنانەکانی چین لە ماددە خاوەکان و خواستی لەسەریان، ئەو دەوڵەتەی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە لەسەر ئاستی جیهان، ئاڕاستەی ئابوری زۆر دەوڵەتی دەگۆڕی، لە ئەنگۆلاوە تا ئوستralیا، بەڵام مەسەلە گرنگەکە ئەوە بوو، کە چین هێزی نوێی بازرگانی خۆی دەگۆڕی بۆ هێزێکی سیاسی، بەجۆرێك هەنگاوی بەرەو شانۆی جیهانی دەنا و وەك دەوڵەتێك هەڵسوکەوتی دەکرد، کە سورە لەسەر ئەوەی ببێتە زلهێزی داهاتوی جیهان.

**باڵادەستی لەڕێی خۆشگوزەرانییەوە**

ئەوە رونبووەتەوە کە چین بایەخی زۆرتری بە گەشەی ئابوری ناوخۆیی داوە. ئەگەرچی سەرکردەیەکی چینی نییە دان بەمەدا بنێت، بەڵام چینییەکان هەموو ئاماژەکانیان بەدەستەوەداوە، سەبارەت بەوەی دەخوازن لە سەدەی بیست و یەکەمدا باڵادەستیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن.

بەلای چینییەکانەوە وەبەرهێنان لە ئەفریقیا و ناوچەکانی دیکەدا، بەشێك بوو لە ستراتیجێکی سیاسی هەمەلایەن،

نەوتیش بەشێکی دیکەی بوو. لەڕوی مێژوییەوە سیاسەتی دەرەکی چین لە بەشی زۆریدا بریتیبوو لە هێرشی توندی ئاڕاستەکراو بەرەو روی ئیمپریالیزم.

چین لە روانگەیەکی رەش و سپیەوە لەجیهانی دەڕوانی، بۆیە ئەوەی لەبەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتوەکان، یاخود خۆرئاوادا بێت، راستەوخۆ لەبەرژەوەندی چیندا نابێت، پێچەوانەکەشی هەر راستە. لەڕێی دابڕانیشیان لە دەوڵەتانی دیکەی جیهان، چینییەکان هیچ گرنگییەکیان لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا نەدەبینیەوە[4]، هەروەك تەنیا حەماسێکی کەمیشیان بۆ هونەر، یاخود پیشەسازی خۆرئاوا هەبوو. ئێستاش درکیان بەوە کردوە، کە رەنگە کارلێك و مامەڵەی ئابوری لەگەڵ خۆرئاوا بەهادار بێت و دیپلۆماسیەت و یارمەتی دەرەکیش لەڕوی هەژمونەوە هەندێك بەهای هەبێت. لەدیدارە نێودەوڵەتییەکانیشدا چین توندی لێدوانەکانی کەمکردەوە و دەستبەرداری گوتارە تەقلیدییە پرۆتستۆکەرانەکەی بۆ خۆرئاوا بوو. لەبری ئەوەش زۆرجار چینییەکان هەژمونی خۆیان، کە لە قەبارەکەیانەوە سەرچاوەی گرتوە، هەروەها هێزی دەنگدانیان پێشکەش بە ئەفریقیاییەکان کردوە.

سەرۆك دیبی سەرۆکی چاد دەڵێت «لەرابردودا کاتێك

4. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، زۆرێك لە لاوانی ئەمریکا و ئەوروپا بەپەرۆشەوە لە هەوڵی فێربوونی زمانی چینی هاوچەرخ (ماندەرین) دان!

کێشەیەکمان روبەڕو دەبووەوە، کە پەیوەندی بەوەوە هەبوو، یەکێك لە دەوڵەتانی دراوسێ هەندێك بەکرێگیراوی بۆ داگیرکردنمان دەنارد، هیچ یەکێك لەو سکاڵایانەی پێشکەشی نەتەوەیەکگرتوەکانمان دەکردن، سەیر نەدەکرا، چونکە چین بەرهەڵستی ئەوەی دەکرد». لەو کاتەوە ئەنگۆلا پەیوەندییەکانی لەگەڵ تایواندا پچڕاندوە بۆئەوەی لە چین نزیکببێتەوە و دەرگە لەبەردەم وەبەرهێنانەکانی چیندا بکاتەوە، هەروەها دیبی دەڵێت لەئێستادا «دەتوانین بە بێ ترس باسی ئەو مەسەلانە بکەین، کە نیگەرانمان دەکەن».

چین ئەو یاریزانە بێ بەهایە نەماوە، بەڵکو بووەتە یەکێك لە یاریزانە گەورەکانی بواری نەوت لە ئەفریقیادا. چین راهێنانی بە هەزاران ئەفریقیایی لە زانکۆکانیدا کردوە و بەهەزاران پزیشکی ناردوەتە ئەفریقیا، ئەم کارانەش لەلایەن ئەفریقیاییەکانەوە بەچاکە باسدەکرێن. هۆ جینتاو-ی سەرۆکی چین چەند بەڵێنێکی دابوو، لەوانە زیادکردنی یارمەتییەکانی چین بۆ ئەفریقیا بۆ دوو هێندە لە ساڵی 2009دا و راهێنانی پانزە هەزار پیشەیی شارەزا و پێدانی کورسی خوێندن بە چوار هەزار خوێندکاری ئەفریقیا و پێشکەشکردنی یارمەتی لە کێشە کشتوکاڵییەکانی کیشوەرەکەدا[5].

5. هۆ جینتاو دەوڵەتانی دیکەی جیهانیشی لەبیر نەکرد، بۆیە لە ساڵی 2006دا تەنیا سەفەری نەکرد بۆ ڤێتنام بۆ ئامادەبوون لە لوتکەی هاوکاری ئابوری ئاسیا و ئۆقیانووسی ئارام، بەڵکو چووە لاوس و هندستان و پاکستانیش.

## هۆ جینتاو:
## سەرکردەیەکی چینی خاوەن پلانی ئومێدبەخش

هۆ جینتاو-ی سەرۆکی چین، کە تەمەنی شەست و چوار ساڵە، سەرکردەیەکە خواستی زۆری هەیە، چونکە لە سەرەتای شەستەکاندا ئەو کاتەی خوێندکاری زانکۆ بوو، چووە ناو پارتی کۆمۆنیستەوە و لەو کاتەوە ئەندامێکی دڵسۆزی ئەو حزبەیە.

ئەگەرچی هۆ جینتاو لەکاتی بینینی کەسانی بیانیدا ناخۆشحاڵی پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چالاکترین باڵیۆزی چین و گرنگترینیان بوو لەسەرەتای ساڵی 2004وە، ئەو ساڵە دوو هەفتەی لە باشوری ئەفریقیا بەسەربرد، بەڵێنی ئەوەشی دا، وەبەرهێنان بەبڕی ملیارەها دۆلار لە هەریەك لە ئەرجەنتین، بەرازیل، چیلی و کوبادا بکات، هەروەك ماوەیەکیشی لە کینیا، نایجیریا، ویلایەتە یەکگرتوەکان، روسیا، سعودیە و مەغریب بەسەربردوە.

لە کۆتایی ساڵی 2006دا هۆ جینتاو لە بێجین میوانداری 48 سەرکردەی ئەفریقیای کرد و بەدرێژایی سێ هەفتە وتووێژیان کرد، ئەویش وەك رێگەیەك بۆ دەستپێکردنی «داگیرکاری» چین بۆ ئەفریقیا.

**(1) ئەنگۆلا**

ئەنگۆلا بۆیەکەمجار لە ساڵی 1955دا نەوتی لە خاکەکەیدا دۆزیەوە و چەندین ساڵی ویست، تا درك بە رادەی گرنگی یەدەگی نەوتی، ئەو دەوڵەتە کرا. لە ساڵی 2007دا یەدەگی باوەڕپێکراوی نەوتی ئەنگۆلا بە نزیکەی 8 ملیار بەرمیل مەزەندەکرا و زۆربەی دەکەوتنە ئەو ناوچانەی زیاتر لەسەد میل لە کەناراوەکانیەوە دور نین. بەرهەمی نەوتی ئەنگۆلا لە سەرەتای ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا، دە هێندە زیادیکرد و لە ساڵی 2005دا گەیشتە 1,4 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە و لە ساڵی 2006دا گەیشتە 1,5 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە. بەدرێژایی دوو دەیەش بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بۆ چوار هێندە زیادیکرد. بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکانی وزە، چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمی نەوتی ئەنگۆلا بە هاتنی ساڵی 2008 بگاتە دوو ملیۆن بەرمیلی رۆژانە، ئەویش ئەو کاتە پێشبینیکراوەیە بۆ کارکردن لەو ناوچانەی بەرهەمهێنان، کە دەکەونە قووڵایی ئاوەوە. لە دیسەمبەری ساڵی 2006دا بانکی نێودەوڵەتی رایگەیاند -بەوشێوەیەی لەگەڵ مەزەندەکانی بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکانی وزەدا یەکدەگرێتەوە- پێدەچێت بە هاتنی ساڵی 2011، بەرهەمی نەوتی ئەنگۆلا هاوتای بەرهەمی کوێت ببێتەوە، ئەویش بە گەیشتنی بە 2,6 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە.

کۆمپانیاکانی نەوت لە سەرانسەری جیهاندا گومانیان هەبوو لەوەی، رەنگە ئەنگۆلا یەکێك بێت لە دوایەمین لەو ناوچە نەدۆزراوانەی نەوتیان تێدایە. لە ساڵی 2006 یشدا کۆمپانیای نەوتی ئیتالیا ئینی پارەیەکی سەرسوڕهێنەری پێشکەشکرد، کە بڕەکەی 902 ملیۆن دۆلار بوو بە مەبەستی مسۆگەرکردنی مافی هەڵکەندن لەبەرامبەر کەناراوەکانی ئەنگۆلادا. ئەو کاتە ئەوە زۆرترین بڕەپارە بوو، کە کۆمپانیایەکی نەوت بیدات لەبەرامبەر مافی هەڵکەندندا.

پاولۆ سکارۆنی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئینی دەڵێت: «کارەکە ئەو کاتە وەك جۆرێك لە شێتی وابوو، بەڵام لە راستیدا وا هەستدەکەین، کە هیچ شێتییەکی تێدا نییە، چونکە یەدەگی گەورەی نەوت لە ئەنگۆلا هەیە، کە ناوچەیەکی ئەفریقیایە و دەکرێت بەرهەمهێنانی نەوت تێیدا گەشە بکات و ئێمەش دەمانویست بەشێك بین لەم گەشەکردنە».[6]

لەدوای پێشنیارەکەی ئینی، کۆمپانیای ساینۆبك کە کۆمپانیایەکی چینییە و خاوەندارێتییەکەی هی حکومەتە، هەروەها کۆمپانیای سۆنانگول، کە ئەویش کۆمپانیایەکی نەتەوەیی نەوتی ئەنگۆلایە، پێکەوە بڕی 2.2 ملیار دۆلاریان پێشکەشکرد لەبەرامبەر مافی هەڵکەندن لە دوو شوێنی دیکە بەرامبەر کەناراوەکانی ئەنگۆلا.

6. وتاری «کاتی ئێستا، ئەنگۆلا بابەتی یەکەمە لە لیستی بایەخپێدانەکانی کەرتی نەوتدا»، نیویۆرك تایمز، 20ی مارسی 2007.

لە ساڵی 2006دا ئەنگۆلا لە پلەی 142دا بوو لە نێو 163 دەوڵەتدا لە نیشانەکانی گەندەڵیدا، کە ساڵانە ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی دەریدەکات. سندوقی نێودەوڵەتی نەخت دودڵ بوو لەوەی هیچ پارەیەکی زیاتر بداتە ئەنگۆلا تا بەشێوەیەکی گونجاو رونی نەکاتەوە ئەو چوار ملیار دۆلارەی پارەی نەوت چیان بەسەر هاتووە، کە لەساڵانی دوای شەڕی ناوخۆی وڵاتەکەدا دیار نەماون. لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی داهاتی نەوتی ئەنگۆلا وڵاتەکەی دەخستە پێگەیەك بتوانێت بایەخ بە مەترسییەکانی سندوقی نێودەوڵەتی نەخت نەدات. چونکە ئەنگۆلاییەکان دەیانتوانی چینی و ئەمریکییەکان هەڵبخەڵەتێنن و بانك و سندوقی نێودەوڵەتی نەختیش بەتەواوی پشتگوێبخەن.

لە ساڵی 2004دا کاتێك سندوقی نێودەوڵەتی نەخت بەگومانی بوونی گەندەڵی قەرزێکی بۆ ئەنگۆلا راگرت، خێرا چینییەکان قەرزێکی جێگرەوەیان بەبڕی دوو ملیار دۆلار پێشکەشکرد، بەو کارەشیان چینییەکان پشکێکی گەورەیان لە بەرهەمی داهاتوی نەوتی ئەنگۆلا دەستکەوت. چین لە بنچینەدا خۆی بەدوردەگرت لە سیاسەتەکانی بانك و سندوقی نێودەوڵەتی نەخت سەبارەت بە نزمترین ئاستی شەفافیەت، هەڵسەنگاندنی کۆی قەرز، سیاسەتی دارایی و بەخششی کراوە بۆ گرێبەستەکان و لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە ژینگەییەکان.

به هاتنی ساڵی 2005 ئەنگۆلا بووە گەورەترین هەناردەکاری نەوت بۆ چین، چونکە نەوتی ئەنگۆلا نزیکەی لەسەدا 40ی هاوردەی نەوتی چینی لە ئەفریقیا پێکدەهێنا. کۆمپانیاکانی چین چوونە ئەنگۆلا بۆ دروستکردنی پرد، نەخۆشخانە، نوسینگە، هێڵی ئاسن، قوتابخانە و رێگاوبان، ئەمە سەرباری جێگیرکردنی تۆڕێك لە ریشاڵی تیشکی و راهێنانی کرێکارانی ئەنگۆلا لە بواری پەیوەندییەکاندا.

لە لواندای پایتەختی ئەنگۆلادا نرخی یەك شەو مانەوە لە ئوتێلەکاندا بەرزبووەوە بۆ زیاتر لە 200 دۆلار، کۆمپانیاکانی نەوتیش بەرپرسیاربوون لە بەکارهێنانی تەواوی ژوری ئوتێلەکان بۆ ماوەی دوو مانگ بە پێشەکییەوە، هەندێك لە فەرمانبەرانی ئەم کۆمپانیایانەش بە بێ وەستان، هەفتانە سێ جار سەفەریان بۆ هیوستن دەکرد. ئەمڕۆ ئابوری ئەنگۆلا بەتێکڕای گەشەکردنێك بەڕێژەی لەسەدا 18ی ساڵانە، بە یەکێك لە خێراترین ئابورییەکان لەڕوی گەشەکردنەوە دادەنرێت، نەك تەنیا لە کیشوەری ئەفریقیا، بگرە لە هەموو جیهانیشدا. ئەنگۆلا بووەتە دووەم گەورەترین هەناردەکاری نەوت لە دەوڵەتانی باشوری بیابانی ئەفریقیا لەدوای نایجیریا.

لەساڵی 2003 یشەوە پیشەسازییەکانی نەوت و گاز، زیاتر لە 20 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی بیانیان راکێشاوە. نەوتیش زیاتر لەسەدا 40ی کۆی بەرهەمی ناوخۆ و نزیکەی لەسەدا 90ی داهاتی حکومەت پێکدەهێنێت.

**(2) زیمبابۆی**

چیرۆکی زیمبابۆی چیرۆکێکی جیاوازە، چونکە لە یۆلیۆی 2005دا و سەرەڕای چەندین تۆمەت سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، کە ئاڕاستەی سەرۆك رۆبەرت مۆگابی کرابوون، حکومەتی چین بەڵێنی کۆمەڵێك یارمەتی ئابوری بەوڵاتەکەدا، ئەویش لەبەرامبەر «ئیمتیازی کانزایی و بازرگانی دیکەدا». وەزیری دەرەوەی چین وتی: «چین متمانەی هەیە، کە حکومەت و گەلی زیمبابۆی دەتوانن بەشێوەیەکی شیاو کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن» بەڕونیش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە وەزارەتەکەی متمانەی هەیە کە سەربازگەکانی ئەشکەنجەدانی سەربە مۆگابی ناتوانن رێگری لە وەبەرهێنانەکانی چین لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتی زیمبابۆی یاخود کڕینی ئەو نەوتە بکەن. لەزاری هۆ جینتاو-یشەوە بڵاوکرایەوە، کە بە مۆگابی وتوە: «بەشدارییەکی مەزنت کردوە لە پەیوەندی دۆستایەتی نێوان هەردو وڵاتەکەماندا... منیش ئامادەم بۆ گۆڕینەوەی قوڵی بیروڕا لەگەڵ فەخامەتتان سەبارەت بە پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەردوو وڵات.» چەند ساڵێك دوای ئەوە و لەبەرامبەر تورەیی نێودەوڵەتیدا، چین قایل و وادیاربوو، کە پێدەچێت هەوڵی دورکەوتنەوە لە مۆگابی بدات، بەڵام لەوانەیە ئەم پچڕانی پەیوەندییە تەنیا روکەش بێت و بەس.

## (3) یارمەتیدان، یاخود هاندان؟

بەوپێیەی زۆربەی کێڵگە نەوتییە گەورەکان لە جیهاندا دوربوون لەدەستی چینەوە، «کار گەیشتە ئەوەی چین – لەمیانی هەوڵەکانی بۆ دابینکردنی نەوتی پاشەکەوتکراو لە زۆرترین سەرچاوەوە - مامەڵە لەگەڵ رژێمە سەرکوتکارەکان بکات لە هاوشێوەی سودان و ئێران و میانمار. بەدیاریکراویش چین لە ئەفریقیا چالاك بوو».[7] لە راستیدا لە ناوچەی دارفۆر لە سودان، پارەی نەوتی چین و چەکی دروستکراوی چین، پشتیوانی ئەو کۆمەڵکوژیانەیان کرد، کە دوچاری سەدان هەزار کەس لەو ناوچەیە بوونەوە.

بە هۆی دۆزینەوە نەوتییەکانەوە لە هەموو کیشوەرەکەدا، بەرهەمهێنەرانی ئەفریقیایی نەوت بەردەوامبوون لە کۆکرنەوەی پارەیەکی زۆر. ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوتیش تا ساڵی 2020 لەسەرو 50 دۆلارەوە بمێنێتەوە، بەرهەمهێنەرانی نەوت لەخۆرئاوای ئەفریقیا یەك ترلیۆن دۆلار کۆدەکەنەوە، ئەم ژمارەیەش دوو هێندە لە هەموو یارمەتییەکانی دوای کۆلۆنیالیزم زیاترە، کە بەخشراونەتە دەوڵەتانی ئەفریقیا لە پاش سەربەخۆبوونیان لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا. لە هاوینی ساڵی 2008 یشدا نرخی نەوت سێ

7. نیکۆلاس کریستۆڤ، نیویۆرك تایمز، 23ی ئەپریلی 2006، http://www.nytimes.com/2006/04/23/opinion/23kristof.html. لە ناوچەی دیکەی وەك کێڵگە نەوتییەکانی بەرامبەر کەناراوەکانی کەمبۆدیا هەریەك لە فرانس تۆتاڵ و هاوپەیمانێتییەك بەسەرۆکایەتی چیڤرۆن و دامەزراوەی نیشتمانی چین بۆ نەوتی دەریایی کێبڕکێیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی پشکی شێر لەو یەدەگەی نەوت، کە بە زیاتر لە دوو ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرا. وادیاریشە کە چین لەو رووەوە پێشڕەو دەبێت.

هێندەی ئەو ئاستە بەرزبووەوە. ئەو پارانە دەیانتوانی یارمەتی زۆرێك لە کودەتاکان و بزوتنەوەکانی یاخیبوون و کۆمەڵکوژی ئەتنیکی بدەن، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی تەنیا بەشێکی کەمیان بۆ بنبڕکردنی هەژاری لێ ئاڕاستە دەکرا.

بێگومان داگیرکاری چین بۆ کیشوەری ئەفریقیا، دیمەنێکی تەواو جیاوازی بە کیشوەرەکە بەخشیوە، چونکە لە ساڵی 1990وە هیچ بەرهەمهێنێکی بیانی نەوت کاریگەرییەکی وەك ئەو کاریگەرییەی چین دروستنەکردوە. ئەو پرسیارەش، کە لەلای جیهان دروستبووە ئەوەیە، ئایا کاریگەری چین لەسەر ئەفریقیا کاریگەرییەکی ئەرێنی بووە؟

بەزۆری و بەگشتیش، دیارە وەڵامەکە، بەڵێ-یە. هەندێك لە رەخنەگران چینیان بەوە تۆمەتبارکرد، کە دەستپێشخەری کەمتر لە دەستپێشخەری کۆمپانیا ناوخۆییەکانی ئەفریقیا پێشکەشدەکات و کرێکاری ئەفریقیایی بەکارناهێنێت. هەندێکی تریش بەباشیان نەدەزانی چین بەرتیل بداتە ئەفریقیاییەکان یان پارەی یارمەتییان پێشکەشبکات بە بێ سەپاندنی هیچ مەرجێك سەبارەت بە حوکمداری. هەروەك هەندێکی دیکە نیگەرانیان دەردەبڕی لەوەی رەنگە ئامادەیی چین لە ئەفریقیا لایەنی دیکەی بیانی یارمەتیدەر دوربخاتەوە، کە لەوانەیە خوازیاری یارمەتیدانی ئەفریقیاییەکان بن وەك چینییەکان، ئەگەر لەوانیش زیاتر نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی 2005دا داگیرکاری چین بۆ ئەفریقیا تێکڕایەکی گەشەکردنی بۆ دەوڵەتانی هەناردەکاری

نەوتی ئەفریقیا لێکەوتەوە، کە بڕەکەی لەسەدا 5.5 بوو.[8] بە هاتنی ساڵی 2009 یش پێشبینی کراوبوو، کە بە هۆی قەیرانی دارایی جیهانەوە گەشەی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت بۆ لەسەدا 2,4 نزمببێتەوە.

**هەوڵی بنیاتنانی بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا لە کەنداوی گینیا**

**بەهۆی بەرژەوەندییە گرنگەکان لە ئەفریقیا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کاتێکی زووەوە گەڕایەوە بۆ ساڵی 2002 لە بیرکردنەوە لە ڕێگەچارەکانی پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی لە کەنداوی گینیا، بەڵام بیرۆکەی بنکە سەربازییەکە توشی هەندێك ئاستەنگ بووەوە، چونکە چەندە دەوڵەتانی ئەفریقیا لە هۆکاری ئارەزوی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی تێدەگەن، بەڵام متمانەیان بەهیچ جموجوڵێك نەبوو، کە روکارێکی کۆڵۆنیالیزمی هەبێت. تا ساڵی 2008یش هێشتا بیرۆکەکە جێی گفتوگۆ بوو.**

**(3-1) پەرۆشی بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی لە ئەفریقیا**

ئەنگۆلا لە هەموو دەوڵەتانی ئەفریقیا زیاتر بەخێرهاتنی چینییەکانی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا چەند هێزێکی خۆرئاوایی و ئاسیایی دیکە بەختەرەوەر بوون بە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی ئەفریقیایی دیکەدا، وەك فەرەنسا لەگەڵ گابۆن،

8. وتارێك بەناونیشانی»باشبوونی پێشبینییەکانی گەشەی ئەفریقیا«، بی بی سی نیوز، 16ی مایۆی 2006.

ژاپۆن، هندستان و روسیا لەگەڵ گینیای کەمەریی و چاد و کامیرۆن. لە کۆتدیڤوار کە زۆربەی ناوچەکانی کشتوکاڵین، چین قەرزی پێشکەشکرد بۆ بنیاتنانی پایتەختێکی نوێ لە یامۆسۆکرۆ. لە چاد-یش، چین پلانی دادەنا بۆ دروستکردنی یەکەم پاڵاوگەی نەوت، دروستکردنی ڕێگەی نوێ، دابینکردنی ئاودێری و بنیاتنانی تۆڕێکی مۆبایل.

هیچ کەس لە ئەفریقیاییەکان دڵخۆشتر نەبوو بە خواستی زۆری چین بۆ نەوت، چونکە ئەفریقیاییەکان سودمەند دەبوون لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، هەروەها لەو پەیوەندییە پتەوەی لەگەڵ دۆستە نوێیە چینییەکانیاندا پەیدایانکردبوو، ئەو دۆستانەی ڕێگەوبان و پرد و بەنداویان دروستدەکرد بە تێچوون و کاتێکی کەمتر لەوەی ئەفریقیاییەکان پێشبینیاندەکرد، هەروەها شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، کە ئەفریقیاییەکان دڵخۆش بن بەسڕینەوەی 10 ملیار دۆلاری قەرزی دوقۆڵی لەسەر هەندێك لەدەوڵەتانی ئەفریقیا.

بەچاوپۆشین لەوەی بارودۆخەکە بەکوێ دەگات – چ ئەو دەوڵەتانەی بەدوای هێزی نەوتدا دەگەڕێن پەیوەندی ئاڵۆز لەگەڵ چینییەکان دروستبکەن، یاخود یەکێك یان زیاتر لە گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت تێوەبگلێن لەململانێ یان توندوتیژی نێوخۆیان – ئەوا سیستمی نوێی نەوتی تەواو جیاوازبوو لەو هەلومەرجە ئارامەی لە سەدەی نۆزدەیەم و بەشی زۆری سەدەی بیستەمدا باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشابوو، سەرلەنوێش تەرازوی هێز وەرچەرخانی بەخۆوە بینییەوە.

# بەشی 4

## هێزی بیابان: کەنداو و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

بۆ هەزاران ساڵ، ئابوری نیمچە دورگەی عەرەب لەڕێی کولتوری خێڵە بەدەوییەکانەوە دروستبووە، کە لە ناوچەکانیدا نیشتەجێبوون و ئاژەڵەکانیان لەسەر ئەو گژوگیا کەمەی لەسنوری بیابانەکانیدا هەبووە لەوەڕەواندوە، کە باران بە ناڕێکوپێکی تێیاندا دەبارێت. دەبوو هەر شوانێك پێداویستی لەوەڕی ئاژەڵەکانی بپێوێت لەبەرامبەر پێداویستی خۆی لە ئاو و ژمارەی ئەو ماوەیەی لە گەشتی گەڕانەوەیدا بۆ دۆڵەکە دەیەوێت.[9]

لەو رۆژانەدا کە هیچ باران نەدەباری، ئاژەڵەکان بە هۆی کەمی خۆراك و ئاوەوە لەناودەچوون، خێڵەکان دەستیانکرد بە گەڕان بەدوای سەرچاوەی جێگرەوەی داهاتدا. هەندێکیان بوونە جوتیار، یاخود کاری رستنیان دەکرد، هەندێکیشان

9. چاوگ، یان سەرچاوەی ئاو، یاخود مێرگ.

خویان دایە پیشەی جیاواز. هەندێك بوونە بازرگان و کاروانی حوشترەکانیان بە باری کاڵاوە بە بیاباندا دەخستەڕێ، تا بەحاجیەکانی بفرۆشن، لە کاتێکدا هەندێکی تریش دەستیان بەسەر دۆڵەکاندا گرت، کە ئەمانەیان سەرکەوتوترینیان بوون، چونکە ئەمانە ئەو ماددانەیان کۆنترۆڵکرد، کە لە ناخی زەوییەوە دەردەهێنران.

* * *


خێڵە بەدەوییەکان، کە ئەمڕۆ هەموویان پێکەوە سعودیە پێکدەهێنن، تەنیا لەژێر حوکمڕانی ئال سعوددا لە ساڵی 1932 یەکخران. ئەو کاتە جیهان لە ناوەڕاستی قۆناغی داکشانە گەورەکەدا بوو، تەنیا سەرچاوەی داهاتی شانشین ئەو رەسمە (میرانە)بوو، کە بەسەر ئەو حاجیانەدا دەیسەپاند، کە سەردانی هەردوو شاری پیرۆزی مەککە و مەدینەیان دەکرد. بە هۆی داکشانە جیهانییەکەشەوە ژمارەی حاجیەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، پاشان لە ساڵی 1933دا نەوت لە خاکی سعودیەدا دۆزرایەوە.

کۆمپانیای سۆکال لەڕێی دانوستانەوە مافی هەڵکەندنی بۆ دوو ساڵ بەدەستهێنا، بەمەبەستی گەڕان بەدوای نەوتی سعودیە و بەرهەمهێنانیدا. ئەم کۆمپانیایەش کۆمپانیای تەکساکۆ-ی بانگهێشتکرد تا بەشداری ئەو سەدانامە بکات، رەنگە ئەمەش سەرەتایەك بووبێت بۆ ئەو کۆمپانیایەی دواتر بەناوی کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی عەرەبی (ئارامکۆ) ناسرا. بە مەبەستی بەدەستهێنانی سەرمایەی زیاتریش، هەریەك لە ئیکسۆن و مۆبیل بانگهێشتکران، بۆئەوەی بچنە پاڵ هاوپەیمانییەکە. بەمشێوەیەش ئەو کاتە سیستمی نوێی نەوت

دامەزرا لەنێو ملی بیابانی نیمچەدورگەی عەرەب و ژوری ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنی گەورە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکادا.

**نەوت بەرامبەر بە زێڕ**

**شا عەبدولعەزیز بن سعود بوو، دانوستانی لەسەر ئیمیتازەکانی نەوتی سعودیە کرد، لەگەڵ کۆمپانیای ستاندەرد ئۆیڵ کۆمپانی ئۆف کالیفۆرنیا (سۆکال). لەبەر ئەوەش کە متمانەی بە دراوی کاغەز نەبوو، بۆیە پێی لەسەر ئەوە داگرت، کە لەبەرامبەر نەوتدا زێڕ بدرێت. سەرەڕای ئەوەش کە ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەو کاتە وازی لە پێوانەی زێڕ هێنابوو، بەڵام حکومەتی فیدراڵی ئەو جیاکارییەی قبوڵکرد و رازی بوو بەوشێوەیەی پادشا دەیەوێت پارەکەی بدرێتێ. بۆ چەندین ساڵی داهاتوش هەموو ساڵێك بەرمیلی پڕ لە پارەی زێڕ باردەکرا بۆ سعودیە بە مەبەستی پێدانی پارەی نەوت.**




**شێوەی 2-4: بەراوردێکی مێژویی بەرهەمهێنانی نەوتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و سعودیە. (سەرچاوە: کارگێڕی زانیارییەکانی وزەی ئەمریکا).**

سعودییەکان تا دوای ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، چاوەڕوانیانکرد تا هەستیان بە کاریگەری ئابوری دۆزینەوەی نەوت کرد، بەڵام دواجار بەتەواوی روکاری ژیانی گۆڕین.

سامانی نەوت بواری ئەوەی دایە سعودیە، کە خوێندن و چاودێری تەندروستی خۆڕایی هەمەلایەن بۆ هەموو هاووڵاتیان دابینبکات، بە بێ وەرگرتنی هیچ باجێك. شارەکان دروستکران، قوتابخانە و رێگاوبانیان تێدا بنیاتنرا، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا بەستنی پەیوەندی لەگەڵ بیانییەکان و کرانەوەی چاوی سعودیەکان بەڕوی بازرگانی جیهانی پێشکەوتو، کولتورەکەیدا لە ئارادابوو.

هەندێك لە چاودێران وتیان: بۆ گەلێك، کە تا کاتێکی زۆر نزیك گەلێکی بەدەوی بوو، لە بیاباندا دەژیا، رەنگە ئەم پێشکەوتنە «گەورەتربێت لەوەی، کە پێویستە و خێراتریش بێت لەو رەوتەی، کە پێویستە». لە کاردانەوەیەکی بەرگریکارانەشدا هەندێك لە سعودیەکان پابەندبوونیان بە رێساکانی ئاینی ئیسلامەوە زیاتر کرد وەك رێگەیەك بۆ پارێزگاریکردن لە کولتوری باویان، بەڵام خانەوادەی شاهانە، سەرەڕای پابەندبوونی بە نەریتە ئاینیەکانەوە، سەرسامبوو بە شێوازی ژیانی خۆرئاوایی. هەندێك لە ئەندامانی خانەوادەی شاهانە لە خانەی زیادکردنە گەورەکاندا بینراون، بەرهەمی هونەرییان کڕیوە، هەروەها لە مارکێتەکانی هاری وینستۆن و کارتێرز بینراون خشڵیان کڕیوە، هەروەها لە لەندەن و مۆنتیکارلۆ ئوتێلیان کڕیوە. هەموو ئەو زەوی و خانوبەرانەی لە سعودیە «کەس داوایان ناکات»، بەهی

شا دادەنرێن، چونکە شا نەك بە تەنیا بە فەرمانڕەوای شانشین، بگرە بە خاوەنی زۆربەی زەویەکانیشی دادەنرێت. ئەم سیاسەتە سودێکی مەزنی بۆ شا هەبوو، چونکە لەم دەوڵەتدا، کە پێشتر دەوڵەتێکی بەدەوی بوو، روبەرێکی زۆر فراوان زەوی هەبوو، «کەس خاوەنی» نەبوو. ئەنجامەکەش ئەوەبوو خانەوادەی شاهانە توانی لەسەدا 30 بۆ لەسەدا 40ی قازانجی نەوتی شانشین بۆ ئەندامانی تەرخانبکات.

هەمیشە مەسەلەی دابەشکردنی قازانجی نەوت، سەرچاوەی ناکۆکی بەردەوام بووە لە نێوان گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت و حکومەتی میوانداریکەردا. بەدرێژایی ساڵانی سەرەتای تەمەنی پەیوەندی نەوتی سعودی ئەمریکی، دیاربوو سعودیەکان رازین بەوەی کاروبارەکان لەدەست کۆمپانیا ئەمریکاییەکاندا بن، بەڵام لە ساڵی 1950دا شا عەبدولعەزیز بن سعود –، کە هەستیکرد سعودیەکان مافی خۆیان لە قازانجی دابەشکراوی نەوت دەستناکەوێت، – دەستیکرد بە گوشارخستنە سەر ئارامکۆ، بۆئەوەی قازانجی نەوت بە شێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێت، هەڕەشەی خۆماڵیکردنی دامەزراوە نەوتییەکانی وڵاتەکەشی کرد. کاتێکیش تەپوتۆزی شەڕەکە نیشتەوە سعودیەکان دەستبەرداری داواکاری خۆماڵیکردن بووبوون، بەڵام پشکی لەسەدا 50ی قازانجی نەوتیان پێدرابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەخێرایی ئەو کاتەش هات، کە چیتر رێژەی لەسەدا 50ی قازانج سعودیەکانی رازی نەدەکرد. لە ساڵی 1968یشدا شێخ ئەحمەد بن زەکی یەمانی، وەزیری

نەوتی سعودیە وتارێکی لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت پێشکەشکرد و تێیدا روکاری ئەو پلانە فراوانخوازییەی دیاریکرد، کە ئامانجی زیادکردنی دەسەڵاتی سعودیەبوو بەسەر سەرچاوە نەوتییەکانیدا. یەمانی باسی «بەشداریکردن»ی کرد، لە پیشەسازیدا بەپێچەوانەی باسی خۆماڵیکردنەوە، بەڵام کەس بەم قسەیەی هەڵنەخەڵەتا، چونکە نیازی رونبوو، کە دەیوست وابکات حکومەتی سعودیە خاوەنی دەسەڵات بێت بە سەر بەرهەمی نەوتی سعودیەوە.

لەماوەی پێنج ساڵدا سعودیەکان وازیان لە زاراوەی «بەشداریکردن» هێنا و دەستیانکرد بە بەرنامەیەك بۆ خۆماڵیکردن و هیواداربوون لەرێیەوە هەڵوێستی خۆیان پتەوبکەن. لە ساڵی 1973یشدا شانشین دەستی بەسەر لەسەدا 25ی کۆمپانیای ئارامکۆدا گرت و بۆ ساڵی داهاتوش زیادبوو بۆ لەسەدا 60. بە هاتنی ساڵی 1980یش، سعودیەکان بەتەواوی ئارامکۆیان کۆنترۆڵکرد و ناوەکەشیان گۆڕی بۆ کۆمپانیای نەوتی سعودی عەرەبی (ئارامکۆی سعودی). کۆمپانیاکە ویستی مەترسی سعودیەکان بڕەوێنێتەوە لەوەی لایەنی ئەمریکی چەوسێنەرانە هەڵسوکەوتی کردوە، بە پاڵنەری رێزگرتنیش لە نەریتە ناوخۆییەکان، رێبەری ریکلامی کۆمپانیاکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە مونتەدایەکە توانای ئەندامانی کولتور جیاوازی لە کاری پێکەوەییدا دەسەلمێنێت.

سعودیەکان سوربوون لەسەر گرتنەبەری ئەو پەیڕەوە و لەڕێی دەستپێکردنی پڕۆسەی خۆماڵیکردنی کۆمپانیای ئارامکۆوە، سعودییەکان پێشینەیەکیان دەچەسپاندن، چونکە

تا ئەو کاتەش روینەدابوو دەوڵەتێکی نەوتی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم گومان لە دەسەڵاتی گەورە کۆمپانیاکانی نەوتی خۆرئاوا بکات. هیچ دەوڵەتێکیش هەرگیز بەجدی بیری لەوە نەکردبووەوە هەوڵی کەمکردنەوەی هەژمونی دارایی زلهێزەکان بدات، چونکە تەنیا ئەوان بوون تەکنۆلۆجیا و شارەزایی پێشکەوتوی نەوتی پێویستیان بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت لەلابوو.

**ئۆپیك**

**رێکخراوی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپیك) لە کۆنگرەیەکدا لە بەغدا دامەزرا، لەسێپتەمبەری 1960 و لە پێنج دەوڵەتی دامەزرێنەر پێکهاتبوو لە: (عێراق، ئێران، کوێت، سعودیە و ڤەنزوێلا).**

**پاشان نۆ دەوڵەتی دیکەش چوونە پاڵ ئەم دەوڵەتە دامەزرێنەرانە، ئەوانیش بریتیبوون لە: قەتەر 1961، ئیندۆنیسیا 1962، لیبیا 1962، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتو 1967، جەزائیر 1969، نایجیریا 1971، ئیکوادۆر 1973، گابۆن 1975 و ئەنگۆلا 2007. ئیکوادۆر لەماوەی دیسەمبەری 1992وە بۆ ئۆکتۆبەری 2007 ئەندامێتی خۆی هەڵپەسارد و لە ساڵی 1994یشدا گابۆن رێکخراوەکەی بەجێهێشت. یەکەم بارەگای ئۆپیك لە جنێڤ-ی سویسرا بوو بەر لەوەی لە سێپتەمبەری 1965دا بگوازرێتەوە بۆ ڤیەننا لە نەمسا.**

**سەرچاوە: www.opec.com**

ئەم سەرکەوتنە سعودیەکانی هاندا، کە باوەڕ بەوە بهێنن، کە ئەگەر هێزی نەوت بە وریایی و لەجێی خۆیدا بەکاربهێنرێت، دەکرێت کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر ژیانی سیاسی و ئابوری وڵاتەکەیان هەبێت.

یەك دەیە دوای ئەوە، سعودیەکان ڕێچکەیەکی سودبەخشیان دەستپێکرد و چوونە دەرەوەی سنوری دەوڵەتەکەیان و ڕێکخراوی ئۆپیك-یان دامەزراند، کە ڕێکخراوێکە ئامانج لێی بەهێزکردنی هەژمونی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانی سێیەمە بە پلەیەکی زیاتر. لەکاتی کردنەوەشیدا، ئۆپیك خاوەنی دوو لەسەر سێی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی جیهان بوو، کە دەگەیشتە 45 ملیۆن بەرمیل.

بە هاتنی ساڵی 1960یش، هەژمونی سعودیە هاوشانی بەرهەمهێنانی نەوت لە دەوڵەتەکەدا زیاتر دەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆڕاگربوو لەبەرامبەر ئەو داواکارییە ناوخۆییانەی هانیاندەدا، بۆ بەکارهێنانی هەژمونی خۆی لەبنیاتنانی پەیوەندی بەهێزتر لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی دۆست و سزادانی خۆرئاوا لەسەر پشتیوانیکردنی دوژمنە سەرسەختەکەی دەوڵەتانی عەرەب، کە ئیسرائیلە.[10]

بە هاتنی ساڵی 1970 یش، بەرهەمی نەوتی سعودیە گەیشتە 3 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە. ئەگەرچی حەوت

---

10. دژایەتییەکە لە شێوەی کاری تیرۆریستی لە سەرەتای پەنجاکاندا بەرجەستەبوو، پاشان لەشێوەی جەنگێکی ئاشکرادا لە نێوان ساڵانی 1967 و 1973دا.

خوشکەکە لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵگەی نەوتیان کۆنترۆڵکردبوو، بەڵام تا سەرەتای حەفتاکان سعودیە بووە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لەسەر ئاستی جیهان و نزیکبوو لە باڵادەستی. ئەو کاتە سعودیەکان خاوەنی وزەیەکی بەرهەمهێنانی زیادەبوون، بەشی ئەوەی دەکرد پارێزگاری لەیەدەگی نەوت بکەن و توانای ئەوەیان هەبێت بەرهەمی نەوت زیاد بکەن یاخود کەم بکەنەوە، لەپێناو کۆنترۆڵکردنی نرخدا. پێویستیان بەوە هەبوو نرخ لە خاڵێکی هەستیاردا بهێڵنەوە، چونکە دەبێت ئەو نرخە بەرزترین ئاست بێت، کە بازاڕ بەرگەی بگرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا نابێت هێندەش بەرزبێت وا لە بەکاربەرانی نەوت بکات، بەدوای سەرچاوەی دیکەی وزەی جێگرەوەدا بگەڕێن. دڵنیایی باڵی بەسەر کۆمەڵگەی نەوتیدا کێشا، چونکە ئەوانەی لە پێگەی دەسەڵات دابوون، دەیانویست ڕەوشەکە بەو شێوەیە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا باڵادەستی نەوتی ئەمریکا، بەرەو نەمان دەچوو. لە نۆڤەمبەری ساڵی 1970یشدا ویلایەتە یەکگرتوەکان بووە هاوردەکارێکی تەواوی نەوت. ئەمەش یەکەم زەنگی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام کەس سەرنجی نەدابوو.

لە یەکی ئۆکتۆبەری ساڵی 1973دا، وتارێك لە گۆڤاری «ئۆیل ئاند گاز»دا بە ناونیشانی «هەڵوێستی خراوەڕوی ئەمریکا لەسوتەمەنی زستانە مەترسیدارە» بڵاوکرایەوە و تێیدا نوسەر دوپاتیکردبووەوە، کە کەمبوونەوەی نەوتی ئەمریکا

نزیکه. له شەشی ئۆکتۆبەری 1973یشدا، لەگەڵ سەرەتای جەنگی رۆژی لێبوردەیی (جەنگی ئۆکتۆبەر)، یەکێك له ئەمیندارانی گشتی پێشوی ئۆپیك ئاگادارکردنەوەیەکی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان دەرکرد، که تێیدا دەڵێت:[11]

عەرەب ئێستا کلیلی قەیرانی وزە و قەیرانی داراییان لەدەستدایە. دەشزانن چۆن هەریەکەیان وەك چەکێکی سیاسی بەکاربهێنن. لەبەر رۆشنایی ئەمەشدا عەرەب ئێستا له پێگەیەکدان بواریان دەدات، بەتەنیا ناکۆکییەکەیان لەگەڵ ئیسرائیل چارەسەربکەن، چۆن؟ تەنیا لەڕێی کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوتەوە، نەك سەپاندنی گەمارۆ، یان راگرتنی تەواو، تەنیا به راگرتنی بەرهەم لەم ئاستی ئێستایدا.

له چەند هەفتەی داهاتودا ئەم شانازیه بووه واقیع، چونکه دەوڵەتانی عەرەبی بەرهەمهێنی نەوت، وەك ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر یارمەتیدانی خۆرئاوا بۆ ئیسرائیل، گەمارۆیەکی نەوتیان دەستپێکرد. کەسایەتییەکی دیاریکراو باڵی بەسەر روداوەکاندا کێشا، که ئەویش ئەحمەد بن زەکی یەمانی، وەزیری نەوتی سعودیه بوو، که خاوەنی کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش و جێمشتومڕ بوو.

ساڵانی دورودرێژی خزمەتی یەمانی له پۆستەکەیدا وەك وەزیری نەوت، هەژمونێکی سیاسی باشی پێبەخشیبوو. دانوستانکار، سەرمایەدار، سیاسەتمەدار و بلیمەت بوو، کەسایەتییەکەی گرنگترین ئامرازەکانی بوو لەبواری پەیوەندییە گشتییەکاندا. زۆر بەباشی به

11. ژمارەی ئۆکتۆبەری 1973ی گۆڤاری «ئۆیل ئاند گاز».

ئینگلیزی قسەیدەکرد، ریشێکی تەنکی هەبوو، کە بەوردی رێکوپێك کرابوو، کەشخەبوو دەردەکەوت، کاتێك قاتە ئینگلیزییە بەتایبەت دروستکراوەکەی و بۆینباخی مارکەی هیرمیس-ی لەبەردەکرد، رێك وەکو ئەوە وابوو عەبا عەرەبییەکەی و جامانەکەی پۆشیبێت. میوانێکی باشی بەرنامەی «لاری کینگ لایڤ» بوو، یارمەتیدەریش بوو لە باشکردنی وێنەی عەرەب لەچاوی خۆرئاوادا، هەروەها یەمانی ئەو کەسایەتە سەرەکییە بوو، کە لەپشت گەمارۆ نەوتییەکە و لێکەوتەکانیەوە بوو لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەدرێژایی چەند ساڵی داهاتو.

### (1) دەوڵەتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

تا حەفتاکانی سەدەی بیستەم، زۆربەی دەوڵەتانی کەنداوی فارس (عەرەب) و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر چەپۆکی خۆرئاوا دەرچووبوون، پشکی زۆربەی ئەو کۆمپانیا پاشکۆیانەیان کڕیبوو، یان دەستیان بەسەردا گرتبوون، کە نەوتی تایبەت بەو دەوڵەتانەیان بەرهەمدەهێنا. بە هاتنی سەرەتای نەوەدەکانیش زۆرێك لە کۆمپانیا پاشکۆکان بەتەواوی چوونە ژێر باری خۆماڵیکردنەوە.

لە عێراقیش بەریتانی و ئیتالییەکان تا ساڵی 1961 گۆڕەپانەکەیان کۆنترۆڵکردبوو، کاتێك حکومەتی شۆڕش بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم لەسەدا 99.5ی ناوچەکانی ئیمتیازی نەوتی عێراقی خۆماڵیکرد. کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی نەوت تا ساڵی 1971 لە ژێر دەستی خۆرئاوادا مانەوە،

ئەوکاتەی حکومەتی عێراق بەشەکەی تری خۆماڵیکرد، ئەو جموجوڵەش بووە هۆی زیادبوونێکی گەورە لە داهاتەکانی حزبی بەعس بە سەرکردایەتی سەدام حسێن.

تا ساڵی 1991 کۆمپانیای ئەنگلۆ- فارسی لە ئێران نەوتی بەرهەمدەهێنا و لە ساڵی 1932یشدا سۆکال نەوتی بە بڕی شیاو بۆ مامەڵەی بازرگانی لە بەحرەین دۆزییەوە. لە ساڵی 1953دا کوێت گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت بوو لە ناوچەی کەنداودا، قەتەریش هاتە کاروانەکەوە دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بڕی شیاوی نەوتی بۆ مامەڵەی بازرگانی تێدا دۆزرایەوە. پاش ئەویش لە ساڵی 1962دا ئەبو زەبی هات و دواتر لە کۆتایی پەنجاکانیشدا دوبەی و عومان.

## (2) ئایندەی نەوتی عەرەب

ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەو کاتەی لە هەناردەکارێکی تەواوی نەوتەوە گۆڕا بۆ هاوردەکارێکی تەواو، یەکەم زەنگی ئاگادارکردنەوەی فەرامۆشکرد، ئێستاش زەنگی دووەمی ئاگادارکردنەوەی بۆ لێدراوە، کە گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەبە، بەڵام هەر بەردەوامبوو لە فەرامۆشکردنی. بەکاربردنی نەوتیش لە ئەمریکا لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بەردەوام لە زیادبووندابوو.

یەکێك لە گەورە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای بریتیش پترۆلیۆم هۆشیاریدا لەوەی لەسایەی تێکڕای بەرزبوونەوەی

بەکاربردنی نەوتدا، پێویستە ویلایەتە یەکگرتوەکان چوار یان پێنج کێڵگەی نوێی زەبەلاحی نەوت بدۆزێتەوە و دەبێت ئەو کارە بەخێرایی بکرێت. هەروەك سێر ئێریك دریك، سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای بریتش پترۆلیۆم، هۆشدارییەکی هاوشێوەی دا (دۆزینەوەی پێنج کێڵگەی نوێی نەوت لەجیهاندا لەناوچەی کەنداوی برۆدۆ کارێکی زۆر گونجاو دەبێت)[12] و تێیدا وتی: ژمارەی کێڵگە نەوتییە نوێیە دۆزراوەکان زۆر کەمە و رەنگە لەماوەی هەشت ساڵدا بەرهەمی نەوت کەمببێتەوە. بەهاتنی ساڵی 1992، سعودیە 9.8 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانەی بەرهەمدەهێنا لەبەرامبەر بەرهەمی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، کە 8.6 ملیۆن بەرمیل بوو.

چیتر سعودیەکان ئەو گەلە بەدەوییە نین، کە لەبیاباندا دەژیا، هەروەك چیتر تەنیا بە وەرگرتنی زێڕ بەوپێیەی «تاکە دراوی راستەقینەیە» رازی نابن. لەو راستیە تێگەیشتن، کە ویلایەتە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی دیکەی جیهان هێشتا تێینەگەیشتون، ئەوەیە: کە رۆژێك لە رۆژان نەوت نامێنێت. بەزیرەکی خۆیشیان سعودیەکان سەرچاوەکانیان هەمەجۆر کرد و پشکی گەورەی داهاتی نەوتیان بۆ کڕینی ئوتێل و مارکێتی گەورە و نوسینگە لە هەریەك لە نیویۆرك، لەندەن، پاریس و هۆنگ کۆنگ بەکارهێنا. بەوەیا دەریانخست، کە تێڕوانینێکیان هەیە خۆرئاوا نییەتی.

12. کەنداوی برۆدۆ کە دەکەوێتە هەرێمی نۆرس یلۆب لە ئالاسکا، بە گەوهەری کێڵگە نەوتییەکانی ئەمریکا دادەنرێت چونکە لەساڵی 1977وە زیاتر لە 12.8 ملیار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە.

# بەشی 5
## تاقیکردنەوەی سیستمی نەوتی:
## جەنگ و گەمارۆ و توانای زێدەبەرهەم

ڕۆژی شەشی ئۆکتۆبەری 1973، کە ڕێکەوتە لەگەڵ ڕۆژی جەژنی لێخۆشبوون، کە پیرۆزترین ڕۆژی ساڵە لەلای جولەکە، وادیاربوو هەموو دەوڵەتی ئیسرائیل دەرگاکانی داخستبێت. وەك هەمیشەش، تەنانەت ئیسرائیلیە عەلمانییەکان لەو ڕۆژەدا سەردانی کەنیسەیان دەکرد، یاخود لە ماڵەکانیاندا بەرۆژو دەبوون.

نزیکەی کاتژمێر دوی پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، میسر و سوریا هێرشیانکردە سەر ئیسرائیل. هەندێك لە چاودێران دەڵێن ئامانجی میسر و سوریا ناچارکردنی ئیسرائیل بوو بە دەستەبەرداربوونی لەو ناوچانەی داگیریکردبوون، لە کاتێکدا چاودێرانی دیکە پێیانوایە ئامانجەکە، سڕینەوەی «قەوارەی

زایۆنی»بووە بە تەواوی. لە یەکێك لە ساتە کەمەکانی مێژوی ئەم دەوڵەتە نوێیەیەدا، کە تێیدا غافڵگیر دەکرێت، ئیسرائیل لە دوو رۆژی یەکەمی جەنگدا زیانی گەورەی لێکەوت لەڕوی مرۆیی و جبەخانەوە.

پاش بانگەوازی بەپەلەی سەرکردەکانی ئیسرائیل، ویلایەتە یەکگرتوەکان بە پردێکی ئاسمانی جبەخانەی سەربازی فریای ئیسرائیل خست، ئەوەش بواری دایە ئیسرائیل تا لە نوشستەکەی یەکەمی چاك ببێتەوە.

لە بەرامبەریشدا، سعودیە سەرکردایەتی دەوڵەتانی عەرەبی کرد، بۆ سەپاندنی گەمارۆیەکی نەوتی بەسەر ویلایەتە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپادا.

* * *

شێخ ئەحمەد بن زەکی یەمانی[13] لەو شۆڕشە نەوتییەدا ڕۆڵی میحوەری لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبدا گێڕا، جەنگی ڕۆژی لێخۆشبوونیش دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ شۆڕشەکە. لە کاتژمێرەکانی یەکەمی جەنگیشدا، عەرەب باڵادەست بوون، بەڵام ئیسرائیلییەکان، کە هێشتا سەرمەست بوون و ئەنجامی هەڵەیان لەسەرکەوتنە گەورە لە ناکاوەکەیان لەدژی عەرەب لە جەنگی شەش ڕۆژەی ساڵی 1967دا هەڵدەهێنجا، باوەڕیانوابوو کە سەردەکەون. کاتێك هۆشدارییان پێدرا لەوەی هێرشی عەرەب نزیکە، دودڵ بوون. ڕێوشوێنیان بۆ گورزێکی پێشوەخت دانابوو، بەڵام گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە رای گشتی جیهانی لەدژیان دەوەستێتەوە ئەگەر ئەو بژاردەیە پەیڕەوبکەن.

فڕۆکەکانی مێگ 21ی سوریا هێرشیانکردە سەر فڕۆکەکانی ئیسرائیل، سعودیەش لەڕوی ستراتیجییەوە ژمارەیەکی باش سەربازی ڕەوانەی گۆڕەپانی جەنگ کرد، کە ژمارەیان سێ هەزار سەرباز بوو، ژمارەیەکی زیاتر بوو لەوەی فەرامۆشبکرێت و کەمتریش بوو لەوەی وا پیشانبدات سعودیە بە هاوبەشێکی سەرەکی دەوڵەتانی دیکەی عەرەب لە جەنگەکەدا دادەنرێت.

13. دواتر لە ساڵی 1970دا یەمانی ئەو کەسایەتییە بەرزە، لەسەر دەستی تیرۆریستی بەناوبانگ کارلۆسی ڕێوی لە یەکێك لە کۆنگرەکانی ئۆپیکدا رفێندرا، کە داوای دەکرد داهاتی نەوت بخرێتە خزمەتی بزووتنەوەی بەرەنگاری فەلەستینەوە. پاش هەندێك دانوستانی پایەبەرز، یەمانی بەبێ ئازاردان ئازادکرا.

لە نیمچە دورگەی سینا-ش، لە نیوەڕۆی یەکەم رۆژی هێرشەکەدا میسرییەکان هێرشێکی لەناکاویان کردە سەر ئیسرائیلییەکان و زۆرێك لە تانکەکانی ئیسرائیلیان تێکشکاند، بەجۆرێك وایان لێهاتبوو شیاوی شەڕکردن نەبوو.

لە باکوریش سوریا هێرشیکردە سەر بەرزاییەکانی جۆلان، ئەویش بە پشتبەستن بە هێزێك لە تانکەکانی، کە ژمارەیان هەزار و دووسەد تانك بوو. هێندەی نەمابوو سورییەکان بەرزاییەکانی جۆلان کۆنترۆڵبکەنەوە، کە ئیسرائیل لە جەنگی ساڵی 1967دا داگیریکردبوو، نزیکیش بوون لە داگیرکردنی هەندێك ناوچەی ئیسرائیل لەنزیك دەریاچەی تەبەرییە. رۆکێتە نوێیەکانی جۆری سام 6ی سۆڤێتی، کە سورییەکان هەیانبوو زۆر بە ئاسانی فڕۆکەکانی ئیسرائیلی لە ئاسماندا تێکدەشکاند.

کاتێك ئیسرائیل هەواڵی هێرشەکەی پێگەیشت، وا دیاربوو مانەوەی دەوڵەتەکە لەسەر مەحەکە.[14] تەنیا کەمێك لەوانەی دور لە بەرەکانی جەنگ بوون، دەیانتوانی هەست بە ئاستی مەترسیداری بارودۆخەکە بکەن. سەربازانی ئیسرائیل بە هۆی شۆکی هێرشە عەرەبییەکەوە خۆیان بۆ نەدەگیرا.

لە یەکەم رۆژی هێرشەکەدا پێنج سەد سەربازی ئیسرائیل کوژران، ئەمەش ژمارەیەکی شۆکهێنەرە بۆ دەوڵەتێك بەو ژمارە کەمەی دانیشتوان و ئەو ماوە کورتەی تێیدا کوژران. ئەم زانیارییە کەمە بە نرخەی لە مەیدانی جەنگەوە هات،

14. لەو کاتەدا نوسەر روماڵی جەنگی دەکرد بۆ یونایتد پرێس ئینتەرناشیۆناڵ بەوپێیەی پەیامنێری بوو لە قودس.

شۆکەکەی توندترکرد و دڵتەنگی و ترسیشی زیاترکرد. تەنیا یەك شت لای ئیسرائیلییەکان رونبوو: ئەو سەربازە عەرەبانە تەواو جیاوازن لەو سەربازە کەمئەزمونانەی لە جەنگەکانی رابردودا شەڕیان لەگەڵ کردون.

ئیسرائیلییەکان درکیان بەوە کرد، ئەگەر بیانەوێت خۆیان لە کارەساتەکە لابدەن، دەبێت بە خێراییەکی زۆر هێزەکانیان کۆبکەنەوە، لەماوەی چەند رۆژێکی کەمیشدا، بەهەندێك یارمەتییەوە، بارودۆخەکەیان گۆڕی و بەرزاییەکانی جۆلانیان کۆنترۆڵکردەوە و بەشێکی سینایان لە نزیك کەناڵی سوێس داگیرکردەوە، کە کەوتبووە ژێردەستی میسرییەکان، هەروەها بەشێکی زۆری ناوچەکانی سوریاش کۆنترۆڵکرانەوە، لە کاتێکدا قودس بەدرێژایی ماوەی جەنگەکە بێ زیان بوو.

بەڵام بارودۆخەکە لەوە دەرچوو، کە ململانێیەکی ناوخۆیی بێت، بەڵکو جەنگێك بوو تێیدا ئیسرائیل نوێنەرایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی دەکرد، دەوڵەتە عەرەبیەکانیش نوێنەری یەکێتیی سۆڤێت بوون. هەر دوو زلهێزەکە لەگۆڕەپانی شەڕێکی بچوکدا بەرەنگاری یەك ببوونەوە، هەر ئەمەش بوو مەترسی ئەگەری هەڵایسانی رەوشەکەی لەسەر ئاستی جیهان زیاتر کرد.

بەدرێژایی شەش ساڵی رابردو، یەکێتیی سۆڤێت بەردەوام یارمەتی بۆ دەوڵەتانی عەرەب دەنارد، بۆیە ریچارد نیکسۆن سەرۆکی ئەمریکا و هێنری کیسنجەر وەزیری دەرەوە بەڵێنیاندا، هەموو پێداویستییەك بدەنە ئیسرائیل تا لە شکستهێنان بیپارێزن. بەهۆی ئەم یارمەتیانەشەوە، ئیسرائیلییەکان توانیان

ئاڕاستەی جەنگەکە بگۆڕن. کاتێك سۆڤێت ئاکامی روداوەکانی بینی، کاردانەوەی ئەوەبوو هێزێکی دەریایی رەوانەکرد، کە پێکهاتبوو لە حەفتا و یەك ئامێری دەریایی، لەوانەش شەش ژێردەریایی بۆ دەریای ناوەڕاست، هەروەها هەر حەوت فیرقەی پەڕەشوتەکەیان خستە ئەوپەڕی ئامادەباشییەوە. جەنگە هەرێمایەتییەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار توندتر دەبوو، سۆڤێتیش هەستیانکرد خۆیان و هاوپەیمانە عەرەبەکانیان بەرەو دۆڕاندنی جەنگ دەچن. هەندێك لە چاودێرانیش پێیانوابوو هەڵگیرسانی جەنگێکی جیهانی شتێکی حەتمیە.

لە سیانزەی ئۆکتۆبەردا، دوای تەنیا شەش رۆژ لە دەستپێکردنی جەنگ، ئیسرائیلییەکان لە بەرەی باکورەوە تەنیا هەژدە میل لە دیمەشقەوە دور بوون و هەڕەشەی داگیرکردنی پایتەختی سوریایان دەکرد. لە بەرەی باشوریشەوە هێزێکی ئیسرائیل، کە بریتیبوو لە دوانزە هەزار سەربازی ئیسرائیلی و دوو سەد تانك لەژێر فەرماندەیی جەنراڵ ئارێل شارۆندا، کە دواتر بووە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، لە دوو رێگەی جیاوە چووە کەناڵی سوێسەوە (کە ئەو کاتە سنوری نێوان میسر و ئیسرائیل بوو)، گەمارۆی سوپای سێیەمی میسریان دا و تا نزیکەی 12 میل لە قاهیرە نزیکبوونەوە. ئەم دوو کارە سەربازییەی ئیسرائیل –لە بەرزاییەکانی جۆلان و کەناڵی سوێس- وەك خاڵێکی وەرچەرخان لە ئاڕاستەی جەنگدا وابوو.

لەبەر ئەوەش دەوڵەتانی عەرەب لە لایەن خۆیانەوە بەدوای رێگایەکدا دەگەڕان بۆ وەڵامدانەوەی گورزەکەی ئیسرائیل و

ویلایەتە یەکگرتوەکان و گۆڕینی ئاڕاستەی جەنگ بەرەو سەرکەوتن بۆ جاری دووەم، بەکارهێنانی چەکێکی نوێیان دەستپێکرد، کە نەوت بوو. سعودیە و دەوڵەتانی ئۆپیك خۆیان بۆ راگەیاندنی گەمارۆیەکی نەوتی لەدژی خۆرئاوا ئامادە دەکرد. تا ئەو کاتەش، نرخی نەوت لە ئاستێکی ماقوڵدا بوو (ئەگەرچی هەندێك لە ئەمریکییەکان سکاڵای ئەوەیان دەکرد، کە نرخ «زۆر بەرزبۆتەوە» لە سەرەتای حەفتاکانەوە لەدوو دۆلار بۆ یەك بەرمیل گەیشتە سێ دۆلار). ئەو کاریگەرییە چییە، کە گەمارۆی هەمەلایەنی نەوت دروستیدەکات؟ لە ناکاو، بەکاربەرانی نەوت بە سەرسامییەوە درکیان بە رادەی لاوازی هەڵوێستیان کرد.

لەدوانزەی ئۆکتۆبەردا، سەرانی هەریەك لە ئیکسۆن، تەکساکۆ، مۆبیل و چیڤرۆن -هەر چوار کۆمپانیا ئەمریکییە پشکدارەکەی ئارامکۆ- یاداشتێکیان بۆ جەنراڵ ئەلیکسەندەر هیگ، سەرۆکی ئەرکانی ئەمریکا نارد و هۆشدارییان دایە، کە هەر زیادەیەك لە یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل رەنگە کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییە میانڕەوەکاندا هەبێت، هەروەها هۆشداریان لەوەش دا، کە رەنگە پەیوەندی خراپ لەگەڵ ئەو دەوڵەتە میانڕەوانەدا مانای ئەوەبێت، نرخی نەوت بەشێوەیەکی زۆر بەرز دەبێتەوە.

لە حەڤدەی ئۆکتۆبەردا، شا فەیسەڵ پادشای سعودیە بەشێوەیەکی فەرمی بابەتەکەی راگەیاند و بۆ سەرۆك نیکسۆنی نوسی و پێیڕاگەیاند، کە دەوڵەتانی عەرەب گەمارۆیەکی نەوتی دەسەپێنن، ئەگەر لەماوەی دوو رۆژدا ویلایەتە یەکگرتوەکان ناردنی یارمەتی سەربازی بۆ ئیسرائیل رانەگرێت.

وەڵامی نیکسۆن خێرابوو، چونکە سوربوو لەسەر پابەندبوونی بەرامبەر ئیسرائیل و بە راوێژکارەکانی وت: لێگەڕێن با عەرەب گەمارۆ نەوتییەکەیان دەستپێبکەن! هەر بۆ ئەوە، کە پشتگیرییەکەی بۆ ئیسرائیل پیشانبدات، کەشتیگەلی شەشەمی ئەمریکای رەوانەی دەریای ناوەڕاست کرد، کە لە چلونۆ کەشتی و دوو فڕۆکە هەڵگر پێکهاتوە بۆ پارێزگاریکردن لەدۆخی ئامادەباشی جەنگ. لەلایەن خۆیەوە ئۆپیك -بۆ جەختکردنەوەی بڕیارەکەی- نرخی بەرمیلێك نەوتی بۆ کەمێك زیاتر لە پەنجا دۆلار بۆ بەرمیلێك بەرزکردەوە.

لەزۆربەی ساڵانی حەفتاکاندا، نرخی یەك بەرمیل نەوتی ئارامکۆ 1.80 دۆلاری ئەمریکی بووە. لە حەڤدەی ئۆکتۆبەری 1973دا، سعودیە کەمکردنەوەی بڕی لەسەدا 10ی بەرهەمهێنانی نەوت و گەمارۆیەکی هەمەلایەنی لەسەر بارە نەوتییە رەوانەکراوەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان و هۆڵەندا راگەیاند (رۆتردام بەندەرەی سەرەکی بوو بۆ وەرگرتنی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست). پێش ئەو کاتە سعودیە هەمیشە ئەوەی هەڵدەبژارد، کە بڕێکی زیادە نەوت بخاتە بازاڕەوە بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە دابەزینی نرخی نەوت و خۆبەدورگرتن لە زیانگەیاندن بە ئابوری جیهان. سعودیە دەیزانی کەمکردنەوەیەك بە بڕی لەسەدا 10 لە بەرهەمهێنانی نەوتدا رەنگە نرخی نەوت زۆر بەرزبکاتەوە.

کاتێکیش دەوڵەتانی عەرەب بەرهەمهێنانی نەوتیان بە بڕی 5 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە کەمکردەوە، دەوڵەتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت بەرهەمی خۆیان بەبڕی یەك ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە زیادکرد، بەوە زیانی تەواوی بازاڕ 4 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بوو، واتە بەڕێژەی لەسەدا 7 ئەویش لەمانگی مارسی ساڵی 1974دا.[15]

لەبەر ڕۆشنایی چۆکدانەدانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی داوای ڕاگرتنی پشتیوانی ئەمریکایان بۆ ئیسرائیل دەکرد، دیاربوو شتێکی حەتمییە دەوڵەتانی عەرەب، بەردەوامدەبن لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت بۆ کاتێکی نادیار. کەمکردنەوەی دواتر گەیشتە لەسەدا 20 زیاتر، تا 20ی ئۆکتۆبەریش هەموو ئەو بارە نەوتانەی دەچوون بۆ ئەو دەوڵەتانەی، یارمەتی و پشتیوانییان پێشکەشی ئیسرائیل دەکرد، بە تەواوی قەدەغە کران.

گەمارۆ نەوتییەکە بەدیاریکراوی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان لە کاتێکی زۆر سەختدا هات، چونکە ماوەیەکی کەم لەوەوبەر توانای زێدە بەرهەمی نەوتی نەمابوو، هەگیزیش روی نەدابوو روبەڕوی گەمارۆیەکی نەوتی تەواو بووبێتەوە. ئەمریکییەکان ڕانەهاتبوون بە بێ ئۆتۆمبێل و هۆکارەکانی خۆشگوزەرانییان بژین.

15. رەنگە رێژەی لەسەدا 7 رێژەیەکی زۆر نەبێت بە پێودانگەکانی ساڵی 2009، بەڵام بە پێودانگەکانی ساڵی 1973 بڕێکی زۆربوو، نرخی نەوتیش چوار هێندە بەرزبووەوە و لە دوو دۆلار و سێ دۆلارەوە بۆ بەرمیلێك لە کۆتایی ساڵی 1972دا بووە 12 دۆلار بۆ بەرمیلێك لە کۆتایی 1974دا.

چاودێرانی ڕوداوەکانی پەیوەندیدار بە جیهانی نەوتەوە ڕایانگەیاند، کە گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەب، یەکەم نمایشکردنی جدی هێزی سیاسی بوو، کە دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت بیگرنەبەر. لەگەڵ دەستکردنی دەوڵەتانی نەوتیش بە خۆماڵیکردنی دامەزراوە نەوتییەکانیان و لەگەڵ زیادبوونی خواستی ڕێکخراوی ئۆپیکدا، گوشارە سیاسییەکان سەرچاوەیەکی گوشار بوون بۆ سعودیە و بەوپێیەش پێویستبوو لە لایەن خۆیەوە کردەوەیەکی ناچاری توندڕەوانەی تاکلایەنەیە ئەنجامبدات.

پاش تێپەڕبوونی سێ هەفتە بەسەر ئەو جەنگە هەڵگیرساوەدا، میسر و سوریا لە بارێکی سەختدا بوون و سۆڤێت هانی نەتەوە یەکگرتوەکانی دەدا ئاگربەست ڕێکبخات. جیم ئەکینز باڵیۆزی ئەمریکا لە سعودیە نامەیەکی بۆ ئارامکۆ نارد، کە تێیدا پێشبینیکرد گەمارۆ نەوتییەکە هەڵنەگیرێت، تا ململانێی سیاسی لەنێوان دەوڵەتانی عەرەب و ئیسرائیل، بەو جۆرەی دەوڵەتانی عەرەب پێی ڕازی بن، چارەسەر نەکرێت.

جەنگەکە لە بیست و دووی ئۆکتۆبەردا، بە باڵادەستی ئاشکرای ئیسرائیل کۆتاییهات، چونکە ئیسرائیل تەنیا ئەو ناوچانەی نەگێڕایەوە، کە میسر و سوریا لەسەرەتای جەنگەکەدا دەستیان بەسەردا گرتبوون، بەڵکو – بە هۆی پێشڕەویکردنی بۆ ناو خاکی میسر و سوریا – هەڕەشەی لە هەریەك لە میسر و سوریا کرد، کە هێرشی زیاتر دەکاتە سەر قاهیرە و دیمەشق، تا ئەو دوو دەوڵەتە ڕازی نەبن بە ڕاگرتنی خێرای شەڕ. لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕێککەوتنەدا، کە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ڕاگرتنی

شەڕ ڕێکیخست، میسر خواستی خۆی بەدەستهێنا، چونکە ئیسرائیل بەڵێنیدا لە هەموو ئەو ناوچانە بکشێتەوە، کە لە جەنگی ساڵی 1967دا دەستیکەوتبوون.

میسر و سوریا بەردەوامبوون لەسەر بەرپاکردنی شەڕی داچۆڕاندنی سنوردار بەدرێژایی هەردوو بەرەکە لەگەڵ ئیسرائیلدا، تا ئەو کاتەی هێنری کیسنجەر «ڕێککەوتنەکانی جیاکردنەوەی هێزی» لەنێوان میسر و ئیسرائیل لە یەنایەری ساڵی 1974 و نێوان سوریا و ئیسرائیل لە یۆنیۆی داهاتودا ڕێکخست.

لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1973دا سعودیە و ڕێکخراوی ئۆپیك، بەردەوام بوون لە بەرپاکردنی «جەنگی نەوت»ی خۆیان. لە دیسەمبەریشدا ئۆپیك نرخی نوێی بەرمیلی نەوتی ڕاگەیاند، کە 11.65 دۆلار بوو. حاڵەتێك لە ترس وێستگەکانی سوتەمەنی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەوروپای خۆرئاوای گرتەوە. شۆفێران لە وێستگەیەکەوە دەچوون بۆ وێستگەیەکی دیکە، بە مەبەستی پاشەکەوتکردنی چەند سەنتێکی کەم لە نرخی سوتەمەنیدا. حکومەتەکانیش هەوڵیاندا کەمکردنەوەی بەکاربردنی سوتەمەنی بسەپێنن و داواش لە شۆفێران کرا لە هەفتەیەکدا یەك ڕۆژ بەهیچ شێوەیەك ئۆتۆمبێلەکانیان بەکارنەهێنن. حکومەتەکان چاوەڕوانیان دەکرد تەنگژەکە کۆتاییبێت، بەڵام نائومێدییەکەیان زیادیکرد، کە بینیان بەرزبوونەوەی نرخی نەوت تەنیا بەرزبوونەوەیەکی کاتی نییە.

چارەسەرێکی نزیکی پێشبینیکراو لە ئارادا نەبوو. بەر لە گەمارۆکە، ویلایەتە یەکگرتوەکان رۆژانە 1.2 ملیۆن بەرمیل نەوتی هاوردەدەکرد، لە فێبرایەری 1974دا ئەم ژمارەیە بەتوندی دابەزی بۆ هەژدە هەزار بەرمیل. ئەمریکییەکان تۆقیو و هیوابڕاو بوون و لۆمەی عەرەب یاخود ئیسرائیلییەکان یان هەردولایان دەکرد، کە بوونە هۆی ئەو بارە ناهەمواره. بۆچی دەبوو ببنە قوربانی بۆ کەسانێك کە هەزاران میل لێیانەوە دوربوون، کەسانێك خەریکبوو ببنە هۆی کارەساتێکی ئەتۆمی، کەسانێك وادیارە بێتوانان لە چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییە هەمەلایەنەکەیاندا؟ ئەوەی زانراوە هەمیشە لە حاڵەتی بەرزبوونەوەیەکی زۆری نرخی نەوتدا، جۆرێك لە هەرەسی ئابوری رودەدات، ئەمەش بەکرداری لە هەندێك لایەنی ئابوری ئەمریکادا رویدا.

سەرەڕای ئەو کەمی نەوت و خراپی زۆری کەشوهەوا، کە زستانی ساڵی 1974 لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەخۆوەی بینی، قازانجی چارەکی سێیەمی ئیکسۆن بەڕێژەی لەسەدا 80 زیاتر بوو لە رێژەی ساڵی رابردو، قازانجی کۆمپانیای گەڵف-یش بەڕێژەی لەسەدا 91 زیاتر بوو. قازانجی ئیکسۆن لە کۆتایی ساڵی 1973دا نزیکەی 2.4 ملیار دۆلار بوو، کە پێشتر هیچ کۆمپانیایەك – یاخود هیچ پیشەسازییەك - هەرگیز ئەمجۆرە قازانجە زۆرەی نەکردبوو.

لە مارسی 1974دا دواجار گەمارۆکە هەڵگیرا، بەڵام

شۆکی ئەمریکییەکان – کە سەرچاوەی گرتبوو لە درککردنیان بە واقیعە نوێیەکە و بینینی ئاستی ئەو هەژموونەی دەکرێت حکومەتە بیانیەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لەسەر ویلایەتە یەکگرتوەکان هەیانبێت– تا ماوەیەك بەردەوام بوو. واقیعە نوێیەکە ئەوەبوو، کە پێنەدەچوو نرخی نەوت دابەزێت بۆ ئاستەکانی پێش گەمارۆکە. مایەی سوکایەتی بوو بۆ زۆرێك لەو ئەمریکیانەی باوەڕیاننەدەکرد، ئەو کەسانەی پێشتر بە چاوێکی سوك سەیریان دەکردن بەوپێیەی نیشتەجێی بیابانن و ناڕۆشنبیر و پلەنزمن، ئەو دەسەڵاتەیان بەسەریاندا هەیە.

وادیاربوو رێکخراوی ئۆپیك، توانای ئەوەی نەبوو پشکی دیاریکراو بەسەر ئەندامەکانیدا بسەپێنێت، چونکە لە ساڵانی 1979 و 1980دا، کاتێك لە کاردانەوەی شۆڕشی ئێران و جەنگی عێراق و ئێراندا نرخی نەوت بەرزبووەوە، شێخ ئەحمەد بن زەکی یەمانی، وەزیری نەوتی سعودیە هۆشداریدایە دەوڵەتانی دیکەی ئەندامی ئۆپیك لەوەی سەپاندنی نرخی بەرزی نەوت نابێتە هۆی زیادبوونی قازانجیان، بەڵکو کاریگەرییەکی پێچەوانەی دەبێت، چونکە خواستی جیهانی لەسەر نەوت دادەبەزێنێت و پاشان قازانجیشی «کەمدەکاتەوە». دەوڵەتانی دیکەی ئەندامی ئۆپیك گوێیان نەگرت. تاوناتاوێك ئۆپیك پشکی نزمی بۆ بەرهەمهێنان دیاریدەکرد، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی پابەندنەبوون بەرەنگاری سعودیە بوونە و لە پشکی خۆیان زیاتر بەرهەمیاندەهێنا، بەمەش مانۆڕەکەی ئۆپیك لایەنداری تێکەوت.

له ساڵی 1970دا، کاتێك ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە هاوردەکارێکی تەواوی نەوت، بینی کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی دادەبەزێت، لەسەرەتادا کارەکە بە خاوی رویدا، بەتێکڕای نیو ملیۆن بەرمیل لەنێوان ساڵانی 1970 و 1971، پاشان 9.6 ملیۆن بەرمیل لە ساڵی 1990 و 8.3 ملیۆن بەرمیل لە ساڵی 2006دا.

**بۆچی ویلایەتە یەکگرتوەکان توانای زێدەبەرهەمی لە ماوەی گەمارۆ نەوتییەکەدا بەکارنەهێنا؟**

**ئەگەر توانای زێدەبەرهەمی نەوتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەکاتی گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەبدا بەکاربهێنرایە، ئەوا رەنگە کێشەی خواست و خستنەڕوی نەوت تا رادەیەکی زۆر سوکتر بووایە، بەڵام تا ساڵی 1970، توانای زێدەبەرهەم کەم بووبووەوە بۆ یەك ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. سەرەڕای بەردەوامبوونی دەرهێنانی نەوت، ئەو کەمبوونەوەیە نادیاربوو لەبەرچاوی چاودێرانی نەوتدا، لە ساڵی 1970دا ئەگەرچی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا گەیشتە ژمارەیەکی بێ پێشینە، کە 9.3 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە بوو، چاککردنی توانای زێدەبەرهەمیش فەرامۆشکرابوو.**

**بۆ یەکەمجاریش لیژنەی هێڵی ئاسن لە تەکساس[16] رێگەیدا، توانای بەرهەمهێنانی نەوت لەسەداسەد بێت.**

---

16.ئەم لیژنەیە ئەو ئاژانسەیە، کە پیشەسازی گاز و نەوت لە تەکساس رێکدەخات.

**ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەبوو، بەکاربردن زیادیدەکرد و دەبوایە بەرهەمهێنانیش هاوتای بێت.**

لە شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا ویلایەتە یەکگرتووەکان، توانایەکی زێدەبەرهەمی گەورەی نەوتی هەبوو، دەبوایە ئەو توانایە بەردەستبووایە لەپێناو زیادکردن یاخود کەمکردنەوەی بەرهەمهێناندا، بە مەستی دابەزاندنی نرخەکەی. لەنێوان سالأنی 1957 و1963یشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیکەی 4 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە «زێدەبەرهەمی» لە نەوت بەرهەمدەهێنا و دەتوانرا بخرێتە بازاڕاوە ئەگەر رووداوێکی خراپ روی بدایە، وەکو بارانبارینێکی زۆر یان تەقینەوەی هێڵێکی بۆری، یاخود پچڕانی تەزوی کارەبا بەشێوەیەکی لە ناکاو لە پاڵاوگەیەکدا. تەنانەت بە بێ بەکارهێنانیشی، تەنیا زانینی ئەوەی ئەم توانای زێدەبەرهەمە بەردەستە، بازاڕی هێور دەکردەوە. لە راستیشدا، توانای زێدەبەرهەمی نەوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان یارمەتیدەربوو لە ئاسانی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان لەسەر ئاستی جیهان لە سالأنی 1960 و 1972دا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان هۆشداریدانی دەستپێکرد، لەوەی توانای زێدەبەرهەمی نەوتی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بەڵام لە نۆڤەمبەری 1968دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا حکومەتەکانی ئەوروپای توشی شۆککرد، کە لە دانیشتنێکی رێکخراوی گەشەپێدان و هاریکاری ئابوریدا لە پاریس

پێیراگەیاندن بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا ئەوەندە نزم بووەتەوە، بەڕادەیەك مەحاڵە بەو بارەوە هەرگیز پارێزگاری لە هیچ توانایەکی زێدەبەرهەم بکرێت، واتە ئەو ستراتیجەی ئەمریکا، کە داوایدەکرد پارێزگاری لە توانای زێدەبەرهەم بکرێت، بەرهەمهێنانی بەکردەوە پشتیوانی نەدەکرد. دەوڵەتانی عەرەبیش سەلماندیان، کە رێکخراوی ئۆپیك ئێستا توانای کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوتی هەیە و دەوڵەتێکیش نەمابوو هێندەی ویلایەتە یەکگرتوەکان پشت بە نەوت ببەستێت.

لە مارسی 1974 و دوای هەڵگرتنی گەمارۆ نەوتییەکە، جیهان بەدوای رێوشوێنی جێگرەوەدا دەگەڕا، بگرە بەدوای وزەی جێگرەوەشدا دەگەڕا. لەماوەیەکی کەمیشدا لە دەریای باکورەوە بڕێك نەوت خرایە بازاڕەوە لەو نەوتە زۆرتربوو، کە لە ئۆپیکەوە دەهات. لە نێوان ساڵانی 1974 بۆ 1978 نرخی نەوت هەر بە جێگیری مایەوە و نرخی یەك بەرمیل لە نێوان 12 بۆ 13 دۆلاردا بوو، کە ئەمەش کەسانێکی لە خشتەبرد تا هێمن بن و بەو بارە رازی بن، بەڵام لەو کاتەدا، خەڵکێکی زۆر لە رودانەوەی کارێکی هاوشێوە دەترسان و پێیانوابوو پێویستە دەوڵەتانی بەکاربەری نەوت پلانێکی یەدەگیان هەبێت.

لە دیسەمبەری 1975دا بەفەرمی یەدەگی ستراتیجی نەوتی ئەمریکا بەپێی یاسای سیاسەت و پاراستنی وزە دامەزرا، بەجۆرێك ملیارێك بەرمیل نەوت هەڵبگرێت. ئەمە بڕێکی زۆر نەبوو – بەدڵنیاییەوە بە یەدەگەکانی پێشو بەراورد ناکرێت- بەڵام ئەمە

تەنیا سەرەتا و ڕێوشوێنێکی چۆنایەتی بوو بۆ خۆپاراستن لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت. دواتریش لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، کاتێك نرخی نەوت دابەزی، دەوڵەتانی ئەندامی ئۆپیك توانای زێدەبەرهەمی نەوتیان کەمکردەوە.

لە ساڵی 1999 یشدا، 4.572 ملیار بەرمیل نەوت لە عەمباردا هەڵدەگیرا، کە ویلایەتە یەکگرتوەکان 572 ملیۆن بەرمیلی لێهەڵدەگرت، بەڵام ئەم ستراتیجەش کاریگەری خۆی لەدەستدا.

**(1) یەدەگی ستراتیجی نەوت:**

**ئایا زەمانە بەسەریدا ڕۆیشتوە؟**

لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری 2001دا، جۆرج دەبلیو بوش ئامانجێکی بۆ وەزارەتی وزە دانا، کە خۆی لەوەدا دەبینیەوە یەدەگی ستراتیجی نەوت بگەیەندرێتە ئەوپەڕی توانای –کە 700 ملیۆن بەرمیل بوو– ئەویش لەپێناو «زیادکردنی پارێزگاری درێژخایەن لەدژی هەر گرفتێکی خراوەڕوی نەوت لە ئایندەدا».

تەنیا دوو هەفتە بەر لە ڕودانی زریانی کاترینا، یەدەگی ستراتیجی نەوت ئامانجە چاوەڕوانکراوەکەی لە حەڤدەی ئۆگەستی 2005دا بەدەستهێنا. دوو هەفتە دوای ئەوەش، بوش توانی دەسەڵاتی ئەوە بدات بە یەدەگی ستراتیجی نەوت، کە نەوت بەقەرز بداتە ئەو پاڵاوگانەی کارەکانیان

بەهۆی زریانەکەوە زیانی بەرکەوتبوو. سەرباری ئەوەش، سەرۆك فرۆشتنی 30 ملیۆن بەرمیلی دیکەی راگەیاند لەپێناو پارێزگاریکردن لە خستنەڕوی نەوت و هێورکردنەوەی بازاڕدا.

لە مایۆی 2008یشدا ویلایەتە یەکگرتوەکان رایگەیاند «چیتر نەوت بەمەبەستی هەڵگرتنی لە یەدەگی ستراتیجی نەوتدا ناکرِێت، هیوایشی خواست ئەم راگەیاندنە کاریگەرییەکی کەمی لەسەر نرخی نەوت هەبێت، بەڵام نرخ هەر لە بەرزبوونەوە بەردەوام بوو.

ئایا توانای زێدەبەرهەمی نەوت بووەتە جۆرێك لە رابردو؟ هەندێك لە شرۆڤەکاران وای بۆ دەچن، کە ئەو توانایەی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا کاریگەرییەکی نەرمکەرەوەی هەبوو، ناتوانرێت دووبارە بکرێتەوە. سعودیە هەوڵیدەدا توانایەکی زێدەبەرهەمی نەوت بەدەستبهێنێت، کە بڕەکەی دوو بۆ سێ ملیۆن بەرمیل نەوت بێت، بەڵام گەشەکردنی زۆری خواست وادەکات زەحمەت بێت پارێزگاری لەو توانای زێدەبەرهەمە بکات.

### (2) زیادبوونی خواست و گۆڕانی بازاڕ

لەراستیدا، زیادبوونی خواست لەسەر نەوت بەتەواوی روکاری بازاڕی لە دەیەی حەفتاکاندا گۆڕی. لەنێوان ساڵانی 1990 و 2004دا، خواستی جیهانی لەسەر نەوت بە نزیکەی 16 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە زیادیکرد، بەڵام زیادکردنی بەرهەم

لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی سەر بە ڕێکخراوی ئۆپیك نەبوون، لە 6 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە تێنەپەڕی، کە زۆربەی لە کۆمپانیا روسییەکانەوە بوو.

تاکە سەرچاوە بۆ پڕکردنەوەی جیاوازی نێوان زیادبوونی خواستی جیهانی و بەرهەمی ئەو دەوڵەتانەی ئەندام نەبوون لە ڕێکخراوی ئۆپیکدا، دەوڵەتانی ئۆپیك بوون، کە سەرەڕای پەرۆشییان بۆ یارمەتیدان، توانای زێدەبەرهەمیان نەبوو، بەڵام دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپیك، ئەوەی لەتواناياندا بێت لەروی بەرهەمهێنانەوە کردیان و توانیان 10 ملیۆن بەرمیلی زیادەی رۆژانە بەدرێژایی ماوەی نێوان 1990 و 2004 دابینبکەن. لەگەڵ ئەوەشدا خواستی رولەزیادبوو دابەزینێکی پلە بەپلەی لەتوانای زێدەبەرهەمی نەوتدا دروستکرد، بۆیە لە ساڵی 2004دا دابەزی بۆ کەمتر لە دوو ملیۆن بەرمیلی رۆژانە (واتە رێژەی لەسەدا 2ی خواستی جیهانی لەسەر نەوت).

لەدەستدانی توانای زێدەبەرهەمی نەوت کاریگەری بەهێزی لەسەر نرخ هەبوو، چونکە بە بێ نەوتی زیادە، هێزە نەوتییەکان نەیاندەتوانی یەکسەر یاخود بە لێهاتویی پێویست وەڵامی ئەو راچڵەکاندنە خێرایانە بدەنەوە، کە دوچاریان دەبوون، چ سیاسی بوونایە، یان کەشوهەوا، یاخود تەکنیکی. نمونەی ئەوەش شۆڕشی ئێران بوو، کە لەو کاتەدا نرخی نەوت زیاتر لە دوو هێندە بەرزبووەوە، چونکە لە 14 دۆلارەوە بۆ یەك بەمیل لەساڵی 1978دا بەرزبووەوە بۆ 35 دۆلار بۆ یەك بەرمیل لە ساڵی 1981دا، لەکاتی جەنگی

عێراق و ئێراندا.[17] نمونەی دیکە، کاتێك لەنێوان ساڵانی 2003 بۆ 2005 مامناوەندی نرخی نەوت، لە 21 دۆلارەوە بۆ یەك بەرمیل بەرزبووەوە بۆ 43 دۆلار.

یەکێك لە هۆکارە راچڵەکێنەرەکانی بەرهەمهێنەرانی خۆرئاوایی نەوت لە ساڵانی 1973 و 1979 هەستیانپێکرد، لە کەمی زانیاری بەردەست سەبارەت بە نرخی نەوت و هەموو پیشەسازی نەوتەوە، سەرچاوەی گرتبوو. ئەو کاتە هێشتا پیشەسازی پێشبینیکردنی نرخی نەوت گەشەینەکردبوو. سەرەڕای ئەوەی پەیمانگای نەوتی ئەمریکا گۆڤارێکی هەفتانەی بڵاودەکرەوە بەناوی «ئۆیل ئاند گاز جۆرناڵ»، کە زانیاری لەسەر نەوت لەخۆدەگرت، بەڵام شارەزایانی پیشەسازی نەوت نەبێت کەس نەیدەخوێندەوە.

گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەب، ئاماژەیەك بوو بۆ رودانی گۆڕانکاری. یەکەم: گەمارۆ نەوتییەکە لەکاتی رودانیدا پەیامێکی بۆ هێزە خۆرئاواییەکان نارد، کە دەڵێت: ئەگەرچی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا قەتیسبوو، بەڵام هێشتا دەکرێت سزای ئەو

17. دوای روخانی رژێمی شا لە ئێران لە ساڵی 1979دا سەدام حسێنی سەرکردەی عێراق بە دەرفەتی زانی، یان دەست بەسەر نەوتی ئێراندا بگرێت یان وێرانیبکات. کاتێکیش عێراق لە سێپتەمبەری 1980دا هێرشی کردە سەر ئێران هەردوو دەوڵەتەکە پێکەوە نزیکەی یەك ملیۆن بەرمیل نەوتیان بەرهەم دەهێنا واتە 6.5 ملیۆن بەرمیل کەمتر لەوەی نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر بەرهەمیان دەهێنا، ئێران هەرگیز لە کاریگەرییە لاوەکییەکانی شۆڕش لەسەر بەرهەمی نەوتی چاك نەبووەوە و هەتا ساڵی 2008یش نەگەیشتبووە زیاتر لە سێ لەسەر دووی بەرهەمی نەوتی لە سایەی حوکمی شادا.

هێزە خۆرئاواییانە بدرێت، کە پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن. دووەم: گەمارۆکە ئەوەی بۆ خۆرئاواییەکان رونکردەوە، کە دەکرێت جڵەوی کۆنترۆڵکردنی نەوتی جیهان لە «حەوت خوشکەکەوە» بکەوێتە دەستی دەوڵەتانی رێکخراوی ئۆپیک.

ئەگەر سعودیەکان بەدوای بەڵگەیەکدا بگەڕانایە، بۆئەوەی گریمانەکەیان بسەلمێنێت، کە دەڵێت کەمی خستنەڕوی نەوت رەنگە ببێتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ و کارەساتی ئابوری لە جیهاندا، ئەوا با ئاسودە بن بەوەی، کە ئەم گریمانەیەیان تارادەیەك راست دەرچوو، چونکە جیهان توشی هیچ تەنگژەیەکی ئابوری بەردەوام نەبووە و بێسەروبەرەیی لە پایەکانی ئابورییە جیاجیاکاندا دروستنەبووە، بەڵام گەمارۆ نەوتییەکە کاریگەری خراپی لەسەر بەکاربەرانی ئەمریکایی نەوت هەبوو، هەروەك ئابوری ئەمریکاش پێی کاریگەربوو.

بۆ ماوەی چەند دەیەیەك شرۆڤەکارانی نەوت گاڵتەیان بەو بیرۆکەیە دەکرد، کە دەڵێت هەر دەوڵەتێك یان کۆمەڵێك دەوڵەت، دەتوانن نەوت وەك چەکێك بەکاربهێنن، بەڵام سعودیە ئەوەی سەلماند، کە تێڕوانینەکەیان هەڵەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سعودیەکان خۆیشیان هەڵەبوون، چونکە هەمیشە پێیانوابووە، کە ئەگەر چەندین ئابوری نەتەوەیی لە تەنگژەدا بن بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە، ئەوا رەنگە ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی کارەساتاوی توشی خودی خۆیشیان ببێت، بەڵام لەکاتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە دەیەی

یەکەمی بیست و یەکەمدا، سعودیەکان هێندە دەوڵەمەند بوون، کە گەورەترین خەونیشی تێپەڕاندن.

**یەدەگە ستراتیجییەکان: کێ خاوەنیانە و بڕەکەیان چەندە؟**

**لە ساڵی 2008دا نزیکەی 4.1 ملیار بەرمیل نەوت لە یەدەگە ستراتیجیە جیاجیاکاندا هەڵگیرابوو، کە 1.4 ملیار بەرمیلی لەژێر دەستی حکومەتەکاندا بوو، ئەوەی تریشی کۆمپانیای تایبەت هەڵیگرتبوو.**

**ئێستاش یەدەگی ستراتیجی نەوتی ئەمریکا یەکێکە لە گەورەترین یەدەگەکان لەسەر ئاستی جیهان، چونکە ساڵی 2008 ئەو یەدەگە بە نزیکەی 700 ملیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرا.[18] زۆربەی یەدەگەکەی دیکە لەسەر ئاستی جیهان لەدەستی بیست و شەش دەوڵەتەکەی دیکەی ئەندامی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەدایە، بریتین لە: ئوستراليا، نەمسا، بەلجیکا، کەنەدا، کۆماری چیك، دانیمارك، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئێرلەندا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، کۆریای باشور، لۆکسمبۆرگ، هۆڵەندا، نیوزلەندا، نەرویج، پورتوگال، سلۆڤاکیا، ئیسپانیا، سوید، سویسرا، تورکیا و شانشینی یەکگرتو لە پاڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا.**

**بەمدواییانەش چەند دەوڵەتێکی دیکە جگە لە دەوڵەتانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە دەستیانکرد بە بنیاتنانی یەدەگی ستراتیجی و چینیش خاوەنی گەورەترین ئەم یەدەگە نوێیانەیە.**

**کارگێڕی زانیارییەکانی وزەی ئەمریکا**

---

18. ژمارەکان لە وەزارەتی وزەی ئەمریکاوە وەرگیراون.

بە وردبوونەوە لە رابردو شۆك نییە، کە دەوڵەتانی عەرەب نەوتیان وەك چەکی سیاسی بەکارهێناوە، بەڵکو ئەوە شۆکە، کە ئەو هەموو ماوەیە چاوەڕوانیان کرد تا بەکاریبهێنن. بۆیە وەکو چەندین دەوڵەتی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت، سعودیەش نەیدەتوانی هەنگاوبنێت بە هۆی باڵادەستی حەوت خوشکەکەوە، ئەگەر ئەوەش نەبوایە، ئەوا رەنگە گەمارۆکەی لە کاتێکی پێشتردا جێبەجێ بکردایە.

شۆڕشی ئێران لە ساڵی 1979دا بارەکەی ئاڵۆزترکرد سەبارەت بە نەوت، چونکە لە مانگەکانی یۆنیۆ و نۆڤەمبەری 1979دا، ئێران رۆژانە تەنیا 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا. لە قۆناغێکیشدا بەتەواوی بەرهەمهێنانی نەوتی راوەستا، بەڵام ئەگەر کەسێك پێویستی بەبەڵگە بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی نەوت و توندوتیژی بەڕێوەبوون بۆ ئەوەی ببنە تێکەڵەیەکی کوشندە، ئەوا داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام حسێنەوە لەساڵی 1990دا، ئەو جۆرە بەڵگەیەی دا بەدەستەوە، چونکە یەکەمجارە دەوڵەتێك دان بەوەدا بنێت، کە دەوڵەتێکی دیکە داگیردەکات بە ئامانجی دەستگرتن بەسەر نەوتە پاشەکەوتکراوەکەیدا. کاتێکیش سوپای سەدام کوێتی داگیرکرد، لەپێناو دەستگرتن بەسەر کێڵگە نەوتییە دەوڵەمەندەکانیدا، تەنیا کەسانێکی کەم پێیانوابوو لەو سنورەدا دەوەستێت، چونکە

دیاربوو سعودیە -بەسوپا بێئەزمونەکەیەوە- ئامانجی بەڵگەنەویستی داهاتو دەبێت، هەروەها وا دیاربوو، کە دەستبەسەرداگرتنی کارێکی ئاسان دەبێت.

سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی کەنداو درکیان بەوەکرد، کە پێویستیان بەجۆرێك لە هاوپەیمانی فەرمی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا هەیە، بۆئەوەی دەوڵەتێك یاخود تەنانەت یەکێك لە هەرێمەکان هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی یەدەگە نەوتییە گەورەکەی نەدات.

ئید مۆریس، گەورە توێژەری پێشوی وزە لەدامەزراوەی لیمان برازەر، کە ئێستا مایەپووچبوونی خۆی راگەیاندوە، دەڵێت: «ئەمڕۆ بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی گەورەدەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت، بەتایبەتی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر جیاوازە لەوەی لە یەك دەیەی رابردودا هەبوو».[19] هەمیشە پەیوەندی لەنێوان ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتانی کەنداو و ئاسایشی رۆیشتنی نەوت بۆ خۆرئاوادا هەبووە، بەڵام لە ساڵانی حەفتاکاندا ئەو پەیوەندییە کەمتر رونبووە، ئەو کاتەی دەوڵەتانی عەرەب بەهۆی پشتیوانیکردنی لە ئیسرائیل لە ئەمریکا دورکەوتنەوە.

هەروەها مۆریس دەڵێت «جەنگی کەنداو ئەمەی لەڕوی جەوهەریەوە گۆڕی، بەتایبەتی بۆ کوێت و سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی بچوکی کەنداو، چونکە دوای ساڵی 1990 پێویستی بۆ پێکەوەگرێدانی بەرگری نەتەوەیی و مانەوەی ئەم

---

19. چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ ئیدوارد مۆریس لە 29ی مایۆی 2007دا.

دەوڵەتانە بە گرەنتی ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە رونتر و قبوڵکراوتر بوو لەروی سیاسییەوە لە لای ئەم دەوڵەتانە».

یەکێك لەو ئاماژانەی بەڵگەی ئەوەبوو کوێت دەیەوێت پەیوەندییەکی ئاسایشی بەهێزتری لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا هەبێت ئەوەبوو، کە پێشوازی لە وەبەرهێنانی بیانی کرد. کوێت پێویستی بە سەرمایەی ئەمریکا نەبوو، بەڵام ئەگەر کۆمپانیا ئەمریکاییەکان لەکوێتدا وەبەرهێنان بکەن، ئەو کاتە حکومەتی ئەمریکا هەستدەکات پابەندە بە پاراستنی ئەو وڵاتەوە. ئەمە لۆجیکی پشت ئەو بڕیارە بوو.

هاوشێوەی ئەوە سعودیە پەرۆش بوو بۆ بەهێزکردنی دۆستایەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان، بەو مەرجەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی باوەڕپێکراوی نەوتی دابنێت. لەبەر ئەوە ویلایەتە یەکگرتوەکان وادیاربوو، کە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بە «ناوچەیەکی ناسەقامگیر» دادەنا و لە دەریای باکور و خۆرئاوای ئەفریقیاش بەدوای نەوتدا دەگەڕا، کۆمپانیای ئارامکۆ هەنگاوێکی نوێی ناو نرخی نەوتی لە بازاڕی کەناری کەنداوی ئەمریکا دابەزاند. لەو کاتەدا سعودیەکان گوێیان بە پارێزگاریکردن لە بەرزی نرخی نەوت نەدەدا، بەڵکو دەیانەویست بگەڕێنەوە بۆ پێگەی بەرزی پێشویان بەوپێەی، کە یەکەم هەناردەکاری نەوت بوون بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان، هۆکاری ئەوەش ئەوەبوو، کە خەریکبوون درکیان بەوە دەکرد ئەستێرەکەیان رو لە کشانە.

# بەشی 6
# مێژوی نەوت و خەونی ئەمریکا

بەکۆتاییهاتنی دەیەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەیەم، نەهەنگەکانی جۆری عەنبەر بە هۆی راوی زاڵمانەوە بەرەو قڕبوون دەچوون و نرخی رۆنی نەهەنگ، کە وەك سوتەمەنی بۆ چرا بەکاردەهێنرا، بەرزبوونەوەیەکی زۆری بەخۆوە بینی. خواستیش لەسەر مادەی بێزیان بۆ روناککردنەوە و چەورکردنی بزوێنەرەکان لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا زیادیکرد.

لە هەمان کاتیشدا لە پیشەسازییەکی تردا، کە ئەویش پیشەسازی بەکانزاکردنی خوێیە، کۆمپانیاکانی هەڵکەندن لە ئۆهایۆ، نیویۆرك، وێست ڤێرجینیان، کینتاکی و پێنسلڤانیا روبەڕوی کێشەیەکی ئاڵۆز بوونەوە، چونکە یەکێك لە دەرهاویشتە لاوەکییەکانی پرۆسەی هەڵکەندن (نەوت) بیرەکانی پیسدەکردن، لەهەندێك حاڵەتیشدا بە هۆی زۆری

پیسبوونەوە، دەبوایە بیرەکان بەجێبهێڵرێن. ساموێل ئێم کیر، کە باوکی خاوەنی بیری خوێ بووە، بەوپێیەش شارەزایی لەبارەی نەوتەوە هەبوو، دەستیکرد بە گەڕان بەدوای بەکارهێنانی ئەو بەرهەمەدا و دڵۆپاندنی نەوتی بۆ سوتەمەنی چرا دەستپێکرد. بەکردەوەش «نەوتی کاربۆنی»، کە خۆی ئەو ناوەی لێنابوو، زۆر سەرکەوتوبوو تا ئەو رادەیەی کارگەیەکی پوختەکردنی بنیاتنا، کە توانای پوختەکردنی پێنج گاڵۆنی هەبوو.

بەهاتنی ساڵی 1858 یش بڕێکی زۆر لە نەوتی کاربۆنی لە شاری نیویۆرك دەفرۆشرا، بەجۆرێك خەریکبوو خێرا جێگەی جۆرەکانی تری سوتەمەنی چرای دەگرتەوە، کە مەترسیدار و گرانتر بوون. هەروەها ئەو نەوتەی لە باکوری خۆرئاوای پنسلڤانیا دەردەهێنرا ببووە باشترین ماددەی چەورکردن بۆ پیشەسازی رستن، خواستیش لەسەر نەوت نرخی لە حەفتا و پێنج سەنت بۆ یەك گاڵۆنەوە گەیاندە دوو دۆلار بۆ یەك گاڵۆن.

لە بیست و حەوتی ئۆگەستی 1859دا، ئیدوین ئیل دیرك لە نزیك تیتۆسفیل لە ویلایەتی پێنسلڤانیا نەوتی لە یەکەم بیری سەرکەوتودا لە روی بازرگانییەوە دۆزیەوە، کە بەمەبەستی گەڕان بەدوای نەوتدا هەڵکەندرابوو. ئەو تەکنۆلۆجیایەی دیریك بەکاریهێنابوو نوێ نەبوو، بەڵام شتە نوێیەکە ئەو تێگەیشتنە بوو، کە دەڵێت دەتوانرێت نەوت لە زەوییەوە هەڵبهێنجرێت وەك چۆن ئاو هەڵدەهێنجرێت، بەوەش پیشەسازی نوێی نەوت لە ویلایەتە یەکگرتوەکان دەستیپێکرد.

**لیژنەی مێژو و مۆزەکانی پێنسلڤانیا**

* * *

له ڕۆژانی سەرەتایدا، کە نەوت دەدڵۆپێندرا بۆ کیرۆسین، له بنچینەدا بۆ چەورکردن، یاخود وەك سوتەمەنی چرا بەکاردەهێنرا. ماڵەکان بە هۆی داری زۆپاوە گەرم دەکران، سوتەمەنی ئامڕازەکانی گواستنەوەش یان دار، یاخود با بوو.

قووڵایی بیرەکەی دیریك تەنیا شەست و نۆ پێ بوو، ڕۆژانە تەنیا حەفتا و پێنج بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا، بەڵام دوای ئەوە بە سەد و پەنجا ساڵ پیشەسازی نەوت گەشەیکرد و ئێستا بووە بەبایەخترین پیشەسازی و زۆرترین ئەو پیشەسازیانەی لە ئێستادا پەیوەندییان بە مەسەلەی جیۆسیاسی جێناکۆکی و جێکێبڕکێی توندەوە هەیە، ئەویش لەڕێی چەند شێوازێکەوە، کە بەدرێژایی 114 ساڵی یەکەمی تەمەنی ئەم پیشەسازییە بە خەیاڵی کەسدا نەهات.

لەڕوی مێژوییەوە مرۆڤ روناکی لە یەکێك لە جۆرەکانی سوتەمەنییەوە دەستدەکەوت، لە کاتێکدا گەرمی و وزە لەجۆرێکی ترەوە پەیدا دەبوون. بەر لە سەدەی نۆزدە روناکیمان لە مەشخەڵ و مۆمی دروستکراو لە چەوری ئاژەڵ و ئەو چرایانەوە وەردەگرت، کە ڕۆنی وەرگیراو لە چەوری ئاژەڵیان دەسوتاند. ڕۆنی نەهەنگیش، بەوپێیەی بۆن و دوکەڵی کەمتری هەیە لەکاتی سوتاندا، پێشکەوتنێکی گەورە بوو، بەڵام نرخی گرانبەها بوو. کاتێکیش لە ساڵی 1857دا چرای کیرۆسین لە بازاڕدا سەری هەڵدا کاریگەرییەکەی لەسەر پیشەسازی ڕاوی نەهەنگ دەستبەجێ بوو.

## (1) بەرزی نرخی ڕۆنی «نەهەنگ»و ترۆپکی تیۆری ڕۆنی «نەهەنگ»

ئێستا ئەمریکییەکان سکاڵا لە بەرزی نرخی نەوت دەکەن، کە نرخی یەك بەرمیل نەوت لە هاوینی ساڵی 2008دا گەیشتە 145 دۆلار و لەسەرەتای ساڵی 2010دا لە 80 دۆلاردا جێگیربوو، بەڵام لەگەڵ ئەم نرخەشدا هێشتا سوتەمەنی زۆر لەوە هەرزانترە، کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا هەبوو. لە ڕۆژانی پێش بەکارهێنانی نەوتدا، نرخی ڕۆنی نەهەنگ، کە بۆ چرا بەکاردەهات، 1500 دۆلاربوو بۆ یەك بەرمیل (بەنرخی ئەمڕۆی دۆلار). لەو نرخە بەرزەش زیاتر ئەوەی مایەی نیگەرانی بوو ئەوە بوو هەندێك لە پسپۆڕان لەو کاتەدا پێشبینییان دەکرد ڕۆن بەتەواوی کۆتاییبێت، چونکە بەم نزیکانە هیچ نەهەنگێك نامێنێت.

کەواتە با نرخی ڕۆنی نەهەنگ بەراورد بکەین بە نرخی کیرۆسین، کاتێك کیرۆسین بۆ یەکەمجار لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کەوتە بەردەست، یەك بەرمیل ڕۆنی خاو بە نزیکەی 90 دۆلار دەفرۆشرا بەنرخی ئەمڕۆی دۆلار.1 تا حەفتا و هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمیش پڕۆسە پوختەکردنی لێهاتوتر بووە مایەی دابەزینی نرخەکەی بۆ نزیکەی 20 دۆلار بۆ یەك بەرمیل (بەنرخی ئەمڕۆی دۆلار).

**(2) سوتەمەنی پیشەسازی ئەمریکا**

لە دەستپێکی شۆڕشی پیشەسازییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، خەڵوز سوتەمەنی دیاریکراوبوو بۆ گەرمکردنەوە و وزە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکان، ئەوروپا و هەندێك کەرتی پیشەسازی لەخۆرهەڵاتی ئاسیادا. خەڵوز هەرزان و بەردەستبوو، دەکرا لە فڕنی کارگەکان، ماڵان، شەمەندەفەرەکان و کەشتییەکاندا بسوتێندرێت، بەڵام نەوت وردە وردە جێگەی خەڵوزی دەگرتەوە، رودانی ئەمەش رێکەوت نەبوو.

جۆن دی رۆکفلەر باوەڕی بەوە هەبوو، کە ئاینده بۆ نەوتە. بۆیە وەبەرهێنانی لە تەکنۆلۆجیای نەوتدا کرد بۆ پرۆسەکانی دەرهێنان و پوختەکردنێکی لێوەشاوەتر، باوەڕیشی وابوو هەر کەسێك بتوانێت تەواوی زنجیرەی بەرهەمهێنانی نەوت کۆنترۆڵبکات، دەتوانێت نرخ دابنێت و قازانجێکی زۆر بەدەستبهێنێت.

رۆکفلەر راستیکرد، بەڵام تێڕوانینەکەی کاریگەر نەبوو، چونکە لەپێگەیەکدا بوو دەیتوانی کاریگەری لەسەر ئەو بڕیارانە هەبێت، کە بنەمایان بۆ ئەو رۆڵە گەورەیەی نەوت دانا، کە لە بنیاتنانی ئابوریدا دەیگێڕێت.

بۆئەوەی نەوتیش وەك پیشەسازی گەشەبکات، دەبوایە ژێرخانێکی گواستنەوە هەبێت بۆ گواستنەوەی نەوتەکە. ئەو ژێرخانەش هێڵی ئاسنین بوو. یەکەم ئۆتۆمبێل بە بزوێنەری هەڵمین کاریدەکرد و پشتی بە سوتاندنی دار دەبەست،

پاشان بەو بزوێنەرانەی بە خەڵوز کاریاندەکرد، بەڵام لەدوای ساڵی 1900وە بۆ یەکەمجار نەوت وەك سوتەمەنی ئۆتۆمبێل بەکاردەهات. لەو کاتەشەوە رێگەکان تەنیا نەوت ناگوازنەوە، بەڵکو دەشیسوتێنن.

هێڵە ئاسنینەکان پێکهاتەیەکی گرنگ بوون لە پلانی گەورەی پیشەسازی ئەمریکادا، وەك چاوەڕوانیش دەکرا رۆکفلەر بایەخی زۆری بە پیشەسازی هێڵی ئاسنینیشدا. هێڵە ئاسنینەکان پێویستیان بە پۆڵا هەبوو بۆ دروستکردنی فارگۆنی هێڵە ئاسنینەکان و ستونەکان. لە ساڵی 1893یشدا رۆکفلەر یارمەتیدەربوو لە گەشەپێدانی کێڵگەی میسابی بۆ مادەی خاوی ئاسن لە مینیسۆتا. تا ساڵی 1896یش کۆمپانیای «کۆنسۆلیدیتید ئایرۆنماینز»ی رۆکفلەر بووە خاوەنی شەمەندەفەرگەلێك بۆ گواستنەوەی ئاسنی خاو و بەکردەوەیش پڕۆسەکانی بارکردنی لەدەریاچە مەزنەکان کۆنترۆڵکرد. ئێستا رۆکفلەر توانای کۆنترۆڵکردنی پیشەسازی پۆڵای هەبوو، بەڵام هەندێکجار هاوکاریکردن کاریگەرتر دەبێت لە کێبڕکێکردن، بۆیە لە ساڵی 1896دا رۆکفلەر هاوپەیمانی لەگەڵ ئەندرۆ کانیجی پادشای پۆڵادا بەست. رۆکفلەر رازیبوو نەچێتە پیشەسازی پۆڵاوە، کارنیجی-ش رازیبوو پەیوەندی بە پیشەسازی گواستنەوەوە نەبێت.

بەهاتنی سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ دەستپێکی بەرهەمهێنانی گەورەی ئۆتۆمبێلدا بۆ مەبەستی بازرگانی، جێگرەوەیەك بۆ گواستنەوە لەرێی هێڵی ئاسنینەوە دروستبوو.

بازاڕی ئۆتۆمبێلی ئابوری بەخێرایی گەشەیدەکرد، لەگەڵیشیدا پێویستی بۆ ژێرخانی زیاتر گەشەیکرد. ئەندازیارەکان بۆیاندەرکەوت، دەکرێت ئەو قیرەی لە نەوت پەیدابوو، لە بنیاتنانی ئەو ڕێگەیانەدا بەکاربهێنرێت، کە ئۆتۆمبێلە نوێیەکان بەکاریاندەهێنان و بە نەوت کاریان پێدەکرا.

ئێستا ئەمریکییەکان بوونە خاوەنی ژێرخانی پێویست -ستون و ڕێگەکان- بۆ پتەوکردنی هێڵی ئاسن، هەروەها بوونە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانە، کە دەتوانن شێوازی گواستنەوە تەواو جیاواز بکەن لەوەی لە رابردودا هەبوو. لێرەوە بنەمای بەرفراوانبوونی پیشەسازی و ئابوری دانرا، کە گەشەکردنی سەرسوڕهێنەری ویلایەتە یەکگرتوەکانی لە سەدەی بیستەمدا پێ جیادەکرایەوە.

ویلایەتە یەکگرتوەکان لەنێو هەموو دەوڵەتانی جیهاندا، ئەو دەوڵەتە بوو، کە ئەوپەڕی سودی لە نەوت وەرگرت. تەنیا ئەمریکییەکان نەبوون، کە بەکاریاندەهێنا و تەنیا ئەوانیش نەبوون، کە بەڕادەیەکی زۆر پشتیان پێدەبەست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ویلایەتە یەکگرتوەکان یەکەم دەوڵەت و تەنیا دەوڵەت بوو، کە ئابورییەکی تەواو لەدەوری نەوتدا بنیاتبنێت. دەوڵەتانی تازە گەشەسەندوش درکیان بەوەکرد، کە کۆنترۆڵکردنی نەوت خاڵێکی بەهێز و جیاوازییەکی کێبڕکێکارانە و چەکێکی سیاسیان پێدەبەخشێت.

جۆن دی رۆکفلەر لە ساڵی 1870دا کۆمپانیای ستاندەرد ئۆیل-ی دامەزراند، بەڵام تا ساڵی 1911 ستاندەرد ئۆیل وایلێهات

ڕێژەیەکی زۆری لە پیشەسازی نەوت کۆنترۆڵکردبوو، بە ڕادەیەك حکومەتی ئەمریکا یاسایەکی بۆ بنبڕکردنی قۆرخکاری دەرکرد و ناچاریکرد، ستاندەرد ئۆیل پارچە پارچە بکات و بیکاتە سی و چوار کۆمپانیای تایبەتی نوێ. لەو کۆمپانیایانەشەوە کۆمەڵێك لەکۆمپانیا نەوتییەکانی بەریتانیا و ئەمریکا سەریانهەڵدا، کە پێگەی خۆیان هەبوو، هەموویان پێکەوە بەناوی «حەوت خوشکەکە» ناسران (سەیری بەشی یەکەم بکە).

لە دەیەی دوای ساڵی 1911، پێگەی حەوت خوشکەکە فراوانبوو. ئەم کۆمپانیایانە لەڕێی بەشداریکردن لە ڕێککەوتنی تایبەت لەگەڵ حکومەتە ناوچەییەکاندا، سەرکەوتوبوون لەوەی ڕێگە لە کێبڕکێ لەسەر ئیمتیازی نەوت بگرن. کارێکی تری هاوتای ئەوە لە گرنگیدا، شارەزاییان بوو لەبواری نەوتدا، بەڕادەیەك کە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت «ژێر بەژێر دەستبەرداری بەشێك لە سەروەرییەکەیان بوون» لە بەرژەوەندی حەوت خوشکەکە، ئەویش بە پێی دەربڕینە جوانەکەی ئەنتۆنی سامبسۆن. سامبسۆن حەوت خوشکەکەی شوبهاند بە دەوڵەتان کاتێك نوسیبووی:

هەر یەکێك لە حەوت خوشکەکە بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ لە کارکردن بەردەوام بووە، واتە زیاتر لە تەمەنی هەندێك لەو دەوڵەتانەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. بارەگاکانیان کە لەشێوەی هەوربڕدا دروستکراون و لە دەوروبەریانەوە دیارن، مژدەبەخشی جیهانێکی نوێ بوون، کە تێیدا خودی دەوڵەتان بەرەو لەناوچوون دەچوون.2

بەوپێییەی کە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت زۆر خوازیاری ئەوە نەبوو خۆیان نەوت لەسەر خاکی خۆیان دەربهێنن – یان توانای ئەو کارەیان نەبوو–، بۆیە سوپاسگوزاری حەوت خوشکەکە بوون ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆیان. لە لایەن خۆشیانەوە حەوت خوشکەکە لە پێگەیەکدا بوون، دەیانتوانی لاوازی ئەم دەوڵەتانە یاخود ساویلکەییان بقۆزنەوە و توانیان رێککەوتنی نادادپەروەرانە دابڕێژن، کە تەنیا لەبەرژەوەندی خۆیاندابوو، هەروەها حەوت خوشکەکە بە بوێرییەکی زیاترەوە مەرجەکانی خۆیان سەپاند.

حەوت خوشکەکە ئەڵقەکانی هەموو بەهای نەوتییان کۆنترۆڵکرد –لە کێڵگەی نەوت و کامیۆنی عەمبارکردن و هێڵی بۆڕی و وێستگەکانی سوتەمەنییەوە– بەجۆرێك بەرهەمهێنەران و بەکاربەرانی نەوت نەیانوێراوە ئەو سیستمە پێشێلبکەن. بەهۆی ئەوەشەوە کە حەوت خوشکەکە توانای زێدەبەرهەمیان هەبوو، دەیانتوانی خراوەڕوی نەوت زیاد یان کەم بکەن، بەوەش کاریگەری رێسا سروشتییەکانی خواست و خستنەڕویان راگرت و نرخیشیان کۆنترۆڵکرد.

حەوت خوشکەکە بوونە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا، بوونە خاوەنی کەشتیگەلی گواستنەوەی نەوت، کە لەوەی هێزی دەریایی گەورەتربوون، دەشیانتوانی کاریگەرییەکی گەورە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی هەموو دەوڵەتانی عەرەب دروستبکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی دەیانتوانی نیوەی بازرگانی جیهانی کۆنترۆڵ بکەن. حکومەتە نیشتمانییەکان

نەیاندەتوانی زۆر شت بکەن، چونکە هەرچۆنێکبێت ئەو حکومەتانە گرێبەستی ئیمتیازیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا ئیمزا کردبوو، کۆمپانیاکانیش پێودانگی پیشەسازییان بۆ هەموو شتێك دانابوو، هەر لەچۆنێتی نرخدانانەوە تا دەگاتە دیاریکردنی ئەوەی کام بیر دەبێت لە پێشتردا هەڵبکەندرێت و کامیشیان هەڵنەکەندرێت، هەروەها دیاریکردنی بەهای هەر سەودانامەیەکی نەوتی.

حکومەتی ئەمریکا پاڵنەرێکی دایە حەوت خوشکەکە، ئەویش بە پەیڕەوکردنی ئابورییەك کە بە بێ رکابەر پشت بە نەوت دەبەستێت، ئامادەش بوو بۆ چنینەوەی سودە گەورەکانی نەوت بەشێوەیەکی نمونەیی.

ویلایەتە یەکگرتوەکان سامانی سروشتی پێویستی هەبوو -کانزایی و کشتوکاڵی-، کە بواری ئەوەی پێبەخشیبوو خۆی بەدوربگرێت لە پشتبەستن بە لایەنی دەرەکی. حکومەتی ئەمریکا دەیتوانی بڕیاری یاسایی تێپەڕێنێت و لە هەڵگیرسانی شۆڕش یان کودەتای سەربازیش نەترسێت، سەرکردەکانی ئەمریکاش تێوە نەگلابوون لە گەندەڵی و چاوچنۆکییەوە بەهەمان رادەی چەندین سەرکردەی دەوڵەتانی تازەگەشەسەندو، دەشکرا متمانەیان پێبکرێت لەدابەشکردنی داهاتی نەوتدا، بە بێئەوەی بڕێکی زۆری لێ لابدەن بۆ بەکارهێنانی کەسی خۆیان، بەڵام بە بێ نەوت، کاری چاکە و خواست و ئارەزو نەیاندەتوانی ئابوری بەهێزی ئەمریکا بنیاتبنێن.

## (3) گواستنەوە بەرەو دەوروبەری شارەکان، پشتبەستن بە نەوت زیاتر دەکات

لەگەڵ گەڕانەوەی سەربازانی ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهان و هاوسەرگیریکردنیان و دامەزراندنی خێزانی خۆیان، جموجۆڵێکی گەورە لەئارادابوو بەرەو دەوروبەری شارەکان و خەڵك زیاتر و زیاتر ئارەزوی خەسڵەتەکانی چینی ناوەندیان دەکرد، وەك کڕینی جلشۆری کارەبایی، ئامێری تەلەفزیۆن، ئێرکۆندیشن و ئۆتۆمبێل. خێزانەکان دەستیانکرد بە کڕینی یەك ئۆتۆمبێل، بەڵام هەمیشە بۆیان دەردەکەوت، کە پێویستیان بە ئۆتۆمبێلێکی دیکەیە، لە ئەنجامی ئەوەشدا، بەکاربردنی نەوت لەنێوان ساڵانی 1948 بۆ 1972 سێ هێندە زیادی کرد و لە 5.8 ملیۆن بەرمیلەوە بووە 16.4 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە.

ئەمریکییەکان لە «قۆناغێکی زێڕین»ی گەشەکردن و گەشەپێدانی ئابوریدا بوون، بەڵام بەبێ ئەوەی درکی پێبکەن، ڕێگایەکی مەترسیداریان گرتبووەبەر، ئەویش بەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان زیاتر و زیاتر ئەو نەوتەی بەکاردەبرد، کە بەرهەمیدەهێنا. لە ساڵی 1970 یشدا ئەوە رویدا، کە دەبوایە ویلایەتە یەکگرتوەکان هەژماری بۆ بکات، لەو ساڵەدا چونکە ویلایەتە یەکگرتوەکان بووە هەناردەکارێکی تەواوی نەوت.

گواستنەوەی زیاتری تاکەکان لە شارەکانی ناوخۆوە بۆ دەوروبەر شەپۆلێکی نوێی خواستی لەسەر نەوت دروستکرد، ئەویش بەوەی ئۆتۆمبێلی کردە پێداویستییەکی فەرامۆش

نەکراو. بۆیە کاتێك ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرهەمهێنانی هەمەلایەنی ئۆتۆمبێلی دەستپێکرد، نرخی نزمی نەوت ئاسانکاری بۆ زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کرد، بۆیە ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە 45 ملیۆن ئۆتۆمبێلەوە لە ساڵی 1949دا بەرزبووەوە بۆ 119 ملیۆن ئۆتۆمبێل لە ساڵی 1972دا. لەنێوان ساڵانی 1945 و 1954یشدا، 9 ملیۆن کەس رویانکردە دەوروبەری شارەکان. لە نێوان ساڵانی 1950 و 1976یشدا ژمارەی دانیشتوانی دەوروبەر 85 ملیۆن کەس دەبوو. تا ساڵی 1976، ژمارەی ئەو ئەمریکیانەی لە دەوروبەر دەژیان، لە ژمارەی ئەوانە زیاتر بوو، کە لە ناوەندی شارەکان، یاخود لە ناوچە گوندنشینەکاندا دەژیان.

لە ساڵی 1956دا سەرۆك دوایت دی ئایزنهاوەر، پڕۆژەیاسای دروستکردنی رێگەی خێرای نێوان ویلایەتەکانی ئیمزا کرد، بە پێی ئەو یاسایە سیستمێك لە رێگەی خێرا بنیاتدەنرێت، کە بەدرێژایی 41 هەزار میل ویلایەتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بەکارهێنانی رێگەش لەلایەن ئەمریکییەکانەوە زیاتر بوو. هەر لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا وشەیەکی نوێ داڕێژرا، کە ئەویش وشەی (motel) بوو بەمانای هۆتێل بۆ وەسفی ئەو هۆتێلە بچوکانەی لەسەر رێگە خێراکان لە تەنیشت وێستگەکانی سوتەمەنییەوە دروستدەکران. نەوت بوو هەموو ئەمانەی هێنایە بەرهەم و ئەمریکییەکانیش زۆر زیادەڕوییان لە بەکاربردنیدا کرد.

دیاربوو گریمانەیەکی ساویلکانە هەیە، دەبێت و ویلایەتە یەکگرتوەکانیش هەر بە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لەسەر ئاستی جیهان دەمێنێتەوە3 و حەوت خوشکەکەش بەردەوام نەوتی جیهان کۆنترۆڵدەکەن.

**(4) خۆماڵیکردنی نەوت**

خۆماڵیکردنی ژێرخانی نەوت لە دەستی دەوڵەتە بیانییە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لەو کاتەدا دەیتوانی مێزەکە بەسەر کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆرئاوادا هەڵبگێڕێتەوە، بەڵام تا کاتێکی دورودرێژ زۆرێك لەو دەوڵەتانە بوێری، یاخود شارەزایی تەکنیکی پێویستیان بۆ پرۆسەی خۆماڵیکردنەکە نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، کە ویلایەتە یەکگرتوەکان پشکی شێری لە قازانج بۆ خۆی دەبرد، وەك پاسەوانێکی نێودەوڵتیش وابوو پارێزگاری لە جێگیری نرخ و زامنکردنی دەکرد.4

چاوەڕوانییەکە تا ساڵی 1960ی خایاند، کاتێك یەکەم نیشانەی رابوونی نەتەوەیی و بەهێزترینیان دەرکەوت، چونکە لەو ساڵەدابوو رێکخراوی ئۆپیك دامەزرا. لە دەیەی شەستەکاندا کۆمپانیا ناوخۆییەکانی نەوت بە وریاییەوە چاودێری پێشهاتەکانیان دەکرد، کاتێکیش خۆماڵیکردن لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا دەستیپێکرد، هێشتا بەلای هەندێك کەسەوە وەك شۆك وابوو.

ڤەنزوێلا پیشەسازی نەوتی لە ساڵی 1970دا خۆماڵیکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرکەس پێیانوابوو خۆماڵیکردنەکەی ڤەنزوێلا روداوێکی جودایە و ئەوەی قەزافی کردی جگە لە سەرکێشییەکی بوێرانە هیچی تر نەبوو، ئەم دوو روداوەش گوزارشت لە ئاڕاستەیەك ناکەن لەئارادا بێت. ئەوەی کە ئەم دوو دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەی نەوت وەك دوو دەوڵەتی تاك، دامەزراوە نەوتییەکانیان خۆماڵیکرد، بۆیە کارەکانیان مۆرکی کاری بەکۆمەڵی لەدەستدا.

بەڵام دوای ئەوە و لە 24ی فێبرایەری 1971دا، جەزائیر لەسەدا 51ی ئیمتیازی نەوتی فەرەنسای خۆماڵیکرد. لە ١ی یۆنیۆی 1972دا، عێراق ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی عێراقی خۆماڵیکرد، کە هەریەك لە بریتش پترۆلیۆم، رۆیاڵ دەچ شێل، کۆمپانی فران و کۆمپانی فرانسیز دی پترۆل و مۆبیل و ستاندەرد ئۆیل ئۆف نیوجرسی خاوەنداریێتیان دەکرد. هیچ کاردانەوەیەکی تۆڵەئامێز لەئارادا نەبوو، ئەم پڕۆسەی خۆماڵیکردنانەش بوونە بنەمای دروستبوونی کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت، کە کاریگەرییەکی بەهێزی جیهانیان پەیداکرد وەك کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیە و کۆمپانیای پترۆبرازی ڤەنزوێلا.

تا دەیەی هەشتاکانیش گرنگترین یاریزانە نەوتییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نیوەی باکوری گۆی زەویدا بوون، بەڵام ئەمە بەرەو گۆڕان دەچوو. سەنتەری کێشکردنی جیهانی بەرهەمهێنانی نەوت بەرەو نیوەی باشوری گۆی

زەوی، بەرەو جیهانی تازە گەشەسەندو  دەچوو، بەرەو ئەو دەوڵەتانەی لەململانێدا نقوم ببوون و گەندەڵی تێیاندا گەیشتبووە بەرزترین ئاستی سیاسی. ئەم هەڵوێستەش دەکرێت بەرهەمی نەوتی جیهان لە بەردەم ناسەقامگیری و ناجێگیری و بەرزی نرخدا بهێڵێتەوە. بۆ یەکەمجاریش دیمەنەکە لە «ئارامەوە کە جارناجارێك ماوەی ئاڵۆزی خۆڕسکی تێدەکەوت» گۆڕا بۆ «ئاڵۆزییەك کە جارناجارێك ماوەی ئارامی خۆڕسکی تێدەکەوت».

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ، ویلایەتە یەکگرتوەکان سەبارەت بەنرخی نەوت لەگەڵ سعودیە، چووە رێککەوتنێکی نائاشکراوە، شتێکی رونبوو  رۆژێك لە رۆژان ویلایەتە یەکگرتوەکان دەبێتە هاوردەکارێکی تەواوی نەوت، سعودیەکانیش خۆیان پابەندی ئەم نەوت هەناردەکردنە فرە و هەرزان و نەپچڕاوە کرد، چونکە ویلایەتە یەکگرتوەکان «رازی بوو» نەوتی سعودیە بکڕێت، هەروەها نەوت و خودی سعودیەکانیش بپارێزێت. ئەو رێککەوتنە نائاشکرایە سودی ئاشکرای هەبوو بۆ هەردوو دەوڵەتەکە. هیچ لێدوانێکی هاوبەش لەلایەن هەردو دەوڵەتەکەوە لەبارەیەوە دەرنەچوو، بەڵکو لە راستیدا هەردو دەوڵەتەکە زۆر وریابوون و بەرامبەر یەکتر نهێنیپارێز بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێکگەیشتنە هاوبەشەکە لەئارادا بوو، ئەگەر بە شاراوەییش بێت، ئەوەندەش بەهێز بوو، کە حاڵەتێك لە دڵنیایی زیاد لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بڵاوبکاتەوە.

ساڵی 1974 گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەب و بەدوایشیدا بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، بەتوندی ئەمریکیەکانیان راچڵەکاند. پێیانوابوو «لێکتێگەیشتنێك» هەیە لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبەوە، بەڵام دەربازبوون لەو وەهمە کورتخایەن بوو بۆ ئەمریکییەکان، بۆیە سەرەڕای دابەزینی بەکاربردنی نەوت لە ئەمریکا بۆ 16 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە لە ساڵی 1975 دا، بەڵام سەرلەنوێ بەرزبووەوە تا ساڵی 1979 ئەو کاتەی شۆڕشی ئێران بووە هۆی پاشەکشەیەکی دیکە، کە تا سەرەتای هەشتاکانی خایاند.

**دڵنیابوونی زۆر لە توانای زێدەبەرهەمی نەوت**

**هیچ شتێك دڵنیابوونی زیاد لەپێویستی حکومەت بەرامبەر بە نەوت رون ناکاتەوە هێندەی ئەو هەڵوێستەی لەکاتی سەردانی شای ئێران بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ساڵی 1969 بۆ بەشداریکردن لە پرسەی سەرۆك دوایت دی ئایزنهاوەر رویدا. چونکە دوای کۆتاییهاتنی رێوڕەسمی پرسەکە، شا سەردانی سەرۆك ریچارد ئێم نیکسۆن-ی کرد، کە هێندە نەبوو حوکمی گرتبووە دەست. لە کۆبوونەوەکەشیاندا، شا پێشنیاری ئەوەی بۆ نیکسۆن کردبوو، کە بیرۆکەی دامەزراندنی یەدەگێکی ستراتیجی نەوت جێبەجێبکات و پێشنیاری ئەوەیشی خستبووە بەردەست، کە ئێران بۆ ماوەی 10 ساڵ نەوتی خاو بداتە**

**ویلایەتە یەکگرتوەکان -بەبڕی یەك ملیار بەرمیل- لە بەرامبەر نرخێکی جێگیردا، کە بڕی یەك دۆلار بوو بۆ هەر بەرمیلێك.**

**ئەگەر هەر سەرکردەیەکی نەتەوەیی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا سەردانی کۆشکی سپی بکردایە و پێشنیارێکی وەهای بخستایەتەڕو، هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا زیاتر لە خولەکێک دودڵ نەدەبوو، تا قبوڵیبکات، بەڵام لە ساڵی 1969دا نیکسۆن بۆ ماوەی شەش مانگ بابەتەکەی لەگەڵ راوێژکارەکانیدا تاوتوێکرد، دواجاریش بڕیاریدا، کە بیرۆکەکە هیچ باشییەکی تێدا نییە. رەتکردنەوەی ئەم پێشنیارە تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بەخەیاڵدا نەدەهات ئەو کاتە بیر لەوە بکرایەتەوە، کە نرخی نەوت لە ئایندەدا گران دەبێت، یاخود بەدەستهێنانی زەحمەت دەبێت.**

ساڵی 2005 هاوردەی نەوتی ئەمریکا گەیشتە 12.2 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە و گرنگترین دەوڵەتانی هەناردەکاریش بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان بریتیبوون لە کەنەدا، مەکسیك، سعودیە، ڤەنزوێلا و نایجیریا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ناسەقامگیرییەی لەهەندێك لەو دەوڵەتانەدا هەیە، ئەوا ویلایەتە یەکگرتوەکان بەو کارەی سەرکێشییەکی گەورەی دەکرد، بۆیە هاوردەی نەوتی ئەمریکا لە نۆڤەمبەری 2009دا دابەزی بۆ 9.6 ملیۆن بەرمیل.

## پەراوێزەکان:

(1) داتاکان هی دامەزراوەی دەبلیو تی ئاڕ جی ئیکۆنۆمیکسن.

(2) لە کتێبی «حەوت خوشکەکە: گەورە کۆمپانیاکانی نەوت و ئەو جیهانەی دروستیانکردوە»، بانتام، 1991.

(3) بۆ ساتێك وادیاربوو، کە خراوەڕوی نەوت رولەزیادبوونە، چونکە لە ساڵی 1955دا دەوڵەتە پیشەسازییەکان 15.4 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانەیان بەرهەمدەهێنا، لەکاتێکدا بەرهەمی ناوخۆی ئەمریکا 6.85 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە بوو، توانای زێدەبەرهەمیش کە بڕەکەی 4 ملیۆن بەرمیل بوو لەسەدا 26ی بەرهەمی جیهانی و لەسەدا 37ی توانای بەرهەمهێنانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی پێکدەهێنا.

(4) د.رۆناڵد بی گۆڵد گەورە ئابوریناسی جیهانی و گەورە راوێژکاری گروپی بی ئای ئاڕ ئەی ئینێرجی گروپ دەڵێت: «ئەوەی سەقامگیری جیهانی پاراست توانای زێدەبەرهەمی ئەمریکا بوو».

# بەشی 7
# ئەخلاق و نەوت

**ئێمە تەنیا كۆمپانیایەكی نەوت نین ...**

... ئەمە مانای وایە پێشڕەوی جیهان بین لە بەرهەمهێنانی پاكترین سوتەمەنی بەردین و گازی سروشتی ...

... هەروەها مانای ئەوەیە یەكەم كۆمپانیا بین جۆری پاكتری سوتەمەنی سوتاندن دابهێنێت بۆ زۆرێك لە پیسترین شارەكان لەسەر ئاستی جیهاندا ...

... مانای ئەوەشە گەورەترین بەرهەمهێنەری وزەی خۆر بین لە جیهاندا.

**یەكێك لە ریكلامەكانی كۆمپانیای بی پی، دیسەمبەری 2000**

بە پێی هەندێك لە خەمڵاندنەكان، هەڵمەتی ریكلامكردن بۆ كۆمپانیای بی پی، نزیكەی 250 ملیۆن دۆلاری تێچووە. وادیاریشە ئەو پەیامەی ئەم هەڵمەتە دەینێرێت بریتییە

لەوەی بی پی، هەرگیزبەهیچ شێوەیەك کۆمپانیایەکی نەوت نییە، بەڵکو کۆمپانیایەکە بۆ وزەی جێگرەوە.

بانگەشەکارانی پاراستنی ژینگە پێیانوابوو، ئەمە سوکایەتیپێکردنە. لەم بارەیەوە ئیریك دیزنهۆڵ،1 کە کۆمپانیایەکی پەیوەندی گشتی لە واشنتۆن بەڕێوەدەبات و کاروباری ژمارەیەك لە گەورە کۆمپانیاکانی نەوتی گرتۆتە ئەستۆ، دەڵێت: «رێکخراوی ئاشتی سەوز شێت بوو»، هەروەها دەڵێت: «هەندێك لە بەڕێوەبەرانی کەرتی نەوت پێیانوابوو بە خەرجکردنی ئەو هەموو پارەیە لەپێناو ئەوەی بڵێن ئێمە لەبنەڕەتدا کۆمپانیایەکی نەوت نین، ئەوا کەناڵەکانی میدیا بێدەنگدەکەن، بەڵام هەڵمەتەکە وای لە رۆژنامەنوسان و بانگەشەکارانی پاراستنی ژینگەش کرد ئارەزو بکەن جدیانەتر بەدوای مەسەلەکەدا بچن. هەوڵمدا کۆمپانیاکانی پترۆکیمیاوی پەشیمان بکەمەوە تا ریکلامێك نەکەن، بە ئاشکرا نکوڵی لە راستی خۆیان بکەن».

هەوڵەکەی بی پی بۆ داڕشتنەوەی براندەکەی بەوەی «تەنیا کۆمپانیایەکی نەوت نییە»، هەوڵێکی بوێرانە بوو. بەڵام هەوڵی قەناعەتپێکردنی جەماوەر بەوەی بی پی کۆمپانیایەکی نەوت نییە، کارێکی زەحمەت بوو، بە تایبەتی -وەك دیزنهۆڵ پێشنیاریکرد- «کاتێك رێژەی لەسەدا 99ی ئەو کاری هەڵکەندنانەی کۆمپانیاکە ئەنجامیاندەدات لەبواری سوتەمەنی بەردیندا بێت. خەڵك درك بەوە دەکات. ئەم کارەش زیاتر لە هەر شتێکی تر ئەو بڕوایەی لەلای بانگەشەکارانی پاراستنی ژینگە دروستکرد، کە کۆمپانیاکانی نەوت بە ئەنقەست هەوڵی شۆردنەوەی مێشکی خەڵك دەدەن.».

* * *

بۆ زۆرینەی کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆرئاوا، یەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم دۆزینەوەی کێڵگەی نوێی نەوت و هەڵکەندنیان، خۆی لە مەسەلەی پێودانگە ئەخلاقییە دووفاقییەکاندا دەبینییەوە. چونکە کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆرئاوا، بەتایبەتی ئەوانەی لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندان، روبەڕوی گوشارێکی جەماوەری و یاسایی گەورە دەبنەوە تا بایەخ نەك تەنیا بە ژینگە بدەن، بەڵکو بایەخیش بە بابەتی بەرتیل، گەندەڵی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان بدەن، چ لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، یان لە هەر دەوڵەتێکی تری خۆرئاوا یان تەنانەت لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیشدا. هەرچی کۆمپانیاکانی تریشە، بەتایبەتی کۆمپانیاکانی روسیا یان چین یاخود ئەوانەی لە چەند بەشێکی ئەمریکای باشوردان، ئەوا بەردەوام ئەم نەریتانە کۆتیان نەکردون.

لە هەندێك دۆخدا، کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆرئاوا چوونەتە ناوچەی زۆر هەژار و بەڵێنیان داوە کاری ئاژانسە نیمچە حکومییەکان بکەن، بۆیە دامەزراوەی چاودێری تەندروستی و قوتابخانە و خانویان دروستکردوە، بەڵام ئەو کۆمپانیایانە تەنانەت لەو کاتەشدا، کە بەنیازپاکیش سەیرکرابن، ئەوا بوونەتە هۆی هێنانەئارای حاڵەتێك لە مشتومڕ و بێزاری، کە وایکردوە کۆمەڵگە ناوخۆییەکان دابەشبن بەسەر ئەوانەی سودمەند بوون لەخزمەتگوزارییەکانیان و ئەوانەی سودمەندنەبوون. ئەمەش مانای ئەوە نییە کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆرئاوا بەردەوام بەشێوەیەکی ئەخلاقی هەڵسوکەوتیان کردوە. لەبەر ئەم هۆیەش، رەنگە ئەم کۆمپانیایانە هەندێکجار باجی زیاتر

له هەڵسوکەوتی ئەخلاقییان بگرنەئەستۆ، کە ئەگەر لەژێر وردبینی کەمپینی پشکدارانی هەڵسوڕاو یان ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردن، یاخود گروپی هاوشێوەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (بۆ نمونە لە نایجیریا)دا نەبوونایە، ڕەنگە ئەو باجەیان نە کەوتایەتە ئەستۆ.2

روداوی رژانی نەوتی کەشتی نەوتگوێزەرەوەی ئیکسۆن ڤاڵدێزی سەر بە کۆمپانیای ئیکسۆن، پەیوەندی بە زیانی ژینگەیی و پەیوەندییە گشتییەکان و بەرپرسیارێتییەوە هەیە. ئەوە لە ئیسکۆن چاوەڕوان دەکرا ئەو زیانانە چاکبکاتەوە و پاکبکاتەوە، کە بووەتە هۆکاری دروستبوونیان و قەرەبووی قوربانییەکانیش بکاتەوە. دەکرێت کۆمپانیای ئیکسۆن و قوربانییەکان ناکۆکیان هەبێت بن سەبارەت بە رادەی دادپەوەریی ئەو قەرەبووە مادییەی دەبوایە کۆمپانیاکە پێشکەشیبکات، بەڵام کەس گومانی لەوە نەبوو، کە ئیکسۆن بەرپرسیارە لە روداوەکەدا و پێویستە بڕێك پارەی شیاو وەك قەرەبوو پێشکەشبکات. پێویستی مرۆڤ بۆ وزە هەمیشە ئەوەی تێدابووە خۆ لەقەرەی سەرکێشی و مەترسی بەڕادەی جیاجیا بدرێت. وا دیارە باشترین ڕێگەش هەوڵدان بووە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکە بە پێی توانا، تا نزمترین ئاستی، پاشان ئەگەر کارەساتەکەش رویدا، بەخێرایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەشێوەیەکی ئەخلاقی و زۆر بە راشکاوانەش.

### (1) روداوی نەوترژانەکەی کەشتی نەوتگوێزەرەوەی ئیکسۆن ڤاڵدێز

لە 23ی مارسی 1989دا، کەشتی نەوتگوێزەرەوەی ئیکسۆن ڤاڵدێز لە کاتژمێر نۆ و دوانزە دەقیقەی شەو بەندەری

هێڵی بۆری ترانس ئەلاسکای بەجێهێشت. ویلیام مێرفی ڕێبەر لە نۆکەندی ڤاڵدێزەوە نەوتگوێزەرەوەکەی ئاڕاستەکرد، کە درێژییەکەی 986 پێ بوو، هەروەها کاپتن جۆ هازلود-یش لە تەنیشتیەوە بوو، لەکاتێکدا هاری کلار ئاڕاستەکەری کەشتییەکەی بەدەستەوە بوو. پاش ئەوەی کەشتییەکە لە نۆکەندی ڤاڵدێز پەڕیەوە، هازلود بەرپرسیارێتی ژوری لێخوڕینی گرتەدەست. کاتێکیش کەشتی نەوتگوێزەرەوەی ڤاڵدێز لە ڕێڕەوی کەشتیوانیدا روبەڕوی چەند شاخە سەهۆڵێك بووەوە، هازلود فەرمانی بە کلار کرد بەشێوەیەکی کاتی کەشتییەکە لەو ڕێڕەوە دوربخاتەوە و بەدەوری شاخە سەهۆڵەکاندا بسوڕێتەوە. دوای ئەوە هازلود ژوری لێخوڕینی تەسلیم بەئەفسەری سێیەم گریگۆری کازینز کرد، پاشان لەبەر چەند هۆکارێك، کە تائێستا نەزانرون، ئەفسەری ئاڕاستەکەر رۆبەرت کاجان شوێنی کلاری گرتەوە و کازینز و کاجان نەیانتوانی پێچ بە کەشتیەکە بکەنەوە، تا بگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی باری کەشتیوانی.

کەشتیە نەوتگوێزەرەوەکە لەڕێڕەوەکەی لایدا و لە کاتژمێر دوانزە و چوار خولەکی بەیانی 24ی مارسی 1989 خۆی کێشا بە کەناری بەردینی پلەی ریف-دا، لەو کاتەشدا کاپتن هازلود لە ژورەکەی خۆیدا بوو.

**(1-1) خاوێنکردنەوە**

خاوێنکردنەوەی ئەو نەوتە ڕژاوەی بە هۆی کەشتی نەوتگوێزەرەوەی ڤاڵدێزەوە رویدا زیاتر لە هەر نەوتڕژانێکی دیکەی لە مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا ئامێر و کرێکار و

کاتی ویست، چونکە زیاتر لە یانزە هەزار کەس و هەزار و چوار سەد کەشتی و هەشتا و پێنج فڕۆکە لە ساڵی یەکەمدا بەشداریان تێداکرد، لە ئەپرێلی ساڵی 1989وە درێژەی کێشا بۆ سێپتەمبەری 1989. هەوڵەکانی خاوێنکردنەوە لە ساڵانی 1990 و 1991دا لە مانگەکانی هاویندا بەردەوامبوون و لەگەڵ چاودێرییەکی سنورداری کەنارەکەدا لە مانگەکانی زستاندا.

بەدرێژایی ساڵێك و چەند مانگێك دوای روداوەکەش، ئیکسۆن گیرۆدەی مۆتەکەیەك بوو سەبارەت بە ناوبانگی خۆی، لە کاتێکدا خەڵك لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بینییان چۆن نەوت کەناراوەکانی پیسکردوە و باڵندەکانی کەنار دەریا بە باڵی نەوتاویانەوە هەوڵی فڕین یان مەلەکردنیان دەدا. خەڵك پێیوابوو ئەم روداوە بەڕاستی پیسکردنێکی ناشرینی ناوچەیەکی پاك و گرنگە لەڕوی ژینگەییەوە، کە پەناگەی چەندین جۆر گیانداری وشکانی بوو لەوانەی هەڕەشەی قڕبوونیان لەسەرە. لەپاش روداوەکەی کەشتی نەوتگوێزەرەوەی ڤاڵدیز، کۆنگرێس یاسای قەدەغەکردنی پیسکردنی ژینگەی لە ساڵی 1990دا تێپەڕاند.3

**(2-1) هۆکارەکانی روداوی نەوتڕژانەکەی کەشتی نەوتگوێزەرەوەی ئیکسۆن ڤاڵدیز چین؟**

دوای کۆتاییهاتنی لێکۆڵینەوەکان، ئەنجومەنی نەتەوەیی سەلامەتی گواستنەوە پێنج هۆکاری بۆ کەنارگرتنی کەشتییەکە دەستنیشانکرد، بریتین لە:

(1) شکستی ئەفسەری سێیەم لە پێچپێکردنەوەی کەشتییەکەدا بەشێوەیەکی دروست، هۆکاری ئەوەش ڕەنگە هیلاکی و بارگرانی زۆری کارکردن بێت.

(2) کاپتنی کەشتییەکە بەشێوەیەکی شیاو سەرپەرشتی کەشتوانی نەکردوە، کە ڕەنگە ئەوەش بۆ خواردنەوەی ماددەی کهولی بگەڕێتەوە.

(3) کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل بۆ بارگواستنەوە چاودێری کاپتنی کەشتییەکەی نەکردوە، یاخود ژمارەی پێویست کارمەندی بۆ دابیننەکردوە لەوانەی بارگرانی کارەکانی کەشتی نەوتگوێزەرەوەی ڤالْدێزیان لەسەرشان نەبێت.

(4) پاسەوانانی کەناردەریای ئەمریکا سیستمێکی هاتوچۆی کاریگەریان بۆ جموجوڵی کەشتییەکان دابیننەکردوە.

(5) کەموکوڕی لە هەریەك لە ئاراستکردنی چالاك و خزمەتگوزارییەکانی کەشتییەکەدا هەبووە.

سەرەتا حوکمی غەرامەکردنی ئیکسۆن بە بڕی پێنج ملیار دۆلار دەرچوو وەك قەرەبوویەك لەبەرامبەر ئەو زیانانەی خستبوونیەوە، بەڵام کۆمپانیاکە پێداچوونەوەی بۆ حوکمەکە کرد، ئەمەش تەمەنی وەرگرتنی قەربووەکەی بۆ چەند ساڵێك درێژکردەوە.

دواجار لە بیست و پێنجی یۆنیۆی ساڵی 2998دا و دوای نزیکەی بیست ساڵ لە ڕوداوەکە، دادگای باڵای ئەمریکا غەرامەکەی بۆ نزیکەی 500 ملیۆن دۆلار کەمکردەوە. لە سی یۆنیۆی ساڵی 2009یشدا ئیکسۆن ڕایگەیاند بەرهەڵستی حوکمەکە ناکات.

**(2) کازاخ گێت**

روداوێکی دیکە هەیە کەمتر کارەساتاویە و ئەو کێشانە دەخاتەڕو، کە روبەڕوی پیشەسازی نەوت دەبنەوە لەپاڵ بەرتیل و ئەخلاقی بەڕێوەبردندا، ئەم حاڵەتەش بە «کازاخ گێت» ناسراوە.

جیمس گریڤن خاوەن کارێکی ئەمریکا و راوێژکاری نور سوڵتان نەزەر بایێڤ سەرۆکی کازاخستانە، کە بەدرێژایی 15 ساڵی ماوەی حوکمڕانییەکەی دەستی بەسەر سامانی نەوتی وڵاتەکەیدا گرتبوو، لەسەر هەژماری هاووڵاتیانی نەبووی وڵاتەکەی سامانێکی گەورەی بۆ خۆی کۆکردەوە.

لە نەوەدەکاندا، باسی ئەوە دەکرا گریڤن 78 ملیۆن دۆلار بەرتیلیداوە بە هەریەك لە نەزەر بایێڤ و نۆرلان بالجیم بایێڤ وەزیری پێشوی نەوتی نەوت و گازی کازاخستان، بۆ ئەوەی هەندێك لە گەورە کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆرئاوا مافی هەڵکەندن لە کێڵگە نەوتییەکانی کازاخستاندا بەدەستبهێنن.

لە ساڵی 2003دا دەسەڵاتداران گریڤن-یان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی جۆن ئێف کەنەدی لە نیویۆرك دەستگیرکرد، لە کاتێکدا بەنیازبوو بە بەفڕۆکەیەك وڵاتەکە بەرەو پاریس بەجێبهێڵێت. تۆمەتی ئەوەیشی ئاڕاستەکرا، کە بەرتیلیداوە بە گەورە بەرپرسانی کازاخستان تا کاریگەری لەسەر دانوستانەکانی پەیوەست بە کێڵگەی نەوتی تەنجیز دروستبکەن، ئەم کارەش بە پێشێلکردنی یاسای کاری گەندەڵی دەرەکی دادەنرێت. داواکاری گشتی ئەمریکا بەڵگەی ئەوەی پێشکەشکرد، کە دەیانسەلماند پڕۆسەی نێودەوڵەتی

گواستنەوەی پارە و شۆردنەوەی پارە و زنجیرەیەك لە كۆمپانیای روكەشی ناوخۆیی و بیانی رویانداوە، ئەوەیشی رونكردەوە، كە كۆمپانیا نەوتییەكانی ئەمریكا لەپێناو بەدەستهێنانی مافی بەكارهێنانی یەدەگە زۆرەكەی نەوتی كازاخستاندا پارە، خشڵی گرانبەها، بەلەمی تیژڕەو، ئۆتۆمبێلی سەر بەفر و پاڵتۆی خورییان بۆ بەكارهێنانی كەسی پێشكەشی بەرپرسانی كازاخستان كردوە.4 كۆمپانیاكانیش – لەوانە: ئیكسۆن كۆربۆرەیشن (ئێستا بەشێكە لە ئیكسۆن مۆبیل) و ئەمۆكۆ (ئێستا بەشێكە لە بی پی) و فیلیپس پترۆلیۆم (ئێستا بەشێكە لە كۆنۆكۆ فیلیپس) - نكوڵییان لەوەكرد هیچ پێشێلكارییەكیان كردبێت و رایانگەیاند هەموو پارەكانیان راستەخۆ ئاڕاستەی حكومەتی كازاخستان كراون.

لە ئۆكتۆبەری ساڵی 2006دا لە كاتێكدا سەرۆك بوش خۆی بۆ میوانداریكردنی نەزەر باییڤ لە ئێوارەخوانێكی فەرمیدا لە واشنتۆن ئامادەدەكرد، سەرلەنوێ مشتومڕ سەریهەڵدایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئیحراجی و كێشەیەكی ئاڵۆز بۆ حكومەتی ئەمریكا. ئێوارەخوانەكە رێكارێكی دیپلۆماسی بوو ئیدارەی ئەمریكا مەبەستی بوو لەڕێیەوە حاڵەتێك لەهاوسەنگی لە پەیوەندییەكانیدا لەگەڵ دەوڵەتێكی جێبایەخی ستراتیجی رولەزیادبوو بێنێتە كایەوە، بەڵام لە هەمانكاتدا ئەو دەوڵەتە تۆمارێكی لەگەندەڵی و ساختەكردنی هەڵبژاردن و پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ هەبوو بە كوشتنی دوو سەركردەی ئۆپۆزسیۆنیشەوە. حكومەتی ئەمریكا روبەڕوی كێشەیەكی ئاڵۆز بووەوە. رەخنەگران رایانگەیاند «رێكخستنی ئێوارەخوانی فەرمی بۆ پیاوێك، كە لە راستیدا لە مافیایەك زیاتر نەبوو، ئەوە دەردەخات ئیدارەی ئەمریكا ئامادەیە دیموكراسی

بکات بە قوربانی، ئەگەر ئەو دیموکراسییە دژ بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی بێت»

یەفگینی ئەی زۆڤتیس لە نوسینگەی نێودەوڵەتی کازاخستان بۆ مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا (کە رێکخراوێکە یارمەتی دارایی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا و سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی وەرگرتوە)، دەڵێت «مافی مرۆڤ چوار دوژمنی هەیە: نەوت، گاز، جەنگ دژی تیرۆر، پایە جیۆسیاسییەکان... لێرەش هەر چواریانمان هەیە».

لەکاتێکیشدا کارمەندانی کۆشکی سپی لە وتووێژدابوون، سەبارەت بەوەی ئایا ئێوارەخوانەکە بەڕێوەدەچێت یان نا و جۆری ئەو تاقمە سینیانەی خواردنیان تێدا پێشکەشدەکرێت، لە مانهاتن درامایەکی یاسایی لەئارادابوو، چونکە داواکاری گشتی ئەمریکا ناوی نەزەر باییێف-ی وەك هاوبەشێکی پیلانگێڕی تۆمەتبارنەکراوی گریفن هێنا. دواجاریش ئیدارەی ئەمریکا ملکەچی رەخنە رولەزیادبووەکان بوو، ئێوارەخوانە فەرمییەکەی هەڵوەشاندەوە.

لە ٥ی نۆڤەمبەری ساڵی 2006دا رۆژنامەی نیویۆرك تایمز نوسیبووی: «ئەو کێشەیەی گریفن-ی تێدا تۆمەتبارە پەنجەرەی بەڕوی ئەو مانۆڕە کیشوەربڕە زۆر مەترسیدارانەدا کردەوە، کە لەکاتی بوونی تێکەڵاوی لەنێوان کۆمپانیا گەورەکانی نەوت و جیهانی سیاسەتدا رودەدەن، ئەم بوارەش گوشاری زۆری پڕتێچوو، بەستنی سەودانامەی نێوان دەوڵەتان و پێکدادانی پارە و کار و فاکتەرە جیۆسیاسییەکانی تێدایە». تا ساڵی 2009یش ئەم کێشەیە یەکلایی نەکرایەوە.

### (3) کۆمەڵکوژی لە دارفور

سەبارەت بەو چیرۆکانەی پەیوەندییان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، دارفور لە سودان بە دیارترین نمونە دەمێنێتەوە. باوەڕ وایە سودان گەورەترین سامانی بەکارنەهێنراو لە کیشوەری ئەفریقیا لەخۆدەگرێت، تەنانەت لە قەبارەدا لە سەرچاوانەش زیاترن، کە لە کەنداوی گینیادا هەن. لەم چەند ساڵەی دواییدا، نزیکەی هەموو کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا بەتەواوی کارکردنیان لە سودان لێ قەدەغەکرا، چەند کۆمپانیایەکی دیکەی خۆرئاواش دوچاری گوشار بوونەوە تا لەوێ کار نەکەن. (بۆ نمونە کۆمپانیای نەوتی کەنەدا «تالیزمان ئینێرجی» لە دادگایەکی ئەمریکا چەند تۆمەتێکی روبەڕو کراوەتەوە، کە پەیوەندییان بە «تێوەگلان لە تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی» هەیە، بە هۆی کارەکانی رابردوی لە سودان).

چەند دەوڵەتێك، کە پێداویستی وزەیان لە پێداویستی ویلایەتە یەکگرتوەکان زیاترە، یان ئەو کۆمپانیایانەی هاندەرێکی ئەخلاقی کەمتریان هەیە - یاخود هەردوکیان - هەڵپەیان بوو بۆ ئەوەی بچنە دارفور بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی رۆیشتنی کۆمپانیاکانی خۆرئاوادا دروست بووبوو.

ئێستا چوار کۆمپانیا هەژمونیان بەسەر پیشەسازی نەوت لە سودان هەیە، بریتین لە: دامەزراوەی پترۆلی نیشتمانی چین (سی ئێن بی سی /پترۆچاینا) و دامەزراوەی پترۆڵ و کیمیاییەکانی چین (ساینۆبك) و پترۆلیۆم ناسیۆنال بێرهاد (پترۆناس، کە کۆمپانیایەکی مالیزیایە) و دامەزراوەی نەوت و گازی سروشتی هندستان - فیدیش (ئۆ ئێن جی سی / ئۆ ڤی ئێل).

بەکارهێنانی داهاتی نەوت لە لایەن حکومەتی سودانەوە بۆ پشتیوانی هەڵمەتەکەی لە دارفور بووەهۆی کوژرانی زیاتر لەدوو سەد هەزار کەس و دەستدرێژیکردنە سەر رێژەیەکی بێشومار لە ژنان و ئەشکەنجەدان و رفاندنی چەندین هاووڵاتی مەدەنی. زیاتر لە 2.6 ملیۆن کەس بە هۆی ململانێکانەوە دەربەدەر بوون و دوو لەسەر سێی دانیشتوانی دارفوریش پشتیان بە یارمەتیەکان دەبەست بۆ مانەوە لە ژیاندا، چونکە لەو جەنگە ناوخۆییەدا نەوت بووە سوتەمەنی بۆ کۆمەڵکوژی و «پاکتاوە ئەتنیکییەی» ئێستا لە ئارادان.

## پەراوێزەکان:

(1) لە دوو چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ ئیریك دیزنهۆڵ لە سێپتەمبەری 2006 و نۆڤەمبەری 2007دا.

(2) راپۆرتێکی رێکخراوی «ئیسنشاڵ ئاکشن ئاند گلۆباڵ ئیکسچەینج» بەناونیشانی»نەوت بەرامبەر هیچ: کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و وێرانی ژینگە و مەرگ وپارێزبەندی لە دەلتای نەیجەر» لە 25ی یەنایەری 2000دا.

(3) یاساکە رێوشوێنی خۆپارێزی لەخۆگرتبوو وەك ناچارکردنی هەر کەشتییەکی نەوتگوێزەرەوە بەوەی بەدەنێکی دووانەی هەبێت.

(4) کریستۆفەر بالا، وتارێك بە ناونیشانی: «ئابڕوچوونێکی نەوتی کازاخستان دەگرێتەوە»، واشنتۆن تایمز، 17ی مایۆی 2003.

# بەشی 8
## خۆپارێزی: دڵنیایی یان جامبازیی؟

گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەب زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو، ئەگەر بۆ بەکاربەرانی نەوت لەخۆرئاواش نەبووبێت، ئەوا بەلانی کەمەوە بۆ ئەو بەرهەمێنەرانەی ئێستا درکیان بەوە کردوە، کە دەوڵەتێك دەتوانێت بەر لەوەی هۆشداری پێشوەخت بدات هەناردەکردتی نەوت رابگرێت و ببێتەهۆی ئیفلیجکردنی ئابوری ویلایەتە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی دیکە. یەکێك لەو رێگەیانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەهۆیەوە روبەڕوی کێشەکە بووەوە خۆی لەدامەزراندنی یەدەگی ستراتیجی نەوتدا بینییەوە، بۆئەوەی خۆی لە هەر روداوێکی سیاسی بپارێزێت لەئایندەدا، بەڵام روداوی

دیکەش هەڕەشەبوون بۆ ئەو ئابوریانەی پشت بە نەوت دەبەستن، وەك زریان، لافاو، وشکبوونی بیرەکان، مانگرتن و شەڕی ناوخۆیی. کۆمپانیاکانی نەوت پێویستیان بە ئامڕازێك هەبوو بۆ خۆپارێزی، جۆرێکبێت لەدڵنیایی لەبەرامبەر هەر روداوێکی نەخوازراو، کە کاریگەری لەسەر نرخی نەوت دروستبکات.

* * *

بۆئەوەی سەکۆیەکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی جۆرێك لەکاڵا بتوانێت خۆی بپارێزێت پێویستی بە دوو شتە: (1) جامبازیکردن بە نرخی کاڵاکەوە لە هەر کاتێکی ئایندەدا. (2) لایەنی دژبەیەك: بەمانای ئەوەی دوو لایەنی جیاواز لە هەردوو سەری پرۆسەی (گرەوەکە)دا بن. بۆئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕەی دراوی نەختینە لێبێتە بەرهەم، کە بەهێزی بکات، پێویستە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی قەبارە گەورە هەبێت و پێویستە نرخی کاڵاکەش مایەی ئەوە بێت گۆڕانی بەسەردا بێت.

کاتێك حەوت خوشکەکە و ئۆپیك باڵادەست بوون، نرخی نەوت لەبنەڕەتدا جێگیربوو، بەو پێیەش جامبازەکان پاڵنەرێکی گەورەیان نەبوو بۆئەوەی بچنە یەکێك لەدوو لایەنەکەی گرەوکردن لەسەر نرخ، بەڵام ئەمبارە بەرەو گۆڕان دەچوو.

بە بێ گەمارۆ نەوتییەکەی عەرەب لە ساڵی 1974یشدا، لە سەرەتای حەفتاکاندا دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە کۆمپانیاکانی نەوت بە ئەنقەست دەبنە هۆکاری کەمبوونەوەی خراوەڕوی نەوت لەپێناو زیادبوونی نرخدا، بەڵام لەبەرئەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا تەنیا دەسەڵاتی بەسەر نەوتی ناوخۆدا هەبوو، یاسا تەنیا کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنەرە ئەمریکییەکان هەبوو، بەوپێیەش هەناردە بەرزبووەوە تا گەیشتە نزیکەی لەسەدا 50ی کۆی بەکاربردن.

دەبوایە گەمارۆکە زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بێت بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان سەبارەت بە ئالودەبوونی بە نەوتی دەرەکی، بەڵام وا نەبوو، بۆیە فرۆشی ئۆتۆمبێلە گەورەکان بەردەوام ریکۆردی نوێی تۆماردەکرد،1 تا ساڵی 1978، بەرزونزمی بازاڕ گەیشتە ئاستێکی هەستیار و هەرکەسێك کەمێك خەیاڵی هەبوایە سودی گرێبەستەکانی ئایندەی نەوتی بۆ دەردەکەوت.

**(1) گرێبەستە ئایندەییەکانی نەوت**

ئیمیت ویتلوك، کە دەڵاڵی پشکەکانە لە کەرتی شەکردا لە کۆمپانیای ئی ئێف هاتون، گەڕانی بەدوای بارودۆخی ئاڵوگۆڕی گرێبەستە ئایندەییەکانی کاڵاکاندا دەستپێکرد تا بزانێت کەسێك هەیە پێشوازی لە بیرۆکەی بازرگانیکردن بە گرێبەستە ئایندەییەکانی نەوت بکات. زۆر کەس گەرموگوڕ نەبوون بۆ بیرۆکەکە، تا ئەو کاتەی ویتلوك چوو بۆ بۆرسەی بازرگانی نیویۆرك. تا ساڵی 1978 نرخی نەوت تا ئاستێکی خۆی بەرز بوو، هێشتاش یادەوەری گەمارۆ نەوتییەکە ئامادەیی مابوو، بۆیە رودانی بەرزونزمییەکی زۆر لە نرخی نەوتدا بەدور نەدەزانرا. بۆرسەش خوازیاربوو بیرۆکەکە تاقیبکاتەوە.

لە بیست و چواری ئۆگەستی 1978دا کلارنس رۆزنباوم لە گۆڤاری «جۆرنال ئۆف کۆمێرس»دا نوسیبووی:

رۆنی گەرمکردنەوە (مازوت) ژمارە 1 و رۆنی سوتەمەنی پیشەسازی ژمارە 6 .... لە بۆرسەی بازرگانی نیویۆرکدا

مامەڵەیان پێوەدەکرێت... لایەنگرانی گرێبەستە نوێیەکان ... دەڵێن پێشبینی نوێی گرێبەستە ئایندەییەکانی نەوت بایەخپێدانی چەندین گەورە بازرگانی سەربەخۆی لە بەشی خۆرهەڵاتی وڵات بۆ خۆی راکێشا. باوەڕیشوایە ئەم بازرگانانە ببنە بنەمای پڕۆسەکانی داهاتوی مامەڵەکردن.

سەرلەبەیانی چواردەی نۆڤەمبەری 1978 مایکل مارکس سەرۆکی بۆرسەی بازرگانی نیویۆرك (نایمکس) و رۆبەرت گرینز بازرگانی خاوەن پێگەی مازوت و سەرۆکی کۆمەڵەی ئیمپایەر ستەیت بۆ پترۆل، لەسەر سەکۆکە راوەستان لەچاوەڕوانی پێشکەشکردنی یەکەم گرێبەستی ئایندەی سەرکەوتوی وزە - مازوت - 2بوون لە یەکەم مامەڵەکردنی بۆرسەدا. گرینز رۆڵێکی میحوەری گێڕا لەدامەزراندنی گرێبەستی مازوتدا، چونکە گرینز بەتەنیا سەرۆکی گروپێکی بازرگانی نەبوو بەناوی «ئەنجومەنی دەڵاڵە نیشتمانییەکانی نەوت»، بەڵکو پشتیوانێکی گرنگی گرێبەستەکە بوو لەڕوی بازرگانی بابەتەکەوە.

ژمارەیەکی کەمی بازرگانی پشك و ژمارەیەکی کەمیش دەڵاڵ هەبوون، کە لەتەنیشت تەلەفۆنەکانیانەوە لە نهۆمی دووەمی نوسینگەکانی دەڵاڵی خۆیان دادەنیشتن. لە کاتژمێر دە و نیوی بەیانیدا زەنگ لێدرا وەك نیشانەی دەستپێکردنی مامەڵەکان لە بازاڕی مازوتدا. سەرەتاکە خاووخلیچك بوو، لە کۆتایی ئەو رۆژەدا تەنیا بیست و دوو گرێبەستی ئایندەیی ئیمزاکران.

ئەگەرچی جامبازیکردن بەنرخی نەوتەوە بەم سەرەتا خاوە دەستیپێکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رۆژە بایەخێکی زۆری هەیە. چونکە لەسەرەتادا، ئەم گرێبەستانە لە بنەڕەتدا بازرگانانی کۆ و گەورەبەکاربەرانی مازوتی لە ناوچەی بەندەری نیویۆرك بۆ خۆی راکێشا، بەڵام هەر زوو بەکارهێنانی لە ناوچەکانی دەرەوەی نیویۆرك و کەرتی دیکەشدا جگە لە مازوت وەك دیزل و سوتەمەنی فڕۆکەدا، بڵاوبووەوە.

### (1-1) کێ گرێبەستە ئایندەییەکانی مازوت بەکاردەهێنێت؟

ئەمڕۆ گربەستە ئایندەییەکان لەلایەن پاڵاوگەکانی پوختەکردنی نەوت و بەبازاڕکەرانی کۆ و بازرگانانی تاکی مازوت و لایەنی دیکە لە گەورەبەکاربەرانی رۆنی سوتەمەنیەوە -کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و کۆمپانیاکانی گواستنەوە بە بارهەڵگر و کۆمپانیاکانی بارکردن- بەکاردەهێنرێن و هەمووشیان وەك ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردنی مەترسییەکان و میکانیزمی نرخدانان بەکاریاندەهێنن.

رەنگە دابەشکەرانی رۆنی سوتەمەنی گرێبەستە ئایندەییەکانی مازوت یاخود گرێبەستی بژاردەی پاراستنی چەند پشکێك لە پابەندی زستانەی خۆیاندا بەکاربهێنن. بۆیە ئەگەر بتوانن گرێبەستەکان بۆ «جێگیرکردن»ی نرخ بۆ خۆیان بەکاربهێنن، ئەو کاتە دەتوانن بەدرێژایی ماوەی بەکاربردنی

زستانەی سوتەمەنی نرخی جێگیر بخەنە بەردەستی بەکاربەرانیان.

رەنگە بازرگانانی کۆ گرێبەستە ئایندەییەکان بۆ پاراستنی عەمباری بەرجەستەی نەوت یاخود پاراستنی کڕینی ئایندەیی نەوت بەکاربهێنن.

هەرچی ئەو لایەنە بازرگانیەشە، کە سوتەمەنی گواستنەوە بەکاردەهێنێت، ئەوا رەنگە گرێبەستی ئایندەیی بۆ خۆپارێزی لە هەر زیادبوونێکی تێچونی سوتەمەنی دیزل و سوتەمەنی فڕۆکە و رۆنی سوتەمەنی ژمارە 2 بەکاربهێنێت.

لە دەرەوەی پیشەسازی نەوتیش، رەنگە کۆمپانیایەکی گواستنەوە یاخود کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی یاخود کۆمپانیایەکی بارکردن، گرێبەستی ئایندەیی وەك ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردنی مەترسی بەمەبەستی نرخدانان و دانانی بودجە و زامنکردنی ئەو سوتەمەنییەی هەیەتی بەکاربهێنێت.

لایەنی نا پیشەسازیش هەن لە بنەڕەتدا گرێبەستە ئایندەییەکان وەك ئامرازێك بۆ جامبازی بەکاردەهێنن.

### (2-1) پیشەسازی رولەزیادبووی وزە

هەر زوش گرێبەستە ئایندەییەکانی تایبەت بە مازوت، گرێبەستی ئایندەیی بۆ جۆری دیکەی بەرهەمە نەوتییەکانی بەدوادا هات. پێنج ساڵ دوای ئەوەش لە 30ی مارسی 1983دا گرێبەستی ئایندەیی نەوتی خاو دەستیپێکرد.

لەساڵی یەکەمی مامەڵەکردن بە گرێبەستە ئایندەییەکانی

نەوتی خاویشدا مامناوەندی ئاستی مامەڵەی رۆژانە 1700 گرێبەست بوو، هەر گرێبەستێکیش 1000 بەرمیل نەوتی دەگرتەوە،2 تەنیا دوای حەوت ساڵ، قەبارەی مامەڵەی رۆژانە گەیشتە نزیکەی شەست هێندە بەتێکڕای 100 هەزار گرێبەست، یاخود 100 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە.

لەو کاتەدا گرێبەستی ئایندەییش بۆ بەنزین و مازوت و گازی سروشتی هەبوون. ئەو شێوازەی جیهان پیشەسازی وزەی پێ بەڕێوەدەبات گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا هاتووە، کاتی دەستپێکردنی بەبازاڕکردنی گرێبەستە ئایندەییەکان، نمونەیی بوو. دەوڵەتانی ئۆپیك ئەو کۆمپانیایانەی نەوتیان خۆماڵی کردبوو، کە کاریان لە وڵاتەکانیاندا دەکرد و دەسەڵاتی نرخدانانیان لە دەستی گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا سەندبووەوە. ئومێدیشان وابوو دواجار بتوانن پرۆسەی نرخدانان بۆ هەموو ئەڵقەکانی بەها ئیدارە بدەن، لە هەڵکەندنەوە بۆ پوختەکردن، تا دەگاتە فرۆشتنی بە تاك، بەڵام بە هۆی گوشارە رولەزیادبووەکانی سەر نرخەوە، ئەندامانی ئۆپیك بۆیان دەرکەوت بەم کارەیان بارگرانییەکی زۆریان دەکەوێتە ئەستۆ.

ساڵی 1979 لە ئەنجامی شۆڕشی ئێراندا بازاڕ بەملیۆنان بەرمیل نەوتی کەمکرد، کەمبوونەوەیەکی گەورەی نەوت رویدا. نرخی نەوت بەتوندی بەرزبووەوە و گەیشتە 39 دۆلار بۆ یەك بەرمیل. دەوڵەتە نەوتییەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی رێگەچارەیەك دابوون تا بواریان بدات نەرمونیانتر بن لە

پرۆسەی نرخداناندا، گرێبەستە ئایندەییەکانیش چارەسەریان پێ بوو، چونکە رێگەیەك بوون بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری گۆڕانکارییەکانی نرخ.

لەساڵی 1979دا کاتێك عێراق پەلاماری ئێرانی دا، ئەو رێژە کەمەی دابەزینی نەوتی خراوەڕوی جیهان، کە لەسەدا 3 بوو، بەس بوو بۆ خوڵقاندنی حاڵەتێك لە هەڵپەکردن بۆ بەدەستهێنانی سوتەمەنی و حاڵەتێکی تری «کەمبوونی نەوت». دواجار لە ساڵی 1980دا نرخ دابەزی ئەو کاتەی رۆناڵد ریگان هەر لە دوای هەڵبژاردنی بەسەرۆك، رێنماییەکانی تایبەت بە دانانی نرخی نەوتی پشتگوێخست. وا دیاربوو جارێکی دیکەش گرێبەستە ئایندەییەکان مەبەستی خۆیان دەپێکن.

ساڵی 1982 ویلایەتە یەکگرتوەکان لە حاڵەتێك لە داکشاندابوو، لە ئەنجامی ئەوەشدا لە ساڵی 1983دا نرخی نەوت بۆ کەمتر لە 30 دۆلار بۆ یەك بەرمیل دابەزی و بەرهەمهێنەری نوێی نەوتیش پەیدابوون. داهاتی نەوتی سعودیە بەتوندی دادەبەزی و پشکی لەبازاڕدا بەرەو کەمبوونەوە دەچوو. دەیانویست بەرهەمهێنانیان زیادبکەن تا ئاستێکی جێگیر لە داهات مسۆگەر بکەن، بەڵام لەبری ئەوە هەوڵیاندەدا توانای بەرهەمهێنانیان بۆ هێورکردنەوەی بازاڕ بەکاربهێنن، بەو کارەشیان خۆیان لەو داهاتەی نەوت بێبەشدەکرد، کە کەسانی دیکە دەستییان دەکەوت. ئەمەش بەئەنقەست و بەدەر لە خواستی خۆیان بوو. پشکەکانی بەرهەمهێنان هەرچەند مانگێك لەلایەن ئۆپیکەوە

دیاریدەکران، بەڵام ئەم سیستمە بەرەو هەرەسهێنان دەچوو، چونکە هەندێك لە دەوڵەتانی ئۆپیك پشکی دیاریکراوی بەرهەمهێنانی خۆیان تێدەپەڕاند.

دواجار سعودیەکان هەستیانکرد بژاردەیان لەبەردەستدا نەماوە و پێویستە بەرهەمی نەوتیان زیادبکەن. بەرهەمی نوێ لە دیسەمبەری 1985دا خرایە بازاڕی نەوتەوە. هەر زوش بەرهەم لە دوو ملیۆن بەرمیلی رۆژانەوە زیادبوو بۆ پێنج ملیۆن بەرمیل. دەستبەجێش لە ساڵی 1986دا هەرەسهێنانی نرخی نەوت دەستیپێکرد. تا مانگی ئۆگەستیش، نرخی نەوت بۆ خوار 9 دۆلار بۆ یەك بەرمیل دابەزیبوو. ئەو کاتەش جیهان بۆی رونبووەوە، کە سعودیەکان توانای کۆنترۆڵکردنی نرخیان لەدەستداوە.

### (2-1) ئەوساڵەی ئۆپیك کۆنترۆڵی نرخی لەدەستدا

هەرەستهێنانی نرخی نەوت لە ساڵی 1986دا خاڵێکی جیاوازی وەرچەرخانبوو، چونکە بۆ جیهانی دەرخست کە لەڕوی نرخەوە ئۆپیك خاوەنی کۆنترۆڵی راستەقینە نەبوو. رێکخراوەکە نەیتوانی نرخ بەرزبکاتەوە ئەو کاتەی خراوەڕو زیاد بوو. بەم پێیەش دەبوایە جیهان روبکاتە بازاڕی گرێبەستە ئایندەییەکان، لەپێناو خۆپاراستن لە مەترسییەکان و بەمەبەستی جێگیربوونی بەها.

**شتێکی مسۆگەر نەبوو، کە بتوانیت کێڵگەیەکی نەوت بدۆزیتەوە و دەوڵەمەند ببێت وەك لە زنجیرە تەلەفزیۆنی بیفرلی هێڵبیلیزدا بینیوتە، بۆیە کاتێك نرخی یەك بەرمیل**

**نەوت دە دۆلار بێت، ئەو پرسیارە دەکەیت، کە ئاخۆ لە بنەڕەتدا قازانج دەکەیت ئەگەر دەست بەهەڵکەندن بکەیت بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا. نرخ کێشەیەکی مەزن بوو، ڕۆژانە بەرزونزمی لە نرخدا ڕویدەدا. هەموو کەسێك دەیتوانی سەیری شاشەکەی بکات و نرخی نەوت بزانێت. لەبەر ئەم هۆیە پێموایە ساڵی 1985 خاڵێکی جەوهەری وەرچەرخانە، چونکە بەڕاستی ئەو ساڵەبوو، کە دەوڵەتانی ئۆپیك بەرەو لەدەستدانی کۆنترۆڵی نرخی نەوت دەچوون.**

**مایکل هیلی بازرگانی گرێبەستی نەوت و**

**جێگری یەکەمی سەرۆکی کۆمپانیای فیمان ئینێرجی**

### (4-1) جەنگەکانی سەدام حسێن

هاوکات لە شوێنێکی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ململانێی عەرەب و ئێران سەرلەنوێ سەریهەڵدابووەوە، چونکە لە ساڵی 1980دا عێراق، کە سەدام حسێن حوکمی دەکرد، هێرشیکردە سەر ئێران، کە ئایەتوڵڵا خومەینی حوکمی دەکرد، لەو کاتەدا سەدام حسێن پێیوابوو ساتی لاوازیی ئێرانە، واتە ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی ئێران، بەڵام ئێران زۆر لەوە بەهێزتر بوو، کە سەدام حسێن ئومێدی دەکرد و جەنگەکە هەشت ساڵی خایاند، بەشێوەیەکی گشتیش لە جەنگەکەدا عێراق بە سەرکەوتو لەقەڵەمدرا.

تا ساڵی 1990 سەدام لەژێر زەبری گورزێکی دووسەرەدا دەیناڵاند ئەویش خۆی لە دابەزینی نرخی نەوت و قەرزەکانی جەنگدا دەبینیەوە، کە دەگەیشتە 75 ملیار دۆلار. چانسێکی

گەورەی نەبوو بۆئەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە لە قەرزەکانی خۆشبن. کاتێکیش کوێت داواکاری سڕینەوەی قەرزەکەی ڕەتکردەوە، کە بڕەکەی 75 ملیار دۆلار بوو، سەدام حسێن لە هاوینی 1990دا کوێتی داگیرکرد، بەو هیوایەی دەستبەسەر کێڵگە نەوتییەکانی کوێتدا بگرێت و کردەوە سەربازییەکانیشی فراوانتر بکات، تا دەگاتە گەورەترین دەوڵەتی بەرهەمێنەری نەوت، کە ئەویش سعودیەیە.

لەگەڵ داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام حسێنەوە، نرخی نەوت بەتوندی بەرزبووەوە و گەیشتە 41 دۆلار بۆ یەك بەرمیل، بەڵام لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگدا، سەرلەنوێ نرخ ڕوی لە دابەزین کردەوە و لە ساڵی 1994دا نرخی یەك بەرمیل نەوت گەیشتە 13 دۆلار. چیتریش کەمی بەرزونزمی نرخ کێشەی بۆ گرێبەستە ئایندەییەکانی نەوت دروستنەدەکرد.

### بۆچوونێك: «جامبازەکان بازاڕ کۆنترۆڵ دەکەن»

**هیچ حکومەتێك بایەخ بە ڕوداوەکان نادات، چونکە جامبازەکانن، کە کۆنتڕۆڵی بازاڕیان کردوە، نەك کۆمپانیاکانی نەوت، نەك ئیکسۆن یان بی پی یاخود شێل یان کۆمپانیاکانی هاوشێوەیان، بەڵکو جامبازەکان و لایەنە کاریگەرەکانن لە جیهانی بازاڕی دراودا، کە دەشترۆیشتوون، چونکە ئەوان کڕین و فرۆشتن بە نەوتی خاوەوە ناکەن لەبەر هەر هۆیەك بێت، بەڵکو یاری بەم کاڵایە دەکەن. بەمشێوەیەش دەکرێت بڕێکی زۆر پارە کۆبکرێتەوە.**

**فازڵ غەیس، توێژەری بواری نەوت لە کۆمپانیای ئۆبنهایمەر و هاوبەشەکانی4**

## (5-1) بازاڕی گرێبەستە ئایندەییەکانی نەوت لە سەدەی بیست و یەکەمدا

ئەمڕۆ پاش هاتنەکایەی گرێبەستە ئایندەییە جیاجیاکانی نەوت، دەرگای مامەڵەکردن کراوەیە و پڕۆسەکەش تەواو شەفافە. گرێبەستە ئایندەییەکانی نەوتی خاو چیتر بەتەنیا پێوەری سەرەکی ئەژمارکردنی نرخ نین لە بازاڕی جیهاندا، بەڵکو بوارێکیشیان بۆ ئەو لایەنانەش کردۆتەوە، کە تەنانەت پەیوەندیشیان بە بازاڕی وزەوە نییە. هەندێکجار خێرایی جموجوڵی نرخ و بەرزونزمییە زۆرەکانی، کە ناتوانرێت پێشبینی بکرێن، بوونەتە هۆی هاندانی جامبازەکان تا بێنە ئەم بازاڕەوە، ئەمەش بووەتە مایەی بەرزبوونەوەی بازاڕی مامەڵەی دارایی و بازاڕی گرێبەستە ئایندەییەکان بۆ ئاستێکی زۆر. میکانیزمی خواست و خستنەڕو تەنیا فاکتەری گرنگی دیاریکردنی نرخ نەبووە، بەڵکو پێشبینییەکانی خواست و خستنەڕوی، کە لەسەر جامبازی بنیاتنراون، هۆکار بوون. لەمبارەشەوە پرسیاری جدی وروژێندراون سەبارەت بەوەی ئاخۆ گەورەبازرگان و جامبازەکان بەکردەوە دەتوانن یاری بە بازاڕ بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

هەرچەندە بەڕێوەبەرانی نایمکس ئەو بیرۆکەیەیان ڕەتکردەوە، بەڵام مشتومڕ هەر بەردەوام بوو سەبارەت بەوەی ئاخۆ مامەڵەکردن بە زیادکردنی ئاشکرا، لەبەرامبەر مامەڵەکردنی ئەلیکترۆنی، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نرخی نەوت هەیە؟ یەکێك لە توێژەرەوەکانی بواری نەوتیش بازاڕی جامبازی بە «هۆڵێکی جیهانی قومار» وەسفکرد.

هەندێك لە ڕەخنەگران ڕایانگەیاند یاری بە بازاڕی گرێبەستە ئایندەییەکان دەکرێت، بەڵام پێناچێت بەئاشکرا ئەو جۆرە یاریکردنە هەبێت، ئەگەرچی دان بەوەدا دەنرێت، کە جۆرێك لە جامبازی لەئارادایە. چونکە ژمارەی ئەو لایەنە بەشدارانەی بەرژەوەندییە جیاوازیان هەیە و ڕۆژانە بازرگانی دەکەن، زۆر لەوە زیاترە ڕێگە بە یاریکردنی لەوجۆرە بدرێت. کارێکی نیمچە مەحاڵیش دەبێت بۆ ئەم لایەنانە، کە کۆببنەوە و پیلان بگێڕن بۆ ئەوەی بازاڕ بە ئاڕاستەیەکدا بجوڵێنن، بۆیە یەك «بازاڕ دروستکەر» نییە، بەڵکو سەدان لایەن ڕۆژانە بەشداری لە پڕۆسەکانی بازاڕدا دەکەن.

**«هەموو کەروێشکە خاووخلیچکەکانمان ڕاو کردوە»**

**وتەیەکی بەناوبانگ لە ویلایەتە یەکگرتوەکان هەیە دەڵێت: «هەموو کەروێشکە خاووخلیچکەکانمان ڕاوکردوە». دۆزینەوەی نەوت چیتر دەوڵەمەندی مسۆگەر ناکات، بەڵام هێشتا هەندێك کەروێشکی خاووخلیچك لە ناوچەکانی تری جیهاندا هەن، لەوانەش ڕوسیا. مەبەستیش لە دەستەواژەی «کەروێشکە خاووخلیچکەکان» ئەو بیرە نەوتانەی تەنکەبوارە، کە دەتوانرێت بە بێ تێچونی زۆر بدۆزرێنەوە. لە ئێستاشدا، ئەگەر بتەوێت نەوت لە ئاوی ئەمریکادا لە کەنداوی مەکسیك دەربهێنیت، ئەوا پێویستە دوو میل لە ژێر ئاودا هەڵبکەنیت. ئەمەش مانای ئەوەیە بنیاتنانی یەك سەکۆ بە ملیاران دۆلاری تێدەچێت و دووساڵیشی پێدەچێت، دواى ئەوەش لەوانەیە زریانێك بیڕوخێنێت.5**

**مایکل هایلی توێژەرێکی بواری نەوت6**

بەرپرسانی بۆرسە سوربوون لەسەر ئەوەی جموجوڵەکانی بازاڕ بە سادەیی بریتیبوو لەو هەڵسوکەوتی بەرزو نزمییەی لە هەر بازاڕێکی ئازاددا هەیە. گەورەیی قەبارەی مامەڵەکردنەکان و تەکنۆلۆجیای مامەڵەکردنیش، کە نیمچە سەرەتایی بوو، لە رۆژانی یەکەمی بازاڕدا ئەو تێڕوانینەیان پتەوترکرد. سیستمی ئاگادارکردنەوە هەبوو، سەرۆکی بۆرسەی نایمکس-یش خودی خۆی ئیمزای لەسەر هەموو مامەڵەکردنەکان دەکرد. هەر کەسێکیش زیاتر لە پەنجا گرێبەستی لە رۆژێکدا دەستبکەوتایە، دەبوایە بناسێندرێت لەلای هەریەك لە سەرۆکی بۆرسە و لیژنەی بازرگانی بە گرێبەستە ئایندەییەکانی کاڵا. پێداویستییەکانی مامەڵەکردن بە وردی دیاریکرابوون. بڕی ئەو دراوەی نەختیەی پێویستبوو رابگەیەندرێت بۆ بەدەستهێنانی پشکێك لە بازاڕی مامەڵەی نەختیدا لەماوەی یەك مانگ لە رۆژی مامەڵەکردنەکەوە دەگەیشتە لەسەدا 50ی بەهای گرێبەستەکە، واتا نزیکەی 6 هەزار دۆلار. پەراوێزەکەشی لەنێوان لەسەدا 5 بۆ لەسەدا 10 بوو، بەڵام سەرۆکی بۆرسەکە دیاری دەکرد. ئیدوارد ئێل مۆرس ئەندامی دەسەڵاتپێدراوی پێشو، گەورە ئابوریناسی وزە لەدامەزراوەی لیمان برازەر دەڵێت: «ئەو جامبازییەی ئەمڕۆ لەئارادایە، گەشەی زۆری دراوی نەختی گرێبەستە ئایندەییەکانی ئێستا، تواناکەی پێبەخشیوە».7

رەنگە جامبازەکان ببنە هۆی هەندێك بەرزونزمی، لەوانەیشە مایەی بەرزکردنەوەی نرخ، یان دابەزاندنی لە کاتێکی دیاریکراودا، بەڵام دواجار ئەوانن، کە لەگەڵ جموجوڵەکەدا دەڕۆن نەك هۆکاری دروستبوونی بن.

لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا، لە کاتێکدا دۆزینەوەی نەوت زەحمەتە و خۆبەدورگرتن لە کەموکوڕی لە خراوەڕوی نەوتیشدا، زەحمەتترە، شتێکی حەتمیە کە دەبێت لایەنە کاریگەرەکانی جیهانی نەوت توانا ئەوەیان هەبێت نرخ لەژێر کۆنترۆڵدا بهێڵنەوە. بازاڕی گرێبەستە ئایندەییەکانی نەوتیش وا دەکات لەتوانادا بێت ئەم کارە ئەنجامبدرێت.

## پەراوێزەکان

(1) لە هەردوو ساڵی 1977 و 1978دا وەکو یەك.

(2) لە پاش بەنزین، پشکی مازوت نزیکەی لەسەدا 25ی کۆی بەرمیلێك نەوتی خاوە.

(3) هەر بەرمیلێك یەکسانە بە 42 گاڵۆن.

(4) لە دوو چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ فازڵ غەیس، 5ی سێپتەمبەری 2006 و 18ی مایۆی 2007.

(5) لە بیست و نۆی ئۆگەستی ساڵی 2005دا زریانی کاترینا کەنداوی مەکسیکی گرتەوە. ئەو زریانەی بووەهۆی کوژرانی 1836 کەس، تەنیا کوشندەترین زریان نەبوو، بەڵکو بووەهۆی کەوتنەوەی گەورەترین زیانیش لە مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا. کەوتنەوەکاری هەندێك سەکۆی نەوتیش نزیکەی ساڵێکی خایاند.

(6) چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ مایکل هایلی، 17ی مایۆی 2007.

(7) چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ ئیدوارد مۆریس، 29ی مایۆی 2007.

# بەشی 9

# چەندە نەوت ماوە؟ تا چەند ویلایەتە یەکگرتوەکان ئامادەی هەڵکەندنە بۆ گەڕان بەدوایدا؟

ساڵی 1956 د.ئێم کینگ هۆبەرت، کە شارەزایەکی جیۆفیزیاییە لە کۆمپانیا نەوتی شێل ئۆیل کاردەکات، گریمانەیەکی خستەڕو دەڵێت: بەرهەمهێنانی سوتەمەنی بەردین (نەوت و خەڵوز و گازی سروشتی)، لەهەر ناوچەیەکی دیاریکراودا بەتێپەڕینی کات شێوەی چەماوەیی زەنگ وەردەگرێت، لەبەرئەوەی دوای دۆزینەوەی یەدەگی نەوتی بەردین، دەستدەکرێت بە دەرهێنانی سوتەمەنی لێی و دەزگای بەتواناتر دروستدەکرێن. سەرەتا بەرهەم بە تێکڕایەکی ئوسی زیاددەکات، بەڵام لەکۆتاییدا دەگەینە

ترۆپکی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنان دەست بە خاوبوونەوە دەکات، تا دەگاتە تێکڕاییەکی کوڕی ئوسی. بەرهەمهێنان لە دەوروبەری ساڵی 1970دا دەگاتە ترۆپك. لەسایەی تەکنیکی پەرەپێدراو و یەدەگی دۆزراوەی نوێشدا، رەنگە بەشی لای راستی کوڕی زەنگەکە درێژ ببێتەوە، بەڵام گریمانە بنەڕەتیەکە ناگۆڕێت، چونکە لەماوەی چەند دەیەیەکدا، نەك سەدە، بەشی زۆری ئەو وزەیە بەکاردەبرێت، کە لەماوەی پێنج سەد ملیۆن ساڵی رابردودا لە قووڵایی زەویدا عەمبار بووە. ئەگەر چەماوەکەی هۆبەرت و بەرواره پێشبینیکراوەکان بەکاربهێنین، ئەوا سەردەمی نەوت لە نزیکەی ساڵی 2060 یان 2070دا کۆتاییدێت.

* * *

پسپۆڕانی نەوتی ئەمریکا بەگشتی لەسەر ئەوە کۆکن، کە لە ساڵی 1950وە لە نێوان 50 بۆ 60 ملیار بەرمیل نەوت لە ویلایەتە یەکگرتوەکان دۆزراوەتەوە و سوتێندراوە. هەروەك بەشێوەیەکی گشتی کۆکن لەسەر ئەوەی لە ساڵی 1950وە هێشتا بڕی 150 بۆ 200 ملیار بەرمیل نەوت لەناو زەویدا هەیە.1 ئەو رایەی هەموان لەسەری کۆك بوون دەیوت بەشی چەند نەوەیەکی داهاتو نەوت ماوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پیاوە بەرەنگاری ئەو رایە دەبووەوە.

ئەگەر بۆچوونەکەی هۆبەرت راست بێت، ئەوا لە ساڵی 1999دا رێژەی لەسەدا 90ی نەوتی شیاو بۆ دەرهێنان لە چل و هەشت ویلایەتەکە (جگە لە هاوای و ئالاسکا)، نامێنێت. ئەمەش پێشبینییەکی کتوپڕی نائاسایی بوو لە کەسێکەوە دەرچووبوو، کە دەبوایە شارەزایەکی جیۆفیزیایی بەڕێز بێت.

تەنانەت تا ئێستاش، پیشەسازی نەوت سەبارەت بە پێشبینییەکەی هۆبەرت دابەشبووە، چونکە سعودیە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لەتوانیدایە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك بەم رێژەیەی ئێستا نەوت دەربهێنێت. ریکس تیلرسۆن سەرۆکی جێبەجێکاری ئیکسۆن-یش بانگەشەی ئەوە دەکات، کە «سەرچاوەی بەکارنەهێنراوی نەوت» هەیە و رەنگە جیهان خاوەنی 3 ترلیۆن بەرمیل نەوتی تر بێت، واتە سێ هێندەی ئەو ژمارەیەی لە مەزەندەکردنی مێژوەکەی سەرەوەدا بەکارهێنراوە و زیاتر لەدوو هێندەی ئەو یەدەگەی لە نمونەکەی هۆبەرتدا پێشبینیکراوە.

بە هەرحاڵ، لە بەرژەوەندی بەرهەمهێنەرانی نەوتدایە باوەڕی زۆریان بە مانەوەی یەدەگێکی زۆری وزە هەبێت، چونکە ئەگەر ئەمە رونەدات، رەنگە بەکاربەرانی نەوت رو لە شێوازی جێگرەوەی وزە بکەن.

وتارەکەی هۆبەرت، کە تیۆرییەکانی سەبارەت بە «کۆتاییهاتنی نەوت» روندەکاتەوە، لە ساڵی 1949دا چاپکرا، بەڵام پیشەسازی نەوت لەو کاتەدا ئەرزشێکی ئەوتۆی بۆ دانەنا. کاتێکیش سەرلەنوێ بیرۆکەکانی لە کۆبوونەوەی ساڵی 1956ی پەیمانگای نەوتی ئەمریکا لەسان فرانسیسکۆ هێنایەوە بەرباس، وتارەکەی هەرایەکی بەرفراوانی نایەوە و زۆر کەس لەبواری پیشەسازی نەوتدا بەگومانەوە لێیان دەڕوانی.

چەند پێشبینییەکی پێشوی دیکەش لێکۆڵینەوەیان لە ئایندەی نەوت کردوە، زۆرێکیشیان -هەروەها ئەو پێشبنییەش، کە دەڵێت هیچ نەوتێك لە هەموو ویلایەتی تەکساسدا نییە- زۆر هەڵەبوون، بەڵام نەدەکرا بیروڕاکانی هۆبەرت بە ئاسانی پشتگوێبخرێن. ناوبانگی ئەو گەیشتبووە ئاسۆیەکی بێسنور، سەرۆك جۆن ئێف کەنەدی-یش کردییە راوێژکار لە ئایندەی سەرچاوە سروشتییەکاندا. ئەو کاتەی لە حەفتاکاندا قەیرانی نەوت سەریهەڵدا، ناوبانگی هۆبەرت گەیشتبووە ئاسمان، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەوەی هۆبەرت پێشبینی روودانی کردبوو، نەبووە پاڵنەری هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار بە وزە، کە بەدوای رێگەی جێگرەوەدا بگەڕێ وەك ئاشی با یاخود دروستکردنی سوتەمەنی ئیسانۆل.

**ئایا ئەمە کۆتایی نەوتە؟**

**لەنێو هەر نەوەد و هەشت دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکەی نەوتی جیهاندا، باوەڕ وایە شەست و چوار دەوڵەتیان ئەو ترۆپکی بەرهەمهێنانەیان تێپەڕاندووە، کە لەڕوی جیۆلۆجییەوە پێشبینیکراوە، لەو دەوڵەتانەش شەستیان گەیشتونەتە چەمانەوەی کۆتایی بەرهەمهێنان.**

هۆبەرت یەکەم کەس نەبوو ئەو بیرۆکەیە بخاتەڕو، کە دەڵێت هەڵگیراوی نەوتی جیهان لە تەواوبووندایە. چونکە لە رۆژانی سەرەتا سەرهەڵدانی نەوت لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا پێشبینی دیکە هەبوون، سەبارەت بە رودانی قاتوقڕییەکی نەوتی نزیك، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزەدەیەمدا کاتێك بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە سەرەتاییەکانی پێنسلڤانیادا بەرەو کەمبوونەوە چوو. دوای ئەوە نەوت لە خۆرهەڵاتی تەکساسدا دۆزرایەوە، بەرهەمی ئەو کێڵگانەش زۆر بوو، بەڕادەیەك پێویستی بەوە کرد لیژنەی هێڵی ئاسنین لە تەکساس ئاستێك بۆ بەرهەمهێنان دابنێت، بەمەبەستی پشتیوانیکردنی نرخ.

ئەوانەی رەخنەیان لە هۆبەرت دەگرت ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە «راستییەکان لەسەر ئەرزی واقیع» باشتر لە تیۆرە زانستییەکان، بە بەڵگەی بەردەوامبوونی نەوت دادەنرێن. کەواتە چۆن ئەوە روندەکەینەوە، کە شارەزایانی بواری جیۆلۆجیای نەوت لە ناوەڕاستی چلەکاندا کۆی یەدەگی

نەوتیان بە 100 ملیار بەرمیل دیاریکردوە، لەکاتێکدا پاش تێپەڕبوونی دەیە و نیوێك ئەم ژمارەیە بە تێکڕای دوو هێندە و نیو زیادیکردوە؟

گومانی تێدا نییە کاتێك هۆبەرت بۆ یەکەمجار تیۆری ترۆپکی نەوتی خستەڕو، رەخنەی زۆری لێگیرا، بەڵام لە ساڵی 1970دا لە راستی قسەکانی دڵنیابوون، ئەویش ئەو ساڵە بوو، کە پێشبینی ئەوەی کردبوو ترۆپکی نەوتی تێدا روبدات، کە بەکردەوەش بەرهەمهێنانی نەوت لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچوو.

### (1) یەدەگە دڵنیاکان لەبەرامبەر یەدەگە چاوەڕوانکراوەکان

کەواتە چۆن رێی تێدەچێت بەپێی راستییە کردارییەکانی ئەرزی واقیع ژمارەکانی تایبەت بە یەدەگی نەوت بەتێپەڕبوونی کات زیادبکەن؟ لەڕوی مێژوییەوە، یەکێك لە هۆکارەکان خۆی لە رودانی پێشهاتێکی ئەرێنیدا بینیەوە، ئەویش دۆزینەوەی گەورەی نەوت بوو، بەڵام زۆرجار، هۆکارەکە جێی گفتوگۆیەکی گەورە نابێت، لەبەرئەوەی ژمارەکانی تایبەت بە یەدەگی نەوت بەرەو ئەوە دەچن ژمارەی گەورە بن، چونکە هەر کۆمپانیایەك یان دەوڵەتێك ژمارەی تایبەت بە یەدەگی نەوتی دڵنیای خۆی پێشکەشدەکات، هەر یەکێکیشیان پەیڕەوی ژمێریاری تایبەت بە خۆی هەیە بۆ یەدەگی «دڵنیا» لەبەرامبەر یەدەگی «چاوەڕوانکراو»دا.

هەرگیز ڕێسای ڕێکخستن بۆ پەیڕەوە ژمێریارییە نەوتییەکان دانەنراوە و لەچوارچێوەیەکی ڕێکوپێکیشدا کۆنەکراونەتەوە، لە هەر جۆرێك بێت.

یەدەگە نەوتییەکان وا پۆلێندەکرێن، کە یان یەدەگی «دڵنیا»ن، یاخود یەدەگی «چاوەڕوانکراو»ن.

یەدەگی دڵنیاش ئەو یەدەگە نەوتییەیە، کە دەتوانرێت بە بڕێکی باش لە یەقینەوە مەزەندە بکرێت –چ لە واقیعی شیکردنەوەی جیۆلۆجیەوە، یاخود داتا ئەندازەییەکانەوە– بەو پێیەی شیاوە بۆ دەرهێنان لەڕوی بازرگانیەوە لە عەمبارە ناسراوەکان و لە هەلومەرجی ئابوری و شێوازی کار و ڕێسای ڕێکخراوەیی حکومی ئێستادا.

بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، یەدەگی چاوەڕوانکراو ئەو یەدەگەیە، کە هەژماریاتی ئەندازەیی و بایۆلۆجی مەزەندەی بوونی دەکەن، بەڵام شیاوی دەرهێنان نییە.

جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە یەدەگە کارێکی خودییە، نەك ڕەها. سەرباری ئەوەش، ڕەنگە هەندێك فاکتەر، لەگەڵ کاتدا بگۆڕێن، تەنانەت ئەگەر کۆمپانیاکەش نیازی پاك بێت، چونکە ڕەنگە تەکنۆلۆجیایەکی دیاریکراو وادەربکەوێت، کە لەسایەی نرخێکی دیاریکراوی بەرمیلێك نەوتدا، لەڕوی تێچونەوە کەمتوانایە، بەڵام لەوانەیە بەتوانابێت لە روی تێچوونەوە ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت بە ڕادەی پێویست بەرزببێتەوە.

ڕەنگە تەکنۆلۆجیایەکی نوێی بەرهەمهێنانیش دابهێنرێت، کە ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار هەژماریاتی سەرەتایی تایبەت بە یەدەگەکان ئەنجامدراوە، بوونی نەبووە.

لەبەرئەوەی ئاشکراکردنی یەدەگی دڵنیا و چاوەڕوانکراوی نەوتی هەر کۆمپانیایەکیش بە ئاماژەیەکی گرنگ دادەنرێت، بۆ ئەدای کۆمپانیاکە لە پیشەسازی نەوت و گازدا. دەکرێت ئەم ژمارانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر نرخی پشکی کۆمپانیاکە هەبێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە کاتێك کۆمپانیاکە بەنیازبێت خۆی هەژمارياتی یەدەگی خۆی بکات.2

## (2) بزوتنەوەی ژینگەیی و لایەنگرانی تیۆری ترۆپکی نەوتی

هەروەها بۆچوونێکی سیاسی هەبوو لە سەرەتای حەفتاکاندا سەری هەڵدا، پێدەچوو کاریگەری لەسەر جیهانی نەوت دروستبکات، ئەویش بزوتنەوەی ژینگەیی بوو. یەکێك لە ئاماژە پێشوەختەکانی رابوونی نوێ لە هۆشیاری ژینگەییدا لە کتێبێکدا خۆی دەبینیەوە، کە ساڵی 1972 بە ناونیشانی «کۆتوبەندەکانی گەشەکردن: راپۆرتێکی پڕۆژەی یانەی رۆما سەبارەت بە تەنگژەی مرۆڤ» بڵاوکرایەوە. بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکە ئەوە بوو، ئەگەر چەندین بۆچوونی دیاریکراو سەبارەت بە هەریەك گەشەی دانیشتوان و پیسبوونی ژینگە و بەرهەمهێنانی خۆراك و بەکاربردنی وزە و داچۆڕاندنی

سەرچاوەکان (بە نەوت و گازی سروشتیشەوە) بەردەوامبن، ئەوا گەشەکردنی دەوڵەتانی پیشەسازی شیاوی بەردەوامبوون نابێت و گەشەی دانیشتوان لەسەر هەسارەی زەوی لەماوەی سەد ساڵدا رادەوستێت.

دواجار و لە ئەنجامی بایەخپێدانی رولەزیادبوو بە ژینگە، ویلایەتە یەکگرتوەکان بەکارهێنانی خەڵوزی کەمکردەوە و دەستیکرد بە پشتبەستن بە جۆری خاوێنتری سوتەمەنی. گەڕان بەدوای نەوتدا زیاتربوون، لەوانەش پڕۆسەکانی گەڕان لە کەناراوەکاندا، تا ئەو کاتەی رژانی نەوت لەبەرامبەر کەناراوەکانی کالیفۆرنیا رویدا و ئیدارەی سەرۆك نیکسۆن فەرمانیدا بە راگرتنی پڕۆسەکانی گەڕان بەدوای نەوت و بەرهەمهێنانی لەبەرامبەر کەناراوەکانی کالیفۆرنیادا. لەگەڵ بایەخدانی زیاتریش بە ژینگە، ناوچەی زیاتر و زیاتر هەبوون، کە هەرگیز هەڵکەندنیان تێدا ئەنجامنەدەدرا، ئەمەش یەدەگەکانی بەردەستی جیهانی کەمکردەوە. گوێپێدانی خەڵکیش لەو کاتەدا بە پەیامی لایەنکرانی تیۆری ترۆپکی نەوتی خاڵێکی گرنگ بوو بۆ بەرەوپێشچوونی تێڕوانینە جەماوەرییە گشتییەکان بەئاڕاستەی هەریەك لە نەوت و ژینگە.

لە ساڵی 1977دا دواجار نەوت لە کەنداوی برۆدۆ لە ئالاسکا بەرهەمهێنرا و هەردوو لایەنی مشتومڕیش سەبارەت بە ترۆپکی نەوتی، لەنزیکەوە چاودێری بەرەوپێشچوونی پڕۆسەی بەرهەمهێنانیان دەکرد. ئەو کێڵگەیە لە ساڵی

1968دا دۆزرایەوە و پاش نۆ ساڵ بەرهەمهێنانی بازرگانی تێیدا دەستیپێکرد، لەو کاتەشەوە، زیاتر لە 11 ملیار بەرمیل نەوت لەو کێڵگەیە دەرهێنراوە. بەهاتنی ساڵی 2006 نوسەرانی بواری نەوت پێشنیاری ئەوەیان دەکرد، کە نەوت لە تەواوبووندایە. بەرهەمهێنان لە ساڵی 1988دا گەیشتبووە 722 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە، بەڵام بەهاتنی ساڵی 2006 دابەزی بۆ 264 ملیۆن بەرمیل، بەهاتنی کۆتایی ساڵی 2007یش بەرهەمهێنان تەنیا 650 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە بوو. کەنداوی برۆدۆ رێچکەی چەمانەوەی هۆبەرتی پەیڕەوکرد، کە لە چلەکانەوە هۆشداری لەهەمان بابەت دەدا. لە ئێستاشدا قسەی لایەنگرانی هۆبەرت بەجدی وەردەگیرێت.

لە ساڵی 2005دا نوسەر و وتاربێژی کۆمەڵایەتی کۆچکردوکیرت فۆنیجت – ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە پسپۆڕی بواری نەوت نییە –، گوزارشتی لە رایگشتی رولەزیادبووی کرد کاتێك بە ئاژانسی ئەسۆشییەتد پرێسی راگەیاند: «دەمەوێت بڵێم ویلایەتی پەنجاویەکەمینی سەرۆکایەتی لە حاڵەتێکی نکوڵیکردندایە، مەسەلەکە وەك ئەوە وایە کلکدارێکی گەورە بەرەو رومان بێت و کەسیش نایەوێت باسی بکات. خەریکە عەمبارکراوی نەوتمان تەواودەکەین و هیچ شتێك نییە جێگایشی بگرێتەوە».

هەموان لەسەر ئەمە کۆك نین، ئیکسۆن مۆبیل چەند ریکلامێکی لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە، کە گاڵتەیان بە تیۆری ترۆپکی نەوتی دەکرد و لایەنگرانی ئەم تیۆرییەیان

وا وەسفدەکرد، کە تەنیا ئامانجیان بڵاوکردنەوەی ترسە. ریکلامەکە باسی ئەوە دەکات، کە دواجار جیهان خاوەنی 4 ترلیۆن بەرمیل نەوتە، کە ئەو بڕەش چوار هێندە لەو بڕە نەوتە زیاترە تائێستا بەکارهێنراوە. ئیکسۆن مۆبیل دەڵێت: «شارەزا جیۆلۆجیەکانی پێیانوایە بەرهەمهێنانی جیهانی نەوت تا ساڵی 2030 بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا دەبێت. لەلایەکی تریشەوە، ئایا لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی نەوتدا نییە هەوڵبدەن قەناعەت بە خەڵك بهێنن، کە نەوت زۆرە بەرادەیەك هیچ پاڵنەرێك نییە بۆئەوەی هەوڵی گەڕان بەدوای وزەی جێگرەوەدا بدرێت؟ ئەمە بێجگە لەو تەکنیکە نوێیانەی دەکرێت نەوت لەو شوێنانە دەربهێنن، کە پێشتر نەدەتوانرا لێیان دەربهێنرێت؟

نوسەر و رەخنەگری کۆمەڵایەتی جیمس کۆنستلەر پێیوایە:

ئەوەی لایەنگرانی تیۆری ترۆپکی نەوتی دیلێن، لەگەڵ واقیعدا یەکدەگرێتەوە. باوەڕبوونیش بە تیۆری ترۆپکی نەوتی تەنیا مانای ئەوە نییە، کە بەرەو حاڵەتێکی تێکچوونی تەواو توند دەچین، بەڵکو مانای ئەوەیشە عەمباری نەوت لەو کاتی تێکچوونەدا لەجۆرە زۆر خراپەکانی نەوت دەبێت... چونکە لە ساڵی 1970وە زیاتر کۆنترۆڵی سەرچاوەکانمان لەدەستدەدەین، کەواتە ئەمە چیرۆکی لەدەستدانی کۆنترۆڵە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە بەسەر ئەو سەرچاوە سەرەکییەی شارستانی دەبزوێنێت، کە ئەویش نەوتە. بەداخەوە ئێمە لە حاڵەتێکداین بەتەواوی ئومێدی تێدا نەماوە....3

دانیال یەرجین سەرۆکی کۆمەڵەی توێژینەوەکانی وزە لە کامبریدج تێڕوانینی سێیەمی هەیە. ئەو باوەڕیوایە بەرهەمهێنانی دەستبەجێ نەزیاد دەکات نە کەم، بەڵکو دەگاتە «دۆخی سەقامگیری» دوای ساڵی 2030وە ئەویش بۆماوەی یەك دەیە یان دوو دەیە، بەرلەوەی بەهێواشی دابەزێتەوە. یەرجین دەڵێت: دیمەنی بەرهەمهێنانی جیهانی لەشێوەی چەماوەی گەشەکردن، یاخود چەماوەی زەنگدا نابێت، وەك هۆبەرت پێشبینیکردوە، بەڵکو نا رێکوپێك دەبێت. کوڕی کەمبوونەوە پلە بە پلە دەبێت زیاتر لە تێکڕای خێرای زیادبوونەکە و پاش ترۆپکە ئەندازەییەکەش زۆر کوڕ دەبێت.

بەپێی شیکردنەوەی کۆمەڵەی توێژینەوەکانی وزە لە کامبریدج لە دۆخی سەقامگیری لە دەیەکانی داهاتودا، پێدەچێت گەشەکردنی خواست هاوتای گەشەکردنی خراوەڕوی نەوتی سروشتی بەردەست بۆ بەکارهێنانی بازرگانی نەبێت. ئەو کاتە پێویستە جۆرەکانی سوتەمەنی شلی نائاسایی، یاخود داهێنراو لە هاوشێوەی ئەو بەرهەمەی لە نەوتی قورسی بیابان و شلەمەنییە پەیوەندیدارەکان بە گازەوە دێت (شلەی گازی سروشتی یان چڕکراوە) و ئەو شلانەی لە خەڵوزەوە دێن، کەلێنەکە پڕ بکەنەوە.

زۆرێك لە توێژەرەوەکان رایانگەیاندوە کارێکی زەحمەتە پێشبینی رودانی ترۆپکی نەوتی بکرێت، لەکاتێکدا زانیاری نوێ و تەکنۆلۆجیای باش دەتوانن

مێژوی ئەو ترۆپکە دوابخەن. لە ساڵی 1997دا سی جەی کامبڵ شارەزای جیۆلۆجی بەریتانیا و جان لاریەر، کە شارەزایەکی جیۆفیزیایی فەرەنسایە و پێشتر بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە کۆمپانیای تۆتاڵ کاریکردوە، هاوکاری یەکیان کرد بۆ شیکردنەوەی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان لە چەند دەوڵەتێکی جیهاندا. کامبڵ رایگەیاند لەگەڵ لاریەر گەیشتوونەتە ئەوەی، کە بەرهەمی نەوتی جیهانی خەریکە لە ترۆپکی نزیك دەبێتەوە. ناوبانگی بۆچوونەکەشیان لەڕێی ئەو وتارەوە بڵاوبووەوە، کە لە گۆڤاری «ساینتفیك ئەمریکان»دا بەناونیشانی «کۆتایی نەوتی هەرزان» نوسیان و تێیدا وتیان: «عەمبارکراوی نەوتی جیهان بەلانی کەمەوە هێشتا بەرەو تەواوبوون نەچووە، بەڵام ئەوەی بەشێوەیەکی هەنوکەیی روبەڕوی کۆمەڵگەکەمان دەبێتەوە، کۆتایی نەوتی زۆر و هەرزانە، کە هەموو دەوڵەتانی پیشەسازی پشتیپێدەبەستن»، لەبەرئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان و هەموو ئابورییە جیهانییەکانیش پێویستیان بە وزە بوو بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەکردنیان، بۆیە رەنگە پێویست بکات پرسیارە راستەقینەکە پەیوەندی بەو کاتەوە نەبێت عەمبارکراوی نەوتی تێدا «تەواو» دەبێت، بەڵکو پەیوەندی بەو کاتەوە هەیە، کە تێیدا بڕیاردەدەین «دەست لە زیادکردن»ی بەرهەمهێنانی نەوت هەڵبگرین لەبەر هۆکاری ژینگەیی یان تێچوونەکەی.

دواجار له ساڵی 2005دا وەزارەتی وزەی ئەمریکا، د.رۆبەرت هیرش شارەزای بواری فیزیا و بەناوبانگی راسپارد بۆ ئەرکی نوسینی راپۆرتێك سەبارەت بەوەی ئاخۆ بیرۆکەی ترۆپکی نەوتی راستییە یان نا و لەحاڵەتێکدا ئەگەر راستی بوو ئەوا دەکرێت چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی توندی رەوشەکە؟ هیرش نوسیویەتی، کە بیرۆکەکە راستەقینە بوو، ترۆپکی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان لەماوەی بیست ساڵدا رودەدات. لە پێشەکی راپۆرتەکەشیدا نوسیویەتی و دەڵێت:

گەیشتنی بەرهەمی نەوتی جیهان بە ترۆپەکەکەی، کێشەیەکی بێ پێشینە دەخاتە بەردەم ویلایەتە یەکگرتوەکان و جیهان، کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی مەترسییەکانەوە هەیە، چونکە لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە ترۆپك، نرخی سوتەمەنی شل و بەرزونزمی نرخ زۆر زیاد دەکەن، بە بێ کەمکردنەوەی گونجاوی کاریگەرییەکانیشی، ئەوا باجە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بێ پێشینە دەبن. بژاردەی گونجاوی سوکردنی بارگرانیەکەش هەن لە هەردو لایەنی خواست و خستنەڕوەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەری بەرجەستەکراویان هەبێت، پێویستە بەر لە گەیشتن بە ترۆپك بە ماوەیەك، کە لە یەك دەیە کەمتر نەبێت، دەست بە جێبەجێکردنیان بکرێت.

راپۆرتەکەی هیرش بۆچوونی وایە ئەم ئاکامانە بەچاوپۆشین لە کاتی رودانیان، خراپ دەبن و دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکان کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بگرێتە دەست و دەست بە بەرنامەیەکی نەتەوەیی بۆ وزە بکات تا یارمەتیدەر بێت لە

گواستنەوە بەرەو جۆری دیکەی سوتەمەنی جێگرەوە.

هەندێکجار دامەزراوە گەورەکانی ئەمریکا ئەو هەستە دەبەخشن، کە پەرۆشن بۆ هێنانەپێشەوە سەرچاوەی جێگرەوەی سوتەمەنی. بەڵام کاتێك داواکارانی ئەم کارە لەناو خودی پیشەسازی نەوتدابن، خەڵك توشی شڵەژان دەبێت، چونکە شتێکی نالۆجیکی دیارە کۆمپانیاکانی نەوت پشتیوانی لایەنگرانی تیۆری ترۆپکی نەوتی بکەن. لە ساڵی 2005دا کۆمپانیای چیڤرۆن بەکردەوە زنجیرەیەك لەو ریکلامانەی کرد، کە لاپەڕەی تەواویان لە رۆژنامەکانی ئەمریکادا داگیردەکرد، ئەم زنجیرە ریکلامە جەختی لەسەر زیادبوونی بەرکاربردنی نەوت دەکردەوە و دووپاتیکردەوە کە:

جیهان 125 ساڵی پێچووە بۆ ئەوەی یەکەم ترلیۆن بەرمیل نەوت تەواو بکات. ترلیۆنی دووەمیش لە 30 ساڵدا تەواو دەکەین... شتێکی رونە، کە قۆناغی نەوتی ئاسان بەسەرچووە... دەتوانین پابەندبین بەوەی پێکەوە کاربکەین و دەست بە پرسیارە قورسەکان بکەین: چۆن پێداویستی وزەی جیهانی تازەپێگەیشتوو، دەوڵەتانی پیشەسازی دابینبکەین؟ ئەو رۆڵە چیە سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە و وزەی جێگرەوە دەیگێڕن؟ باشترین رێگە بۆ پاراستنی ژینگە چیە؟ چۆن دەتوانین هەوڵەکانمان بۆ پاراستنی ژینگە خێرا بکەین؟

ساڵی 2006 تیێری دیمارست سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای تۆتاڵ ئێس ئەی، کە بارەگاکەی لە پاریسە، بە

کۆنگرەی جیهانی گازی لە ئەمستردام راگەیاند، کە بەرهەمی نەوتی جیهان لە ساڵی 2020دا دەگاتە ترۆپکەکەی. کۆمپانیاکانی نەوت خەریکە ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت، کە نکوڵیکردن لە تیۆری کۆتاییهاتنی نەوت، بەرەنگاربوونەوەیەکی ئاشکرای رایگشتی پەرەسەندووە.

لەگەڵ ئەوەشدا و بەچاوپۆشین لەو هەڵوێستانەی گروپی پەیوەندییە گشتییەکانی سەر بە کۆمپانیاکان بڕیاریانداوە لەبەرامبەر ئەم کێشەیەدا بیگرنەبەر، دیاربوو کۆمپانیا گەورەکان بەکردەوە تەنیا کارێکی کەم دەکەن، بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆتاییهاتنی نەوت. یەکێك لەو کارانەی کە تەئکید کراوەتەوە ئەوەیە هەر دۆلارێکی وەبەرهێنراو لە سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوەدا، لە پڕۆسەکانی گەڕان بەدوای نەوت و بەرهەمهێنانی وەردەگیرا، کۆمپانیا گەورەکانیش قازانجی زۆریان لە نەوت دەستدەکەوت.

دەبێت ئەندامانی کۆنگرێس هێزی بزوێنەری پشت پڕۆسەی گواستنەوە بەرەو سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە بن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان بێدەنگ بوون، لە کاتێکدا مشتومڕ سەبارەت بە کۆتاییهاتنی نەوت گەرم بوو. رۆسکۆ بارتلێت (ئەندامی کۆماری ماریلاند) کۆنفرانسێکی سەبارەت بە ترۆپکی نەوتی بۆ ئەندامانی کۆنگرێس رێکخست بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی کۆتاییهاتنی نەوت، بەڵام لایەنگری زۆری نەبوو. رەنگە بەرزی نرخ تەنیا هاندەربێت بۆ گۆڕانکاری.

بارتێلت کاری دەستبەجێی پێ باشە بە ئامانجی هاندانی سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە و جێبەجێکردنی. ئەو دەڵێت»لە ساڵی 1980وە سی ساڵمان لەدەستداوە. دەمانزانی کە هۆبەرت راستی دەڵێت: «سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتوەکان... ئێمە پێویستمان بە تەئکیدکردنەوەیەکی هەمەلایەن هەیە وەك ئەوەی لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا رویدا و کاتێکیش مرۆڤمان نارده سەر مانگ».

هەندێك لە توێژەرەوەکانی بواری نەوت رونیدەکەنەوە، کە نرخی بەرزی نەوت بوو دەرفەتی ئەوەی بە لایەنگرانی تیۆری ترۆپکی نەوتی بەخشی بیر و باوەڕی خۆیان دەرببڕن. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت 20 دۆلار بووایە، کەس باسی ترۆپکی نەوتی نەدەکرد. هۆگرانی وزەی خاوێن لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا دەرکەوتن، بەڵام ئەوان گیرۆدەی خودی کۆمپانیا تازەپێگەیشتووەکانن، چونکە ئەو نرخانەی دەیانخستەڕو زۆر بەرزبوون، بەڕادەیەك رێگربوون لەو بەرهەم زۆریەی لە گەورەیی قەبارەی بەرهەمهێنانەوە دروستدەبێت.

**زۆرێك لە سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە کەموکورییان هەیە:**

• چونکە بەکارهێنانی ئیسانۆل دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخی خۆراك.

• دیارە وزەی ئەتۆمیش ئومێدبەخشە، بەڵام ئەوانەی

هەردوو روداوی چێرنۆبل و سی مایڵ ئیلاند-یان لەبیرە، زەحمەتە حەماسیان بۆ ئەم بژاردە ئەتۆمییە هەبێت.

• وزەی خۆر بنیاتنان و دانانی پلێتی تیشکی خۆر دەگرێتەوە، بەڵام کەس نازانێت ئاخۆ ئەو وزەیەی لێی بەرهەمدێت، بەش دەکات یان نا.

• دواجار، هێشتا وزەی با -ئەو چارەسەرەی تی بۆن بەیکنز پێشڕەوی کاروباری نەوت بەباشی دەزانێت- نەسەلمێندراوە لەڕوی ئاسانی جێبەجێکردن و گونجاوی تێچوونەکەیەوە.

**گالیلیۆ و وەرچەخانی چەمکەکان**

**دان ماینەر هەڵسوڕاوی لایەنگری تیۆری ترۆپکی نەوتی و جێگری یەکەمی سەرۆك و بەرپرسی خزمەتگوزاری کاروبارەکان لە کۆمپانیای لۆنگ ئیلاند دیڤلۆپمێنت کۆربۆرەیشن تێڕوانینێکی هەنوکەیی هەیە، کە هاوشێوەیەکی پێشوی هەیە لە مێژودا.**

**ماینەر دەڵێت: «لێکەوتەکانی کۆتاییهاتنی سوتەمەنی زۆر نیگەرانکەرن. گالیلیۆ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە سەرانی کەنیسەی ڕاگەیاند زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، ئەمەش وەرچەرخان بوو لە چەمکەکاندا، پێیانوت: «دەتکوژین، چونکە ئەوەی دەیڵێیت دژەباوە». بیرۆکەی ئەوەی سوتەمەنی بەردین، کە بەم رادەیە پشتی پێدەبەستین، ئەوەندە گرانبەها بێت بە بەردەوامی بیرۆکەیەکی تۆقێنەرە و تەواو دژەباوە، کە ئەویش چەمکێکی مەترسیدارە. ئەو بۆچوونی وایە، کە دەبێت قبوڵیبکەین و بەجدی وەریبگرین، لەبەرئەوەی ئەگەر بەردەوام بین لەسەر**

**پشتگوێخستنی و واپیشانبدەین، کە بوونی نییە، پاشان چاوەڕێی ئاکامەکانی بکەین، ئەوا کاتی تەواومان نابێت بۆ خۆگونجاندن و ئەو کاتەش لە بارێکی نائاساییدا دەبین».**4.

کۆتاییهاتنی نەوت پەیامێکی بەئازارە و کەس نایەوێت بیبیستێت، چونکە بەزیانە بۆ کاروبار و وای بۆ دەچێت، کە شێوازی هەڵسوکەوتی باو و قۆناغی خۆشگوزەرانی ئاسان تێپەڕیوە و بەسەرچووە.

هەندێك شارەزای ستراتیجی دووپاتیدەکەنەوە ئەم بابەتە تەنیا پێویستی بەوەیە پارەی زیاتر بخرێتە بواری توێژینەوە پەیوەندیدارەکان بە وزەی جێگرەوە. بۆ ئەو کارە، پێویستمان بە بەدەستهێنانی کۆدەنگییە نەك تەنیا سەبارەت بە پابەندبوون بە وزەی جێگرەوە، بەڵکو سەبارەت بە دیاریکردنی ئەوەی دەبێت بەدوای کام جێگرەوەیەشدا بگەڕێین.

ئیان بریمەر شارەزای زانستە سیاسیەکانە و پسپۆڕە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و مەترسیە سیاسییەکانی جیهان، هەروەها سەرۆکی گروپی ئۆراسیایە، کە بارەگاکەی لە نیویۆرکە و گروپێکی راوێژکاری پەیوەندیدارە بە مەترسییە سیاسییە جیهانییەکان، بریمەر دەڵێت: «ویلایەتە یەکگرتوەکان توانای ئەوەی نییە وەکو چین بە خەڵك بڵێت: «پێتان خۆش بێت یان نا، پێویستە مامەڵە لەگەڵ وزەی ئەتۆم بکەن». لە راستیدا پڕۆسەی دیموکراسی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان رێگرە لەوەی بەخێرایی مامەڵە لەگەڵ ئاستەنگێکی گەورەی لەم جۆرەدا بکات.

## پەراوێزەکان:

(1) ئەم مەزەندەیە لە سەرەتای شەستەکاندا زیادبوو بۆ 590 ملیار بەرمیل.

(2) ساڵی 2004 ئەو کۆمەڵە کۆمپانیایەی کۆمپانیای دەچ شل-یان پێکدەهێنا دانیان بەوەدا نا، کە مەزەندەی تایبەت بە یەدەگە دڵنیاکانیان بەڕێژەیەکی باش کەم کردۆتەوە کە لە نێوان لەسەدا 20 بۆ 30 دایە. ئەم مەزەندەکردنەوەیە کە هۆکارەکەی وردبینی توندی لیژنەی بازاڕی دراوی ئەمریکا بوو، بووە مایەی دەستلەکارکێشانەوەی فیلیپ واتس سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای شل.

(3) چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ جیم کۆنستلەر، 4ی ئۆکتۆبەری 2006.

(4) چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ دان ماینەر، 7ی سێپتەمبەری 2006.

# بەشی 10
# ڕۆن بۆ چراکانی چین... و هندستان

لە حەفتا و پێنج ساڵی دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی «ڕۆن بۆ چراکانی چین»1، ئەم ناونیشانە وایلێهات گوزارشتی لەخەونی فراوانخوازی ئەمریکای دەکرد بۆ سودوەرگرتن لە بازاڕی چین. ئەو چیرۆکەی کتێبەکە دەیگێڕێتەوە چیرۆکێکی درامییە سەبارەت بە ناپاکی لەجیهانی کۆمپانیاکاندا. کەسایەتییە سەرەکییەکەی سەرمایەدارێکی پەرۆش و نمونەیی ئەمریکایە لەلایەن ئەو کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکاییەی کاری تێدادەکات، دەینێرن بۆ چین، تا بچێتە نێو بازاڕی چینەوە، کە هێشتا سودی لێنەبینراوە. ئەم پیاوە باوەڕیوابوو دەتوانێت لەڕێگەی نەوت و چرای ڕۆنەوە، پێشکەوتن بۆ چین بەدیبهێنێت، بەڵام دواجار وایلێهات لەنێوان حەماسی دۆگمایی بۆ ناسیۆنالیستی

شۆڕشگێڕی چین و دڵڕەقی ئەو کۆمپانیایە ژیانی پیشەیی خۆی پێوە گرێدابوو، گیریخوارد.

ماوەیەکی زۆر جیهان سەرقاڵی ئەوەبوو، چۆن نەوت بتوانێت کاریگەری لەسەر چین دابنێت، بەڵام چین لە کاتێکدا و بە خێراییەك هاتەپێشەوە گونجاوبوون بۆی. ئێستاش ئەو کاتە هاتووە، ئەو خێراییەش کە چین هەنگاوی پێیدەنێت کاریگەری لەسەر هەموو جیهان دەبێت.

* * *

لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا، زۆرێك لە ئەمریکییەکان پێیانوابوو چینییەکان نەتەوەیەکی مەترسیدار و دواکەوتون. باوەڕوابوو، کە رەنگە چینییەکان هەڕەشەبن بۆ سەر خۆرئاوا، بەتایبەتی لەگەڵ توندوتیژی و توانا ئەتۆمییەکەیاندا، هەروەك بەهاکانیشیان زۆر لە بەها ئەمریکییەکانەوە دوربوون.

چینییەکانیش خۆیان هەندێك بیرۆکەی سەرنجڕاکێشی باویان سەبارەت بە خۆرئاوا هەبوو، چونکە وا ئاماژەیان بۆ بیانییەکان دەکرد، کە «بەربەری»ن و خۆیشیان لە دامەزراندنی هەر پەیوەندییەکی فەرهەنگی و بازرگانی لەگەڵیان بەدوردەگرت، لە ترسی ئەوەی نەبادا بیروباوەڕی ئایدیۆلۆجییان خراپ ببێت.

بۆ چەندین ساڵ چینییەکان سیاسەتی دورەپەرێزییان پەیڕەوکرد، کۆمەڵگەکەشیان لە بنچینەدا کشتوکاڵی بوو، بەڵام لە ساڵی 1959دا چین نەوتی لە کێڵگەکانی داکینگ لە خوار دەشتاییەکاتی مەنشوریا دۆزیەوە. ئەگەرچی لەو کاتەدا دەیانتوانی تەنیا بەشێکی بەکاربهێنن، بەڵام دیاربوو دەکرێت زێدەبەرهەم سەرچاوەیەکی باشی داهات بێت.

رێچکەی چین لە ساڵی 1978دا گۆڕا، کاتێك دینگ شیاو بینگ حوکمی گرتەدەست. شیاو بینگ پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوادا بەست، بە مەبەستی هێنانی پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا و شێوازی نوێی کارکردن بۆ چین، ئەویش بۆئەوەی پاڵپشتی بنەما داراییەکانی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکەی پێ بکات.

وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو وەرچەرخانە خێرایەی چین بەخۆیەوە بینی تا ساڵی 1990، پایسكیل پڕچەماوەرترین هۆكاری گواستنەوە بوو لە چین، بەڵام تەنیا دوای بیست ساڵ، لە شارەكانی وەك شەنگهای، پیسبوونی هەوا بە هۆی ئۆتۆمبێلەوە بووەتە كێشەیەكی گەورە. شتێكیش نەمابوو بڵاوبوونەوەی خێرای كولتوری ئۆتۆمبێل رابگرێت، یان خاوی بكاتەوە. كولتوری ئۆتۆمبێلیش وەك ویلایەتە یەكگرتووەكان دركیپێكردوە، دڕندەیەك بوو دەبوو تێر بكرێت، بەم پێیەش ژێرخان و كارگە تازە دروستكراوەكان لە چین پێویستیان بە بڕێك لە سوتەمەنی بەردین هەبوو، كە چین پێشتر بەخەیاڵیدا نەهاتبوو، ئەو بڕە سوتەمەنیەش دەگاتە نزیكەی لەسەدا 12ی خواستی جیهانی لەسەر وزە، كە یەكسانە بە چوار هێندەی تێكڕای بەكاربردنی جیهان لە نەوت.

ساڵی 1984 شیاو بینگ دەستی هاوكاری بۆ خۆرئاوا درێژكرد و رایگەیاند چین پێشوازی لە كۆمپانیا خۆرئاواییەكان دەكات. لە سی یۆنیۆی ئەو ساڵەشدا شیاو بینگ وتارێكی بۆ وەفدی ژاپۆن لە ئەنجومەنی كەسایەتییە ناحكومییەكانی چین و ژاپۆن پێشكەش كرد و رایگەیاند:

ئێمە پێشوازی لە وەبەرهێنانی بیانی و شێوازە پێشكەوتوە بیانییەكان دەكەین. بەڕێوەبردنیش خۆی لە خۆیدا شێوازە. ئایا ئەوانە هەرەس بە سۆشیالیستی دەهێنن؟ بێگومان نەخێر، چونكە كەرتی سۆشیالیستی شادەماری ئابورییەكەمانە. بێگومان وەبەرهێنانی بیانی پشتیوانێكی گەورە دەبێت بۆ بنیاتنانی سۆشیالیستی لە وڵاتەكەماندا. لە ئێستاشدا هەگیز دەستبەرداری ئەم پاڵپشتە نابین.

وەبەرهێنانی بیانی بە سستی، بەڵام بە جێگیری روی لە چین کرد. سەردانیکەران لە سەرەتای نەوەدەکاندا دەیانتوانی ئەو هەوربڕانە ببین، کە دیمەنی سروشتییان لە شارەکاندا لە شەنگهایەوە تا پەکین جوانکردبوو، یاخود دەیانتوانی سەردانی مارکێتی نوێی ووڵ مارت بکەن. هەرچی تەکنۆلۆجیاشە ئەوا مایکرۆسۆفت و گوگڵ بە هەڵپە بوون، بۆئەوەی بچنە نێو بازاڕی چینەوە و ئامادەش بوون هەندێك تەنازول پێشکەشبکەن لەبەرامبەر هێنانەدی ئامانجەکانیاندا. ئەگەرچی زۆربەی دانیشتوانی چین، کە ژمارەیان دەگاتە ملیارێك و سێ سەد ملیۆن کەس، هێشتا هەژارن، بەڵام چاوەڕواندەکرێت چینی مامناوەندی خۆشگوزەرانی چین بە هاتنی ساڵی 2010 ژمارەی بگاتە 100 ملیۆن کەس، بەجۆرێك رێژەکەی دەگاتە لەسەدا 13ی ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتەکە.

**خشتەی بەراوردی گەشەی کۆی بەرهەمی ناوخۆ: چین لەبەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان (سەرچاوەکان: داتاکانی تایبەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکان: وەزارەتی بازرگانی ئەمەریکا، ئۆفیسی شیکردنەوەی ئابوری.**
**داتاکانی تایبەت بە چین: نووسینگەی نەتەوەیی بۆ ئامار، کتێبی ساڵانەی ئاماری چین** 2004، **راپۆرتی نووسینگەی نەتەوەیی ئاماری چین:** http://www.chinability.com/).

| ساڵ | چین (٪) | ویلایەتە یەکگرتووەکان (٪) |
|---|---|---|
| 2004 | 10.1 | 3.1 |
| 2005 | 9.9 | 4.4 |
| 2006 | 11.1 | 3.2 |
| 2007 | 11.4 | 3.2 |

بەهاتنی ساڵی 1993یش کێڵگەکانی نەوت لە مەنشوریا بەشی ئەوەیان نەدەکرد پێ بەپێی ئەو رەوتە خێرایەی

گەشەی سەرسوڕهێنەری دەوڵەت بڕۆن، ئیتر چین بووە هاوردەکارێکی تەواوی نەوت. لەو کاتەشەوە پێشکەوتنی چین زۆر خێرایە بە رادەیەك گەڕان بەدوای سەرچاوەی نەوتدا لە دەرەوەی وڵات زۆر گەرموگوڕ بووە، تەنانەت سەرەڕای هۆشداریدانی پسپۆڕانی بواری ژینگەی وڵاتەکەش سەبارەت بە رودانی کارەساتێکی ژینگەیی و ئابوری، ئەگەر چین لەسەر ئەم رێچکەیەی ئێستای بەردەوام بێت. دەوڵەتانی دیکەی جیهانیش بەهەمانشێوە پەیوەندیداربوون بە کاریگەری چین لەسەر هەناردەی نەوتی جیهان، ژینگە، جوگرافیا، سیاسەت و ئابوری.

بە هاتنی ساڵی 2004یش بەرهەمهێنەرانی نەوت، بەکاربەران، بازرگانان و توێژەرەوەکانی سەرسام بوون بەوەی، کە بینیان دواکاری چین بەرزدەبێتەوە بۆ یەك ملیۆن بەرمیلی رۆژانە. ئەو کاتە چین پێویستی بە وەبەرهێنانی دەرەکی هەبوو لەپێناو دابینکردنی هاوردەی نەوتی ئایندەیدا. بەو پێیەش، کە چین پێویستی بە بنیاتنانی هێڵێکی بۆری بەدرێژی شەش سەد میل لە کازاخستانەوە بۆ چین هەبوو، چینییەکان بنیاتنانی ئەم هێڵەیان گرتە ئەستۆ -کە بەرەو خۆهەڵات درێژدەبێتەوە- هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتوەکان پێی باش بوو هێڵەکە بەرەو خۆرئاوا درێژ ببێتەوە بۆ مۆرمانسك لەسەر دەریای بارنتس، کە پێدەچوو هەرزانتر و گونجاوتر بێت بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان.2

بنیاتنانی هێڵی بۆرییەکان لە دیسەمبەری 2005دا تەواو

بوو، هەڵێنجانی نەوتیش لە بیست و پێنجی مایۆیساڵی 2006دا دەستیپێکرد. لە کۆتایی ساڵی 2006یشدا هێڵەکە رۆژانە دوو سەد هەزار بەرمیل نەوتی بۆ چین دەهێنا، بەڵام ئەمە بە پێی قسەی لاری گۆڵدستین بەس نەبوو، هەروەها دەشڵێت:

لەو ساڵەدا [2004]... هێڵێکی جیاکەرەوەمان تێپەڕاند، چونکە لە قۆناغی زێدەبەرهەمەوە چوینە قۆناغی هاوسەنگی لەرزۆکەوە. کێشەی بەرهەمهێنان لە شوێنێك لەرێی بەرهەمهێنان لە شوێنکی تردا قەرەبوو دەکرایەوە. دەتتوانی خاوی زیاتر لە دامەزراوە و عەمبارەکانی لایەنێکی تردا پوختە بکەیت، کە بە وەکالەت بەڕێوەدەبران، ئەمەش هێڵی یەکەمی بەرگریت بوو. دەرچەی دڵنیایی و ئامرازی کەمکردنەوەی توندی بەریەککەوتن و هەڵمژینت هەبوو، بەڵام لە ساڵی 2004دا ئەم ئامرازانەی هەڵمژینی بەریەککەوتن دیار نەمان و نرخ بووە تەنیا گۆڕاو، کە بتوانیت بەکاریبهێنیت بۆ راستکردنەوەی هەر گرفتێك لە هاوسەنگیدا.3

چین سورە لەسەر بەدەستهێنانی سەرچاوەی پێویست بۆ پشتیوانیکردنی ئابورییە گەشەکردوە بەهێزەکەی و دابینکردنی سامانی نەوت و ماددە خاوە پێویستەکانی دیکەی لە جیهاندا کردۆتە ئامانجی خۆی.

لەسایەی رۆچوونی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش لە شەپۆلێکی دورمەودای ناسەقامگیریدا، چین رویکردە ناوچەیەکی تری گەورەی بەرهەمهێنەری نەوت، کە بە هۆی ئەو مەترسی و

ئاستەنگانەی دەورەیان دابوو، زۆر دەوڵەتی جیهان لە هەژماری خۆیان دەریانهێنابوو، مەبەستیشمان لەمە کیشوەری ئەفریقیایە. خواستی زۆری چین لەسەر نەوت بۆ تێرکردنی ئابورییە گەشەکردوەکەی پەلکێشیکرد بۆ گەڕان بەدوای هاوردەی نەوت لە دەوڵەتانی ئەفریقیادا، لەوانەش سودان، چاد، نایجیریا، ئەنگۆلا، گابۆن، گینیای کەمەرەیی و کۆماری کۆنگۆ.

کەواتە شۆك نییە نرخی نەوتی لە ساڵی 2004دا زۆر بەرزنەبووبێتەوە. لەئەنجامی ئەم بەرزبوونەوەیەشدا لۆمەی چین کرا، بەڵام چینییەکان ئەوەیان ڕاگەیاند، کە خواستیان لەسەر نەوت تەنیا 1,3 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە بووە، ئەوە ڕێژەیەکی کەمترە لەخواستی ویلایەتە یەکگرتوەکان، کە 20,6 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە بوو لە بەشی هەرەزۆری ساڵی 2005دا.

ئێستاش ڕۆبەرت ئیبڵ پسپۆڕی بواری نەوت4 دەڵێت: «چینییەکان هەموو جیهان دەگەڕێن و لە هەوڵی بەدەستهێنانی پشکێك لە نەوتدان. دەوڵەتانی ئەفریقیاش دۆز دڵخۆش بوون بەوە، چونکە چین یەکێك لە کۆمپانیاکانی نەوتی تایبەت بەخۆی دەنێرێت و داوای بەدەستهێنانی بەرهەمی یەکێك لە کێڵگەکان دەکات، پاشان پێیاندەڵێت: «بەم بۆنەیەوە ئەگەر قەرزی یارمەتی سەربازیتان دەوێت، دەتوانین پێتانبدەین». ئەوان ئەوەندە هاندەری فریودەر پێشکەشدەکەن، هیچ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی نەوت ناتوانێت پێشکەشیبکات». دامەزراوەی

نیشتمانی پترۆڵی چین زیاتر لە هەشت ملیار دۆلاری لە کەرتی نەوتی سوداندا وەبەرهێنا، لەوەش وەبەرهێنانێك لە ساڵی 2005 دا، لە هێڵێکی بۆڕیدا بەدرێژایی 900 میل، کە درێژدەبێتەوە بۆ دەریای سور، هەروەها کڕینی کۆمپانیای پترۆکازاخستانی (بە پشکی 11 کێڵگەوە) لە کەنەدا تەواوکرد، هەروەها پلانێکی بۆ وەبەرهێنانی 18 ملیار دۆلار لە پشکە بیانییەکانی نەوت و گازدا تا ساڵی 2020 راگەیاند.

تا یەنایەری ساڵی 2006، چین خاوەنی 18.3 ملیار بەرمیل بوو لە یەدەگی دڵنیای نەوت لە سنوری وڵاتەکەیدا. بۆ ئەوەی چین داواکاری ئابورییە زۆرخۆرەکەی دابینبکات، سیاسەتێکی دڕندانەی هاوبەشیی پەیڕەوکرد لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوتدا. هەندێك لە خۆرئاوا هەستیان بە نیگەرانیکرد، بەڵام وەك مایکڵ ئیلیۆت لە بابەتی سەرەکی گۆڤاری تایمدا سەبارەت بە چین نوسیبووی:5

کەواتە دەکرێت لەتێڕوانینێکی گەشبینانەوە، مامەڵە لەگەڵ ئەو پێگە جیهانییەدا بکرێت، کە چین گرتویەتی... پێویست بە بەرپابوونی نە جەنگ نە کارەسات و نە کێبڕکێی ئابوری لە کۆنترۆڵ دەرچوو ناکات لەنێوان چین و ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، بەڵام لەم سەدەیەدا هەژمونی رێژەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەپوکێتەوە و هەژمونی چین زیاد دەبێت. ئەم کێکە زۆر دەمێکە ئامادەکراوە.

**کۆمپانیا نەوتییەکانی چین کە دەوڵەت خاوەندارییان دەکات**

- **ساینۆبك**
- **پترۆچاینا**
- **دامەزراوەی نیشتمانی نەوتی چین**
- **دامەزراوەی نیشتمانی نەوتی دەریایی چین**

ئەوانەی کەمتر گەشبینن باوەڕیانوایە ویلایەتە یەکگرتوەکان و چین لە ململانێیەکدا لەسەر نەوت تێوەگلاون، کە دواجار بەرەو خراپی دەچێت، یان دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی توندوتیژی. دیاربوو ئەوە ئەگەرێکی دورە ئەگەرچی ئەوەندەش دورنەبوو، کە بەتەواوی فەرامۆشبکرێت. وەك ئامادەکاریش بۆ خراپتر، گەورە پلاندانەرانی سەربازی لە پێنتاگۆن بڕیاریاندا یەکێك لە راهێنانەکان ئەنجام بدەن.6 ئەو سیناریۆیەش، کە سەبارەت بە «یاری جەنگی نەوت» دایان نابوو بەمشێوەیە بوو:

- ئێران هێرش دەکاتە سەر چەند کەشتییەکی بارهەڵگر لە کەنداوی عەرەب (فارس)دا، پاشان ویلایەتە یەکگرتوەکان ناچاردەکات کاردانەوەیەکی بەهێزی هەبێت.
- دوای ئەوە چین هێرش دەکاتە سەر تایوان.
- ویلایەتە یەکگرتوەکان ناچاردەبێت هێزەکانی دابەشبکات، بۆئەوەی بتوانێت وەڵامی هەر ئاستەنگێکی سەربازی داهاتو بداتەوە.
- دوای ئەوە ڤەنزوێلا ژێردەریایی دەنێرێتە کەنداوی

مەکسیك و ژێردەرياييەکانی دەچنە پاڵ ژێردەرياييەکانی چين و موشەك ئاڕاستەی دامەزراوەکانی ئەمريکا و مەکسيك دەکەن.

• شانشینی یەکگرتو دێتە مەیدان بۆ فریاکەوتنی ویلایەتە یەکگرتوەکان و ژێردەریایی ئەتۆمی هێرشبەر دەنێرێت بۆ ئەوەی ژێردەرياييەکانی ڤەنزوێلا و چين نقومبکات.

• هندستان دەچێتە پاڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان.

• روسیا بەبێلایەنی دەمێنێتەوە و بەشداری جەنگەکە ناکات.

بەلای کەناڵەکانی میدیاوە بیرۆکەی ناردنی ژێردەریایی لەلایەن چینەوە بەرەو لایەکەی دیکەی گۆی زەوی و بیرۆکەی راگەیاندنی جەنگ لەلایەن ڤەنزوێلاوە لەدژی ویلایەتە یەکگرتوەکان، زیاتر بۆ رۆمانەکانی تۆم کلانسی دەگونجان لەوەی سیناریۆیەکی جدی بن و بتوانرێت لە ژورەکانی جەنگی زلهێزەکاندا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی رێکخستنی یارییەکە بەمشێوەیە خۆی لەخۆیدا نیشانەی رادەی ئەو مەترسیەیە، کە دەکرێت دۆخی نەوتی تێبکەوێت.

لە راستیدا وەك نوسەر فاگۆ موراديان 7رونیدەکاتەوە، هەژماریاتە سەربازییەکان سێ فاکتەری سەرەکی پێکەوەگرێدارو کۆیاندەکەنەوە و هەمووشیان پەیوەندییان بە نەوتەوە هەیە، بریتین لە:

(1) دژایەتی تێبینیکراوی ڤەنزوێلا بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان.

(2) سەربەخۆیی گەورەی سیاسی روسیا (کە لە سامانی نەوتی و پیشەسازیی بەرفراوانی هەناردەکردنی چەکەوە سەرچاوەی گرتوە).

(3) ئەگەری هەوڵدانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی بە پاڵپشتی پێگەکەی بەو پێیەی دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لەسەر ئاستی جیهان.

موراديان پێیوایە بیرکردنەوەی ستراتیجی ئەمریکا لەدەوری ئەو سێ فاکتەرە کۆدەبێتەوە سەرباری نیگەرانی سەبارەت بە «هەڵکشانی خێرای هێزی سەربازی چین و پاڵنەری بەهێزی ئەم دەوڵەتە بۆ زامنکردنی سەرچاوە تایبەتەکانی نەوت لەسەر ئاستی جیهان». لەو مەسەلانەش کە ئەم «نیگەرانییە» زیاتر دەکەن ئەو سەوداناماںەیە، کە چین لەگەڵ هەریەك لە ئێران و نایجیریا ئیمزایان دەکات.

لاری گۆڵدستین توێژەری بواری نەوت دەڵێت: «کاتێك ئۆکسجین دەبێتە شتێکی دەگمەن، هەمووماں عەمباری ئۆکسجینمان دەوێت... نەوتیش بە بەها بووە، چونکە درکمان بەوەکردوە، کە کەمە. بەمپێیەش ئەو تاکە شتەی چین بەرگەی ناگرێت ئەوەیە، توانای بەدەستهێنانی نەوتی نەبێت».

بەکورتی، بەبێ هەرا و ریکلامی پێشوەخت، چین بووەتە ئەکتەرێکی سەرەکی نەوت بە هۆی توێژی ناوەندیەوە، کە لە گەشەکردندایە. چینییەکان لە سۆنگەی هەڵپەیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی هاوردەی نەوت، ئامادەییەکی گەورەیان پیشاندا، کە بچنە مەترسییەوە لەپێناو کێبڕکێکردن لەگەڵ

ویلایەتە یەکگرتوەکاندا. ویلایەتە یەکگرتوەکان دەیەوێت بە هێزی سەربازی باڵادەست لە کەنداوی گینیادا بمێنێتەوە، چینیش پێویستی بە پەیوەندی سیاسی و ئابوری پتەوتر هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی خۆرئاوای ئەفریقیا، بۆ ئەوەی نەوت بەدەستبهێنێت و روبەڕوی هاتنەناوەوەی چاوەڕوانکراوی ئەمریکا ببێتەوە. کێبڕکێی چین لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەر نەوت وایکردوە چینییەکان شانبەشانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بن. کێبڕکێیەکی هاوشێوەمان سەبارەت بە بابەتە ژینگەییەکان نەبینیوە، چونکە بەسادەیی چین گرنگی بەم بابەتە نادات.

ڕێگەچارە چییە بۆ ئەوەی وا لە چین و هندستان بکرێت بایەخی زیاتر بە لایەنی ژینگەیی بدەن؟ رۆبەر ئیبل پرسیار لەم بارەیەوە دەکات و دەڵێت:

| **خشتەی بەکاربردنی نەوت لە ساڵی 2007 (بە ملیۆن بەرمیلی رۆژانە) (سەرچاوە: هەموو ئامارەکان لە کتێبی "راستییەکانی جیهان" کە لە ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا دەرچووە لە 14ی یۆنیۆی 2007دا، جگە لەوەی تایبەتە بە هندستان ئەوا ئەم ئامارانە لە سایتی nationmaster.com وەرگیراوە).** | |
|---|---|
| **جیهان** | 82.2 |
| **ویلایەتە یەکگرتووەکان** | 20.7 |
| **هندستان** | 2.45 |
| **چین** | 6.7 |

ئەگەر چین و هندستان ببنە ئەکتەری نەوتی کاریگەر، ئەوا چۆن وایان لێدەکەیت بایەخ بە ژینگە بدەن یان لەسەر کاغەز پابەندی بن؟ ئێمە رێککەوتنی کیۆتۆمان8 پەسەندنەکرد، چونکە چین و هندستان ئیمزایان نەکردوە. لە کاتێکیشدا کە دەبینین جیهانی تازەپێگەیشتو وزەی زیاتر بەکاردەبات، لە کاتێکیشدا دەبینین چین و هندستان وزەی زیاتر بەکاردەبەن و بەڕادەیەکی زیاتر ژینگە پیسدەکەن، پێویستە بپرسین: چۆن دەتوانین وایان لێبکەین هەنگاوی بەرجەستە بنێن بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە؟9

لە نەوەدەکاندا و لەگەڵ بەرزبوونەوەی خواستی چین لەسەر نەوت بەڕادەیەکی زۆر، دیاربوو ویلایەتە یەکگرتوەکان نیگەرانییەکی کەمی هەیە سەبارەت بە کاریگەری ئەم خواستە لەسەر بەرژەوەندیەکانی. دیاربوو نیگەرانییەکەشی سەبارەت بە نەوت، تەنیا لە پشتبەستنی رولەزیادبووی بەنەوتی هەناردەکراو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری ئەوەی ئەم بەرهەمە بە هۆی تیرۆرەوە روبەڕوی گرفتێك ببێتەوە، چڕببووەوە.

بەڵام خواستی رولەزیادبووی چین کاریگەری توندی لەسەر نرخی جیهانی نەوت هەبوو. تا ساڵانی 2007 و 2008 خراوەڕوی سنوردار بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، بەڵام ئێستا خواستی رولەزیادبوو هۆکاری بەرزبوونەوەیەتی.

## (1) ئابوری هندستان

هەرچەندە تێکڕای کۆی هەڵاوسان لە هندستان، کەمتر بەرزونزم دەکات، بەڵام هندستان گرنگی زۆر بە هەڵاوسانی نرخی خۆراك دەدات، چونکە لەنێوان ساڵانی 2006 و 2008دا نرخی گەنم لە هندستان نزیکەی لەسەدا 50 بەرزبووەوە و نرخی برنجیش لەسەدا 31 زیاتر بەرزبووەوە.10

ئابوری هندستان گەشەکردنێکی زۆر گەورە بەخۆوە دەبینێت، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر نەوت، هاوشێوەی لە چین لە نەوەدەکان و سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا رویدا.11 لە ساڵی 2007یشدا، هندستان پێنجەم گەورە بەکاربەری نەوت بوو لەسەر ئاستی جیهان، لە پاش ویلایەتە یەکگرتوەکان، چین، ژاپۆن و روسیا. لە ساڵی 2005دا، رێژەی لەسەدا 34ی بەکاربردنی وزەی هندستان لە نەوتەوە دەهات، بەڵام هێشتا خەڵوز زیاتر لەنیوەی پێداویستی دەوڵەتی لە وزە دابیندەکرد.

لە ساڵی 1990دا، دەبوایە هندییەکان ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ چاوەڕوان بکەن تا هێڵێکی تەلەفۆن یاخود گەیەنەرێکی غازیان دەستبکەوێت، بەڵام دوای چاکسازییە ئابورییەکەی، کە پاش ئەوە بە چەند ساڵێکی کەم رویدا، بارودۆخەکە لەسەر ئاستی هەموو دەوڵەتەکە گۆڕا، چونکە کۆمپانیاکانی خۆراك و کاڵای بەکاربردن هاتنە نێو گۆڕەپانەکەوە و پلانیان دانا بۆ بنیاتنانی مۆڵی بازرگانی و کۆمەڵگە بۆ خانەی سینەما.

ساڵی 2005 ئابوری هندستان بەرێژەی لەسەدا 8.7

گەشەیکردبوو بەراورد بە ساڵی 2004. پێشبینیش دەکرا ئابوری هندستان لە ساڵی 2010دا بەڕێژەی لەسەدا 7.75 گەشەبکات. لەساڵی 2009دا، لەپاش داکشانە ئابورییەکەی جیهان ئابوری هندستان بە رێژەی لەسەدا 6.7 گەشەیکرد. ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەش پێشبینیکرد بەکاربردنی نەوت بەشێوەیەکی خێرا لە 2.2 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە لە ساڵی 2003دا، گەشەبکات بۆ 2.8 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە لەساڵی 2010دا. ئەگە تێکڕای گەشەی تایبەت بە ساڵی 2007 وەکو خۆی بەردەوامبێت، ئەوا پێدەچێت بەکاربردن لە ساڵی 2030دا بەرزببێتەوە بۆ 5 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە (ژمارەکان لە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەوە وەرگیراون).

هندستان پێشوازی لە وەبەرهێنانی دەرەکی کرد، بەڵام بۆئەوەی ئەو وەبەرهێنانە سەرکەوتوبێت و هندستان توێژی مامناوەند دروستبکات، پێویستی بە نەوت هەبوو. هەرچەندە خواست لەسەر نەوت لە ساڵی 1980وە بۆ ساڵی 2002 ساڵانە بەڕێژەی لەسەدا 6 و لە نێوان ساڵانی 2002 بۆ 2006 ساڵانە بەڕێژەی لەسەدا 7.5 گەشەیکردوە،12 بەڵام بەرهەمهێنانی نەوت لەهەمان ئەو ماوەیەدا هیچ بەرزنەبۆتەوە. هەرچەندە لە ساڵی 2008دا بەرهەمهێنانی نەوت بەڕێژەی لەسەدا 12.17 بەرزبووەوە، بەڵام لە ساڵی 2009دا بەرز نەبووەوە.

لەبەرئەوەی هندستان تەنیا ئابوری ئاسیا بوو لەبنەڕەتدا بەخواستی ناوخۆ بەڕێوەدەچوو، هەمیشە باوەڕ وابوو، کە گەورەترین خاڵی لاوازی هندستان بێتواناییەتی لەوەی

شانبەشانی ئامێرەکانی دروستکردن لە چین ڕێبکات، کە یاری منداڵان، جلوبەرگ، ئەلیکترۆنیاتیان بەرهەمدەهێنا و بازاڕی نێودەوڵەتیان دادەپۆشی. هەروەك تێچونی زۆری دڵنیایی لە هندستان بووەهۆی خراپبوونی باری ژێرخانەکەی. هەرچەندەش هندستان کەرتێکی خزمەتگوزاری بەهێزی هەبوو، بەڵام پێویستی بە کەرتێکی بەهێزی پیشەسازی و ژێرخانی کەرتی گواستنەوە هەبوو، هەردوو بوارەکەش پێویستیان بە نەوت هەیە. بەهاتنی ساڵی 2030 ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە پێشبینیدەکات هندستان لەسەدا 90ی پێداویستییەکانی نەوتی هاوردە بکات.

### (2) توێژی مامناوەندی هندستان لە پشت خواستی وڵاتەکەوەیە لەسەر نەوت

چاپی ئەلیکترۆنی رۆژنامەی «داون» وتارێکی لە دیسەمبەری ساڵی 2005دا بڵاوکردەوە، رونیدەکاتەوە توێژی مامناوەندی هندستان لە کێ پێکهاتوە. وتارەکە باسی کچە بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکاری بەبازاڕکردن دەکات، کە تەمەنی 28 ساڵە و ناوی شارما شامیندەر-ە. شارما لە سەنتەرێکی بازرگانی گەورەی هاوچەرخ لە بەری خۆرهەڵاتی نیودەلهی بازاڕ دەکات. خۆی و هاوسەرەکەی خانویەك و ئۆتۆمبێلێك و بەشی ژیانێکی تاڕادەیەکی زۆر ئاسودە پارەیان هەیە. ئەو نمونەی بەکاربەرێکی پلە یەکە، کە تەنیا کەمێك گوێ بە پاشەکەوتکردنی پارە دەدات، بەو پێیەش ئەو بەشێکە

له بازاڕێکی نوێی نایاب بۆ هەریەك لە کۆمپانیا ناوخۆیی و فرەڕەگەزەکان. شارما و هاوسەرەکەی نمونەی ملیۆنان هاووڵاتی توێژی مامناوەندن، کە ئەمڕۆ لە هندستان خەریکە بەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتیدا سەردەکەون.

بەڵگەکانی تایبەت بە بوونی توێژی مامناوەندی هندستان، زۆربەیان دیارو دورودرێژن (یەکێك لە مەزەندەکان وای بۆ دەچێت ئەم توێژە لە 250 ملیۆن کەس پێکهاتوە)، چونکە تەنیا رێژەیەکی کەم لە هندییەکان باجی دەرامەت دەدەن، یان بەفەرمی وەك فەرمانبەر تۆمارکراون، بەڵام بە پێی حساباتی ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ توێژینەوە ئابورییە جێبەجێکارییەکان، 56 ملیۆن هندی هەن، کە داهاتی خێزانییان لەنێوان 4400 بۆ 21800 دۆلاری ساڵانەدایە (ئەمەش چوارچێوەی دیاریکراوە بۆ توێژی مامناوەند لە هندستان).

ئەم کۆمەڵە کەسە بوون، کە لەسەدا 60ی ئەو ئۆتۆمبێلە نوێیانەیان کڕی -ژمارەیان 800 هەزار ئۆتۆمبێلە، کە لە ساڵی 2004دا لە هندستان فرۆشراون. لە دیسەمبەری ساڵی 2005دا مەزەندە کرا، کە 220 ملیۆن هندی دیکە هەن داهاتی خێزانییان لەنێوان 2000 بۆ 4400 دۆلاری ساڵانەدایە و دەتوانن تێچونی کڕینی تەلەفزیۆن و بەفرگرێك، تەنانەت ماتۆڕسیکلێکیش بگرنەئەستۆ. بە هاتنی ساڵی 2010، چاوەڕواندەکرێت

ژمارەی تاکەکانی توێژی مامناوەند لە هندستان بگاتە 500 ملیۆن کەس، چاوەڕوانیش دەکرێت قەبارەی ئابوری تایبەت بەم توێژە لە 700 ملیار دۆلاری ئێستاوە بۆ یەك ترلیۆن دۆلاری ئەوکاتە بەرزببێتەوە.

ساڵی 2007 رۆژنامەی «ئیندیا تودەی» بڵاویکردەوە، کە «فاکتەرەکانی وەك بڵاوبوونەوەی خۆشگوزەرانی و دەروازەکانی فرۆشتی کاڵای گران بە تاك و پەیدابوونی مارکە بازرگانییە جیهانییەکان لە پاڵ ئەو نەخۆشییەی پێیدەوترێت «خواستی تەکنۆلۆجیا» هەموویان یەکدەگرن، بۆئەوەی بازاڕی هندستان داپۆشن، کە زۆرترین بەرهەمی هەمەجۆری بەردەست لەخۆدەگرێت. لە توێژی ملیۆنێرەکانەوە تا دەگاتە توێژی مامناوەند، کە ژمارەیان 250 ملیۆن کەسە، هەموان سەرقاڵی پرۆسەی کڕینن بە تاك». لەسایەی بوونی زیاتر لە 350 ملیۆن هیندیشدا لە خوار تەمەنی چواردە ساڵییەوە، ئەوا هێزی کار لە دەیەی داهاتودا بەڕادەیەکی زۆر فراوان دەبێت و تێکڕای بەکاربردنیش بە رادەیەکی زۆرتر زیاددەکات.

هەوڵدانی هندستان بۆ نەوت لە دەرەوەی سنورەکانی، خواستێکی گەورەبوو، بۆیە بەرپرسانی بواری نەوتی هندستان گرێبەستی کڕینی پشکی وەبەرهێنانیان لە سەرانسەری جیهاندا ئیمزا کرد، نەك تەنیا لە سەرچاوە تەقلیدییەکانی لەخۆرئاوای ئاسیا. لە ساڵی 2005دا، هندستان باسی سەودانامەیەکی لەگەڵ ئێران کرد بۆ بنیاتنانی هێڵێکی گاز بە

درێژی 2600 کیلۆمەتر لەڕێی پاکستانەوە، تا ساڵی 2008 ئەو سەودانانەیە ئیمزا نەکرا، هەروەها هندستان گرێبەستێکی بە بڕی دوو ملیار دۆلار ئیمزاکرد بۆ بەدەستهێنانی رێژەی لەسەدا 20ی کێڵگەی ساخالین 1ی روسیا، کە هندستان بەهیوایە لەڕێیەوە یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە دابینبکات.

خۆرئاوا تەنیا وەڵامدانەوەیەکی کەمی بۆ ئەم هەوڵانە هەبوو، چونکە کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان، کە هەوڵیاندەدا خۆیان لە مەترسی بەدور بگرن، رازی نەبوون گرێبەست لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دیاریکراودا بکەن. تەنانەت کاتێك نەوتیش بەرهەمێکی پێگەیشتوو بوو. ئەگەرچی بوژانەوەی ئابوری چین لە سەرەوە بۆ خوارەوە رویدا بەجۆرێك، کە کۆمپانیا حکومییەکانی چین سیاسەتی ئابورییان جێبەجێدەکرد، بەڵام بوژانەوەی ئابوری هندستان لەلایەن گروپی کومپانیا پێشڕەوەکانەوە بوو، کە سەر بە کەرتی تایبەتن.

پێشبینییەکانی تایبەت بە بازاڕی ناوخۆی هندستان پرشنگدارن. چونکە پێشبینی دەکرێت تا ساڵی 2025 توێژی بەکاربەر لەو بازاڕەدا بەتێکڕای دە هێندە گەشەبکات. هەرچی بەشی تاکیشە لە بەرهەمی ناوخۆیی، کە دەگاتە 1000 دۆلار لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، پێشبینیدەکرێت تا کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیست و یەکەم سێ هێندە زیادبکات. وەبەرهێنانی بیانی

دڵنیایە و لە حاڵەتی گەشەکرنیشدایە. لەم روەوە کۆمپانیا جیهانییەکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێل - فۆرد، جێنراڵ مۆتۆرز، هیۆندای و سوزوکی - کارگەیان لە هندستاندا کردەوە، هەرچی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و کاڵاکانی ناو ماڵی کۆریایشە ئەوا لە هەموو شوێنێکی هندستاندا دەبینرێن.13

**ئابوری هندستان خەریکە دەستکەوتێکی گەورە بەدەستدەهێنێت... من بەجۆشم سەبارەت بە هندستان وەك چۆن بەجۆشیش بووم سەبارەت بە چین لە کۆتایی نەوەدەکاندا.**

**بەڵام حاڵەتەکەی هندستان تاڕادەیەکی زۆر جیاوازە لە حاڵەتەکەی چین. ئەوەی کە زیاتر جێگای بایەخمە ئەوەیە دینامیکییەکی بەکاربردنی ناوخۆیی بەهێزی رولەزیادبوو لەوێ هەیە، کە ئەمەش پێکهاتەیەکی زۆر دەگمەنە لە زۆربەی نمونەکانی گەشەپێدانی ئاسیادا. هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە هندستانەوە هەیە لە کۆتوبەند، ژێرخان، پاشەکەوت، وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ و سیاسەتەکان، زۆر ئاشکران. لەگەڵ ئەوەشدا من پێشکەوتنێکی بەرجەستە دەبینم لە زۆربەی ئاستەکاندا. توانای بەکاربردنیش -کە بنەمایەکی گرنگە بۆ گەشە و گەشەپێدانی بەردەوام- شتێکی راستەقینەیە.**

**سیفان رۆچ گەورە ئابوریناسانی مۆرگان ستانلی**

**وۆڵ ستریت جۆرناڵ، 9ی نۆڤێمبەری 2005.**

کاریگەری ئەمە لەسەر بەرهەمهێنەرانی دیکەی نەوت لە جیهاندا روننییە. زیادبوونی خواست لەسەر نەوت لەلایەن چین و هندستانەوە ئاماژەیەکی تێدابوو، بۆئەوەی ئۆپیك سودی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی دەستدەکەوێت.

لە هەمان ئەو وتارەی کە باسمانکرد و لە وۆڵ ستریت جۆرناڵ بڵاوکراوەتەوە، رۆچ باسی ئەوەشی کردوە، کە ئەگەرچی بەکاربەری هندی هێشتا نەبۆتە هێزێکی گەورە لەجیهاندا، بەڵام گەشەی کەرتی بەکاربردن، ئەگەر پلە بەپلەش بێت، دەتوانێت ئاراستەکانی بازاڕ دیاریبکات. پێیشیوایە، کە تێکڕای گەشەی بەهێزی هندستان لە خواستی رولەزیادبووی بەکاربردنەوە سەرچاوەی گرتوە و گەلی هندستانیش، کە زۆربەیان گەنجن ئابوری هندستان هەنگاوێکی گەورە دەبەنە پێشەوە.

لەمیانی گفتوگۆکانیدا لەگەڵ زۆرێك لە کۆمپانیاکانی هندستان، رۆچ چەند پلانێکی بەر گوێ کەوتووە سەبارەت بە بەرەوپێشبردنی بازاڕ و بەرهەمەکان، کە لە بنەڕەتدا پشت بەو ستراتیجانە دەبەستن، کە ئاراستەی بەکاربەر دەکرێن. پێشبینیش دەکرێت کەرتی بازرگانی بە تاك، کە ئێستا پەرتبوونێکی زۆر بەخۆوە دەبینێت، هەرکە کۆتوبەندەکانی سەر وەبەرهێنانی بیانی هەڵگیران، خۆی بگرێتەوە. وادیاریشە دەروازەکانی فرۆشتن بەتاك لە هندستان، کە ژمارەیان سێ ملیۆن دەروازەیە خۆیان بۆ ئەو کێبڕکێیە ئامادە دەکەن، کە بێگومانن لەوەی بەڕێوەیە.

ئەو وشە تەوەرییەی بەرپرسانی حکومی لەسەری کۆکن «گەمارۆدانە»، چونکە هندستان سەرلەنوێ ستراتیجی گەشەپێدانی تایبەت بەخۆی ئاڕاستەدەکاتەوە بەجۆرێك، کە هەژارانی گوندنشینی هندستان بگرێتەوە. هەوڵەکانی گەمارۆدان قۆناغی خۆش و ناخۆشیان بینی، بەڵام سەرکردە سیاسییەکان باوەڕی خۆیان دەردەبڕن، کە چاکسازییە نوێیەکان بەشێوەیەکی ریشەیی یارمەتیدەر دەبن لە دەربازکردنی کەسانێکی زۆر لە هەژاری و بەرزکردنەوەیان بۆ توێژی مامناوەند.

گەشەپێدانی گوندەکان مانای زیادبوونی داهاتی راستەقینە و هێزی کڕینی بەکاربردن دەگەیەنێت. چاوەڕوانیش دەکرێت کۆمپانیا بچوك و مامناوەندەکان، زۆرترین سود لەو چاکسازییانە ببینن. لەگەڵ زیادبوونی هێزی کڕینیشدا پێشبینیدەکرێت ئاستی گەشەکردنی بەرهەمی ناوخۆ بەرزببێتەوە و بگاتە لەسەدا 7.5.، بەڵام ئایا جۆری ئەو گوشارانە چین، کە نرخی بەرزی نەوت بەسەر هەموو ئابوریدا دەیانسەپێنێت؟

### (2-1) چارەسەرێکی هندی بۆ نرخی بەرزی نەوت

ئێستا کە هندستان گەیشتۆتە ئاستی یاریزانە گەورەکان لەسەر ئاستی جیهان، مافی ئەوەی هەیە پێشنیاری چارەسەر بۆ قەیرانی جیهانی نەوت بکات. لە یەکێك لەو رۆژانەشدا کە نرخی نەوت ریکۆردی تۆمارکرد، ئێم ئێس سرینیفاسان

وەزیری نەوتی هندستان ڕاسپاردەیەکی نائاسایی هەبوو بە ئامانجی دابەزاندنی نرخی بەرزی نەوت، ئەویش بریتیە لە: ڕاگرتنی مامەڵەکردن بە نەوتی خاو لە بۆرسەی کاڵادا.

سرینیفاسان باسی ئەوەی کرد، کە ئەگەرچی لە ئێستا کۆتوبەند لەسەر خراوەڕو نییە، یاخود خواستێکی لەرادەبەدەر نییە، بۆیە مامەڵەکردن لە بۆرسەکاندا، وەك بۆرسەی بازرگانی نیویۆرك (نایمکس) «بەشێوەیەکی گەورە» یارمەتیدەر دەبوو لە بەرزکردنەوەی نرخدا. سرینیفاسان پێشنیاریکرد، ئەگەر بکرێت نەوتی خاو لەو کاڵایانە دەربهێنرێت، کە لە نایمکس مامەڵەیان پێوەدەکرێت، ئەوا پێدەچێت جیهان «دابەزینێکی گەورە لە نرخی نەوتدا بەخۆوە ببینێت».

رەخنەگران وتیان وەزیری نەوت کاتێك ئەم پێشنیارەی کردوە بێ ئاگابووە لە ڕاستی ئەوەی سندوقەکانی خۆپارێزی، بانکەکان، سندوقەکانی موچە هەموویان سەرمایە دەخەنە بازرگانی نەوتەوە و سەرکێشی گەورە دەکەن، گرەو لەسەر زیادبوونی خواست دەکەن، ئەم گرەوانەش بوونەتە پێشبنییەك کە لەخۆیانەوە بەدیدێن و یارمەتیدەردەبن لە بەرزبوونەوەی نرخ بەڕادەیەکی زۆر.

(2-2) ئایا واز لە کارەکان بێنین وەکو خۆیان؟

بۆ بەدبەختی هەژارانی جیهان بەرزبوونەوەی تێکڕای گەشەکردن لە هەریەك لە هندستان و چین کاریگەری هەبوو نەك تەنیا لەسەر نرخی جیهانی نەوت و خراوەڕوی

نەوت، بەڵکو لەسەر نرخی بەرهەمی کشتوکاڵی جیهانی و خراوەڕوی ئەو بەرهەمە، بۆیە لەگەڵ کەمبوونەوەی رولەزیادبووی نەوت و لەناوچوونی ژینگە بەهۆی بەکارهێنانیەوە، زۆرێك لە جوتیاران لە سەرانسەری جیهاندا لە بەرهەمی کشتوکاڵییەوە رویانکردە ئەو گەنمەشامیەی لە دروستکردنی ئیسانۆلدا بەکاردێت، ئەمەش بەرهەمی کشتوکاڵی کەمکردەوە، کە ئەویش لە لایەن خۆیەوە بووە هۆی هەڵاوسانێکی جیهانی لەنرخی خۆراکدا. لە ئۆگەستی 2007دا، نرخی خۆراك لە چین بەڕێژەی لەسەدا 18 بەرزبووەوە، لە بەهاری 2008دا، حکومەتی هندستان رایگەیاند نرخی کۆ لە هەفتەی کۆتایی مارسی 2008دا بەڕێژەی لەسەدا 7.4 بەرزتربووە بەراورد بە مارسی 2007، ئەمەش گەورەترین زیادبوون بوو بەدرێژایی چل مانگ.

ئێمە گلەیی ئەوە دەکەین، کە هندستان و چین هۆشیاری کۆمەڵایەتی تەواویان نییە سەبارەت بە سیاسەت و یاسا ژینگەییەکان، بەڵام ئەوە لەبیردەکەین کە خۆرئاوا، لە سەرەتای پێشکەوتنیدا، ئەویش ئەو هۆشیارییە ژینگەییەی نەبوو. چین و هندستان لە قۆناغێکدان، کە کار بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەپێدان دەکەن، کاتێکیش خۆرئاوا لە هەمان قۆناغدا بوو ئەویش بایەخی بە ژینگە نەدەدا، هەریەك لە چین و هندستانیش زیاتر لە خۆرئاوا دانیشتوانیان هەیە، کە دەبێت تێربکرێن.

**پەراوێزەکان:**

(1) ئەلیس تیسدال هۆبارت، 1934، «ڕۆن بۆ چراکانی چین».

(2) وتارێك بە ناونیشانی: «ئایا خەونی هێڵی بۆڕییەکان دەبێتە واقع؟»، لۆس ئەنجلۆس تایمز، 18ی یۆلیۆی 2004.

(3) چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ لۆرانس گۆڵدستن، 17ی مایۆی 2007. گۆڵدستن بەڕێوەبەری دامەزراوەی توێژینەوەی سیاسەتەکانی وزەیە کە بارەگاکەی لە واشنتۆنە. وەك ڕاوێژکار لەلای دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق لە نێوان ساڵانی 2003 و 2004 کاریکردوە.

(4) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نوسەر، 3ی ئەپرێلی 2007. ئیبیل پۆستی سەرۆکایەتی لە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی و لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و وزەدا وەرگرتوە، هەروەك کۆمپانیای ئینسرش کۆرب و ئەنجومەنی هەناردەکانی واشنتۆنی بەڕێوەبردوە. ئیبیل شارەزایە لە سیاسەتەکانی وزە و نرخی نەوت و ڕێکخراوی ئۆپیکدا. ئەمەش چەند نمونەیەکە لە لایەنەکانی شارەزاییە بەرفراوانەکەی.

(5) وتاری: «چین جیهان داگیردەکات»، گۆڤاری تایم، 11ی یەنایەری 2007.

(6) «دەزوی دیاری هاوبەش ...»، پۆل ڕۆجەرز، لە کتێبی «ویلایەتە یەکگرتوەکان لەبەرامبەر چین: جەنگێك لەپێناو نەوتدا» پەیمانگای چینی، زانکۆی ئەلبرتا، 15ی یۆنیۆی 2006. نوسینەکە ئاماژەی بە مێژوی ڕاهێنانەکە نەکردوە.

(7) وتاری: «مەشقکردنەکانی ئەمریکا رەنگدانەوەی گرژییە رولەزیادبووەکانن» دیفینس نیوز، 29ی مایۆی 2006.

(8) لە 11ی دیسەمبەری 1997دا رەزامەندی لەسەر پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ درا کە بە مەبەستی کەمکردنەوەی بڕی ئەو گازە گەرمانەی کەشوهەوا دەگۆڕن، داڕێژراوە، بەوپێیەی پرۆتۆکۆلیشە، بۆیە زیادکرا بۆ رێککەوتنی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا. ئەو دەوڵەتانەش کە واژۆیانکردبوو، پرۆتۆکۆلەکەیان لە 16ی فێبرایەری 2005دا پەسەندکرد.

(9) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نوسەر، 3ی ئەپرێلی 2007.

(10) وتارێك بەناونیشانی: «ئایا نرخی خۆراك دەتوانێت دەنگی دەنگدەران کۆبکاتەوە؟» گۆڤاری تایم ئۆف ئیندیا، 24ی ئۆگەستی 2008. بۆ بەراوردیش تێکڕای هەڵاوسان لە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ساڵی 2007دا لەسەدا 4 زیاتر بوو، نرخی ماستیش لە ساڵی 2007 بۆ 2008 لەسەدا 18 بەرزبووەوە، هەروەك نرخی هێلکەش لە هەمان ماوەدا لەسەدا 35 بەرزبووەوە.

(11) هەمیشە هندستان نەوتی کەمتری لە چین بەکاربردوە، چونکە ئابوری چین لە بنچینەدا پشتی بە پیشەسازی دەبەست، لە کاتێکدا ئابوری هندستان پشتی بە خزمەتگوزاری دەبەست.

(12) سێ هێندە لە ناوەندی جیهانی زیاتر.

(13) کاڵا بەتەمەنەکان: بریتین لە ئامێرە بنەڕەتییەکانی ماڵان وەك جلشۆر و سۆپا و قاپشۆر.

# بەشی 11
# وەرچەرخان لە تەرازوی هێزدا

لە چواری دیسەمبەری 2007دا، کۆنگرەیەکی جیهانی لە هۆتێل سۆفیتیل سانت جیمس لە لەندەن بەسترا. بەشداربووان لە ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای باشورەوە هاتبوون، بەمەبەستی ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوتدا. ئەو کۆمپانیایانە لە ساڵی 2001وە ساڵانە کۆدەبوونەوە و لەناو خۆیشیاندا ناکۆکبوون لەسەر هەموو ئەو سیاسەتانەی دەکرا کۆیان بکەنەوە، تەنیا لەیەك شتدا ناکۆکنەبوون: ئەویش بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بوو.

ساڵی 2008 کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت، کە دەوڵەت خاوەنداریدەکردن، بەرپرسیار بوون لە بەشی زۆری بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان، بەتایبەت لەو دەوڵەتانەدا، کە خاوەنی یەگی گەورە بوون و لەسەدا 80ی یەدەگی نەوتی لیتەی جیهانیان کۆنترۆڵی کردبوو.

گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتیش -کە پێیان دەوترێت «پێنج گەورەکە»- کۆنترۆڵی لەسەدا 5ی کەمتری یەدەگییان کردبوو. باقی رێژەکەش، کە بڕی لەسەدا 15یە، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان کۆنترۆڵیان کردوە، کە پێگەیان راستەوخۆ دوای گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت دێت.

کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت خاوەنی تێکڕای یەدەگێکن بەشی بەرهەمهێنانی حەفتا و هەشت ساڵ دەکات، بەڵام لە حاڵەتی گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا تێکڕا، کە یانزە ساڵە.1

تا ساڵی 2047 لە سەدا 90ی بەرهەمی نوێی نەوتی هەموو دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوەوە دێت.2

* * *

تا نەوەدەكانی سەدەی بیستەم و لەگەڵ یەكگرتنی كۆمپانیاكانی نەوتدا، حەوت خوشكەكە كەمكرایەوە بۆ تەنیا پێنج خوشك، بەڵام ئەوەی مایەی ترس بوو ئەوەیە ئێستا خوشكەكان تەنیا لەسەدا 10ی نەوت و گازی جیهان بەرهەمدەهێنن و كۆنترۆڵی تەنیا لەسەدا 3ی یەدەگی نەوت و گازی جیهان دەكەن.

خوشكەكان لە سیەكانی سەدەی بیستەمەوە، تا شەستەكانی حوكمی جیهانی نەوتیان كرد، پاشان سعودیە و ئۆپیك لە حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكانادا باڵادەستبوون (سعودیە بەردەوامبوو لە باڵادەستییەكەی لە جیهانی نەوتدا لە نەوەدەكان و سەرەتای دەیەی یەكەمی سەدەی بیست و یەكەمدا)، بەڵام كۆمپانیا نەتەوەییە نوێیەكانی نەوت خەریكبوون بە سعودیە دەگەیشتنەوە - تەنانەت لە هەندێك حاڵەتدا پێشیشی كەوتن - بودجەی ئەم كۆمپانیایانەش هەمیشە لە بودجەی تایبەت بە كۆمپانیا تەقلیدیەكانی نەوت زیاتر بوو.

كاتێك هەواڵنامەی «پترۆلیۆم ئینتلیجنس ویكلی» روپێویەكی ئەنجامدا بۆ لیستی ساڵانەی ئەو گەورە كۆمپانیایانەی نەوت، كە پشكەكانیان خراونەتەڕو بۆ مامەڵەپێكردنی گشتی، بە بایەخترین كۆمپانیاكانی ساڵی 2005، كۆمپانیای ئارامكۆی سعودی پارێزگاری لە پێگەی خۆی كرد وەك كۆمپانیای ژمارە 1، ئەویش بە هۆی وەبەرهێنانی گەورە و بەردەوام لە هەریەك لە پرۆسەكانی سەرچاوەی هەڵقوڵین

و کۆتایی نەوت و گازی سروشتی. کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت پشکی یەکسانیان بەرکەوت، چونکە پشکی هەر یەکەیان پێنج کۆمپانیا بوو لە دە کۆمپانیا یەکەمەکە.3 هەروەك لیستی پەنجا کۆمپانیای یەکەم نۆ کۆمپانیای ئەمریکی و حەوت کۆمپانیای روسی و سێ کۆمپانیای شانشینی یەکگرتوی لە خۆگرتبوو.

روپێوییەکە بیست و پێنج کۆمپانیای حکومی و بیست و پێنج کۆمپانیای تایبەتی لە خۆگرتبوو، کە بە گشتی بەرپرس بوون لە لەسەدا 75ی خراوەڕوی نەوتی جیهان. گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا وەك خۆیان بوون یان خراپ بووبوون، بەڵام گەورە کۆمپانیا زەبەلاحەکان ئەو کۆمپانیا نەتەوەییانە بوون، کە لە روسیا و چین و ئابورییە دیارەکانی دیکەوە هاتبوون. شتێکی رون بوو، کە تەرازوی هێز بەرەو وەرچەرخان دەچێت لە گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتەوە بۆ کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی خواستی رولەزیادبووی جیهانی و سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی روبەڕوی گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا بوونەوە لە پرۆسەکانی دۆزینەوەی نەوتدا، کۆمپانی زیادەڕەویان دەکرد لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتدا. هەندێك لە کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت شارەزایی تایبەت بە خۆیان پەیدادەکرد، لە کاتێکدا هەندێکی تریان چەند رێگەیەکیان دۆزیەوە بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگی نەبوونی تەکنۆلۆجیا. ئەم کۆمپانیایانە کۆمپانیای خزمەتگوزاری نەوتییان بەکرێگرت

بۆ تەیارکردنیان بەو زانیارییانەی پێویستیان پێیەتی. ئەمەش نمونەی کارێکی زۆر جیاواز بوو لە نمونەی هاوبەشیکردن لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی نەوت.

فاکتەرێکی دیکە هەبوو خۆی لەوەدا دەبینیەوە، کە کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت لەلایەن ئەو حکومەتانەوە پشتیوانیدەکران، کە دەیانتوانی - ئەگەر بوێرییان هەبوایە - مەرجی گرێبەستەکان بگۆڕن، تا لەگەڵ مەبەستەکانیاندا بگونجێت. بژاردەکانی بەردەستی گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا زۆر نەبوون لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا، چونکە هەردەبوایە ئەو مەرجانە قبوڵبکەن، یان کەلوپەلەکانیان کۆبکەنەوە و وڵاتەکە بەجێبهێڵن. ئەم کارەش لەگەڵ خواستی کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوتدا بوو.

هەروەها سیاسەتیش بووە لایەنێك لە هاوکێشەکە، چونکە ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی خوازیاری ئیمزاکردنی گرێبەسەت بوون لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوادا کەمتر و کەمتر بوونەوە. لە سایەی هەموو ئەو سکاڵایانەی گەلانی ناوچەکە جورئەتیان کرد لەدژی خۆرئاوا بەرزیانبکەنەوە، بەستنی هەر سەودانامەیەك لەگەڵ گەورە کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمریکادا بۆ هەر سەرکردەیەك لە دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتودا، خۆکوشتنێکی سیاسی بوو. ئەو دەوڵەتانە پێیانباشبوو سەرەتا لەنزیکەوە کار لەگەڵ کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوتیاندا بکەن، کە خاوەندارێتیان هی دەوڵەتە، پاشان رو بکەنە کارکردن لەگەڵ روسیا و چین.

گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا بەدەست دوو ئاستەنگی

مەترسیدارەوە گیرۆدەبوون، کە ئەوانیش بریتی بوون لە درێژی ئەو ماوەیەی پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوت دەیخایاند، هەروەها پێویستی بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی درێژخایەن لەو ناوچانەی پێویستیان بە سەقامگیرییە. ساڵی 1993 ئیکسۆن مافی هەڵکەندنی لە بەرامبەر کەناراوەکانی ئەنگۆلادا کڕی، بەڵام بەرهەمهێنان تێیدا تا دوای یەك دەیە دەستیپێنەکرد. کۆمپانیاکە بەکردەوە بودجەی پەرەپێدانی کێڵگەکانی خۆی لە ساڵی 2007دا وەبەرهێنابوو، لەسایەی وەبەرهێنانی 50 ملیار دۆلار لە هەشتا پڕۆژەدا. تەنانەت کاتێکیش کێڵگەکە ئامادەبوو بۆ کارکردن بەجۆرێك قازانجی هەبێت، لەوانەیە گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا بۆیان دەربکەوێت، کە ناچارن بەخێرایی کارەکانی تەواو بکەن لە بارێکدا ئەگەر کردەوەی تیرۆریستی یاخود شەڕی ناوخۆ روبدەن.

دەوڵەتەکان بوون، کە کۆنترۆڵی بەشی هەرە زۆری نەوتی جیهانیان کردبوو، تیمی گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا وەك ئیکسۆن مۆبیل بیرەکانیان دەدۆزیەوە و هەڵدەکەند شانبەشانی کۆمپانیای حکومی دیکە لە دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین، کە گەندەڵی حکومی و کودەتا و تیرۆر راستییەك بوون لە راستیەکانی ژیان تێیاندا. لەکاتی روخانی یەکێك لە حکومەتەکان یاخود کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەك لەلایەن یاخیبووانەوە، دەبوایە گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا بەخێرایی جووڵە بکەن. ئەمەش لە هەرێمی ئاچێی باکوری ئەندۆنیسیا لە ساڵی 2010دا رویدا، کاتێك لە لایەن

جوداخوازە ناوخۆییەکانەوە هێرشکرایە سەر فەرمانبەرانی یەکێك لە کێڵگە زەبەلاحەکانی گاز و داوایانکرد، مافیان هەبێت لە داهاتی گاز لەناوچەکەدا، بۆیە گواستنەوەی فەرمانبەرەکان کارێکی حەتمی بوو.

ئیکسۆن مۆبیل ساڵانە لە (ئاچێ) بە بەهای سەدان ملیۆن دۆلار گازی سروشتی دەردەهێنا، بەڵام ئەم کێڵگەیە، کە دەکەوێتە ناوجەرگەی ناوچەی ململانێوە، لەژێر گەمارۆدا بوو. دواتر کێڵگەکانی گاز لە ئاچێ کرانەوە، بەڵام ئەو کاتە پێویست بوو ئیکسۆن مۆبیل روبەڕوی گروپەکانی مافی مرۆڤ ببێتەوە، کە کۆمپانیاکەیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، پشتیوانی رژێمێکی سەرکوتکەر لە ئەندۆنیسیا دەکات. راستەوخۆ دوای هێرشەکانیش لە لایەن دانیشتوانی گوندەکانەوە داوایەکی یاسایی لەدژی ئیکسۆن مۆبیل بەرزکرایەوە و کۆمپانیاکەیان بەوە تۆمەتبارکرد، کە دڵڕەقیی ئەو سەربازە ئەندۆنیسیاییانەی فەرامۆشکردوە، کە وەك پاسەوانی دامەزراوەکان کاریان دەکرد، (سوپای ئەندۆنیسیا مێژویەکی لەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە). کۆمپانیاکەش نکوڵی لەو تۆمەتانە کرد.

بەڵام کێشەی گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا4 کێشەیەکی ناوخۆییشە، چونکە بوونەتە جێی هێرشی پشکدارە هەڵسوڕاوەکانیان (ئەگەرچی بەشێوەیەکی کەمتر توندوتیژیش بێت وەك لە حاڵەتەکەی کێڵگەکانی گاز لە ئاچێ)، کە داوای سەرلەنوێ کڕینەوەی پشکەکان و بەشی تایبەت لە قازانج دەکەن.

لەگەڵ ئەمەشدا و سەرەڕای هەموو ئەو بارودۆخانە،

کەس پێشبینی ئەوە ناکات، خوشکەکان بەخێرایی هەرەسبهێنن. ساڵی 2008 ئیکسۆن مۆبیل هێشتا لە عێراق زیاتر نەوتی بەرهەمدەهێنا، بریتش پترۆلیۆمیش لە کوەیت زیاتر نەوت و لە سعودیەش زیاتر گازی بەرهەمدەهێنا. ئەو شیکەرەوانەش، کە گەورە کۆمپانیاکانیان لە هەژماری خۆیان دەردەهێنا، سوپرایزی زۆری یەك لەدوای یەکییان بۆ دەرکەوت بەرەو ئەرێنیەکەیدا، ئەگەرچی زێدەقازانجەکان بەزۆری لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و پەراوێزی بەرزی قازانج لە ترومپاکانی نەوتەوە پەیدا دەبوون.

ئەگەرەکانی ئەوەی گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوا لەڕێی دۆزینەوەی نەوتییەوە خۆیان نوێبکەنەوە، چین؟ لەم کاتەی ئێستادا ئەگەرەکان باش نین. ناکۆکییەك هەیە سەبارەت بە هۆکارەکەی، بەڵام گەورە کۆمپانیاکانی نەوت وەبەرهێنانی گەورەیان لە خزمەتگوزاری و تەکنۆلۆجیای پەیوەست بە بواری نەوتدا نەکردوە. وەڵامە بەڵگەنەویستەکە ئەوەیە، کە ئەمجۆرە وەبەرهێنانانە وەبەرهێنانی درێژخایەنن و بڕێك لە گومانیش سەبارەت بەنرخی نەوت هەیە، بەڕادەیەك کۆمپانیاکان دودڵن لەوەی وەبەرهێنان لە تەکنۆلۆجیای گرانبەهادا بکەن، کە داهاتەکەی بەشی تێچوونەکەی ناکات، بەڵام ئایندەی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت چی دەبێت؟ بە پێی قسەی کیم کاتیچیش، سەرۆکی سندوقی بازاڕە دیارەکان و پشکەکانی ئاسیا، کە سەر بە کۆمپانیای سکۆتیش ویندۆ ئینفستمێنت پارتنەرشیپ-ە: «گەورە

کۆمپانیاکان ناچاردەبن چالاکییە بەهادارەکانیان پەرت و دابەش بکەن. ئەمە وەبەرهێنەرەکان هێوردەکاتەوە، هەروەك بەهاش زیاتر دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی حەتمی سەرمایەیەکی بچوکتری لە بازاڕدا لێدەکەوێتەوە. دواجاریش گەورە کۆمپانیاکانی نەوت دەبنە کۆمپانیای بچوك.

لەراستیدا ئەمە سەد دەرسەد تەواو نییە، چونکە گەورە کۆمپانیاکانی نەوت هەر بەگەورەیی دەمێننەوە، بەڵام بە چینی و روسی و پورتوگالی قسە دەکەن. لێکەوتەکانی هەڵسەنگاندنی فراوانبوونی ئەو کۆمپانیایانەی نەوت، کە لە بازاڕە دیارەکاندا کاردەکەن، فراوان دەبن، ئەویش لەگەڵ دانپێدانی بە بنەما پێشکەوتوەکانیاندا. ئەم کۆمپانیایانە قازانج دەکەن، چونکە رێژەی هێنانەکایەی یەدەگەکانی خۆیان بەردەوام لە فراوانبووندایە و گەشەکردنی بەرهەمهێنانی ئایندەیان دەگاتە زیاتر لە لەسەدا 5 و قازانجیشیان زیاددەکات. مەرگ بۆ گەورە کۆمپانیاکانی نەوت، بژی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت».5

گۆڕانکاری گەورە لە پیشەسازی نەوتدا ژمارەی هەڵکشاوی ئەو کۆمپانیایانە بوو، کە لە جیهانی سێیەمەوە هاتبوون، چونکە ئەمە ئاستەنگێك بوو بۆ هەموو رێساکانی ئابوری، ئاماژەیەکی بەهێزیش بوو بۆئەوەی چەندە پێویستمان بە ناساندنێکی نوێی «جیهانی سێیەم» هەیە. بە تەواوی ئەوە لەبەرچاوی خۆرئاوادا رونبۆتەوە، کە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و کۆمپانیاکانیان بەهێز بوون و دەتوانن ئەوەندەی پێویست بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دامەزراوەکانی خۆرئاوا، کێبڕکێی بکەن.

## پانزە گەورە کۆمپانیاکەی نەوت لەسەر ئاستی جیهان لە ساڵی 2007دا6

(1) ئارامکۆی سعودیی (سعودیە).7

(2) کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی ئێران (ئێران).

(3) ئیکسۆن مۆبیل (ویلایەتە یەکگرتوەکان).

(4) بریتش پترۆلیۆم (بەریتانیا).

(5) پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا، ئێس ئەی (پی دی ڤی ئێس ئەی) (ڤەنزوێلا).

(6) رۆیاڵ دەچ شل (بەریتانیا و هۆڵەندا).

(7) دامەزراوەی پترۆلی نیشتمانی چین (سی ئێن بی سی) (چین).

(8) کۆنۆکۆ فیلیپس (ویلایەتە یەکگرتوەکان).

(9) چیڤرۆن (ویلایەتە یەکگرتوەکان).

(10) توتال (فەرەنسا).

(11) بیمیکس (مەکسیك).

(12) گازپرۆم (روسیا).

(13) سۆناتراك (جەزائیر).

(14) دامەزراوەی پترۆلی کوێت (کوێت).

(15) پترۆبراز (بەرازیل).

ئەوەی وایکرد هێزی رولەزیادبووی کۆمپانیا نەتەوەییەکان کاریگەرتر بێت، ئەو راستیە بوو، کە داهاتی

خوشکەکان پتەوتر دەبوو، ئەویش لەگەڵ تێکەڵبوونیان ئەو کۆمپانیایانەی تەنیا نەوت و گازیان نەدەفرۆشت، بەڵکو دیزل و پەترۆکیمیاویشیان دەفرۆشت، ئەمەش وایکرد داهاتیان لە داهاتی «خوشکەکان» زۆر زیاتر بێت.

خۆماڵیکردن لە دەوڵەتانی جیهانی تازەپێگەیشتو وایکرد، کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت باڵادەست بن، ئەوەش لە ساڵی 1960وە لەگەڵ دامەزراندنی رێکخراوی ئۆپیك لە بەغدا دەستیپێکرد. ئەوە یەکەمجار بوو کۆمەڵێك دەوڵەت پێکەوە یەکبگرن، بەئامانجی هەماهەنگیکردن لە سیاسەتە حکومییەکاندا سەبارەت بە نەوت و نرخەکانی، هەروەها ئەوە یەکەمجار بوو ئەو دەوڵەتە تاکلایەنانە خۆیان جڵەوی کۆنترۆڵی نەوت بگرنە دەست، لەبری پشتبەستن بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت، بۆئەوەی تەیاریانبکەن بە سەرچاوە و زانیاری تەکنیکی پێویست بۆ کاروباری کەرتی نەوت، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانی نەوت پیشەسازییەکی ئاستبەرزە لەڕوی زانیاری و سەرمایەوە، بۆیە لەرابردودا ئەم دەوڵەتە تاکلایەنانە سەرچاوە سروشتییەکانیان لە دەستی ژمارەیەکی کەمی کۆمپانیا، یاخود قۆرخکردنی تاکلایەنەدا چڕکردەوە. حکومەت دەستبەرداری قازانجی فرۆشتنی مافی سامانی کانزایی دەبوو بۆ کۆمپانیایەکی تایبەت لەبەرامبەر بەدەستهێنانی شارەزایی کۆمپانیاکە و تەکنۆلۆجیاکەیدا.

لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمپانیاکانی نەوتدا، ئەو شارەزاییە تەکنۆلۆجیانەیان لەسەر بنەمای گرێبەست پێشکەشدەکرد،

بەڵام داوای پشکی بەشداریکردنیان لە سەرچاوە نەوتییەکاندا نەدەکرد. ئێستاش کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت بژاردەیان هەیە، یان کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری تایبەت بە کێڵگەکانی نەوت بەکاردەهێنن، یان لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی نەوتدا دەچنە پرۆژەی هاوبەشەوە، ئەگەرچی کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت ئێستا لەبارێکی زۆر باشتری دانوستاندان. کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت بەشداری ئەو پرۆژە هاوبەشانەیانکرد، کە تێیدا هەردولا رازی دەبوون بە پێکهێنانی قەوارەیەکی نوێ و بەشداریان لە پشکی خاوەندارێتیدا دەکرد و داهاتیشیان بەش دەکرد و باڵادەستدەبوون بەسەر دامەزراوەکەدا. دەکرێت قەوارە نوێیەکە تەنیا یەك پرۆژەی هاوبەش بێت یاخود پەیوەندییەکی کاری هەمیشەیی بێت. بەپێچەوانەی «هاوپەیمانی ستراتیجی»یەوە، پرۆژەی هاوبەش پێویستی بەوە نییە هیچ یەکێك لە دو لایەنەکە دەستبەرداری هیچ پشکێکی خاوەندارێتی بن، بەڵکو تارادەیەکی زۆر رێککەوتنێکی کەمتر رەسمی بوو. سودی زۆر بۆ هەردولا هەبوو، بەڵام بە داخەوە، پرۆژە هاوبەشەکان ناوبانگێکی خراپیان هەبوو، چ لە شکستی دووبارەبووەوە یاخود لە ناسەقامگیریدا، بەتایبەتی ئەو کاتەی خواست بەرز بوو، تەکنۆلۆجیاش لە حاڵەتی گۆڕانکاری بەردەوامدا بوو.

یەکێك لەو پرۆژە هاوبەشانەش ئەو پرۆژەیەی نێوان پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا (ڤەنزوێلا) و بیلاروسنیفت (روسیای

سپی)دا بوو، کە لە دیسەمبەری 2007دا پێکهات بەمەبەستی دۆزینەوە و پەرەپێدانی کێڵگەکانی گازی سروشتی. پڕۆژە هاوبەشە نوێیەکە لەو کێڵگانەدا چڕدەبووەوە، کە دەکەوتنە خۆرئاوای ڤەنزوێلا. پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا لەسەدا 60ی کۆمپانیاکەی کۆنترۆڵدەکرد، لەکاتێکدا بیلاروسنیفت لەسەدا 40ی کۆنترۆڵدەکرد. دوای ئەوەی پەیوەندی هۆگۆچاڤێزی سەرۆکی (کۆچکردو)ی ڤەنزوێلا لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت تێکچو، داوای لەچەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو کرد رازیبن بە پشکی کەمینە لە ناوچەی ئۆرینۆکۆ، بەجۆرێك باڵادەستی بۆ پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا بێت. هەریەك لە ئیکسۆن مۆبیل و کۆنۆکۆ فیلیپس پێشنیارەکەیان رەتکردەوە و ڤەنزوێلایان بەجێهێشت. هەرچی کۆمپانیاکانی دیکەیە – توتال، ستات ئۆیل ئەی ئێس ئەی، چیڤرۆن و بی پی – مانەوەیان هەڵبژارد.

لەرابردودا، خوشکەکان بەئازادی خۆیان بریاریاندەدا سامانیان ئاڕاستەی کوێ بکەن و لە کوێ کاری هەڵکەندن بکەن، بەڵام ئێستا هەڵوێستەکە پێچەوانە بووەتەوە، چونکە لەبری ئەوەی کەمینەیەك لە دەوڵەتان هەوڵی سەرنجڕاکێشانی خوشکەکان بدەن، ئێستا ریزێکی دورودرێژ لەکۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت هەوڵی پێکهێنانی پڕۆژەی هاوبەش لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکان دەدەن.

هندستان یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی هەوڵیدا بچێتە پڕۆژەی هاوبەشەوە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتدا،

بەڵام تێیدا سەرکەوتونەبوو. لە بەهاری ساڵی 2008یشدا دیاربوو بەختی هندستان بەرەو گۆڕان دەچێت، چونکە هەوڵەکانی بۆ هێنانەدی ئاسایش لەبواری وزەدا لە ئەپرێلی 2008دا پتەوتر بوون، ئەو کاتەی دیپلۆماسیەتە نەوتییەکەی بەرەو ئەوە هەنگاوی دەنا لە زیاتر لە کیشوەرێکدا بەرهەمی هەبێت. بۆ نمونە لە ئەمریکای باشور هندستان رێککەوتنێکی ئیمزاکرد بواریدا بچێتە پڕۆژەیەکی هاوبەشەوە بۆ گەڕان بەداوی نەوت و گازدا لە ڤەنزوێلا، هەروەك چەند کۆمپانیایەکی هندی دانوستانیان کرد بۆ بەشداریکردن لە پڕۆژەی نەوتیدا لە تورکمانستان لە ناوەڕاستی ئاسیا. لە روداوێکی گرنگی دیکەشدا، هندستان هەوڵەکانی زیاترکرد بۆ نزیکبوونەوە لە دەوڵەتە ئەفریقیاییە دەوڵەمەندەکان بە نەوت لەڕێی میوانداریکردنی یەکەم لوتکەی هندی ئەفەریقییەوە.

لە ڤەنزوێلا کۆمپانیای ئۆ ئێن جی سی فیدیشی سنوردار، کە باڵی دەرەکی دامەزراوەی نەوت و گازی سروشتی حکومییە، رێککەوتنێکی لەگەڵ پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا ئیمزاکرد بۆ دەرهێنانی 232.38 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لەماوەی بیست و پێنج ساڵدا. هندستان هەوڵی دیپلۆماسی نەوتی بوێرانەی دەدا. توانای ئێستای هندستان لە کێبڕکێکردن بۆ بەشداری لە پڕۆژەی نەوتی هاوبەشدا، ئاماژەیەکە بۆئەوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بەڕونی لاوازتر بوون.

**(1) دانوستان لەسەر مەرجی باشتر**

کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت، کە بەهێزتر ببوون، مەرجی

باشتریان لە ڕێککەوتنەکانیاندا لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی خۆرئاوادا بەدەستدەهێنا. ئەو کۆمپانیا تایبەتانەی لە دەرەوە کاریاندەکرد لەبەردەم دوو بژاردەدا بوون، کە یەك لەیەك تاڵتر بوون، یان دەبوایە بە مەرجە نوێیەکان رازیبن، یان وڵاتەکە بەجێبهێڵن. لەکاتێکیشدا، کە کۆمپانیاکان وڵاتەکەیان بەجێدەهێشت بەشێوەیەکی ئاسایی کۆمپانیا نەتەوەییەکان کۆنترۆڵی لەسەدا 100ی کێڵگە نەوتییەکانی دەوڵەتەکانیان دەکرد و ئیتر دەیانتوانی لە ناوەوە گرێبەست بکەن بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری تایبەت بە کێڵگەکانی نەوت.

**(1-1) نموونەیەك بۆ رونکردنەوە: سعودیە**

کاتێك کۆمپانیای ئارامکۆ لە بنەڕەتدا لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا دامەزرێندرا، ئەو کۆمپانیا تایبەتانەی پێکیانهێنابوو بەردەوام زۆربەی هەرەزۆری قازانجی ئەو پرۆژەیەیان دەچنییەوە. سعودیەش تا حەفتاکان چاوەڕوانیکرد بۆئەوەی دانوستان بکات لەسەر بەدەستهێنانی لەسەدا 25ی داهاتە نەوتییەکانی، ئەو کاتەش لە شادی سەرکەوتنە نائاشکراکەیدا بوو لە شەڕی گەمارۆ نەوتییەکەدا. لە ساڵی 1980یشدا دانوستانی هاوبەش نەما، چونکە سعودیە خاوەنی لەسەدا 100ی کۆمپانیاکە بوو. گەورترین کۆمپانیای نەتەوەیی سەرکەوتوبوو لە دەرکردنی گەورەترین کۆمپانیا تایبەتەکان لە مەیدانەکە.

لەنێوان پەنجاکانی سەدەی بیستەم و حەفتاکانیدا، زۆر دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەربەخۆییان لە ژێردەستی هێزە کۆلۆنیالیزمەکان بەدەستهێنا. لە نمایشی

سەربەخۆیی ئابوریشیاندا، زۆرێك لەم دەوڵەتانە ئەو پشكانەیان خۆماڵیكردن، كە خاوەندارێتیان هی كۆمپانیا خۆرئاواییەكانی نەوت بوون. (حەوت خوشكەكە بە ئاسانی لەم دەوڵەتانە دەركران و ئەو قەرەبوانەش، كە لەبەرامبەر وەبەرهێنانەكانیان و تەكنۆلۆجیاكەیاندا وەریانگرت، تەنیا لە لایەن دەوڵەتانی میوانداریكەرەوە دیاریكران).

جیهانێكی تەواو نوێ بوو. بە هاتنی سەرەتای دەیەی یەكەمی سەدەی بیست و یەكەمیش كۆمپانیا نەتەوەییەكانی نەوت، لەنێویشیاندا ئارامكۆ، زۆر لە پێش گەورە كۆمپانیاكانی نەوتی خۆرئاواوە بوون لە هەریەك لە قازانج و یەدەگی نەوتیدا. ئارامكۆی سعودیە، یەدەگی بیست هێندە زیاتری لە یەدەگی ئیكسۆن مۆبیل هەبوو، كە گەورەترین بەرهەمهێنەری تایبەتی نەوتە، بەڵام زۆرێك لە كۆمپانیا نەتەوەییەكانی نەوت (جگە لە مالیزیا و نەرویج و بەرازیل)، هێشتا شارەزایی كۆمپانیا تایبەتەكانیان نییە. لەبەرئەوە دەیانتوانی ئەو بەشانەی پڕۆسەكانی هەڵكەندن و دۆزینەوە تەواو بكەن، كە كەمتر ئاڵۆزن، بەڵام نەیاندەتوانی تەواوی یەدەگەكان بەكاربهێنن. لە ئەنجامی ئەوەشدا جیهان بڕێكی كەمتر سوتەمەنی دەستدەكەوت لەوەی لەكاتی باڵادەستی كۆمپانیا قۆرغكارییەكاندا هەبوو.

**(2) دیكتاتۆرییە نەوتییەكان**

زۆرێك لە كۆمپانیا نەتەوەییەكانی نەوت لە سایەی حكومەتی دیكتاتۆریدا كاریاندەكرد، كە سەركردەی چاوچنۆك

و گەندەڵیان هەبوو. ئەم سەرکردانە بەڵێنیاندا داهاتی نەوت لە پشتیوانیکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی گەلەکانیاندا بەکاربهێنن، بەڵام هەمیشە هەژاران بڕێکی کەم سودیان دەستدەکەوت، لەکاتێکدا سەرکردەکان داهاتی نەوتیان بۆ دەوڵەمەندکردنی گیرفانیان بەکاردەهێنا. زۆرێك لە کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت هەوڵیاندا ئازایانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەبکەن، بەڵکو لە راستیدا ئەم کۆمپانیایانە واتە ئەو دیکتاتۆرییە نەوتیانە، کاریگەرییەکی زۆری جیهانیان هەبوو. بە هۆی هەڵسوکەوتی هەندێك لەم دەوڵەتانەشەوە – بەتایبەتی روسیا، ڤەنزوێلا، چاد، ئێران و هەندێك دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست – جیهانی نەوت ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر دیاربوو، بەراورد بە چەند ساڵی رابردو.

یەکێك لە بەهێزترین کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت – بە پێچەوانەی ئارامکۆی سعودیە- دامەزراوەی نیشتمانی پترۆڵی چینە، کە خاوەنی پشکی لەسەدا 88ی پترۆچاینایە، کە لە بیست و دوو دەوڵەتدا کار دەکات. لەهەندێك روەوە دیاربوو کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت وەك کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە پارەی وەبەرهێنانیان دەخستە پیشەسازی نەوتی دەوڵەتانی دیکەوە. بۆ نمونە دامەزراوەی نیشتمانی پترۆڵی چین 8 ملیار دۆلاری خستە پیشەسازی نەوتی تازەپێگەیشتوی سودانەوە.

لە چەند حاڵەتێکی تریشدا -لەوانەش پترۆناس (مالیزیا) و پترۆبراز (بەرازیل)-، کۆمپانیا نەتەوەییەکانی

نەوت کێبڕکێی گەورە کۆمپانیاکانی نەوتیان دەکرد لەڕوی دابەشکردنی تەکنۆلۆجیاوە. پترۆبراز تەکنۆلۆجیایەکی پێشکەوتوی پەرەپێدابوو بۆ دەرهێنانی نەوت لە ئاوی زۆر قووڵدا وەك ئەوەی لەبەرامبەر کەناراوەکانی بەرازیل هەبوو، ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییە بواری دایە پترۆبراز کێبڕکێی بریتش پترۆلیۆم و ئیکسۆن مۆبیل بکات لە ئەنگۆلا.

پترۆناسی مالیزیا کاری لە سودان و بۆرما و بیست و چواری دەوڵەتی دیکەدا دەکرد، بۆیە لەسەدا 30ی داهاتی نەوتی لەدەرەوە بەدەستدەهات. هەرچی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی ئێرانیشە، ئەوا هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای نەرویجی، هۆڵەندی، فەرەنسی و ئیتاڵیەکان دەکرد، جگە لەوەش دەچووە پرۆژەی هاوبەشەوە لەگەڵ گروپی چینی و روسی. لە کۆتایی ساڵی 2006یشدا، چتر بریتش پترۆلیۆم و شل سەرکردەی بۆرسە جیهانییەکان نەبوون، چونکە کۆمپانیای نەتەوەیی نەوتی روسیا (گازپرۆم) و دامەزراوەی نیشتمانی نەوتی دەریایی چین و پترۆچاینا بەرەکەیان لەژێر پێیان دەرهێنا. تەنیا ئیکسۆن مۆبیل وا دیاربوو دەتوانێت شانبەشانی «برا نوێیەکان» بوەستێت لە بۆرسەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت نزیکەی 20 ملیار دۆلاریان کەم بوو، بۆ پارەی پێویستی دەرهێنانی دوا ئاستی نەوت لە ناوچەکانی ژێر دەستیاندا. لەوەش تێگەیشتن کە تەنیا رێگە بواریان بدات ئەو جۆرە وەبەرهێنانە رابکێشن،

هاوکاریکردنیانە لەگەڵ یەکتردا، ئەمەش ئامانجی سەرەکی پشت کۆنگرەکەی لەندەنە.

هەمیشە حکومەتە میونداریکەرەکان دوودڵ بوون لەوەی ڕێگە بە کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوتی سەر بەخۆیان بدەن سەرلەنوێ قازانجی نەوت لە پیشەسازیدا وەبەربهێننەوە، لەبری ئەوەش بە باشیانزانیوە قازانجەکان لەو پرۆژانەدا خەرجبکرێن، کە بەرهەمهێن نەبوون بۆ پیشەسازی نەوت، یاخود بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لە دەوڵەتدا خەرجبکرێن. دەوڵەتانی دەوڵەمەند بە نەوتیش وەك ڤەنزوێلا و ئێران و عێراق -، کە دووەم گەورەترین یەدەگی نەوتییان هەیە لەسەر ئاستی جیهان - پێیان باشبوو ئەو نەوتەی بەرهەمیان هێنابوو، فرۆشتبوویان، بەکاری بهێنن لەپێناو گەورەکردنی وێنەی تایبەتی خۆیان لەبری بەرەوپێشبردنی پیشەسازییە نەوتییە ناوخۆییەکانیان تا بەوپەڕی توانایان کاربکەن.

بۆ نمونە هۆگۆ چاڤێزی سەرۆکی ڤەنزوێلا دوو لەسەر سێی بودجەی پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلای، کە بڕی 7 ملیار دۆلار بوو بۆ بەرنامە کۆمەڵایەتییەکەی خەرجکرد، کە بۆ پاڵپشتیکردنی پێگەی سیاسی خۆی ئاڕاستە کرابوو. ئەگەر ئەم پارەیەش لەبری ئەوە بۆ پشتیوانی ژێرخانی نەوتی ڤەنزوێلا خەرجبکرایە، پێدەچوو لەمەودای دوردا پارەی زیاتری رابکێشایە. بڕیارەکەی چاڤێز بە گۆڕینی پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا بۆ ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی، بووە هۆی دابەزینی تواناى بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکە لەساڵی 1999وە.

له ئەنجامی بڕیارەکەی حکومەتی مەکسیکیشدا بۆ کەمکردنەوەی وەبەرهێنانی بیانی، کۆمپانیای نەتەوەیی نەوتی مەکسیکیش، بیمیکس، کەمبوونەوەی بەرهەمی بەخۆوە بینی. هەندێك لە شیکەرەوان پێشبینییانکرد، کە پێدەچێت دابەزینی خێرای بەرهەم لە کێڵگەی کانتارێل لە مەکسیك، ئەو وڵاتە -کە سێیەم هەناردەکاری نەوتە بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان- بگۆڕێت بۆ هاوردەکارێکی تەواو لەماوەی دە ساڵدا.

هەروەها بە هۆی ئەوەی کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی ئێران نرخی گازی لە 40 سەنت بۆ گاڵۆنێك هێشتەوە بۆ بەکاربەرانی ناوخۆیی ئێران، کۆمپانیاکە نەیدەتوانی بەرهەمی نەوتی زیادبکات، یان پاڵاوگەکانی چاکبکات.

هەروەها روسیاش باشتر بوو وەبەرهێنانی لە هێڵە بۆرییە کۆنەکانیدا بکردایە، کە گرفتی لێچونیان هەیە، بەڵام قازانجێکی ئەوتۆی بۆ ئەم مەبەستە گرنگە تەرخاننەکرد، تەنیا بڕێکی کەم نەبێت.

لە کۆتایی شەستەکاندا زەحمەت بوو بیر لەوە بکەینەوە، کە حکومەتەکانی ئەو کۆمپانیا نەتەوەییانەی نەوت بەرەنگاری هەژمونی گەورە کۆمپانیاکانی نەوتی خۆرئاوا لە پیشەسازی نەوتدا ببنەوە، بەڵام لە ساڵی 1969دا کاتێك موعەمەر قەزافی سەرکردەی لیبیا حوکمی گرتەدەست، بەدیاریکراوی هەڕەشەی ئەنجامدانی ئەو کارەیکرد.

بەدرێژایی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم و ناوەڕاستی، دەوڵەتانی ئۆپیك کاریان بۆ خۆماڵیکردنی پیشەسازی

نەوتییان دەکرد، بەڵام کەس پێیوا نەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان حکومەتە نەتەوەییەکان لە پێگەیەکدا دەبن نرخ دیارییبکەن. وەرچەرخان لە تەرازوی هێزدا لە «خوشکەکان»وە بۆ «براکان» رویدا لە ئەنجامی بوژانەوەی جۆری ئەو خۆماڵیکردنەی لە مەکسیکەوە لە سییەکان و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش لە حەفتاکاندا دەستپێکرد. تەنیا کاتێك نرخی نەوت لە کۆتایی هەشتاکان و نەوەدەکاندا دابەزی، ئەم جموجوڵە خاوبووەوە، بەڵام لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا وەرچەرخانی تەرازوی هێز بەرەو «براکان» و کۆمپانیا نەتەوەییەکانی دیکەی نەوت زۆر بەڕونی دیاربوو.

**خۆماڵیکردنی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت: رەوتێکی گۆڕاو**

- **عێراق: لە ساڵی 1972دا خۆماڵی کرا.**
- **لیبیا: لەساڵی 1973دا خۆماڵی کرا.**
- **ئێران: لەساڵی 1973 خۆماڵی کرا.**
- **ڤەنزوێلا: لەساڵی 1975دا خۆماڵی کرا.**

لەسەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت نەیانتوانی کێڵگەی نوێی نەوت لە خۆرئاوا بدۆزنەوە، بۆیە تەرکیزیان خستە سەر کێڵگەکانی نەوت لە ئاسیا. کێڵگەی کاشاجان-ی کازاخستان، کە دەکەوێتە بەشی باکوری دەریای قەزوینەوە لە ساڵی 2000دا دۆزرایەوە. ئەوە یەکێك بوو لە گەورەترین

دۆزینەوەکانی  قۆناغی نوێی نەوتی. کێڵگەی کاشاجان موڵکی کۆمپانیای ئینی و هاوبەشەکانی بوو: ئیکسۆن مۆبیل، تۆتال، شل، کۆنۆکۆ فیلیپس، گازمونایجاز و ئیمبکس. (تێکەڵەیەك لە بەرەبەستە مادیە بەرجەستەکان و دەستێوەردرانی سیاسی بوونە هۆی دواخستنی بەرهەمهێنان تا ساڵی 2012).

لەیەنایەری 2004دا حکومەتی روسیا، چەند رێوشوێنێکی پشتبەستوو بە سەروەرییە نەتەوەییەکەی گرتەبەر. بۆیە رایگەیاند پێشبینیدەکات بڕی یەك ملیار دۆلاری پێبدرێت لە بەرامبەر دەرکردنی مۆڵەتی گەڕان و پەرەپێدانی یەکێك لە سێ کێڵگەکەی نەوت و گاز لە سخالین بە دیاریکراویش لە ناوچەی کیرینسکی. ئەم داواکارییە بۆ پێدانی بڕێك پارەی زیاتر لەبەرامبەر مۆڵەتپێدانەکە بەکردەوە مانای هەڵوەشاندنەوەی ئەو کەمکردنەوەیە بوو، کە لە ساڵی 1993دا بەڕێوەچوو و هەمان ئەو مافی گەڕانەی بەخشیە هەریەك لە ئیکسۆن مۆبیل، چیڤرۆن، تەکساکۆ و روسنیفت. ئەمەش کارێکی لە ناکاو بوو بۆ ئیکسۆن مۆبیل، کە بەکردەوە بڕی 80 ملیۆن دۆلاری لە پڕۆژەکەدا وەبەرهێنابوو. لە کۆتایی ساڵی 2006 یشدا حکومەتی روسیا دەستیگرت بەسەر پڕۆژەی گازی سروشتی تایبەت بە کۆمپانیای شل لە سخالین، کە بەهاکەی 20 ملیار دۆلار بوو. جگە لەوەش، حکومەتی روسیا رایگەیاند، کە گازپرۆم رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پەرەپێدانی کێڵگەی زەبەلاحی ئەرکتیك شتوکمان، ئەمەش مانای وایە «خوشکەکان» و هاوپەیمانەکانیان

لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لە ئاستێکی نزمتردا دەبن بەو پێیەی تەنیا پێشکەشکەری خزمەتگوزارین.

لە ساڵی 2006دا بۆلیڤیا سوپاکەی بەکارهێنا بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆرێك لە کێڵگەکانی نەوت و گاز. بۆلیڤییەکان ئەو کێڵگانەیان وەك بارمتە هێشتەوە لە چاوەڕوانی رەزامەندی هاوبەشەکانیان لە کەرتی تایبەت بۆ سەرلەنوێ ئەنجامدانی دانوستان لەسەر رێککەوتنەکان.

لە رابردودا کاتێك حەوت خوشکەکە و حکومەتە نەتەوەییەکان ناکۆکیان دەکەوتە نێوان سەبارەت بە چۆنێتی پێکەوە کارکردن، کۆمپانیاکان کەلوپەلەکانیان کۆدەکردەوە و رویان دەکردە ئەمریکای باکور و دەریای باکور، بەڵام ئەو رۆژانە رۆیشتن و بەسەرچوون. دەرفەتی دۆزینەوەی نەوت لە هەر ناوچەیەکی جیهان زۆر کەمبووەتەوە، بەڕادەیەك خوشکەکان ناتوانن بە ئاسانی وڵاتەکە بەجێبهێڵن تەنیا لەبەرئەوەی دەوڵەتێك خوازیارە دانوستان سەبارەت بە مەرجی یەکێك لە گرێبەستەکان بکرێتەوە.

لە سێبتەمبەری 2007دا ڤەنزوێلا یاسایەکی دەرکرد، پشکی زۆرینەی لە کێڵگەکانی پشتێنەی ئۆرینۆکۆی نەوتی قورس، کە گەورەترین کێڵگەی ئەو جۆرە نەوتەیە لەجیهاندا، دەبەخشییە کۆمپانیا نەتەوەییەکەی پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا. ڤەنزوێلا لەڕێی بەکارهێنانی ئەم شێوازانەوە داهاتێکی بەبڕی 31 ملیار دۆلار بۆ خۆی مسۆگەرکرد، بەڵام ئەم هەنگاوە -بەشێوەیەکی نا کوتوپڕ- زۆرێك لە گەورەبەرهەمهێنە

بیانییەکانی دورخستەوە، لەوانەش کۆمپانیاکانی توتاڵی فەرەنسی و ئینی ئیتاڵی.

لە واقیعە نوێیەکەدا، گرژییەکان گەیشتبووەتە ئاستی کوڵان، بەڵام کەس پێشبینی نەدەکرد لە ئایندەی نوێدا مەنجەڵەکە هەڵبچێت، چونکە دیارە سەرانی جیهانی نەوت -بە چاوپۆشین لە رادەی زۆری یەدەگەکانیان یاخود رادەی زۆری ئەو قازانجەی دەستیاندەکەوێت- ئامادەنەبوون جەنگ بەرپا بکەن بۆ پاراستنی سەرچاوە نەوتییەکانیان. چین دەوڵەتانی ئەفریقیای پڕچەك دەکرد، تا یارمەتیبدەن بۆئەوەی بەرگری لەخۆی و سەرچاوە نەوتییەکانی بکات، بەڵام دیاربوو چینییەکان ئامادەنین پەلەبکەن لە یارمەتیدانی دەوڵەتێکی ئەفریقیا، کە لەوانەیە لە لایەن رێکخراوێکی شۆڕشگێڕەوە هێرشی بکرێتەسەر و هەوڵبدات دەست بەسەر نەوتەکەیدا بگرێت.

لە هاوینی ساڵی 1990دا ویلایەتە یەکگرتوەکانی جەنگی لەدژی عێراق بەرپاکرد، لەبەرئەوەی عێراق کوێتی داگیرکردبوو. لە هەمانکاتدا نکوڵی لەوە دەکرد مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی بە نەوتەوە هەبێت. ویلایەتە یەکگرتوەکان باوەڕی وابوو، ئەگەر عێراق رانەگرێت، ئەوا عێراق لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا گەورەترین دەوڵەتی نەوتی لە جیهاندا داگیردەکات، کە سعودیەیە.

لە چاوپێکەوتنێکیشدا لەگەڵ تۆڕی جەزیرە، دۆناڵد رامسفیلد، وەزیری بەرگری ئەوکاتەی ئەمریکا بە

پزیشکەشکارەکەی وت: «تەنیا بیرۆکەمان بۆ ناوچەکە ئەوەیە چەکی کۆکوژ بەرهەمنەهێنرێت و دراوسێکانیش داگیرنەکرێن و ئاشتیخوازبن». لەبەر ئەم هۆکارە، پاش ئەوەی عێراقییەکان لە کاتژمێرەکانی یەکەمی جەنگدا کێڵگە نەوتییەکانیان سوتاند، ویلایەتە یەکگرتوەکان بە ئەنقەست وەڵامی مەسەلەی تایبەت بە بنیاتنانەوەی کێڵگە نەوتییەکانی نەدایەوە، لە ترسی ئەوەی نەبادا دەوڵەتانی دیکەی جیهان دەستبەجێ بەوە تۆمەتباری بکەن، کە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ئەو کێڵگانە دەدات. جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی ئەمریکاش تەنیا کاتێکی کەمی بەسەربرد لە هەوڵەکانیدا بۆ رێکخستنی بەرنامەیەك عێراق رێبەرایەتی بکات بۆ هاوبەشیکردن لە سامانی نەوتی ئێستایدا، بەڵکو بەسادەیی باوەڕی وابوو، کە دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکان تاکە سەرچاوەی پاراستن بێت و پێویستە رێگە نەدات کێڵگەکانی نەوت بکەونە دەستی ئێران، یاخود رێکخراوی قاعیدەوە.

بەرچاوی هەندێك لە شیکەرەوانی وۆڵ ستیرت و واشنتۆنیش رونبوو، کە نەوت دەکەوێتە ناوجەرگەی زۆربەی ململانێ نێودەوڵەتییە بازرگانییەکانەوە. ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژی لەزیادبووندا بوو، لە 7ی یەنایەری 2008دا، پێنج بەلەمی جەنگی تیژڕەوی ئێران بە ئاڕاستەی سێ کەشتی ئەمریکا لە ئاوی نێودەوڵەتیدا رۆیشتن، کە بەقسەی سەرکردەیەکی هێزی دەریایی ئەمریکا بەشێوەیەکی (زۆر ئیستیفزازی) بوو. بەلەمە ئێرانیەکان بۆ دوری 500

یاردە لە کەشتییە ئەمریکییەکان نزیکبوونەوە. لەمیانی ئەو رووداوەدا بە پەخشی رادیۆیی پەیامێکی دەنگی ئاڕاستەی ئەمریکییەکان دەکرا، کە دەیوت «وا هاتم بۆتان، لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا دەتەقنەوە».8

ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان هەردو لایەنی ئەمریکی و ئێرانی ڕێی تێدەچوو، چونکە کەشتییەکانی هەردو دەوڵەت لە گەروی هورمزدا بوون، کە لەسەدا 28ی هەموو نەوتی جیهانی پێدا تێدەپەڕی و لەسەدا 55ی یەدەگی نەوتی خاوی جیهانیشی تێدابوو. دواجاریش کەشتییە ئەمریکییەکان تەقەیان نەکرد، هەرچەندە هێندەی نەمابوو تەقە لە بەلەمە ئێرانییەکان بکەن بەر لەوەی ئێرانییەکان ئاڕاستەی خۆیان بگۆڕن و بگەڕێنەوە، ئەمەش کۆتایی بەو بارودۆخە هێنا.

بە درێژایی چەندین ساڵ بەر لەو روبەڕووبوونەوە دەریاییە، ویلایەتە یەکگرتوەکان جددی بوو لە داواکردنی یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ ناچارکردنی ئێران بە راگرتنی بەرنامەی چەکە ئەتۆمییەکەی، بەڵام لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتو نەبوو. رەخنەگران دەڵێن ویلایەتە یەکگرتوەکان تەنیا بەدوای بیانویەکدا دەگەڕێت تا ئێرانییەکان بۆردومان بکات و هێزی ئەمریکی لە ئێراندا بهێڵێتەوە بۆ «پاراستنی» کێڵگە نەوتییەکانی. ئەگەر ئەمریکییەکانیش دەست بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرن، ئەوا یارمەتیدەر دەبن بۆ سەقامگیرکردنی جیهانی نەوت، پاشانیش سەقامگیرکردنی نرخی نەوت، کە ئەمەش بە ئامانجێکی جەوهەری ئەمریکا دادەنرێت.

جارێکیان رۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا وتی

«ئێرە ناوچەیەکی زۆر گرژ و ئاڵۆزە و مەترسی پەرەسەندنی هەر رووداوێکیش، کە تێیدا روبدات، مەترسییەکی راستەقینەیە. ئەمەش ئەوەمان بیردێنێتەوە، کە حکومەتێك لە ئێراندایە پێشبینی کارەکانی ناکرێت».

کاتێکیش سەرۆکی ئەمریکا بەسەردانێکی کار لە قودس بوو، پاش چەند رۆژێکی کەم یەکێك لە رۆژنامەنوسان پرسیاری لەبارەی ئەوەوە لێکرد، کە بۆچی ویلایەتە یەکگرتوەکان وەڵامی بۆ دەستدرێژییەکانی ئێران نەبووە، سەرۆکیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ویلایەتە یەکگرتوەکان سەبرناگرێت ئەگەر رووداوێکی هاوشێوە دووبارەببێتەوە، وتیشی: «ئاکامی خراپی دەبێت، ئەگەر هێرشبکەنە سەر کەشتییەکانمان، مەسەلەکە بەو ئاسانییە نییە. ئامۆژگاریشم بۆیان ئەوەیە: کاری وا مەکەن!».

وۆڵ ستریت بەم هەڵوێستە دڵخۆشنەبوو، چونکە بۆ ماوەیەکی کورت نرخی نەوت هاوکات لەگەڵ ئەم هەواڵانەدا بەرزبووەوە، لە کاتێکدا مامەڵەکاران هەڵسەنگاندنیان بۆ رادەی مەترسی ئەو هەڕەشەیە کرد، کە بەدرێژایی ئەو رێڕەوە گرنگە دوچاری بارە نەوتەکان دەبێتەوە.

بەرلەوەی نرخی نەوت بگەڕێتەوە ئاستی ئاسایی خۆی بەڕێژەی لەسەدا 49 بەرزبووەوە و گەیشتبووە 98.40 بۆ هەربەرمیلێك. پێدەچوو سەرهەڵدانی ئەمجۆرە نوێیەی ئیمپراتۆرانی نەوت دۆخی زیاتری هاوشێوەی ئەم دۆخە و وەك داگیرکردنی جۆرجیا لە لایەن روسیاوە بخولقێنێت.

## پەراوێزەکان

(1) وتارێك بەناونیشانی: «پێنجە گەورەکە لە پیشەسازی نەوتدا ڕوبەڕوی ئایندەیەکی پڕ لە نیشانەی پرسیار دەبنەوە»، بزنیس ریپۆرت، 25ی یۆنیۆی 2008.

(2) ژمارەکان لە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە وەرگیراوە.

(3) دە کۆمپانیا یەکەمەکە بریتی بوون لە: ئارامکۆی سعودی، ئیکسۆن مۆبیل، کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی ئێران (ئێران)، پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا (ڤەنزوێلا)، بریتش پترۆلیۆم، رۆیاڵ دەچ شل (شانشینی یەکگرتو - هۆڵەندا)، پترۆچاینا (چین)، چیڤرۆن (ویلایەتە یەکگرتوەکان)، تۆتاڵ (فەرەنسا)، بریمیکس (مەکسیك).

(4) حەوت خوشکەکە لە وێنە کۆکراوەکەیدا، لەگەڵ هەندێك گەورە کۆمپانیای نێودەوڵەتی دیکە.

(5) وتارێك بەناونیشانی: «ئایا کاتی نەوتی کۆتایی هاتووە؟» لە 20ی فێبرایەری 2007 لە سایتی http://www.ftadviser.com/ بڵاوکرایەوە.

(6) ریزبەندییەکە لەو روپێوییە وەرگیراوە کە هەواڵنامەی «پترۆلیۆم ئینتلیجنس ویکلی» ئامادەیکردبوو.

(7) سەیرە کە هەمیشە وەك یەکێك لە کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت سەیری ئارامکۆی سعودی کراوە، ئەگەرچی شوێنی دروستبوونی وای لێدەکات لەگەڵ سیفەتی کۆمپانیا نەتەوەییەکانی دیکەی نەوتدا یەکنەگرێتەوە.

(8) ئەو روداوە دەستبەجێ روداوێکی پێشوی بەبیرهێنایەوە کە لە مارسی 2007 رویدابوو، کاتێك ئێران پانزە دەریاوان و سەربازی بەریتانیای لە کەنداو دەستگیرکرد و بە بەزاندنی ئاوی نێودەوڵەتی تۆمەتباری کردن. بەریتانیا سووربوو لەسەر ئەوەی لە ئاوی عێراقدا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەریتانییەکان بۆ نزیکەی دوو هەفتە دەستبەسەر بوون.

# بەشی 12
# روسیا: جەنگی پوتین لەدژی نوخبە

لەپایزی ساڵی 2004دا ڤلادیمێر پوتین سەرۆکی روسیا چەند پلانێکی بە ئامانجی ئەنجامدانی «چاکسازییەکی» ریشەیی لە سیستمی سیاسی وڵاتەکەیدا راگەیاند، مەبەستەکەش چڕکردنەوەی جڵەوی دەسەڵات بوو لە دەستی کریملیندا. پوتین دەرفەتی روودانی قەیرانی بارمەتەکانی لە بیسلان قۆستەوە، کە تێیدا جوداخوازانی چیچان سەدان منداڵیان کوشت، بۆیە بانگەشەی ئەوەی کرد، کە پاڵنەرە سەرەکییەکەی دەستگرتنی بەسەر جڵەوی دەسەڵاتدا ئەوەیە روسیا پێویستی بە سەرکەوتنە لە جەنگەکەیدا لەدژی تیرۆر. ئەوەش یەکەمجار نەبوو، کە تێیدا پوتین هێزی دەوڵەتی روسیا بەکاربهێنێت بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە تایبەتەکانی.

پوتین کە بۆریس یەلتسن سەرۆکی پێشتر خۆی هەڵیبژارد تا لەسەرکردایەتیکردنی روسیادا جێگەی بگرێتەوە، جەنگی لەدژی «نوخبە» بەرپاکردبوو، کە مەبەست لە پیاوانی کاربوو ئەوانەی لەدوای هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی 1991دا بۆشایی دەسەڵاتیان پڕکردەوە و جومگەکانی دەوڵەتیان کۆنترۆڵکرد. ئەو نوخبەیە پشتیوانی حکومەتەکەی یەڵتسن-ی کرد تا ئەو کاتەی روسیا لەگەڵ هەرەسهێنانی رۆبڵدا لە ساڵی 1998دا، کەوتە حاڵەتێکی بێ سەروبەرەیی.

میکایل خۆدۆرکۆڤسکی سەرۆکی گروپی کۆمپانیاکانی نەوتی روسیا (یۆکۆس) و خاوەنی گەورەترین پشکەکانی، یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەو نوخبە پێشبینیکراوە، کە تەواوی سامانەکەی بە پێی گۆڤاری (فۆربس) دەگەیشتە 15 ملیار دۆلار. بەوپێیەش کە جۆری ئەو سەرمایەدارییەی خۆدۆرکۆڤسکی نوێنەرایەتی دەکرد، هەروەها سامانەکەیشی، هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بوون بۆسەر دەسەڵاتی پوتین، لە ساڵی 2003دا بەفەرمانی پوتین خۆدۆرکۆڤسکی دەستگیرکرا و بەتۆمەتی تاوانی تەڵەکەبازی و خۆدزینەوە لە باج خرایە زیندانەوە. دوای ئەوە دەرگا لەبەردەم کۆمپانیای نەوتی روسنیفت-ی حکومی کرایەوە، کە کەمکردنەوەی تایبەت بەپاشماوەی کۆمپانیا یۆکۆس بباتەوە. لەوکاتەشەوە خۆدۆرکۆڤسکی بەندکراوە.

چاکسازی ریشەیی لە سیستمی خاوەندارێتی ئەو نوخبەیەدا، کە سیستمێکی بە کەموکوڕی و نادادپەروەر بوو،

کارێکی حەتمی بوو، بەڵام بەهەمانشێوە جموجوڵەکەی پوتینیش بە کەموکوڕی و نادادپەروەر بوو، نیشانەیەکیش بوو بۆ چۆنێتی دەستگرتنی حکومەتی ناوەندی، یاخود شوێنکەوتوانی، کە گوێ بە یاسا نادەن، بەسەر جیهانی کاروبارەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، چ کاروبارە دەرکییەکان، یاخود ناوخۆییەکان.

بەگوێرەی پێداچوونەوەیەك، کە رۆژنامەی مۆسکۆ تایمز بۆ زیاتر لە 30 کێشە ئەنجامی داوە، بەلانی کەمەوە لە 10 کێشەدا دەردەکەوێت، کە لەماوەی نێوان 2004 و 2006دا پیاوانی کار رێگەیان پێنەدراوە بچنە ناو روسیا «لەبەر هۆکاری پەیوەندیدار بە ئاسایشی نەتەوەیی». وا دیارە ئەم رێگەپێنەدانە پەیوەندی بە سەودانامەی بازرگانییەوە هەیە، چەندین پیاوانی کاریش رایانگەیاند، کە پێیانوایە رکابەرە روسەکانیان بەرتیلیان داوە بە بەرپرسان تا بیانخەنە لیستی رەشەوە. ئەگەر ئەمەش راستبێت ئەوا وەبەرهێنەرە بیانییەکان هۆکارێکی نوێیان هەیە تا وریابن لە کارکردن لەناو روسیادا، بەڵام دوای ئەوەی پوتین لە ساڵی 2008دا جۆرجیای داگیرکرد، خودی ئەو وەبەرهێنانەی پێش چەند ساڵێك هەڵپەیان بوو بچنە روسیا – ئەو کاتەی روسیا پیتی Rی لە کورتکراوەی دەوڵەتانی بریك BREIC پێکدەهێنا 1– دەستیانکرد بە جێهێشتنی وڵاتەکە. دیاربوو مەسەلەکە وەك «گەڕانەوە بۆ سەردەمی یەکێتیی سۆڤێت» وابێت، ئەگەر راستی ئەمەش بسەلمێت، ئەوا وڵاتەکە بۆ خاوەن سەرمایەکان گونجاو نابێت.

* * *

لەوەتەی شۆکە نەوتییە گەورەکان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا ڕویانداوە، جیهانی نەوت گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەخۆوە بینیوە. نەوەیەکی نوێ لەو دەوڵەتانەی دەکرێت ناوبنرێن «دەوڵەتانی نەوتی دەستدرێژیکار» هاتونەتە نێو مەیدانی ململانێکەوە، دیارترین سێ نمونەی ئەم دەوڵەتانەش بریتین لە روسیا و ئێران و ڤەنزوێلا.

دەوڵەتە نەوتییە دەستدرێژیکارەکان هەمیشە وتاری توندیان بەکارهێناوە یاخود هێزی خۆیان بەشێوەیەکی زیادەڕەوانە پیشانداوە، یاخود هەڕەشەیانکردوە، یان هۆشداریان داوەتە خۆرئاوا، بەڵام لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم و سەرلەنوێش لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا، ئەو سامانە نەوتیانەی دەڕژانە گەنجینەی ئەم دەوڵەتانەوە، توانایەکی زیاتری پێدەبەخشین تا توندوتیژانەتر هەڵسوکەوتبکەن.

لە ماوەی ساڵانی جەنگی سارد دا لە ساڵی 1945 بۆ 1991، یەکێتیی سۆڤێت ویستی زۆرترین بڕی نەوت و گاز بەرهەمبهێنێت، بەوپێیەش کە بە وڵاتێکی دیکتاتۆری وەسفدەکرا، بۆیە سوربوو لەسەر ئەوەی چەند دەوڵەتێکی دیاریکراوی ئەوروپای خۆرهەڵات کاڵاکانی بکڕن. پابەندبوو بەوەی نەوت بداتە کۆمارە دورە دەستەکانی یەکێتیی سۆڤێت، بەڵام ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبوو، کە سازش لەسەر نرخەکەی بکات.

ساڵی 1917 روسیا لەسەدا 15ی خواستی جیهانی لەسەر نەوت دابیندەکرد، بەڵام سامانی راستەقینەی بەهۆی ئەو کارەوە کۆنەکردەوە تا نەوەدەکانی سەدەی بیستەم. لەو

کاتەشەوە، دەسەڵاتی توندی بەسەر هەندێك لە گەورەترین عەمبارەکانی نەوتی جیهان، ئەوانەی دۆزراونەتەوە و بەکارنەهێنراون، هێزی ئەوەی پێ بەخشیوە ببێتە دەوڵەتێکی نەوتی دەستدرێژیکار. لە ساڵی 2006یشدا روسیا بووە دووەم هەناردەکاری نەوت لە جیهاندا لەدوای شانشینی سعودیە.

پاش روخانی یەکێتیی سۆڤێت، زۆرێك لە چاودێران ئومێدیان وابوو روسیا ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی، بەڵام ئەم ئومێدانە بوونە هەڵم کاتێك ڤلادیمێر پوتین کارمەندی پێشوی دەزگای هەواڵگری یەکێتیی سۆڤیَتی پێشو، جڵەوی حوکمی لە 1999دا وەك سەرۆك گرتەدەست. لەم روەشەوە ناونیشانی راپۆرتێك بەمشێوەیە وەسفیکردوە: «ئەوەی خوێنرێژێکی سەر بە دەزگای هەوڵگری سۆڤێت بووبێت، هەر بە خوێنرێژی سەر بە دەزگای هەواڵگری سۆڤێت دەمێنێتەوە».2 بەهەرحاڵ، دەزگای هەواڵگری سۆڤێت بوونی نەماوە، بەڵام دەزگای نوێی هەواڵگری روسیاش، کە جێگەی گرتەوە -خزمەتگوزاری ئاسایشی فیدراڵی- جیاواز نەبوو.

لە سەرەتاکانی فەرمانڕەوایی پوتیندا ئابوری روسیا بە قەیرانێکی دراودا تێدەپەڕی، کە پاشماوەی قۆناغی یەڵتسن بوو. حکومەت سەدان ملیار دۆلار قەرزدار بوو، سیستمی بانکیش بەدەست کەمی نەختینەوە دەیناڵاند، وەبەرهێنەرانی پشکەکانیش زیانی گەورەیان بەرکەوت، ژمارەیەکی زۆریش لە کۆمپانیا بیانییەکان روسیایان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان. خزمەتگوزاری گشتی بەهەموو توانایەوە کارینەدەکرد، چونکە حکومەت داهاتی باجی تەواوی دەستنەدەکەوت. نزیکەی نیوەی ئابوری روسیا پشتی بە بازاڕی رەش بەستبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا و بەهۆی نرخی رولەزیادبووی نەوتەوە، پوتین توانی قەرزەکان بداتەوە و یەدەگی نەختینە زیاتربکات و باجە بەدەستهاتوەکانیش زیادبکات. لە ساڵی 2001یشدا پوتین باجێکی یەکخراوی لەسەر دەرامەت دانا، کە بڕەکەی لەسەدا 13 بوو. ئەگەرچی پوتین سەرکەوتوبوو لە دەربازکردنی وڵاتەکەی لە قەیرانە ئابورییەکەی، بەڵام پێویستی بەوە هەبوو بەردەوام بێت لەسەر ئەو رێچکەیەی دابنابوو بەرەو تەکنۆلۆجیای خۆرئاوا لەپێناو باشتر دەرهێنانی نەوت لەڕوی ئابورییەوە. بۆ ساتێك، وا دیاربوو کە دەکرێت پەیوەندییەك بنیاتبنرێت سود بەهەریەك لە خۆرئاوا و روسیای نوێش بگەیەنێت. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2000دا، ئیتر وەبەرهێنەرە بیانییەکان پێشوازییان لێدەکرا.

لە مایۆی 2002یشدا جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەمریکا سەردانی مۆسکۆی کرد و رازیبوو «وتوێژێك سەبارەت بە وزە» لەگەڵ پوتین بکات. هەردوو سەرۆك بەڵێنیاندا سەقامگیری زیاتر بکەن و توانای پێشبینیکردن لە بازاڕی نەوتی جیهاندا باشتربکەن. ئیان بریمەر رایگەیاند هاوردەکردنی نەوتی روسیا کارێکی لۆجیکی بوو بە تێڕوانینی ویلایەتە یەکگرتوەکان، بەڵام دیاربوو بەشێوەیەك لە شێوەکان هەردو دەوڵەت ناتوانن بگەنە رێککەوتن سەبارەت بە مەرجەکان. بریمەر وتی: «بۆ چەند ساڵێك ویلایەتە یەکگرتوەکان باسی پەرەپێدانی هاوبەشی ستراتیجی لەبواری وزەدا لەگەڵ روسەکان دەکرد...، بەڵام هیچ پێشکەوتنێك نەهاتەدی.

بەشێك لە هۆكارەكە لەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ویلایەتە یەكگرتوەكان بەكاربەرە و روسیاش بەرهەمهێن، بەو پێیەش روسەكان نرخی بەرزیان دەوێت، لەكاتێكدا ویلایەتە یەكگرتوەكان نرخی نزمی دەوێت».3

لە سەرەتاوە، دیاربوو پوتین تەنیا لەو كاتەدا گرنگی بە پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوا دەدات، كە پێیوایە بەسودە بۆ خۆی. لە سەرەتای ساڵی 2002 وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پیشەسازی نەوتی روسیادا گەیشتە 4.5 ملیار دۆلار، زۆربەی ئەم پارەیەش بۆ پڕۆژەی پڕتێچوون و زۆرمەترسیدار بوو لە ئۆقیانوسی ئارام هەروەها بۆ بنیاتنانی هێڵێكی بۆری، كە كێڵگەكانی نەوت لە دەریای قەزوین بە بەندەرەكانی دەریای رەشەوە دەبەستێتەوە.

پەیوەندیی نێوان روسیا و خۆرئاوا بەكردەوە هەندێك نیشانەی گرژی پێوە دیاربوو، بەڵام مانگی هەنگوینی بە شێوەیەكی فەرمی لە ئۆكتۆبەری 2003دا كۆتاییهات، كاتێك روسەكان دەستیانكرد بە دەستگیركردنی بەرپرسە جێبەجێكارەكانی یۆكۆس.

ئاشكرایە وەبەرهێنەرە خۆرئاواییەكانی نەوت شڵەژابوون سەبارەت بەو رێچكەیەی پوتین دەیگرتەبەر. دەیانویست لەبواری نەوتدا وەبەرهێنان بكەن، بەڵام لە ژینگەیەكدا، كە بەرپرسانی جێبەجێكاری كۆمپانیاكان دەستگیردەكران، هەستیان بە ناسەقامگیری دەكرد. سەرباری ئەوەش لەبواری وەبەرهێنان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دورخرابوونەوە،

بۆیە یان دەبوو بواریان هەبێت بچنە کێڵگەکانی نەوت لە ئەمریکای باکور و باکوری خۆرئاوای ئەوروپا، یان کێڵگەکانی نەوت بەرەو کۆتاییهاتن دەچوون و بەرهەمیان لە دابەزیندابوو.

ساڵی 2004 پوتین پرۆسەی بەدەستهێنانی رەزامەندی خێراتر کرد و چەند ناوچەیەکی پیشەسازی بەخشراو لە باجی دامەزراند و پێشنیاری بۆ وەبەرهێنەران کرد بچنە پرۆژەی هاوبەشەوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەوڵەتدا. ئەو پرۆژە هاوبەشانە بەڵێنی قازانجی زۆریان پێبوو، بەڵام کریملن بووە دروستکەری بڕیاری سەرەکی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتدا نەك کەرتی تایبەت، دەستوەردانی حکومیش بووە هۆی ساردبوونەوە حەماسەتی وەبەرهێنەرە خۆرئاواییەکانی نەوت. ئیکسۆن مۆبیل هەروەها کۆمپانیای نەوتی فەرەنسا تۆتال کەمکردنەوەی بەشداریکردنیان لەبازاڕی نەوتی روسیادا راگەیاند. لەنێوان ساڵانی 2003 و 2004یشدا بڕی سەرمایەی هەڵاتو لە وڵاتەکە لە 2.9 ملیار دۆلارەوە زیادبوو بۆ 12 ملیار دۆلار واتە بەزیادبوونی بڕی 9 ملیار دۆلار.

روسەکان بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی خوازیار نەبوون پشت بە تەکنۆلۆجیای نەوت و شارەزایی خۆرئاوا ببەستن، کە پێشتر دەستیاندەکەوت، ناچاربوون بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەخۆیان ببەستن. بەهاتنی ساڵی 2005، کەرتی نەوت و گازی روسیا بەرپرسیاربوو لە لەسەدا 20ی کۆی بەرهەمی ناوخۆی روسیا و زیاتر لە لەسەدا 60ی داهاتی هەناردەکردنی پەیدادەکرد و لەسەدا 30ی هەموو وەبەرهێنانی بیانی

راستەوخۆی وڵاتەکەیشی پێکدەهێنا. بێگومان لەئەنجامی هەڵقوڵانی داهاتی نەوتدا ئابوری روسیا سەرلەنوێ لەسەر پێی خۆی وەستایەوە.

لە ساڵی 2006دا کۆی بەرهەمی ناوخۆی روسیا بەبڕی لەسەدا 6.7 گەشەیکرد، کە ئەمەش لە تێکڕای گەشەکردن لە دەوڵەتانی پیشەسازی دیکەدا زیاتر بوو، فراوانبوونی ئابوری وڵاتەکەی بۆ ساڵی حەوتەم لەسەر یەك تۆمارکرد. توێژەری ئیسرائیلی مۆردەخای عابیر4 دەڵێت: «روسیا ئێستا توانای ئەوەی هەیە مەرجەکانی بسەپێنێت و بە کڕیارەکانی لە ئەوروپای خۆرئاوادا بڵێت: «ئێستا ئێمەین قامچییەکەمان بەدەستەوەیە و دەتوانین پێتان بڵێین: ئەگەر بەرهەمەکە بە ئێوە نەفرۆشین، دەتوانین بە چین یاخود ژاپۆن یان هەر دەوڵەتێکی دیکەی بفرۆشین».

پوتین بەردەوامبوو لە پیشاندانی هێزی خۆی. لە ساڵی 2006دا رۆیاڵ دەچ شل5 پشکی زۆرینەی هەبوو لە پڕۆژەی سخالین 2ی روسیادا. بە تەواوبوونی پڕۆژەکەش دەتوانێت لەسەدا 8ی خواستی جیهانی لەسەر گازی شلی سروشتی دابینبکات. شل بینیبووی تێچوونی پڕۆژەکە زیاددەکات، پڕۆژەکەش بە گەورەترین سیستمی موتەکامیلی نەوت و گازی سروشتی لەجیهاندا دادەنرێت، بەڵام کێشەی کۆتایی خۆی لەوەدا دەبینییەوە، کە دەسەڵاتدارانی روسیا هەوڵیاندەدا ئەو لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە سودی پڕۆژەکە هەڵبوەشێننەوە، کە ساڵی 2003 ئەنجام درابوو، بەپلەی یەکەم رێگەیدا بە

دەستپێکردنی پلانی پرۆژەکە. لەبەر ئەوەش کە کۆمپانیای زەبەلاحی روسیا، گازپرۆم بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێك چووبووە گفتوگۆوە بۆ بەدەستهێنانی پشکێك لە پرۆژەکەدا، کارێکی قورس نەبوو بزانرێت ئەو کۆمپانیایە کێیە، کە سودمەند دەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی مافەکانی شل لە پرۆژەکەدا. ئەو سەودانامەیەش نمونەیەکی تر بوو بۆ کێشەکانی کارکردن لەگەڵ ئەو حکومەتانەی بە تێپەڕینی کات رێسایان دادەنا تا بگونجێت لەگەڵ پێداویستی و خواستەکانیاندا. لەوبارەیەشەوە گۆڤاری مەنی ویك بڵاویکردەوە: «لەبەر ئەم هۆکارە زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستە خۆرئاوا سەرچاوەی ئەوتۆی نەوت بدۆزنەوە، کە پشتبەستنی بەو جۆرە دەوڵەتانە تێدا نەبێت».

لە پایزی ساڵی 2007دا پوتین بەرەنگاری ئەو پرۆژەیە بووەوە، کە بەهاکەی 6 ملیار دۆلار بوو، تایبەت بوو بە هاوپەیمانێتییەك بۆ پەرەپێدانی وزە کۆمپانیای ئەمریکی بەرهەمهێنەری نەوت چیڤرۆن لە کازاخستان بەڕێوەیدەبرد.6 چیڤرۆن دەیویست توانای گەیاندنی هێڵی بۆری دەریای قەزوین بۆ دوو هێندە زیادبکات، کە لە کازاخستانەوە درێژ دەبووەوە بۆ دەریای رەش. روسەکانیش پشکی لەسەدا 24ی هاوپەیمانێتییەکەی چیڤرۆنیان هەبوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر بەرهەڵستی پلانەکانی گروپەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی توانای لە 700 هەزار بەرمیلی رۆژانەوە بکەنە دوو هێندە و دەیانوت داهاتی پێویستمان وەرنەگرتوە. دواجاریش بڕیاریاندا تەگەرە بخەبەر بەردەم پرۆژەی فراوانکردنی هێڵی بۆرییەکە.

توێژەری بواری نەوت مایکل هایلی7، دەڵێت: «روسیا گەورەترین بەرهەمهێنەری گازی سروشتییە لە جیهاندا. دەشکرێت لەوە گەورەتر بێت. ژێرخانی هێڵی بۆرییەکانی زۆر خراپە. هەرکاتێکیش وەبەرهێنان لە روسیا دروستدەبێت، کێشەیەك هەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە حکومەتی روسیا کۆنترۆڵی کۆمپانیایەکی نەوت دەکات، چونکە بەڕێوەبەرانی خۆش ناوێت. سەرکێشییە بۆ ئەوانەی خوازیارن وەبەرهێنان لەو دەوڵەتانەدا بکەن ئەو کۆمپانیایانەی نەوتی خۆماڵی کردبێت، کە کاری تێدا دەکەن».

تا ئێستاش پوتین جەماوەری لە روسیا هەیە. راستە کەسانێك هەن رەخنەی لێدەگرن، بەڵام ئەگەرچی وشەکانیان دەبنە هۆی نیگەرانی، وەلێ تەنیا هەڕەشەیەکی بچوك لەسەر فەرمانڕەواییەکەی دروستدەکەن. جارێك گاری کاسبارۆڤ، ئەکتەری بەناوبانگی شەترەنج، کە لەهەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتیدا خۆی کاندید کردبوو، لەبارەیەوە وتوویەتی: «پوتین ناترسێت، ئەو دەیەوێت وەك ستالین حوکم بکات، لە هەمان کاتیشدا وەك ئەبراموڤیچ8 دەژی... رژێمی پوتین زیاتر لە مافیا دەچێت وەك لە سیستمێکی دیموکراتی».

بەهاتنی ساڵی 2007، پوتین توانایەکی بەرهەمهێنانی بەدەستهێنابوو، کە دەگەیشتە 10 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە. روسیا بەکردەوە رێگەی رولەزیادبووی بەرەو بەرهەمهێنان لە دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئاسیای کۆنترۆڵکردبوو، ئەو

هەڵوێستەش کاتێك رونبووەوە، کە کۆمپانیای لۆك ئۆیل رایگەیاند تا ساڵی 2010 بەرهەمهێنان لە کازاخستان بەرێژەی لەسەدا 40 زیاد دەکات.

لۆك ئۆیل کۆمپانیای باڵادەستبوو لە کەرتی نەوتی روسیادا بەرێژەی لەسەدا 19ی بەرهەمی نەوتی روسیا و رێژەی لەسەدا 18ی یەدەگی نەوتی روسیا. لە روانگەیەکی جیهانیەوە کۆمپانیاکە خاوەنی لەسەدا 1.3ی یەدەگی نەوتی جیهان بوو، لەسەدا 2.3ی بەرهەمی نەوتی جیهانی کۆنترۆڵکردبوو. لە ساڵی 2006یشدا لۆك ئۆیل گەورەترین مامەڵەی هەبوو لەنێو کۆمپانیا بیانییەکاندا لە بۆرسەی لەندەن. نمونەکەی روسیا –، کە خۆی لە کۆنترۆڵکردنی ئەو کۆمپانیایانەی نەوت لەلایەن دەوڵەتەوە دەبینییەوە، کە پشکەکانیان لە بۆرسەکاندا مامەڵەیان پێوەدەکرا– بووە هۆی شێواندنی سەرمایەداری بە پێی ئارەزوی پوتین.

**ئەو کۆمپانیا روسیانەی خاوەندارێتیان هی دەوڵەتە:9**

**(1) گازپرۆم.**

**(2) روسنیفت.**

**(3) سلاڤنیفت.**

**(4) ترانسنیفت.**

**(5) لۆك ئۆیل.**

**(6) ئۆناکۆ.**

**(7) سیبنیفت.**

**(8) راسنیفت.**

گەنجینەی نەوتی روسیا، هاندەرێکی فریودەری بەرهەڵستی نەکراو بوو بە تێڕوانینی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت. بە سەرسەختی و گەشبینیەوە، ئەو کۆمپانیایانەی پێش چەند ساڵێك روسیایان بەجێهێشتبوو، لە ساڵی 2007دا بەهێزەوە گەڕانەوە. مارکێتی فرۆشتنی تاکیان کردەوە و کارگەی بەستنی ئۆتۆمبێلیان بنیاتنا و شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ توێژی مامناوەندی رولەهەڵکشان دابینکرد. پڕۆسەکانی سەرەتای خستنەڕوی پشکە روسییەکان خواستی زۆریان لەسەر بوو، نەك تەنیا لە بۆرسەی مۆسکۆدا، بەڵکو لە بۆرسەکانی فرانکفۆرت و لەندەن و نیویۆرکیشدا.

گەورە کۆمپانیا خۆرئاواییەکانی نەوت کاتی دژوار و خۆشیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی روسیا بەسەربرد، بەپێی قسەی توێژەری بواری نەوت ئیان بریمەر10 «کۆمپانیای بی پی وەبەرهێنانی لە روسیادا زۆرە. سەرەتا لە سەودانامەی سادامکۆ دەرکرا، دوای ئەوە بەبڕی 900 ملیۆن دۆلار لەلایەن کریملینەوە غەرامەکرا... ژینگەیەکی سەختە، بەڵام دواجار، پارە دەدرێتە کۆمپانیاکانی نەوت تا بێنە ئەم دەوڵەتانە و سامانەکان لە زەوی دەربهێنن، کۆمپانیاکانی نەوتیش خزمەتگوزارییەکی بەسود پێشکەش دەکەن».

**(1) پڕۆژەی هاوبەشی روسیا لەگەڵ کۆمپانیای بی پی**

ساڵی 2003 کۆمپانیای نەوتی بی پی بەریتانیا چووە پڕۆژەیەکی هاوبەشەوە لەگەڵ هاوبەشێکی روسیدا، پشکی هەریەکەشیان لە پڕۆژەکەدا لەسەدا پەنجا بوو. پڕۆژەکە ناوی تی ئێن کەی – بی پی بوو، لەلایەن بی پی-یەوە جێبەجێکار

ڕۆبەرت دادلی سەرۆکایەتی دەکرد. ئامانجی روسیا بریتیبوو لە هێنانی تەکنۆلۆجیای بی پی بۆ بەهێزکردنی بەرهەمهێنان لە هەندێك کێڵگەی کۆن و دۆزینەوەی ناوچەی نوێ. روسیا ئومێدی هەبوو لە ساڵی داهاتودا 2004 بی پی بتوانێت بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییە کۆنەکاندا لە یەك ملیۆن بەرمیلی رۆژانەوە، بەرزبکاتەوە بۆ 1.4 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە. بی پی چاوی بڕیبووە ئەوەی بەرهەمی کارەکەی بچنێتەوە لەروی دۆزینەوەی نوێ و یەدەگی مسۆگەرکراو لە حەوزی نەوتی سیبریا لە روسیا.

بەڵام حکومەتی روسیا بەو خێراییە رێگەی بەو کارە نەدا. لە یۆلیۆی 2008یشدا حکومەتی روسیا ڤیزای کارکردنی دادلی هەڵوەشاندەوە. پیتەر سەزەرلاند سەرۆکی بی پی رایگەیاند، کە کۆمپانیاکە بەرەنگاری هەوڵەکانی هاوبەشە روسییەکە بۆ دەستبەسەرداگرتنی پشکەکەی ببوەوە ئەو هاوبەشەی، کە دیاربوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی روسیاوە پشتیوانیدەکرا، ئەوەیش فێڵێکی نەتەوەیی دیکەیە خۆی لە دورخستنەوەی کۆمپانیا خۆرئاواییەکانی نەوت لە ناوچە دەوڵەمەندەکان بە وزە دەبینێتەوە.

بی پی نزیکەی لەسەدا 25ی بەرهەمی جیهانی خۆی لە روسیا دەردەهێنا، زۆرێك لە شیکەرەوانی پیشەسازیش پێشبینییانکرد، کە کۆمپانیایەك حکومەتی روسیا کۆنترۆڵیکردبێت وەکو گازپرۆم یان روسنیفت، دواجار دەست بەسەر پرۆژە هاوبەشەکەدا بگرێت بەجۆرێك، کە بی پی ببێتە هاوبەشێکی خاوەن پشکی کەمینە، ئەگەر لە بنەڕەتدا بەختی هەبێت.

**داگیرکردنی جۆرجیا لە لایەن روسیاوە:**

**نەوت تەوەری ململانێکەیە**

لە ئۆگەستی 2008دا روسیا جۆرجیای داگیرکرد. هۆکاری راگەیەندراوی ململانێکە ئەوە بوو روسیا پێویستی بەوە هەبوو پارێزگاری لە ئاشتی نێوان دەوڵەتی سەربەخۆی جۆرجیا و جوداخوازانی ئۆسیتیای باشور بکات. بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی نەوت تەوەری ململانێکە بوو. روسیا دەیویست ناوچەی قەزوینی دەوڵەمەند بە نەوت کۆنترۆڵبکات، جۆرجیاش سەرچاوەی وزەی تایبەت بە خۆی نەبوو، بەڵام هێڵێکی بۆری بەخاکەکەیدا تێدەپەڕی -، کە گەورە کۆمپانیاکانی نەوت بنیاتیان نابوو - نەوت و گازی لە ناوچەی قەزوینەوە بەرەو بازاڕەکانی جیهان دەگواستەوە.

ویلایەتە یەکگرتوەکان پشتیوانی ڕێڕەوێکی وزەی دەکرد، کە لە خۆرهەڵاتەوە درێژدەبووەوە بۆ خۆرئاوا لە ئازەربایجان و جۆرجیاوە بۆ تورکیا، ئەمەش کۆنترۆڵی توندوتۆڵی روسیای بەسەر هاوردەی یەکێك لە ناوچە نەوتییە کەمەکانی سەر ئاستی جیهان کەمکردەوە.

روسیا جارێکی دیکە هێزی خۆی پیشاندایەوە. پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ)ش یاخود هەر دەوڵەتێکی خۆرئاوا تاکلایەنانە هیچ شتێکیان بۆ رێ لێگرتنی نەکرد.

## پەراوێزەکان

(1) زۆرێك لەو سندوقانەی لە بۆرسەکاندا مامەڵەیان پێوەدەکرا چەندین نیشانەی هەریەك لە بەرازیل و روسیا و هندستان و چین (بریك)یان لەسەربوو.

(2) ستیڤ واتسۆن، 21 ، /http://www.infowars.com ی نۆڤەمبەری 2006.

(3) چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ ئیان بریمەر لە 8ی سێپتەمبەری 2006. بریمەر سەرۆکی گروپی ئۆراسیایە کە خانەیەکی شارەزاییە جەخت لە ستراتیجەکان دەکاتەوە.

(4) لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ساڵی 2007 لەگەڵ نوسەر ئەنجام دراوە. عابیر هاوکارێکی سەنتەری قودس بۆ کاروباری گشتییە و مامۆستای فەخری لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامیە لە زانکۆی عیبری لە قودس و پسپۆڕی لێکۆڵینەوەیە لەسەر شانشینی عەرەبی سعودی و نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

(5) هەروەها هاوپەیمانییەکە دوو کۆمپانیای لاوەکی لەخۆگرتبوو کە بریتی بوون لە: میتسۆی میتسۆبیشی لە ژاپۆن.

(6).

(7) چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ مایکڵ هایلی لە 7ی ئەپرێلی 2007. هایلی جێگری یەکەمی سەرۆك و سەرۆکی بەشی بەرهەمەکانی وزەیە لە کۆمپانیای وزەی فیمات.

(8) رامۆن ئەبرامۆڤیچ ملیاردێرێکی روسییە و لە بازرگانی نەوتدا کار دەکات و خاوەنی یانەی چێلسی لەندەنی تۆپی پێیە.

(9) ئەم لیستە لەبەر رۆشنایی پرۆسەکانی تێکەڵبوون و دەستبەسەرداگرتندا گۆڕانی بەسەردا دێت.

(10) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نوسەر لە نیویۆرك لە 8ی سێپتەمبەری 2006.

# بەشی 13
# ئێران: لوتبەرزی وەك ستراتیجێكی نەوتی

لە ئۆكتۆبەری 1971دا شای ئێران، ویستی ئاهەنگ بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئێراندا بگێڕێت. لە تەنیشت شوێنەوارەكانی شاری برسیبۆلیس-وە شارێك لە خێمە دروستكرا، پێكهاتبوو لە سێ خێمەی شاهانەی گەورە لە پاڵ پەنجا و نۆ خێمەی دیكەی بچوكتردا، كە لە شێوەی ئەستێرەیەكدا رێكخرابوون و روبەری 160 فەدانیان داپۆشیبوو. چەند چێشتلێنەرێكی فەرەنسی لە چێشتخانەی ماكسیم لە پاریس سنگی تاوسیان لەسەر دەوری سیرالین لیمۆج-ی بەنرخ پێشكەش بە ئامادەبووان لە خێزانی شاهانە و دەستەبژێران دەكرد، شامپانیایان دەكردە پەرداخی باكارای بلوری. دژبەیەكی

لەنێوان جوانی و سەرنجڕاکێشی ئاهەنگەکە و دڵتەنگی گوندەکانی دەوروبەر، زۆر بەهێز بوو، بەڕادەیەك میوانەکان نەیاندەتوانی چاوپۆشی لێبکەن. ئاهەنگەکە 100 ملیۆن دۆلاری تێچوو، بەڵام «ئەو سەرەی تاجی لەسەربێت هەرگیز بێخەم نابێت»، نیگەرانی شا بووە هۆی زیندانیکردن یاخود ئەشکەنجەدانی 60 بۆ 100 هەزار کەس لە هاووڵاتیانی.1 لە یەنایەری 1979دا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرهەڵستی رولەزیادبوو، شاپور بەختیار سەرۆك وەزیران قەناعەتی بە شا هێنا وڵات جێبهێڵێت. لە کاتی رۆیشتنی شادا، ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو سەرکردە ئایینییەی تەمەنی حەفتا و هەشت ساڵ بوو، گەڕایەوە ئێران کە ماوەی چواردە ساڵ بوو لە مەنفا دەژیا.2 خومەینی، کە نەیدەویست لەگەڵ بەختیار بەشداری دەسەڵات بکات، لە کودەتایەکدا رێبەرایەتی لایەنگرانی کرد بۆ دەستبەسەرداگرتنی حوکم، کە بە شۆڕشی ئێران ناسرا.

لە چواری نۆڤێمبەری 1979دا، دەست بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران دا گیرا و هەر حەفتا فەرمانبەرەکەی وەك بارمتە دەستبەسەرکران. بەمەش تەنگژەی بارمتەکان دەستیپێکرد، کە 444 رۆژی خایاند.

* * *

ئەگەرچی سێ دەوڵەتە نەوتییە دەستدرێژیکارەکە - روسیا و ئێران و ڤەنزوێلا- هەمویان بەرەنگاری دەوڵەتی رکابەری گەورەتر و بەهێزتر لە خۆیان بوونەوە، بەڵام جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، چونکە دڕترین دەوڵەتی نەوتی دەستدرێژیکار ئێرانە، کە نیازی خۆی بۆ بنیاتنانی جبەخانەیەکی ئەتۆمی راگەیاند بە مەبەستی لەناوبردنی ئیسرائیل،3 هەروەها ئێران بەئاشکرا هۆشداریدا بەئیسرائیل -تەنانەت ویلایەتە یەکگرتوەکانیش-، کە پێویستە هەر بیرۆکەیەك سەبارەت بە هێرشکردنە سەر ئێران بخەنەلاوە، چونکە هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە رەنگە وا لە ئێران بکات تورەییە ئەتۆمییەکەی بەسەر هەردو دەوڵەتەکەدا بڕژێنێت.4

هەردو حاڵەتی ناسەقامگیری و بەدگومانی، کە شۆڕشی ئێرانیان گرتبووەوە، بوونە هۆی دابەزینی بەرهەمی نەوتی وڵاتەکە بۆ جیهان و پاشان بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ بەرزترین ئاستی لەماوەی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە. بۆیە لە ساڵی 1980دا، بەرهەمی نەوتی رۆژانەی عێراق و ئێران پێکەوە تەنیا یەك ملیۆن بەرمیل بوو، واتە کەمتر لە ساڵی 1979 بە 6.5 ملیۆن بەرمیل، بەڵام ئەوەی لە لەدەستدانی داهاتی نەوت زیاتر ئێرانی هەراسانکرد ئەو رەوشە مەترسیدارە بوو، کە تێیکەوتبوو. چونکە سەدام حسێن لە سێبتەمبەری 1980دا هێرشیکردە سەر ئێران و جەنگێکی هەڵگیرساند، کە هەشت ساڵی خایاند.

ئەم گورزە دوو سەرەیە، کە خۆی لە شۆڕشی ئێران و جەنگی عێراق ئێراندا دەبینییەوە، بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ زیاتر لە دوو هێندە لە 14 دۆلارەوە بۆ یەك بەرمیل لە ساڵی 1978دا بۆ 35 دۆلار بۆ یەك بەرمیل لە ساڵی 1981دا. تا ساڵی 2006 ئێران رۆژانە بڕی 1.6 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا واتە لەسەدا 5ی بەرهەمی جیهان. ئەگەرچی دووەم گەورە بەرهەمهێنی نەوت بوو لە رێکخراوی ئۆپیکدا لەدوای سعودیە، تەنانەت تا دوای ساڵێك لەو مێژوەش واتە تا ساڵی 2007، بەرهەمی نەوتی ئێران نەگەیشتە ئاستی دوو لەسەر سێی ئەوەی لەژێر سایەی حوکمی شادا لە ئارادابوو، واتە کەمتر بە نزیکەی 1.5 ملیۆن بەرمیل لە بەرزترین ئاستی بەر لە جەنگی عێراق ئێران.

لە پەنجاکاندا ویلایەتە یەکگرتوەکان بەحوکمی پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ شا، یارمەتی ئێرانی دا لە دەستپێکردنی بەرنامەی ئەتۆمییە بنەڕەتییەکەی وەك بەشێك لە بەرنامەی «بەکارهێنانی ئەتۆم لەپێناو ئاشتیدا». ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەوروپا بەردەوامبوون لە پشتیوانیکردنی بەرنامەکە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی 1979دا، کاتێك شا روخێندرا و پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئێران تێکچوون.

## ریشەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران

کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- فارسی دوابەدوای دۆزینەوەی کێڵگەیەکی نەوتی گەورە لە شاری مەسجید سولەیمان لە ئێران، لە ساڵی 1908دا دامەزرا. لە ساڵی 1935دا ناوی کۆمپانیاکە گۆڕا بۆ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو – ئێرانی، دواجاریش لەساڵی 1954دا بووە کۆمپانیای بریتش پترۆلیۆم، کە ئەمرۆ یەکێکە لە لقەکانی کۆمپانیای بی پی.

لە نۆڤەمبەری 1950یشدا فەرەمانڕەوای ئێران محەمەد موسەدەق کۆمپانیای ئەنگلۆ – ئێرانی خۆماڵیکرد، لە 19ی ئۆگەستی 1953دا، لەڕێی کودەتایەکەوە بەپشتیوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان حکومەتەکەی روخێندرا و محەمەد رەزا پەهلەوی شای ئێران جێگەی گرتەوە.

بە بێ یارمەتی تەکنۆلۆجیای خۆرئاوا، حکومەتی ئێران بەشێوەیەکی کاتی کارکردنی بەرنامەکەی راگرت.

لایەنی دیکە هەبوون بەپێچەوانەی هێزە سیاسییەکانی جیهانەوە بەهەمان رادە پەیوەندیدار بوون بە ململانێی چاوەڕوانکراوی نێوان ئێران و خۆرئاواوە، ئەو لایەنانەش پێکهاتبوون لە بازرگانانی بورسەی پشکەکانی ئێران و ئەوانەی سیستمی بانکی لە ئێران بەکاردەهێنن. نزیکەی 200 ملیار دۆلار چووە دەرەوەی ئێران بەرەو دوبەی و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتو. لە ساڵی 2006دا، سەرەڕای ئەو قازانجە نەوتییە زۆرەی وڵاتەکە دەستیکەوت، بۆرسەی ئێران، بە کردەوە

بەدەست ئەو دابەزینەوە دەینالاند، کە لە ساڵی 2005دا لەسەدا 10ی تێپەڕاند، ڕێژەیەکی تریش زیانی بەرکەوت، بڕی لەسەدا 7.5 بوو.

لە فێبرایەری 2007دا بی بی سی نیوز بڵاویکردەوە، کە ویلایەتە یەکگرتوەکان پلانی نائاسایی هەیە سەبارەت بە وەشاندنی گورزی ئاسمانی لە ئێران، کە ئەو دیوی پێگە ئەتۆمیەکانی ئێران و ژێرخانی سەربازیش دەگرێتەوە. هەروەك بۆچوون هەیە سەبارەت بەوەی ڕەنگە پاڵنەری پشت ئەم هێرشە پلانەکەی ئێران بێت بۆ دامەزراندنی بۆرسەیەکی نەوت لەسەر بنەمای یۆرۆ، زیاتر لەوەی پاڵنەرەکەی هەڕەشەکانی ڕاگرتنی هەناردەی نەوت بێت.

لە روکەشدا وا دەردەکەوێت، کە بیرۆکەی ئەوەی دامەزراندنی بۆرسەیەکی نەوت ببێتە مایەی هێرشێکی سەربازی ئەمریکا، کات بەفیڕۆدانێکی تەواو بێت، بەڵام ئاشکرایە هەندێك کەس لە واشنتۆن هەن، ئەگەری ئەوە نیگەرانیکردون ئێران سەنتەری باڵادەستی بازرگانی نەوت بێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتیش ئەگەر روبکاتە ئەوەی نرخی نەوت بە یۆرۆ بپێوێت نەك بە دۆلار. ئەو توێژەرەوانە لەوە ترسان دۆلاری ئەمریکی لە ئەنجامی ئەو کارەدا گرفتی بۆ دروست ببێت. ویلیام ئار کلارك6 توێژەری ئاسایشی زانیاری بەوپێیەی یەکێکە لەو کەسانە، پێشبینیکرد، کە ئەگەر ئێران هەڕەشە بۆ سەر هەژمونی دۆلاری ئەمریکی بەسەر بازاڕی نێودەوڵەتی نەوتەوە دروستبکات، ئەو کاتە

کۆشکی سپی هیچ بژاردەیەکی لەبەردەمدا نابێت جگە لە وەڵامی سەربازی، بەڵام بۆرسەکە، کە بەناوی «بۆرسەی کیش» ناسراوە، بەکردار لە فێبرایەری ساڵی 2008دا دەستی بەکار کردبوو، هەروەها بۆرسەی هاوشێوەش هەن لە دوبەی و قەتەر دەستیان بەکار کردوە. تائێستا ئەم بۆرسانە تەنیا مامەڵە بە بەرهەمە پترۆڵییەکانی تایبەت بە پیشەسازی پلاستیکی و دەرمانەوە دەکەن، بەڵام غوڵام حسێن نەوزەری، وەزیری نەوتی ئێران ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، قۆناغی دووەم مامەڵەکردنی راستەوخۆیە بە نەوتی خاوەوە، دوای دڵنیابوون لە ئاسانی بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی ئێستا، دەستپێدەکات.

تا ئێستا دەوڵەتانی کەنداو ئامادەییەکی زۆریان پیشانندەداوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەکارهێنانی پێوەری یۆرۆ بۆ بازرگانی نەوت. بەلانی کەمەوە تا ئێستا ئەو دەوڵەتانە بازرگانی بە دۆلاری ئەمریکی، یاخود بە دراوە ناوخۆییەکانیانەوە دەکەن، بەڵام پێدەچێت لەماوەی یەك دەیەدا لە هەریەك لە ئێران و قەتەر و دوبەیدا بازرگانی بە یۆرۆوە بکەن.

ئامانجی ئێران لە پشت بۆرسە نەوتییە نوێیەکەیەوە تەنیا بۆ ئەوە نابێت بواری ئەوە بداتە تاران، کە بتوانێت میکانیزمێك بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی نەوت بەکاربهێنێت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن بەیۆرۆ بۆ پرۆسە بازرگانییەکانی نەوت بنیاتنرابێت، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ دامەزراندنی میکانیزمێکی نرخدانانی تایبەت بە خۆی لە بازرگانی نەوتدا («نیشانە»ی

نەوتی). لە بەهاری ساڵی 2003وە سەرەڕای سوربوونی ئێران لەسەر ئەوەی دەبێت پێدراوەکانی بە یۆرۆ بن لەبەرامبەر هەناردەکانی بۆ ئەوروپا و سڕینەوەی قەرزی ئاسیا، بەڵام نرخدانان بۆ نەوت بەمەبەستی بازرگانی هێشتا هەر بەدۆلار ئەنجام دەدرا. بیرۆکەکە ئەوەیە بژاردەی ئەوە پێشنیار بکرێت بۆ کڕیارانی نێودەوڵەتی نەوت، کە یەك بەرمیل بەرامبەر 50 دۆلار لە بۆرسەی نایمکس یان ئای بی ئی بکڕن، یاخود بۆ نمونە لەبەرامبەر 37 پاوەند یان 40 یۆرۆ لە بۆرسەی ئێراندا بیکڕن. بیرۆکەکە پێشوازیلێکرا بەوپێیەی شکاندنێکی ئاشکرای هەژمونی دۆلاری ئەمریکییە لە بازاڕی نێودەوڵەتی نەوتدا.

سێ نیشانە تەقلیدییەکەی نەوت7، کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بەکارهێنراون لەسیستمی نرخدانانی نێودەوڵەتی نەوتدا، ئێستا هەموویان دۆلاری ئەمریکی بەکاردەهێنن. کەواتە ئەو کارە گەورەیە چییە پەیوەندی بە دراوی بەکارهاتوو لە دیاریکردنی نرخی نەوت یان مامەڵەپێوەکردنیدا هەیە؟ بەبۆچوونی هەندێك شارەزای بواری نەوت، ڕەنگە ئەم هەنگاوە ببێتە مایەی دابەزینێکی زۆر لە بەهای دراوی ئەمریکیدا، کە لەوانەیە ئەوەش ئابوری ویلایەتە یەکگرتوەکان بخاتە گەورەترین قەیرانەوە دوای قۆناغی داکشانە گەورەکەی سییەکانی سەدەی رابردو.

بۆرسەکەی ئێران بەکردەوە لەلایەن ڤەنزوێلا و چین و هندستانەوە پشتیوانیلێکرا (ئەم دوو دەوڵەتەی دوایی

بەشێوەیەکی بەرچاو پشتیوانی خواستی ئەتۆمی ئێرانیان کردوە). سەرەڕای ترسی هەندێك توێژەرەوە لە خۆرئاوا، هەندێکی دیکە گومانیان هەبوو لەوەی بۆرسە نوێیەکە زیانێکی زۆر بە ئابوری ئەمریکا بگەیەنێت. بەهەرحاڵ، پشکی ئێران لە بازاڕی نێودەوڵەتی نەوتدا تەنیا لەسەدا پێنجە.

رای کاربۆنی بازرگانی بە ئەزمون لە بۆرسەی بازرگانی نیویۆرك دەڵێت بیرۆکەی بۆرسەی نەوتی ئێران شیاوی جێبەجێکردن نییە، هەروەها دەڵێت: «کڕیاری تەواویان دەست ناکەوێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر کەم بازرگانییان لەگەڵ دەکەن. هەروەك سزاشیان بەسەردا سەپێندراوە. ترسە گەورەکە لەوەیە لە حاڵەتی دابەزینی بەهای دۆلاردا بۆ ئاستێکی زۆر، بە هۆکاری دیکە، ئەو کاتە نرخدانان لەسەر بنەمای یۆرۆ دەبێت. ئەمە شتێکی مەحاڵ نییە، پێشناچێت زیانمان پێ بگەیەنێت، بەڵام تەنگژەیەکی قوڵ دەبێت بۆ دۆلاری ئەمریکی... نازانم دەبێت ئەو کارە چی لە بازاڕ بکات».8

تەنیا کەمینەیەك لە شارەزایانی بواری نەوت دەوێرن پێچەوانەی بیروڕای باو قسە بکەن و بڵێن ئەوە نەوتە، کە هۆکاری پشت پلانی ئەمریکایە بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، نەك بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران. مایکڵ تی کلار مامۆستای توێژینەوەکانی ئاسایشی جیهانی و ئاشتی لە کۆلیجی هامبشایەر لە فیدراسیۆنی زانکۆکانی فایڤ کۆلیج دەڵێت:

ناڵێم نەوت تەنیا هێزی جوڵێنەری پشت سوربوونی

ئیدارەی بوشە لەسەر لەناوبردنی توانا سەربازییەکانی ئێران. بێگومان چەندین پسپۆڕی بواری ئاسایشی نەتەوەیی لە واشنتۆن هەن نیگەرانن، سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، تەواو وەك چۆن چەندین پسپۆڕ هەبوون نیگەران بوون سەبارەت بە توانا سەربازییەکانی عێراق.9

ڕێز لەم بۆچوونە دەگرم، بەڵام جەنگ تەنیا بە هۆی یەك فاکتەرەوە هەڵناگیرسێت، بەدڵنیاییشەوە لەوەی بۆ ڕایگشتی ڕاگەیەندراوە چەندین هۆکار هەبوون، لەنێویشیاندا نەوت، ڕۆڵیان هەبووە لە بڕیاری ئیدارەی ئەمریکا سەبارەت بە داگیرکردنی عێراق. بەهەمانشێوە، شتێکی لۆجیکییە ئەو گریمانەیە بکرێت، کە زۆر فاکتەر – لە نێویشیاندا دیسانەوە نەوت – ڕۆڵیان هەبێت لە پڕۆسەی بڕیاردان سەبارەت بە ئەگەری هێرشکردنە سەر ئێران.

لەگەڵ ئەوەشدا، دوای ئەوەی ئێران چێژی ئەوەی تاقیکردەوە، کە هێزێکی ئەتۆمی بێت، بەخێرایی کاری لە پڕۆژە ئەتۆمییەکەیدا دەستپێکردەوە و پێشبینیدەکرێت یەکەم دامەزراوەی ئەتۆمی لە بوشەهر لە ساڵی 2009دا بە تەواوی ئامادە بێت بۆ کارکردن، بەڵام جیهانیش دەستەوەستان نەبوو بۆیە هەر، کە ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕاستی ئەو هەڕەشە نوێیە ئاگادار بووەوە، داوای لە ئێران کرد تا 31ی یۆلیۆی 2008 هەموو ئەو چالاکییانەی ڕابگرێت، کە پەیوەندییان بە پیتاندنی یۆرانیۆم و چارەسەرکردنیەوە

هەیە. لەبەر ئەوەش، کە ئێران پابەندنەبوو بەو وادە دیاریکراوەوە، ئەنجومەنی ئاسایش سزای بەسەردا سەپاند، هاوردە، هەناردەکردنی مادە و کەلوپەلی ئەتۆمی هەستیاری لێ قەدەغە کرد و راشیگەیاند هەژماری دارایی هەر کەس و گروپێك سڕ دەکات، کە پشیتوانی بەرنامە ئەتۆمییەکە بکەن. پێویستیشە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم لە راگرتنی ئەو چالاکییانە دڵنیاببێتەوە.

لەبەرامبەر هەڕەشەی سەپاندنی ئەو سزایانەشدا، بەرپرسانی ئێران باوەڕیان بەوە هێنا، کە بژاردەیەکیان لەبەردەمدا نەماوە جگە لە راگرتنی بەرهەمی نەوتییان بەو پێیەی، کە رێگەیەکە بۆ تۆڵەسەندنەوە، ئەگەرچی بە ئاگاش بوون، کە کارێکی لەو جۆرە مەترسیدارە. لە مارسی 2006یشدا ئاژانسی هەواڵی ئیسلامی رەسمی لەزاری مستەفا پور مەحەمەدی وەزیری ناوخۆی ئێرانەوە بڵاویکردەوە: «ئەگەر بە ئەنقەسەت مەسەلە ئەتۆمییەکەمان بەسیاسی بکەن، ئەوا هەموو رێگەیەك دەگرینەبەر». شتێکی بەڵگەنەویستە کە حیکمەت لەوەدا نابێت ئێران نەوت وەك چەکێکی سیاسی بەکاربهێنێت. ناونیشانێکی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست-، راگرتنی نەوتی بەوە وەسفکرد کە «چەکێکە ئێران خوازیاری بەکارهێنانی نییە»، بەڵام زۆرێك لە چاودێران گومانیان لەوە نەبوو، کە ئێران هەڵوێستێکی نەوتی توند بگرێتەبەر.

خۆرئاوا هۆکارێکی باشی هەبوو بۆئەوەی نیگەران بێت سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران. چونکە لە مایۆی 2006دا مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی ئێران پێشنیارێکی ئەوروپای رەتکردەوە، کە بە پێی پێشنیارەکە هاندەری ئابوری پێشکەش بە ئێران دەکرا لەبەرامبەر دەستبەرداربوونی لە پیتاندنی یۆرانیۆم. ئەحمەدی نەژاد لە وتارێکیدا لەبەردەم هەزاران کەس لە ناوەڕاستی ئێران پرسیارێکی رەوانبێژانەی ئاڕاستەی حکومەتی فەرەنسا کرد و تێیدا وتی: «وادەزانن لەگەڵ منداڵێکی تەمەن چوار ساڵان مامەڵە دەکەن، دەتوانن هەندێك گوێز و چوکلێتی بدەنێ و زێڕەکەی لێبستێنن؟!».

خۆرئاوا لەسەر شێوازێکی ژیان راهاتبوو، کە پشتی بە نەوت بەستبوو، شێوازێك کە بە ئاسانی دەستبەرداری نەدەبوو، بۆیە ئاستی گرژییەکە زیاتربوو، چ لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهانی و چ لە بازاڕەکانی بازرگانیکردن بە نەوتەوە. نەوت لەسەدا 85ی هەناردەی ئێرانی پێکدەهێنا، داهاتی ئەو هەناردەیەش نزیکەی لەسەدا 65ی داهاتی حکومی پێکدەهێنا. ئایا چ لایەنێك پاشەکشێدەکات؟

ئێران سەرکەوتنێکی ناتەواوی لە رۆڵە نوێیەکەیدا وەك دەوڵەتێکی نەوتی دەستدرێژیکار بەدەستهێنا. چونکە ئەدای نزمی بەرنامەی نەوتی ئێران خواستەکانی حکومەتی وڵاتەکەی بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لاواز کرد، بەڵام وادیاربوو ئەو هەڕەشەی دراوەی ئێران کردی بەهەمان ئاستی هەڕەشەی ئەتۆمی بەهێز بوو. ئەحمەدی نەژادی

سەرۆکی ئێران سەرکەوتوبوو لەوەی خۆی و دەوڵەتەکەی بکاتە دیارترین دوژمنی خۆرئاوا.

وا دیاربوو کارێکی زەحمەتە بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئێران توانی بەو خێراییە بەرنامەیەکی ئەتۆمی پەرەپێبدات، ئەگەر توانای ئەوەی نەبێت بەرنامەیەکی نەوتی بە تەکنۆلۆجیای سەدەی بیست و یەکەم بەڕێوەببات. بەهەرحاڵ، نەدەبوو ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەوەندە لە ئێران بترسێت.

جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەمریکا، لە سەردانێکیدا بۆ ئەبوزەبی لە سێزدەی یەنایەری 2008دا ئێرانییەکانی بە دروستکردنی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی جیهان تۆمەتبار کرد. هەروەها ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد، کە یارمەتی دارایی گروپی تیرۆریستی توندڕەو دەدات و سەقامگیری لە لەندەن تێکدەدات و چەکیش بۆ رژێمی توندڕەوی تاڵیبان دەنێرێت و بەرەنگاری نەتەوەیەکگرتوەکانیش دەبێتەوە بە شاردنەوەی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی.

وەك سەرۆکەکانی پێش خۆیشی بەوپێیەی مێژو بۆمان باسدەکات، بوش هیچ شتێکی لەبارەی ئەوەوە باس نەکرد، کە نەوت چەقی ململانێکەیە لەگەڵ ئێران، ئەگەرچی ئێران گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لەدوای سعودیە و کەنەدا. پێویستیشە ئەمە لەبەرچاو بگیرێت لە دروستبوونی هەر ململانێیەك یان پەیوەندییەك لەگەڵ ئێراندا، جا ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکان دان بەمەدا بنێت یان نا.10

## پەراوێزەکان:

(1) بەپێی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی.

(2) ساڵی 1963 شا خومەینی زیندانی کرد بەهۆی بەرهەڵستیکردنی چاکسازییەکانیەوە. لە ساڵی 1964یشدا خومەینی لە زیندان دەرهێنرا و لە وڵات دەرکرا.

(3) «یەکێتی ئەوروپا و روسیا بەهاوبەشی بانگەشەی سەرۆکی ئێرانیان بۆ «سڕینەوەو ئیسرائیل» ئیدانەکرد». (هەواڵێك بە ناونیشانی «ئیدانەکردنی قسەکانی سەرۆکی ئێران»، بی بی سی نیوز، 27ی ئۆکتۆبەری 2005، http://news.bbc.co.uk/2/hi/middle_east/378948.stm).

(4) کۆدەنگییەك هەیە لەسەر ئەوەی ئێرانییەکان هێشتا بەکردەوە نەبوونەتە خاوەنی توانای ئەتۆمی، بەڵام گریمانەی ئەوە هەیە کە زۆر نزیك لەوەی ببنە خاوەنی.

(5) پێش ئەوەی بۆرسەیەکی نەوت لە ناوچەی کەنداوی عەرەب (فارس) بکرێتەوە، نەوت تەنیا لە بۆرسەی بازرگانی نیویۆرك (نایمکس) و بۆرسەی نێودەوڵەتی پترۆڵ (ئای بی ئی) لە لەندەن و بۆرسەی نەختینەی سەنگافورە مامەڵەی پێوەدەکرا.

(6) نوسەری کتێبی «جەنگی پترۆدۆلار: نەوت و عێراق و ئایندەی دۆلار» گابریۆلا ئەیلاند، بی سی، کەنەدا: نیو سۆسایەتی پەبلیشەرز، 2005.

(7) سێ نیشانە تەقلیدییەکە بریتین لە: نیشانەی خاوی خۆرئاوای تەکساسی ناوەند و نیشانەی برنت لە نەرویج و نیشانەی خاوی دوبەی لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتو.

(8) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نوسەر، 3ی مایۆی 2008.

(9) «نەوت و جوگرافیای سیاسی و جەنگی داهاتو لەگەڵ ئێران» مایڵ تی کلار، TomDispatch.com، 11ی ئەپرێلی 2005.

(10) تا 2008 ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە ئێران خاوەنی 138 ملیار بەرمیل یەدەگی دڵنیای نەوتە واتە لەسەدا 10ی کۆی یەدەگی جیهان.

# بەشی 14
# ڤەنزوێلا: جیهان لە تێڕوانینی چاڤێزەوە

لە ئەپرێلی 2004وە بەرپرسانی ڤەنزوێلا بە سەرۆك هۆگۆ چاڤێزیشەوە، بەدرۆ دەڵێن ویلایەتە یەکگرتوەکان پلان بۆ داگیرکردنی ڤەنزوێلا لە ئۆپراسیۆنێکدا دادەنێت، کە باوەڕوایە ناوی «پلانی بالبوا»ی لێ نرابێت. سەرۆك چاڤێز ئەم قسەیەی لە چاوپێکەوتنێکدا دووبارەکردەوە، کە لە شازدەی سێبتەمبەری 2005دا لە بەرنامەی «نایت لاین»ی تۆڕی ئەی بی سی لەگەڵیدا ئەنجامدرا.

ئەم گریمانەیە، درۆیە. ناوی «پلانی بالبوا» هیچ نییە بەکارهێنانێکی هەڵەی ناوی مەشقێکی سەربازی ئیسپانی نەبێت بەناوی «ئۆپەراسیۆنی بالبوا»، کە ساڵی 2001 ئەنجامدرا.

ئۆپەراسیۆنی بالبوا راهێنانێکی سەربازی ئەکادیمی ئاسایی بوو، کۆلێجی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئیسپانیا لە (لە 3 بۆ 18ی مایۆ) ی ساڵی 2001 ئەنجامیدا. راهێنانەکە ئەفسەرانی چەند دەوڵەتێکی جیاوازی لەخۆگرتبوو، لەوانەش خودی ڤەنزوێلا. نە ویلایەتە یەکگرتوەکان و نە پەیمانی باکوری ئەتڵەسیش بەشدارییان لەو راهێنانەدا نەکرد...

دۆکیۆمێنتەکانی تایبەت بە پرۆسەی بالبوا1 بە رونی ئەوە دەردەخەن، کە راهێنانەکە لەسەر سیناریۆیەکی خەیاڵی بنیاتنراوە. بۆ نمونە لە راهێنانەکەدا باسی «بڕیاری ژمارە 1580ی ئەنجومەنی ئاسایش»ی 21ی مارسی 2001 کراوە، بەڵام لەساڵی 2001دا بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش بەو ژمارەیە دەرنەچووە. بەرزترین ژمارەی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش، کە لەو ساڵەدا دەرچوبێت 1386 بوو، بەڵام بڕیاری راستەقینەی ژمارە 1580 لە 22ی دیسەمبەری 2004دا دەرکرا و تایبەت بوو بە دەوڵەتی گینیا - بیساو لە خۆرئاوای ئەفریقیا.

سەرباری ئەوەش، هەموو دۆکیۆمێنتەکانی تایبەت بە ئۆپەراسیۆنی بالبوا بە زمانی ئیسپانی نوسراون، بەڵام زمانی حکومەتی ئەمریکا و هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا زمانی ئینگلیزییە. هەروەها تەنها دوو زمانی فەرمی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی ئینگلیزی و فەرەنسییە، ئەویش بە پێی پێگەی فەرمی ناتۆ.

بەمەشدا ئاشکرایە، کە «پلانی بالبوا» پلانێکی ئەمریکا

نییە بۆ داگیرکردنی ڤەنزوێلا، بەڵکو ڕاهێنانێکە کۆلیجی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئیسپانیا لەساڵی 2001دا، ئەنجامیداوە و ویلایەتە یەکگرتوەکان یان پەیمانی باکوری ئەتڵەسی بەشداریان تێدا نەکردوە.

ئەمجۆرە چیرۆکە درۆیە لە کوێوە هاتووە؟ لە ئەپرێلی 2004دا جەنراڵ ملڤین لۆپێز هیدالگۆ ئەمینداری ئەنجومەنی بەرگری میللی ڤەنزوێلا ئەو کاتە ڕایگەیاند «پلانی بالبوا» دوای ئەوە پەیدابوو، کە ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی ڤەنزوێلا، کە لە ئیسپانیا مەشقیکردبوو، وردەکاری ئۆپەراسیۆنی بالبوای بۆ فەرماندەکانی باسکردبوو. لە ژمارەی ڕۆژی دوی مایۆی 2004 هەفتەنامەی «کوینتۆ دیا»ی سەر بە حکومەتی ڤەنزوێلا، جەنراڵ لۆپێز بەدرۆ باسی ئەوەی کرد، کە «ئۆپەراسیۆنی بالبوا» پلانێکی جەنگی هاوبەشی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان و پەیمانی باکوری ئەتڵەسی بوو. لەو کاتەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە حکومەت لە ڤەنزوێلا و ڕاپۆرتەکانی سەر ئینتەرنێت چیرۆکەکەیان دووبارە دەکردەوە و حکومەتی ڤەنزوێلاش بەردەوام بوو لە بە هەڵە بەکارهێنانی ئەو ڕاهێنانە سەربازییە ئیسپانییە ڕۆتینییە، وەك هەڵمەتێکی بە ئەنقەستی بەهەڵەدابردنی میدیایی دژی ویلایەتە یەکگرتوەکان.

کورتەیەك لەو وتارەی لە 26ی یەنایەری 2006 لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەرچووە

* * *

رۆژ پێنجی یۆلیۆی 2005 رۆژی سەربەخۆیی ڤەنزوێلا بوو. تانکەکان بە فڕە فڕ بەڕێگەی سەرەکی کاراکاسدا تێدەپەڕین لە کاتێکدا سەربازانی تفەنگ بەدەست لە کەژاوەی فەرمیدا دەڕۆیشتن «بە تەواوی جبەخانەی جەنگییانەوە» بەپێی وەسفی سەرکردەی وڵاتەکە.

هۆگۆ چاڤێزی سەرکردەی ئەو دەوڵەتە، کە بەرهەمهێنێکی تاڕادەیەك بچوکی نەوتە، هێندە نەدەبوو ویلایەتە یەکگرتوەکان گەورەترین بەکاربەری نەوتی جیهان و گەورەترین کڕیاری ڤەنزوێلای بەوە تۆمەتبار کردبوو، کە پلانی بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەی داڕشتووە. چاڤێز توڕەبوو لەبەرئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لایەنگری مەکسیکی کردبوو لەناکۆکییەکی بازرگانیدا لەگەڵ ڤەنزوێلا و توڕەیی خۆی دەربڕیبوو بەهۆی ئەوەی ڤەنزوێلا چەند کۆمپانیایەکی بیانی خۆماڵی کردبوو، کە لە وڵاتەکەیدا کاریان دەکرد.

ناکۆکی سیاسی نێوان ڤەنزوێلا و مەکسیك پەیوەندی بە جیاوازی تێڕوانینی هەردو دەوڵەتەکەوە هەبوو سەبارەت بە ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد، هەردو ئەمریکای باکور و باشوری دەگرتەوە. فیسینتی فۆکس سەرۆکی مەکسیك دەیویست ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد دابمەزرێنێت، کە لەئەلاسکاوە درێژدەبووەوە بۆ باتا گونیا. هەرچی چاڤێزیشە ئەوا دیاربوو، خواستی پەلکێشانی سیاسەتەکانی هەیە بۆ ئەودیو سنوری ڤەنزوێلا و هەوڵی دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی بازرگانی دا، کە ناوی نا «جێگرەوەی بۆلیڤاری بۆ هەردو ئەمریکا».

ویلایەتە یەکگرتوەکان نەك پەیوەندی بەهێزی

لەگەڵ مەکسیکدا نەبوو، بگرە ئاسودەش نەبوو بە بوونی حکومەتێکی دوژمنکار بەو نزیکییە لە خاکی ئەمریکا. بۆیە سوپرایز نەبوو، کە ویلایەتە یەکگرتوەکان وتاری دیپلۆماسی و هەژمونی خۆی بەکاربهێنێت بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو حکومەتە، بۆ مەبەستەکانی چاڤێزیش گونجاو بوو خۆی وەك قوربانی پیشان بدات، نەك دەستدرێژیکار.

چاڤێز بەدرێژایی مێژوی، خۆی وەك جێگرەوەیەکی پێویست دەناساندەوە، بەڵام ئەو شێوازەی دەیگرتەبەر هەمیشە یەك شێواز بوو. سیاسەتی زاڵمانەی رادەگەیاند و هەڵوێستی بوێرانەی دەگرتەبەر، کاتێکیش درکی بەوە دەکرد، کە سنوری خۆی بەزاندووە و زیاد لە پێویست سەرکێشی کردوە، کەمێك پاشەکشەی دەکرد بۆ هەڵوێستێك، کە زیاتر بگونجێت. هەمیشە وادیاربوو کە سەرکەوتوە لە هەوڵەکانیدا بەبێ ئەوەی هەرگیز دان بەوەدا بنێت، کە ملی داوە بۆ گوشارێکی سیاسی لە کاتی گۆڕینی شێوازەکانیدا.2

هەرەسهێنانی نرخی نەوت تا 10 دۆلار بۆ یەك بەرمیل لە ساڵی 1998دا لە سەرەتای دەسەڵات گرتنەدەستی چاڤێزدا، ساتێکی جیاواز بوو بۆ یەدەگی زۆری ڤەنزوێلا لە لمی قەتران، چونکە ئەو کاتە تەکنۆلۆجیای تایبەت بە دەرهێنانی نەوت لە قەتران لە روی تێچوونەوە کارا نەبوو. ئەگەر چاڤێز نەتوانێت داهاتی نەوت زیادبکات و ئابوری بەرەوپێش ببات، ئەوا سەرکێشی دەکات بە لەدەستدانی پێگە سیاسییەکەی، چونکە تەواوی هەڵمەتە سیاسییەکەی هەژارانی کردبووە ئامانج.

سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە دەوڵەتانی خاوەن تێڕوانینی دورمەودای ئۆپیك هەوڵیاندا نرخی نەوت بەو نزمییە بهێڵنەوە و ڕێ لە خەڵك بگرن تا رو نەکەنە جۆری جێگرەوەی سوتەمەنی یان پاراستنی ژینگە، بەڵام ڤەنزوێلا و روسیا و مەکسیك ویستیان ئەو قازانجە خێرایە بچننەوە، کە پێدەچوو نرخی بەرزی نەوت دابینبکات. کەواتە لەبەرژەوەندی ڤەنزوێلادا بوو رێککەوتنەکانی پشکەکان پێشێلبکات، کە ئۆپێك سەپاندبوونی، بەکردەوەش هەر وایکرد بە بێ ئەوەی هیچ سزایەك بدرێت. روسیا و مەکسیکیش -، کە ئەندام نین لەئۆپیکدا، بەڵام پەرۆشبوون بۆ فراوانکردنی پیشەسازی نەوتیان - بەهەمانشێوە رێککەوتنەکانی پشکەکانیان پێشێل دەکرد، کە ئۆپیك سەپاندبوونی. لە ئەنجامی کۆتایی ئەوەشدا ئۆپیك لاواز و بێ توانا بوو. چاڤێز ویستی ئۆپیك بەهێزتر و یەکگرتوتر بێت، بەڵام تەنیا لەو کاتەدا ئەندامەکان لە پشکەکاندا یەکگرتو بن، پێدەچێت ببێتەهۆی پەیدابوونی نرخێك پشتیوانی بەرهەمهێنانی نەوتی قەترانی وڵاتەکە بکات. وتیشی: «پێویستە ئۆپیك بگۆڕێت و ببێتە ئەکتەرێکی بەهێزتر لەچوارچێوە جیۆسیاسییەکەدا»، بەڵام عەبدوڵڵا بەدری ئەمینداری گشتی ئۆپیك دووپاتیکردەوە و وتی: «ئەو نەوتەی بەجیهانی دەفرۆشین وەك چەکێکی سیاسی بەکاریناهێنین، لە رابردودا بەکارمانەهێناوە و بەنیازیش نین لە ئایندەدا بەکاریبهێنین».

ئەوەندە بێسەروبەرەیی هەبوو پێویستی بەیەکگرتویی

زیاتری نێوان ئەندامانی ئۆپیك دەكرد، ئەگەر ئەو سێ رووداوە رویان نەدایە، كە بڕیاری تایبەت بە پشكەكان و نرخیان بەتەواوی لە بندەستی ئۆپیك دەرهێنا.

رووداوی یەكەم بریتیبوو لەو هێرشانەی كرانە سەر سەنتەری بازرگانی جیهان لە ساڵی 2001 و بوونە هۆی بەرزبوونەوەیەكی زۆر لە نرخی نەوتدا.

رووداوی دووەم دوای زیاتر لە ساڵێك لە دوی دیسەمبەری ساڵی 2002 رویدا و بریتیبوو لە مانگرتنی سەندیكا كرێكارییەكان و نزیكەی نیوەی كارمەندانی كۆمپانیای پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلای گرتەوە، كە كۆمپانیای نەوتی ڤەنزوێلایە و دەوڵەت خاوەنداری دەكات، كرێكارەكان وەك نارەزایی بەرامبەر بە حكومەتی ئۆتۆكراسی سەرۆك چاڤێز و مامەڵەی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی كۆمپانیای نەوتدا، كارەكانیان راگرت. مانگرتنەكە نزیكەی تەواوی كارەكانی كۆمپانیاكەی بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو راگرت. دوای تەواوبوونی مانگرتنەكەش كۆمپانیای پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا زیاتر لە دوانزە هەزار كرێكاری دەركرد، كە ئەمەش كۆمپانیاكەی خاڵیكرد لە كرێكاری شارەزا و زانیاری تەكنیكی. بەقسەی هەندێك چاودێری بواری نەوت، مانگرتنەكە بووە هۆی زیانێكی هەمیشەیی بۆ توانای بەرهەمهێنانی كۆمپانیای پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا و بە فاكتەرێكی میحەوەریش مایەوە لەشیكردنەوەی دابەزینەكانی داهاتوی بەرهەمهێناندا. (سەرەڕای ئەوەی زەحمەت بوو ئاستی بەرهەمهێنانی كرداری

ڤەنزوێلا دیاریبکرێت، دەوڵەت و توێژەرەوەکانی بواری پیشەسازی نەوت مەزەندەی دژبەیەکییان پێشکەشدەکرد، بەڵام زۆربەی مەزەندەکان گەیشتنە ئەوەی، کە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت بەشێوەیەکی تەواو چاکنەبووەوە تا ساڵی 2006، واتە دوای چوار ساڵ لە روداوەکە.).

هەرچی روداوی سێیەمیشە ئەوا خۆی لەداگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ساڵی 2003دا بینییەوە.

بەهاتنی ساڵی 2005 نرخی نەوت بەرزبووەوە بۆ 60 دۆلار بۆ یەك بەرمیل، ئەو ژمارەیەش لە ئامانجە چاوەڕوانکراوەکەی چاڤێز بەرزتربوو، کە 50 دۆلار بوو، ئەمەش هێنانەدی ئامانجی سعودیەی قورستر کرد، کە خۆی لەوەدا دەبینییەوە پارێزگاری لە نزمی نرخی نەوت بکرێت بەڕادەیەك خەڵك بەردەوامبن لەسەر ئالودەبوون بە نەوت و رونەکەنە بەکارهێنانی ئەو جۆرانەی سوتەمەنی، کە پشت بە بەرهەمی کشتوکاڵی وەك ئیسانۆل دەبەستن.

دواجار نرخ بەرزبووەوە و ئەگەرچی هێشتا بەرهەمی ڤەنزوێلا بەهۆی ئاسەوارەکانی مانگرتنەکەوە نزم بوو، بەڵام بەرزبوونەوەی زۆری نرخ لە ساڵانی 2007 و 2008دا بەزیادەوە قەرەبووی جیاوازییەکەی کردەوە. چیتر چاڤێز پێویستی بەوە نەبوو خۆی بە سیاسەتەکانی ئۆپیکەوە نیگەران بکات، چونکە بازاڕ ئەو کارەی کرد.

لەسەر ئەرزی واقیعیشدا بەچاوپۆشین لە هەڕەشە

لەیەککردنی چاڤێز و ویلایەتە یەکگرتوەکان، ڤەنزوێلا سێیەم هەناردەکاری نەوتی بیانییە بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان لە پاش کەنەدا و مەکسیك. زیاتر لەنیوەی داهاتی حکومەتی ڤەنزوێلا لە هەناردەکردنی نەوتەوە دێت و لەسەدا 80ی هەناردەکانیش بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان دەچن. رەنگە ئەمە پەیوەندییەکی نمونەیی نەبێت، بەڵام بە جیابوونەوەش کۆتایینایەت، چونکە قەدەری بازرگانی نەوت لەنێوان ڤەنزوێلا و ویلایەتە یەکگرتوەکاندا وایە بەردەوام بێت.

لاری گۆڵدستین بەڕێوەبەری دامەزراوەی توێژینەوەکانی وزە دەڵێت: چاڤێز پیاوێکی پراگماتییە. هەروەها دەڵێت هەرکە نرخ بەرزبووەوە «داهاتی زۆر رویکردە رژێمەکەی. بەئارەزوی خۆی ئازادی هەڵسوکەوتکردنی هەبوو. ئێستاش دەتوانێت لەسەر پێی رابوەستێت، چونکە دەستیکردوە بە کەڵەکەکردنی ملیۆنانە دۆلار. بەرزی نرخی نەوت هۆکاری هەڵبژاردنی نەبوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە یارمەتیدا بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. خۆیشی سەرقاڵکرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە و بەردەوام ئەوەی بەبیری ویلایەتە یەکگرتوەکان دەهێنایەوە، کە پەیوەندی لەگەڵ چین هەیە و بەرهەمی تەواوی بۆ هەناردە دەکات».

چاڤێز روکاری دەوڵەتانی نەوتی نوێی دەستدرێژیکار بوو، چونکە وەبەرهێنەرانی لە وڵاتەکەی دورخستەوە و بەو پێیەش وڵاتەکەی لە سودەکانی ئەو تەکنۆلۆجیایە بێبەشکرد، کە پێویستی پێیەتی بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بە هەموو

توانایەوە، واتە ئەو بەکردەوە گوللەی بە پێی خۆیەوە دەنا.

چاڤێز خۆی لەکەسانی دیکە جیاکردەوە تەنیا لەڕێی ئەوەوە، کە بۆی دەرکەوت ویلایەتە یەکگرتوەکان بەوپێیەی بەکاربەرێکی گەورەیە پێویستی بە ڤەنزوێلایە بەو رادەیەی، کە ڤەنزوێلا پێویستی بە ویلایەتە یەکگرتوەکانە. لە کاتێکیشدا ویلایەتە یەکگرتوەکان روبەڕوی ئاستەنگی زۆر دەبووەوە لە بەدەستهێنانی نەوتدا، ڤەنزوێلا بایەخی زیاتری پەیدادەکرد بەوپێیەی سەرچاوەی نەوت بوو.

چاڤێز پشکی زۆرینەی بەبڕی 31 ملیار دۆلار لە چەند پڕۆژەیەکی کۆمپانیا ئەمریکاییەکانی نەوتدا بەدەستهێنا، لەوانەش ئەو پڕۆژانەی تایبەت بوون بە کۆنۆکۆ فیلیپس و ئیکسۆن مۆبیل و چیڤرۆن. داوایشی لە سوپای ڤەنزوێلا کرد لە ئامادەباشیدا بێت بۆ شەڕی ناو شارەکان ئەگەر واشنتۆن هەوڵی روخاندنی بدات، هەروەك فڕۆکەی جەنگی و چەکی بەبڕی 3 ملیار دۆلار لە روسیا کڕی.

بە تێڕوانینی هەندێك لە شیکەرەوانی بواری نەوتی ئەمریکا، ئەگەرچی بیرۆکەکە گونجاو نەبوو، بەڵام بەدڵنیایی ئەوەی لێی تێدەگەیشتن، کە چاڤێز خوازیاری ئەوە بێت سەرلەنوێ دانوستان لەبارەی گرێبەستەکان لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی نەوتدا بکاتەوە، چونکە رێککەوتنەکانی ئێستا لەسەر نرخێکی پێشبینیکراو بۆ یەك بەرمیل بنیاتنرابوون، کە دەگەیشتە 20 دۆلار نەك 60. سەبارەت بەوەش کە ئاخۆ کێ یەکەمجار پاشەکشە دەکات، ئەوا ئەگەرچی توێژەرەوەکان

مەزەندەیان کرد، کە ڕۆیشتنی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت لە ڤەنزوێلا کارێکی کوشندە نابێت بۆ چاڤێز (چونکە کۆمپانیای چینی و ئێرانی و کۆمپانیاکانی دەوڵەت شوێنیان دەگرنەوە)، بەڵام هەندێك لە توێژەران پێیانوابوو، کە کۆمپانیای پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا بە تەنیا بتوانێت بەپشتیوانی شارەزایی ئەمریکایی، پارێزگاری لە ئاستی پێشوی بەرهەمهێنان بکات.

چاڤێز داهاتەکانی نەوتی لە پڕۆژە کۆمەڵایەتییەکانیدا بەکاردەهێنا -کە ئەوەش ستراتیجێکە بەشێوەیەك لە شێوەکان شایستەی ستایشکردنە-، بەڵام ئەمە لەسەر هەژماری وەبەرهێنانی ئەو داهاتەی نەوت بوو لە ژێرخانی نەوتیدا، بەڵام ئەوەی زیاتر زیانی بە مەسەلەکەی گەیاند ئەوەبوو، کە رادەیەك لە نادڵنیایی یاسایی دروستکردبوو وای لە دەوڵەتانی وەك بەرازیل و هندستان کرد دودڵ بن لەوەی بەچڕی وەبەرهێنان لە ڤەنزوێلادا بکەن.

بە تێڕوانینی تۆم والین3 گەورە توێژەری بواری نەوت، چاڤێز بڕێك لە ئەزمونی سیاسی هەیە، بەڵام پێدەچوو ببێتە هۆی لەناوبردنی ئابوری وڵاتەکەی.

والین دەڵێت: «سیاسەتەکانی چاڤێز حیکمەتێکی سیاسی ناوخۆیی زۆریان تێدایە، چونکە زۆربەی دانیشتوانی وڵات بەدەست هەژارییەکی زۆرەوە دەناڵێنن و خوازیاری باشبوونی گوزەرانیانن، بەدرێژایی ژیانیان پێیان وتراوە ئێمە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندین و دەبێت سودی لێوەربگرین. وەك زۆرێکیش لە دەوڵەتانی نەوتی، بڕێکی

زۆری سامانەکە لەدەستی کۆمەڵێکی کەمدا چڕبووەتەوە. خواستێکیش هەیە بۆ دابەشکردنەوەی سامانی نەوت. لە تێڕوانینێکی سیاسیشەوە و بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی وەك ئەم دەوڵەتە، ئەوە شتێکی زۆر ئاشکرایە، هەروەها کارێکی زۆر مرۆڤانەیشە. لە تێڕوانینێکی سیاسی ناوخۆییشەوە ئەوا چاڤێز بەشێوەیەکی دروست هەنگاو دەنێت بۆ ئەوەی پیشانی بدات سەرلەنوێ موڵك و ماڵی دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە بۆ دەستی حکومەت و لە کۆمپانیا بیانییەکانی دەستێنێت، نەخۆشخانە، کلینیکی، مارکێت دروست و سامان بەسەر گەلدا دابەشدەکات.

لەڕوی ئابوری و ئایندەی پیشەسازی نەوتیش لە وڵاتدا، ئەوا چاڤێز هەڵەیەکی گەورە دەکات. زەحمەتە ببینین وڵات سەرکەوتن و گەشەکردن بەدیدەهێنێت. شتێکی رونیشە کە سیستمی ئابوری و سیاسی کۆن لەکارکەوتووە، هەروەها پەیڕەوی نوێش بەسەرکەوتویی کار ناکات، بۆ نمونە رێگایەکی نوێ بۆ بەدەستهێنانی ئەو تەکنۆلۆجیایە پێشکەش ناکات، کە پێویستیان پێیەتی بۆ نەوتی قورس لە ڤەنزوێلا.

ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەو پرسیارەی پەیوەندی بە هۆکاری بەردەوامبوونی ڤەنزوێلاوە هەیە لە فرۆشتنی نەوت بە ویلایەتە یەکگرتوەکان. لە ئایندەشدا ڤەنزوێلا باجەکە لە رادەی پەرەپێدان و خێرایی ئەو پەرەپێدانە دەدات. ئەوان باسی هێنانی کۆمپانیای چینی دەکەن، بەڵام چینییەکان توانا و شارەزایی تەواویان نییە».

له یەکی مایۆی 2007دا یاسایەك چووە بواری جێبەجێکردنەوە، کە چاڤێز دەریکردبوو، داوایدەکرد دواپێگەی بەرهەمهێنانی نەوتی ژێر دەستی کۆمپانیا بیانییەکان خۆماڵی بکرێن. خۆماڵیکردن کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە پشتێنەی ئۆرینۆکۆ هەبوو، کە گەورەترین یەدەگی جیهانی جۆری زۆر قورسی تێدایە. کۆمپانیای پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا بە پێی رێوشوێنەکانی پێشو پشکی کەمینەی بەرکەوتبوو. پڕۆژە هاوبەشەکانی پێشوش هەریەك لە کۆمپانیاکانی: ئیکسۆن مۆبیل، چیڤرۆن، تەکساکۆ، ستات ئۆیل، کۆنۆکۆ فیلیپس و بی پی لەخۆگرتبوو، دەشبووایە پێکهاتەکانی ئەو پرۆژانە بگۆڕرێن، بەجۆرێك پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا رێژەیەکی تێیاندا هەبێت لەسەدا 60 کەمتر نەبێت.

**جنێودان لەسەر مینبەری نەتەوەیەکگرتوەکان**

**لەوتارێکدا کە رۆژی 19ی سێپتەمبەری 2006 پێشکەشیکرد، سەرۆك چاڤێز لەبەردەم نەتەوەیەکگرتوەکاندا قسەیکرد و باسی دەرکەوتنی بوشی سەرۆکی ئەمریکای کرد لە رۆژی پێش ئەو کۆبوونەوەیە و وتی: «دوێنێ شەیتان هاتبوو بۆ ئێرە!». چاڤێز بەمجۆرە باسی سەرۆکی ئەمریکای کرد و وتی: «هێشتا بۆنی گۆگرد دەکەم لێرە».**

**بی بی سی نیوز، 20ی سێپتەمبەری 2006**

بەڵام چاڤێز دووپاتیکردەوە، کە هێشتا ڤەنزوێلا لە پێشوازی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوتدایە، بەڵام بەو پێیەنا، کە خاوەنی پشکی زۆرینە بن. چاڤێز ئەوەیشی وت، حکومەتەکەی نەیدەویست ئەو کۆمپانیایانە ڤەنزوێلا جێبهێڵن، بەڵکو دەیوست ئەوە قبوڵبکەن هاوبەشێکی خاوەن پشکی کەمینە بن. دەبێت خاوەنی پڕۆژە هاوبەشەکان کۆمپانیای پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا بێت و پیشەسازی نەوت لەدەستی ڤەنزوێلاییەکاندا بێت.

پڕۆژە جێ مشتومڕەکانی وەبەرهێنان بەهەموو پێوەرێك گەورەبوون و لەنێوان 2.5 ملیار دۆلار بۆ 4.5 ملیار دۆلاردا بوون (ئەو پارانەش ئەوانە بوون، کە پێدەچوو کۆنۆکۆ لەدەستیان بدات ئەگەر ڤەنزوێلا دەست بەسەر خاوەندارێتی پڕۆژەکانی نەوتی قورسدا بگرێت). هەروەها پێدەچوو ئیکسۆن نزیکەی 800 ملیۆن دۆلار لەدەستبدات.

ساڵی 2005 چاڤێز رێککەوتنی نەوتی لەگەڵ ئەرجەنتین و بەرازیل و دراوسێکانی لە دەوڵەتانی کاریبی ئیمزاکردبوو، هەروەها هەوڵیشیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین بەهێزبکات لەڕێی رێککەوتنە نەوتییەکانەوە.

چالاکییەکانی چاڤێز لە سەرانسەری جیهاندا وادەرکەوت، کە بە ئامانجی بەرپاکردنی جەنگێك لەدژی ویلایەتە یەکگرتوەکان داڕێژرابن، یان بەلانی کەمەوە بەرپاکردنی جەنگێکی ئابوری. بەهۆی نرخی بەرزی نەوتیشەوە

داهاتی نوێی نەوت بواری دایە چاڤێز ستراتیجێکی بوێرانە بگرێتەبەر ئامانجی هاندانی ململانێ بێت لەنێوان دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوی خاوەن سامانی سروشتی گەورە و ئەو دەوڵەتە پێشکەوتوانەی پێویستی زۆریان بە نەوت هەیە.

لەنێو هاووڵاتیانی خۆیشیدا کەسانێك هەبوون دەترسان چاڤێز هەڵەشەیی بکات و ململانێیەك هەڵبگیرسێنێت، لە کاتێکدا کەسانێکی دیکە ستایشی ستراتیجەکەیان کرد و پاساوەکەیان قبوڵکرد، کە بریتیبوو لەوەی جیهانی تازەگەشەسەندو، کە خاوەنی لەسەدا 85ی یەدەگی نەوتی جیهانە، دەتوانێت سودی زۆر لە تێکچوونی چاوەڕوانکراوی بازاڕی نەوت ببینێت. زۆربەی توێژەرەوە ئەمریکاییەکانی بواری نەوت پێیانوابوو چاڤێز زیانێکی گەورەی بە وڵاتەکەی گەیاندووە چ لەسەر ئاستی ئابوری و چ لەسەر ئاستی سیاسی.

بە تێڕوانینی مایکل هایلی4، ڤەنزوێلا نمونەیەکی نایاب بوو بۆ دەوڵەتێك ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی خۆماڵیکردوە، کە کاری تێدا دەکەن و ئێستاش باجی ئەو کارەی دەدات، چونکە دەوڵەت کەوتبووە بارێکی نائومێدیەوە و هەوڵیدەدا قەناعەت بە کۆمپانیا بیانییەکان بهێنێت، کە پێویستیان بەوە هەیە سەرکێشی بە سەر دەستمایەکانیان یاخود تەکنۆلۆجیاکەیانەوە بکەن لە ڤەنزوێلا. هایلی دەڵێت: «ئەوانە تەنانەت توانای ئەوەشیان نییە پشکی دیاریکراوی خۆیان بەرهەمبهێنن، کە داوایان لێدەکرێت.

کاتێکیش مانگرتنەکانی ساڵی 2002 رویاندا، چەندین بیرە نەوتیان داخست، زۆربەی ئەو بیرانەش نەگەڕاونەتەوە بۆ کارکردن... ئەوان رێگایەکیان بەدەستەوە نییە بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی جیهانی بەمەبەستی پەرەپێدانی کارەکانیان بەشێوەیەکی شیاو. بارودۆخی نایجیریاش هاوشێوەی ئێرەیە، بەڵام لەوێ بەلانی کەمەوە هەردو کۆمپانیای چیڤرۆن و شل-ی لێیە ...».

**ئازادی رادەربڕین لەسەر شێوازی ڤەنزوێلا**

**«درۆکردن» تاوانێکی فیدراڵییە، بەڵام ...**

**تەنیا حکومەت دەتوانێت ئەوە دیارییکات، کە کێ درۆزنە و کێ راستگۆیە.**

**«چاودێری» بوونی نییە، بەڵام ...**

**سەرۆك دەتوانێت پەخشی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی رابگرێت ئەگەر پێی وابێت ئەمە «خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکات».**

**«ئازادی رادەربڕین» هەیە، بەڵام ...**

**«سوکایەتیکردن» بە بەرپرسێکی حکومی کارێکە پێچەوانەی یاسایە.**

**«بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی» بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن زامنکراوە، بەڵام ...**

**هەڕەشەی کوشتن لە رۆژنامەنووسان دەکرێت.**

**«چاودێری بوونی نییە» لایەنگرانی چاڤێز وادەڵێن، بەڵام ...**

**حکومەت بەکردەوە کەناڵەکانی راگەیاندنی کۆنترۆڵکردوە.**

ویلایەتە یەکگرتوەکان چ کاریگەرییەکی بەردەکەوێت ئەگەر ڤەنزوێلا هەڕەشەکانی بباتە سەر و هەناردەی نەوت بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان رابگرێت؟

هایلی دەڵێت: «پێموانییە کارەکە ئەوەندە زۆر گرنگ بێت، چونکە نەوت کاڵایەکی جیهانییە. باری نەوت بە نرخی گونجاو لە ئوسترالیاوە دێت بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان. شتومەك لە ناوچەی دەریای ناوەڕاستەوە دەچێت بۆ ئاسیا و هەموو جیهان دەبڕێت، بۆیە ئەگەر نەوتی چاڤێز لە ڤەنزوێلا نەکڕین، ئەوا رەنگە نەوتی مەکسیك بکڕین. لەبەر ئەوەش، کە نەوت کاڵایەکی جیهانییە، راگرتنی هەناردەی نەوتی ڤەنزوێلا هیچ کاریگەرییەکی نابێت، مەگەر هەموو دەوڵەتانی جیهان پێویستیان بەوە هەبێت نەوتی ڤەنزوێلا بکڕن».

لە ئۆکتۆبەری 2009دا هەناردەی ڤەنزوێلا لە نەوت و سوتەمەنی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان بەراورد بە ساڵی رابردو بەڕێژەی لەسەدا 17.9 دابەزی.

چین و ڤەنزوێلا لە دیسەمبەری ساڵی 2009دا، چەند رێککەوتنێکیان ئیمزاکرد بە مەبەستی یارمەتیدانی ڤەنزوێلا لە پەرەپێدانی سەرچاوە نەوتییەکانیدا. هەروەها ڤەنزوێلا هەوڵی زیادکردنی فرۆشتنی نەوت بۆ چین دەدات، کە ئەوەش وایلێدەکات کەمتر پشت بە فرۆشتنی نەوت بە ویلایەتە یەکگرتوەکان ببەستێت.

## پەراوێزەکان:

(1) دۆکیۆمێنتەکان لەلایەن یۆری بیمنتاڵ وەزیری پەیوەندی و زانیارییەکانەوە پێشکەش کراون، کۆماری ڤەنزوێلای بۆلیڤاری، کە لە سایتی ئەلیکترۆنی www.vcisis.com بڵاوکرایەوە.

(2) «پاشەکشە گونجاوەکان ئارەزووە سیاسییەکانی شاڤێز ئاشکرا دەکەن» سیمۆن رۆمیرۆ، ئینتەرناشیۆناڵ هیراڵد تریبیۆن، 10ی یۆنیۆی 2008.

(3) دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ نوسەر، لە 21ی مایۆی 2007 و 29ی نۆڤێمبەری 2007.

(4) چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ مایکڵ هایلی لە 7ی ئەپرێلی 2007.

# بەشی 15

## بەرازیل و پترۆبراز: کۆمپانیایەکی نەتەوەیی نەوت لە جیهانێکی باشتردا

لەنێوان 9ی مایۆ و 8ی یۆنیۆی ساڵی 1992دا، ڕێژەی هەڵاوسان لە بەرازیل بۆ لەسەدا 22.94 بەرزبووەوە بە بەراورد بە ڕێژەی ماوەی چوار هەفتەی پێشتر، کە لەسەدا 22.53 بوو، بەپێی زانیارییەکانی پەیمانگای توێژینەوە ئابوورییەکانیش لە ساوپاولۆ. ئەم ڕێژەیە هاوتایە بە تێکڕای هەڵاوسانێکی ساڵانەی زیاتر لە لەسەدا 1300.

لەهەوڵێکیشدا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان، حکومەت نرخی نزمی بۆ بەرهەمەکانی پترۆبراز1 دانا و پترۆبرازیش بڕێکی زۆر لەسەرمایەی وەبەرهێنانەکەی لەدەستدا، کە زۆر پێویستی پێی بوو. لە کاتێکیشدا کۆمپانیای دیکەی نەوت

پێیانوابوو قازانجی پێشبینی نەکراویان دەستدەکەوێت بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە کاتی جەنگی کەنداو لە ساڵی 1991دا، لەو کاتەدا پترۆبراز ناچاربوو ئەو نەوتەی بەنرخی بەرز هاوردەکرابوو، بە زەرەر بفرۆشێت. لەو ساڵانەدا نوکتەیەك بڵاوبوو، کە دەڵێت پترۆبراز زۆر تەمبەڵ بووە بەڕادەیەك باشترە کۆمپانیاکە ناوی خۆی بنێت «پترۆسۆرۆس». ئاستی بەرهەمی کرێکارانی پترۆبراز نزیکەی لەسەدا 25ی تێکڕای پیشەسازی بوو، بۆیە بەرازیل ناچاربوو نیوەی پێداویستییە نەوتییەکانی هاوردەبکات.

مایەی سەرسوڕمان بوو، کە بەهاتنی ساڵی 2008 بەرازیل گەیشتە ئاستی خۆژێنی لەوزە و بووە هەناردەکارێکی تەواوی نەوت. ئەمڕۆش پترۆبراز بە گەورەترین کۆمپانیای بەرازیل و یەکێك لە پەنجا گەورە کۆمپانیاکەی جیهان دادەنرێت و لەپێش مایکرۆسۆفت و ئەی تی ئاند تی وۆڵ مارت-وە دێت.

* * *

ساڵی 1953 کاتێك پترۆبراز دامەزرا، ناسیۆنالیستەکان هاواریانکرد: «نەوت نەوتی خۆمانە!». کۆمپانیاکە لە ئەنجامی هەوڵەکانی جیتۆلیۆ فارگاس سەرۆکی فاشیزمی بەرازیلدا دامەزرا، کە خوازیاربوو ڕێگەچارەیەك پەرە پێبدات بۆ چڕکردنەوەی نەوتی بەرازیل لەدەستی دەوڵەتدا.

دوای ئەو پاشەکشانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دوچاری دراوی بەرازیل بوون، فرناندۆ ئەنریك کاردۆسۆ، کە لە ساڵی 1994دا بەسەرۆکی بەرازیل هەڵبژێردرا، یارمەتیدەربوو لە گۆڕینی ئاڕاستەی ئابوری بەرازیلدا، بەمپێیەش بارودۆخی پترۆبراز گۆڕا. کاردۆسۆ درکی بەوە کرد، کە پترۆبراز پێویستییەکی زۆری بە داڕشتنەوەی پەیکەرەکەی هەیە و دەستی بەهەنگاوەکانیشی بەو ئاڕاستەیەدا کرد.

کاتێکێش سەندیکا کرێکارییە بەهێزەکان زانییان کاردۆسۆ دەیەوێت گۆڕانکاری ریشەیی لە ئابوریدا بکات، مانگرتنێکیان دەستپێکرد، بەڵام مانگرتنەکە ئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوە، چونکە بووەمایەی توڕەبوونی بەرازیلییەکان، کە گازیان بۆ چێشتلێنەری چێشتخانەکانیان دەستنەدەکەوت و خەڵك بەناچاری لەبەردەم وێستگەکانی سوتەمەنیدا ریزیان دەبەست.

ڕەنگە کاردۆسۆ دژی بەتایبەتیکردن بووبێت، بەڵام درکی بەوە کرد، کە ستراتیجەکانی بازاڕ وەکو خستنەڕوی پشکی کۆمپانیاکە بۆ تۆمارکردنی گشتی لەبۆرسەدا2 یاخود کێبڕکێکردن لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، پێدەچێت کارێکی بەسود بێت، تەنانەت بۆ کۆمپانیایەکی نەتەوەیی نەوتیش. ستراتیجەکانی کاردۆسۆ هاتنەبەرهەم، حکومەت لە

ساڵی 1999دا دەستیکرد بە ڕێگەدان بە خاوەنکارانی بیانی تا پڕۆژەی خۆیان لەدژی پترۆبراز بخەنەڕو لەو ناوچە نەوتیانەی دەکەوتنە بەرامبەر کەناراوەکانی بەرازیلەوە. پترۆبراز پاڵاوگەی پوختەکردنی نەوت و کەشتی گوێزەرەوەی نەوتی هەبوو، ببووە پێشڕەوی جیهان لە پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوی تایبەت بە بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاوی قوڵ و زۆر قوڵیشدا.

**چۆن بەرازیل بووە هەناردەکارێکی تەواوی نەوت**

**(1) بەرازیل ئەو ئیسانۆلەی پەرەپێدا، کە لەقامیشی شەکر دروستدەکرێت و سەلمێندراوە کە جێگرەوەیەکی کەم تێچوی بەنزینە. ئێستا شۆفێرە بەرازیلییەکان سەرپشکن لەنێوان هەڵبژاردنی بەنزین و دیزل و ئیسانۆل و گازی سروشتی بۆ ئۆتۆمبێلەکانیان. ساڵی 2008 بەرازیل سەربەخۆیی لەبواری وزەدا بەدەستهێنا و بووە هەناردەکارێکی تەواوی نەوت.**

**(2) ساڵی 2007 بەرازیل کێڵگەی نەوتی توبی دۆزیەوە، کە کێڵگەیەکی نوێی نەوتە و دەکەوێتە ئاوی قوڵەوە، مەزەندە دەکرێت لەنێوان 5 بۆ 8 ملیار بەرمیل لە نەوتی خاوی سوك لەخۆبگرێت. نەوتە نوێیەکە لەپاڵ پڕۆژەکانی پوختەکردن، کە ئێستا پترۆبراز ئەنجامیان دەدات، دەکرێت دواجار بەرازیل بکەنە هەناردەکارێکی گەورەی بەنزین بەجۆرێك ئەو هەناردانە زیاتربکات، کە دەچنە ویلایەتە یەکگرتوەکان و هەندێك دەوڵەتی دیکە، کە مەحاڵە پاڵاوگەی نوێی پوختەکردنیان تێدا دروستبکرێت. کێڵگەی توبی گەورەترین کێڵگەی نەوتییە، کە دۆزرابێتەوە دوای**

**ئەوەی لەساڵی 2000دا کێڵگەیەك لە کازاخستان دۆزرایەوە، 12 ملیار بەرمیل نەوتی لەخۆدەگرت.**

وەك ڕێگەیەك بۆ ئامادەکردنی پترۆبراز بۆ کێبڕکێ، کاردۆسۆ هینری فیلیپ رایشستول-ی بە سەرۆکی کۆمپانیاکە دانا، کە خاوەنی بانکێکی وەبەرهێنان بوو. رایشستول چەند سەودانامەیەکی ناکۆکی لەسەری لەگەڵ هەناردەکاراندا ڕێکخست و سیستمێکی هاندانی دەستپێکرد، کە لەسەر پاداشتکردنی بەڕێوەبەران بنیات نرابوو، بڕیاری دابینکردنی ملیاران دۆلاری بۆ موچە و تەندروستی پەسەند کرد و هەموو بودجەی پترۆبرازیشی بەکار برد. بەڕێوەبردنەکەی بووەهۆی گەشەکردنی پترۆبراز بەو شێوەیەی دەوڵەتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت گەشەیانکردوە، کە ئەویش لەڕێی نرخی نزیك لە نرخی رکابەرە بیانییەکان. لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2003دا، بەرهەمی پترۆبراز بە تێکڕای لەسەدا 10.7 زیادیکرد و ئیتر ساڵ لەدوای ساڵ زیادیکرد. لە ساڵی 2007دا پترۆبراز خاوەنی یەدەگێکی نەوتی خاو بوو، کە لە هی چیڤرۆن زیاتر بوو و پڕۆسەی گەڕانیشی بە تێچوونێکی کەمتر لەوەی ئیکسۆن مۆبیل ئەنجامدەدا. ئەمڕۆش پترۆبراز پشکی گەورەی نەوت و وزەی لەژێر دەستدایە، سەرباری چالاکی دیکەی پەیوەندیدار لە هەژدە دەوڵەتی ئەفریقیا و ئەمریکای باکور، باشور، ئەوروپا و ئاسیادا. کۆی بەهای پشکەکانیشی دەگاتە 133.5 ملیار دۆلار.

پترۆبراز تەنیا یەکێك نییە لە گەورە کۆمپانیا بەرهەمێنەرکانی نەوت لە جیهاندا، بەڵکو گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنی سوتەمەنی گیانەوەرییە لەسەر

ئاستی جیهانیش. له‌ نۆزده‌ی دیسه‌مبه‌ری ساڵی 2005دا پترۆبراز واژۆکردنی گرێبه‌ستێکی له‌گه‌ڵ کۆمپانیای نیبۆن هانبای ژاپۆنی راگه‌یاند بۆ دامه‌زراندنی پرۆژه‌یه‌کی هاوبه‌ش، که‌ باره‌گاکه‌ی له‌ ژاپۆن ده‌بێت و ناوی «ئیسانۆلی به‌رازیل - ژاپۆن» ده‌بێت به‌ مه‌به‌ستی هاورده‌کردنی ئیسانۆل له‌ به‌رازیله‌وه‌. به‌مه‌ش پترۆبراز بووه‌ به‌شێکی گه‌وره‌ له‌ پیشه‌سازی ئیسانۆلی به‌رازیل. ئه‌گه‌رچی سه‌رۆك بوش ئامانجی ئه‌وه‌ی دانابوو، که‌ ده‌بێت به‌هاتنی ساڵی 2005 سێ چاره‌کی ئه‌و نه‌وته‌ی ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتوه‌کان له‌ خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاسته‌وه‌ هاورده‌یده‌کات بگۆڕێت بۆ ئیسانۆلی ئه‌مریکی، به‌ڵام تا ساڵی 2008 ئه‌م ئامانجه‌ نه‌هاته‌دی. به‌رازیل ته‌نیا نیوه‌ی داخوازی له‌سه‌ر سوته‌مه‌نی ئۆتۆمبێل له‌ ئیسانۆله‌وه‌ دابین ناکات، به‌ڵکو سوته‌مه‌نییه‌ گیانداریيه‌که‌یشی هه‌نارده‌ ده‌کات بۆ هندستان، ڤه‌نزوێلا، نایجیریا، ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتوه‌کان و ده‌وڵه‌تانی دیکه‌ش. هه‌روه‌ها پترۆبراز یه‌که‌م هێڵی گه‌وره‌ی بۆری سوته‌مه‌نی گیانداری هه‌یه‌ و پلانیشی هه‌یه‌ بۆ خه‌رجکردنی 54 ملیار دۆلار له‌ دامه‌زراوه‌کانی به‌رهه‌مهێنانی سوته‌مه‌نی گیانداری و دابه‌شکردنی تا ساڵی دارایی 2010.

پترۆبراز میوانداری سه‌ردانیکه‌ری له‌ زۆر ده‌وڵه‌ته‌وه‌ کردوه‌، له‌وانه‌ مه‌کسیك و نایجیریا و پیرۆ، که‌ هه‌وڵیانداوه‌ لاسایی نمونه‌ی وزه‌ی به‌رازیل بکه‌نه‌وه‌. چه‌ند کۆمپانیایه‌کی نه‌وتی هه‌ندێك ده‌وڵه‌ت وه‌کو ستات ئۆیل ئه‌ی ئێس ئه‌ی نه‌رویجی، که‌ حکومه‌ت خاوه‌نداری ده‌کات، هاتوون و هه‌وڵیانداوه‌ بچنه‌ پرۆژه‌ی هاوبه‌شه‌وه‌ به‌و هیوایه‌ی بتوانن

هەریەك لە یەدەگی نەوتی بەرازیل و تەکنۆلۆجیای پترۆبراز بەکاربهێنن. ئەم سەودانامەیە ئەوەندە گرنگ بوو بۆ نەرویج بە رادەیەك، کە شا هارالّدی پێنجەم، پاشای نەرویج خۆی لە ساڵی 2003دا چوو بۆ ریۆ تا مۆرکێکی فەرمی پێببەخشێت.

ساڵی 2000، حکومەتی بەرازیل پشکێکی بە بڕی لەسەدا 16 لە پشکەکانی پترۆبراز3 لە بۆرسەکانی وەك بۆرسەی نیویۆرك و ساوپاولۆ خستەڕو. پشکەکانی پترۆبراز بەکردەوە لە بەرازیل مامەڵەیان پێوە دەکرا، بەڵام کاتێك لەویلایەتە یەکگرتوەکان خرانەڕو، کاریگەری گەورەیان لەسەر بەڕێوەبردنەکەی هەبوو، چونکە بۆرسەی نیویۆرك پێویستی بە شەفافیەتی زیاتر هەبوو بەراورد بە بۆرسەی ساوپاولۆ، بەڵام شەفافیەتی زیاتر زیانی بە کۆمپانیاکە نەگەیاند. ئێستاش پشکەکانی پترۆبراز لەنێو زۆرترین ئەو پشکە بیانیانەدان، کە لە بۆرسەی نیویۆرکدا مامەڵەیان پێوەدەکرێت، پشکدارە دەرەکییەکان خاوەنی لەسەدا 60ی کۆی پشکەکانین. جگە لەوەش بەپێچەوانەی هەندێك کۆمپانیای نەتەوەیی نەوتی دیکەوە، کە کەمێك کۆتوبەندیان بەسەر ئەو کۆمپانیا بیانیانەدا دەسەپاند، کە خوازیاربوون کار لەگەڵ کۆمپانیایەکی ناوخۆییدا بکەن، بەرازیل یاسایەکی تێپەڕاند لەبارەی پێداویستییە ژێنگەییەکان و پێداویستییەکانی کرێکاری تایبەت بە خاوەنکارە بیانییەکان.

لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا پترۆبراز لە فراوانبووندا بوو، چونکە بڕی یەك ملیار دۆلاری پێشکەشکرد لەبەرامبەر لەسەدا 59ی دووەم گەورە کۆمپانیای بەرهەمهێنی نەوت لە ئەرجەنتین، کە کۆمپانیای پیرێز

کۆمپانس (پیکۆم) بوو. بەهاتنی ساڵی 2008یش پترۆبراز لە بیست و حەوت دەوڵەتدا کاریدەکرد، ئەم ژمارەیەش لە دوو هێندەی ژمارەی ئەو دەوڵەتانە زیاترە، کە پێش یەك دەیە کاری تێدا دەکرد.4 بەرپرسانی پترۆبراز خۆشحاڵن بە شوناسی دووسەرەی کۆمپانیاکە بەوەی بەرجەستەبوونی ناسیۆنالیستی بەرازیل و لە هەمانکاتیشدا چیرۆکی گەشەکردنە لە ووڵ ستریت. ئەلمیر گۆیلریم بارباسا بەڕێوەبەری دارایی پترۆبراز دەڵێت: «ئێمە وا سەیری خۆمان دەکەین، کە خاوەنی باشترین شتین لە هەردوو جیهانەکەدا».

**(1) بۆقە بچوکەکان و تەکنۆلۆجیا**

پترۆبراز لە پڕۆژەکانیدا پشتی بە باشترین ئەو عەقڵانە دەبەست کە یان لەڕێی تاقیگەی توێژینەوەکانییەوە دەهاتن یاخود لە رێککەوتنە توێژینەوەییەکانی کە لەگەڵ زانکۆکانی دەوڵەت ئیمزای کردبوون. یەکێك لەو پرۆژانەش بریتی بوو لە عەمبارێکی گەورەی ئاو لە زانکۆی فیدراڵی لە ریۆ دی جانیرۆ. عەمبارەکە کە وەك نمونەیەك دروستکرابوو، قوڵایی 50 پێ بوو لەهاوشێوەی با و شەپۆلی کەناراوەکان بۆ دروستکرابوو، دواجاریش یامەتیدەربوو بۆ دیزاینکردنی سەکۆی سەلامەتتر. پڕۆژەیەکی تریش بریتیبوو لە رۆبۆتێك، کە هێڵی بۆرییەکانی بەدرێژایی کەناراوەکان لەپاشماوە لینجەکان پاکدەکردەوە. ئەو ئەندازیارەی رۆبۆتەکەشی دیزاین کردبوو دیزاینەکەی لە لێکۆڵینەوە لەجوڵەی مەلەی بۆقە بچوکەکان وەرگرتبوو.

نموونەیەکی تر داهێنانەکانی پترۆبراز ئەوەیە لەبری ئەوەی لەنگەرێکی ئاسایی لە پۆڵا دروستکراو بەکاربهێنێت تا سەکۆ دەریاییەکانی پێ جێگیر بکات، کۆمپانیاکە بۆی دەرکەوت کە بەتواناتر دەبێت ئەگەر تۆربیدێك بە درێژیی 55 پێ و کێشی 100 تۆن رەوانەی قوڵایی زەریا بکات تا لەبنی زەریادا بچەقێت هاوکات بە هۆی گوریسێکی پۆلیستەری زۆر بەهێز بە سەکۆکەوە دەبەسترێتەوە. ئەمەش لە سەکۆی ژمارە 37یدا لە زەریای ئەتڵەسی ئەنجامدرا ئەویش بریتیبوو لە یەکەیەکی بەرهەمهێنانی سەر ئاو، کە لە کەشتییەکی نەوت گوێزەرەوەی دەستکاریکراو دروستکرابوو.

لە ئۆگەستی 2009دا و بە ئومێدی قۆستنەوەی گرنگترین دۆزینەوەی نەوتی لەسەر ئاستی جیهان لە چەند ساڵی رابردودا -کێڵگەکانی ناو ئاوی قوڵ، کە ساڵی 2007 دۆزرانەوە- بەرازیل دەستبەرداری هاوکاریکردنی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت بوو، کە ماوەی یەك دەیەی تەواو بەردەوامبوو، ئەویش بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی هەمان پرۆسەی دەرهێنان. جیۆلۆجییە نێودەوڵەتییەکان مەزەندە دەکەن ئەو کێڵگانە دەیان ملیار بەرمیل نەوتی شیاو بۆ دەرهێنان لەخۆ بگرن.

### (1-1)  پرشنگێکی پەخش

لەنێوان مایۆی 1997 و یۆنیۆی 2006دا بەهای پترۆبراز لە بازاڕی دارایی بەرازیلدا بەڕێژەی لەسەدا 1200 زیادیکرد ئەو ژمارەیەش هاوتایە بە تێکڕای ئەو هەڵاوسانەی وڵاتەکە لە ساڵی 1992دا بەدەستیەوە دەیناڵاند.

ئەگەرچی پترۆبراز بەشێوەیەکی زۆر بەشداره لە ناوبانگی کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوتدا بەو پێیەی بەهێزترین

گروپی نوێی بەرهەمهێنەرانی نەوتە، ئەوا زۆربەی کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت بەم کۆمپانیا بەرازیلییە نەگەیشتونەتەوە لەڕوی توانای گەشەپێدانی یەدەگە نەوتییەکانیەوە. بۆ نمونە لە کۆمپانیای پترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا، لەپاش چوونە دەسەڵاتی هۆگۆ چاڤێز و دەستکردن بە ئاڕاستەکردنی داهاتی نەوت بۆ بەرنامە کۆمەڵایەتییە گوماناوییەکان، بەرهەمهێنان بەتێکڕای لەسەدا 25 دابەزی. هەرچی کۆمپانیای برتامینای ئەندۆنیسیاشە، کە دەوڵەت خاوەنیەتی ئەوا لە گەندەڵی و خزماتیەتیدا نقوم ببوو، بەڕادەیەك ناچار بوو ببێتە هاوردەکارێکی تەواوی نەوت لەبری هەناردەکارێکی تەواوی نەوت. پترۆبراز نمونەی چیرۆکێکی دەگمەنی سەرکەوتنە بۆ کۆمپانیایەکی نەتەوەیی نەوت -یەکێکیشە لە کەمینەیەکی کەمی ئەو کۆمپانیا نەتەوەییانەی نەوت، کە پرشنگیان پەخش بووە بە سەر کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتدا-، هەروەها زۆر دوریشە لە کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت لە هەریەك لە روسیا و ئێران و ڤەنزوێلا.

### پەراوێزەکان

(1) پترۆلیۆ برازیلییرۆ ئێس ئەی.

(2) زۆربەی پشکەکانی پترۆبراز لەگەڵ مافی دەنگدان موڵکی حکومەتی بەرازیلن.

(3) 4 ملیار دۆلاری ئەمریکی.

(4) ناوبانگی کۆمپانیا تایبەتە نێودەوڵەتییەکە بە پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکەی پتەوتر بوو کاتێك بووە یەکەم کۆمپانیا ڕەزامەندی ڕێکخستنی ئەمریکای بەدەستهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی سەکۆی سەرئاو لە کەنداوی مەکسیك.

# بەشی 16
## دوای وەرچەرخانی تەرازوی هێز:
## ئەمە هەمووی بەرەو کوێمان دەبات؟

دەوڵەتێکی گەورەی ئەوروپا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دراوسێی داگیردەکات، دەستی بەسەردا دەگرێت، هاووڵاتیانی بۆمبباران دەکات و بە بێسڵەمینەوە بەتانکەکانی هەڵدەکوتێتە سەری.

کەشتییەکی جەنگی سەر بەدەوڵەتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆنتێنەرێکی نەوتی ئەمریکا نزیکدەبێتەوە و دەیخاتە نێو سێرەی چەکەکانیەوە و هەڕەشەی تەقەلێکردنی دەکات، لە ڕێڕەوێکی نێودەوڵەتی نەوتدا.

چەتەکانی دەریا لەبەرامبەر کەناراوەکانی سۆماڵ هێرشدەکەنە سەر کەشتییەکان لە ڕێڕەوی دەریایی نۆکەندی

سوێسدا، داوای پارە دەکەن لەبەرامبەر گیانی ستافەکانیان، شتومەکەکانیاندا و چەندین کەشتی ناچار دەکەن ڕێگایەکی دورتر و تێچوی زۆرتر بگرنەبەر، لەڕێی سوڕانەوە بەدەوری ملەی ئاواتدا.

دەوڵەتێکی خۆرئاوای ئەفریقیا چەند تاقم و چەتەیەك حوکمی دەکەن، کە پارە لە خۆرئاوا دەکێشنەوە، لە هەمانکاتیشدا خۆی لە پابەندییەکانی بەرامبەر بانکی نێودەوڵەتی دەدزێتەوە.

... شەڕی ناوخۆ ... پیاوکوشتن ... ئاوارەبوونی دانیشتوان ... نرخی هەڵاوساوی خۆراك ... گەندەڵی ... پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ... پارەکێشانەوەی نێودەوڵەتی ... دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵ ...

زۆرن ئەو نمونانەی وەرچەرخانی تەرازوی هێز دروستیکردون، هەیانە گەورە و هەشیانە بچوکە. سیستمی نوێی نەوتی مانای چیدەگەیەنێت بۆ جیهان؟ بەرەو کوێمان دەبات؟ هیچ بژاردەیەکمان هەیە، یان کۆنترۆڵی ڕەوشەکەمان لەدەستداوە؟

* * *

وەرچەرخان لە تەرازوی هێزدا مانای ئەوەیە ئەکتەرە نوێیەکانی جیهانی نەوت ڕێسا کۆنەکانیان وازلێهێناوە و لایەنی نویٚ هەوڵدەدەن جڵەوی کاروبارەکان بگرنە دەست. ئامانجەکانی ئەم کارەکتەرە نوێیانە لە ئامانجی ئەکتەرە کۆنەکان جیاواز نییە، ئەویش ئەوەیە زۆرترین بڕە پارە کۆبکەنەوە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ئەم ئەکتەرە نوێیانە هەمان ئەو تێڕوانینە دوربینەیان نییە، کە هاوتاکانیان لەکۆندا هەیانبوو. زۆربەشیان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ نامێننەوە.

ئەوانە دەیانەوێت بۆ زۆرترین ماوە دەست بەو دەسەڵاتەوە بگرن، کە بەدەستیانهێناوە و پارە کۆبکەنەوە بۆ ئەو ڕۆژەی لایەنێکی تری بەهێزتر و لێزانتر و دڕندەتر، ئەو دەسەڵاتەیان لەچنگ دەردەهێنێت. ئەوانە بیریان لە بنیاتنانی دەوڵەتەکانیان نەکردۆتەوە.

وەرچەرخان لە تەرازوی هێزدا دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی توندوتیژی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن، کاتێك دەوڵەتێك لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا دەجەنگێت لەسەر دوا پاشماوەکانی سوتەمەنی بەردین، کە دواجار بەدڵنیاییەوە بەکاردەبرێت، وەك چۆن ڕۆنی نەهەنگی تایبەت بەچرا زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر بەکاربرا.

ئەمەش دەبێتە هۆی دەگمەنبوونی بەروبوومی کشتوکاڵی، کاتێك دەوڵەتە پارەدارەکان هەوڵدەدەن خۆراك لە دەوڵەتە بێ پارەکان ببەن بۆ ئەوەی بیکەنە سوتەمەنی.

وەرچەرخان لە تەرازوی هێزدا دەبێتە هۆی بەکارهێنانی سوتەمەنی بەردینی نا نەوتی -خەڵوز و گازی سروشتی-، بەشێوەیەکی کاتی و رەنگە بشبێتە مایەی بەکارهێنانی سەلامەتتری وزەی ئەتۆم. ئەو وەرچەرخانە دەبێتە مایەی گەیشتن بە جێگرەوەی نوێی وزە لە دۆستی ژینگە و تەکنۆلۆجیای باڵا لە مەودای دوردا، چونکە دواجار گیرفانی خەڵك ئەو بژاردانەیان بەسەردا دەسەپێنێت، کە پەییان پێنەبردون. وزەی خۆر، کارۆئاوی، وزەی با و شێوازەکانی دیکەی، کە هێشتا بەخەیاڵدا نایەن قۆناغی تاقیکردنەوە تێدەپەڕێنن و بەکردەوە چارەسەرمان پێشکەشدەکەن.

ئەوەی لە رابردودا سیستمی نەوتی پێ جیاکراوەتەوە، رادەی رێکخراوییەکەی و توانای پێشبینیکردن و ئاسانی مامەڵە لەگەڵ کردنی و ئارامییە رێژەییەکەی بوو. لە رابردودا هەژمون لەدەستی کەمینەیەك لە کۆمپانیا یاخود دەوڵەتەکاندا بوو، ئەگەرچی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت یان سعودیە یاخود ئۆپیك دیکتاتۆر و قۆرخکاریش بوون، ئەوا بەلانی کەمەوە پیاوی کار بوون، نەك تاوانبار. بەوپێیەش کە پیاوی کار بوون، ئایندەی کارەکانیان بەلاوە گرنگ بوو وەك چۆن ئێستای کارەکانیان بەلاوە گرنگە. ئەوان دەیانزانی، کە سەقامگیری بنەمای کارکردنە، بۆیە هەوڵی پاراستنی سەقامگیرییان دەدا، چ لە روی خراوەڕو یاخود نرخەوە. لە ساڵی 2008دا تەواو پێچەوانەی ئەمە رویدا، چونکە ناسەقامگیری بوو، کە سیستمی نوێی نەوتی پێ جیادەکرایەوە.

لە سەرەتای ساڵی 2010دا ئاشکرابوو، کە هەژمون بەسەر نەوتی نێوەدەوڵەتیدا کەوتبووە دەستی چەندین لایەنی جیاجیاوە. زۆرجار ناوی سعودیە دەبرێت، ئەگەرچی هۆکارەکە ئەوەیە پشکی شێر لە نەوتی جیهان بەرهەمدەهێنێت، بەڵام جارجار ناوی دەوڵەتانی دیکەی بچوکی بەرهەمهێنی نەوت یاخود ناوی کۆمپانیایەك لەو کۆمپانیا نەوتییە گەورانەی دەوڵەتان خاوەنیانن، ئەوانەی پێیاندەوترێت کۆمپانیای نەتەوەیی نەوت، دەهێنرێت. هەندێجاریش دەوترێت ئەم هەژمونە تەنیا لەدەست بازرگانانی بازاڕی گرێبەستە خێرا و ئایندەییەکاندایە.

نەبوونی توانای پێشبینیکردن، بازاڕ توشی دەمارگیری دەکات. بۆ نمونە رەنگە رۆژێك لە رۆژان نرخی بەرمیلێك نەوت بگاتە 150 دۆلار، پاشان رەنگە لە رۆژێکی تردا دابەزێت بۆ 115 یان 100 یاخود 70 دۆلار. رەنگە رۆژێك لە رۆژان شارەزایان پێشبینی ئەوە بکەن لەماوەی دە ساڵدا نەوت تەواو ببێت، پاشان رەنگە رۆژێکی تر کێڵگەیەکی نوێی گەورەی نەوت بدۆزرێتەوە، دواتر پێشبینییەکانی تەواوبوونی نەوت کەمێك دیارنامێنن.

ئێمە بەکردەوە نەوتی قورس، نەوتی وەرگیراو لە لمی قەتران و یەدەگی نەوتی بەردین بەکاردەهێنین، تاکە شت کە دەبێت هەژماری بۆ بکەین ئەوەیە پێویستە نرخی نەوت ئەوەندە بە بەرزی بمێنێتەوە وابکات پرۆسەی پوختەکردنی نەوتی قورس کاریگەر بێت لەڕوی تێچوونەوە. مایەی

سەرنجیشە سەرەڕای بەرزبوونەوەی تێچوونی دارایی دەرهێنان و پوختەکردنی ئەو جۆرە قورسانەی نەوت یاخود ئەو جۆرانەی سوتەمەنی بەردین، کە گۆگردیان زۆرە، ئەوا تێچوونە ژینگەییەکە زۆر گەورەترە. وادیاریشە دواجار بازاڕ و جیهانیش لەو بیرۆکەیە تێگەیشتوون، کە نەوت کاڵایەکی سنوردارە، بۆیە توانای بەرهەمهێنەرانی نەوت بۆ درێژەپێدانی بەرهەمهێنانی بۆ بیست ساڵی دیکە یان پەنجا و تەنانەت سەد ساڵی دیکەش لەمەودای دوردا هیچ بایەخێکی نابێت، بەکاربەرانی نەوتیش هۆشیاری ئەوەیان پەیداکردوە، کە دەبێت جێگرەوە بدۆزرێتەوە.1 پێنج یان دە ساڵ لەمەوبەر چەندین ئابوریناس پێشبینییانکرد، کە ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت بگاتە 100 دۆلار، ئەوا ئابوری جیهان هەرەسدەهێنێت. کاتێکیش ئەوە رویدا دواجار هەست بە کاریگەری نرخ بەرزی نەوت کرا. بۆیە لە مارسی 2008دا ئەمریکییەکان ئۆتۆمبێلەکانیان بەتێکڕای 11 ملیار میل کەمتر لێخوڕی بەراورد بە مارسی 2007، ئەوەش یەکەم دابەزینی لەو جۆرەیە لە ساڵی 1979وە و توندترینی دابەزینە تۆمارکراوەکانە. دوابەدوای ئەمە دابەزینی نرخ رویدا، بەڵام ئەو دابەزینە رەنگدانەوەی قەیرانی دڵنیایی و داکشان بوو، نەك وێنەی خواست و خستنەڕو لە بازاڕی نەوتدا. چونکە دابەزینی خواستی جیهانی مانای دابەزینی نرخی بەرمیلی نەوتە.

**ڕێژەی داهاتی خەرجکراو بۆ بەنزین**

**لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2008دا زۆربەی ئەمریکییەکان لەسەدا 4ی کۆی داهاتیان بۆ بەنزین خەرجدەکرد، بەڵام لە هەندێك ناوچەی وەکو دەلتای میسیسپی ئەم ڕێژەیە بەرزبووەوە بۆ لەسەدا 13.**

چارەسەری کاتیمان بۆ چەند گەڕێکی ئەم بارودۆخە دۆزیوەتەوە، لەوانەش -لە یەکێك لە خاڵەکاندا- ڕاگرتنی ئەو بەرنامەیەی ئامانجی پڕکردنی عەمبارە ستراتیجییەکانی نەوت بوو لەوڵاتدا، بەشێوەیەکی کاتی لە لایەن وەزارەتی وزەی ئەمریکاوە (لە وەڵامی گوشارەکانی کۆنگرێسدا)، بەڵام چەند زلهێزێك گوشاریان لەسەر حکومەتی فیدراڵی زیاتر کرد بۆ گەڕان بەدوای نەوت لەناو سنوری ئەمریکادا. بۆ چەند ساڵێکیش چالاکوانانی بواری پاراستنی ژینگە بەرهەڵستی هەڵکەندنیان کرد لەمیانی گەڕان بەدوای نەوت لە ئالاسکا، بەڵام ئێستا بیرۆکەکە بە تەواوی بەدور دەزانرێت.

گفتوگۆ لەبارەی هەڵکەندن بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا لە جەمسەری باکور2 لەئارادایە، تەنانەت گفتوگۆش لەبارەی ئەوە دەکرێت، کە دەبێت چی لەژێر ڕوپۆشی بەستەڵەکی جەمسەریدا بێت.3 ویلایەتە یەکگرتوەکان سەرقاڵی دروستکردنی دوو کەشتی نوێی بەستەڵەکبڕە «بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێستا و ئاییندە» لە هەردوو جەمسەری باکور و باشور، کەنەداش داوای کەشتی نوێی دیدەوانی کردوە بە مەبەستی پاراستنی سەروەری

خۆی لەجەمسەری باکور. دوای ئەوەش کە دانیمارکییەکان هەڵکەندنیان لە گرینلاند دەستپێکرد، ئەوانیش هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوەی ئەو بەڵگانە دەستپێکرد، کە پشتیوانی داواکارییان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی جەمسەری باکور دەکەن. هەروەك وەفدی نێودەوڵەتی لە هەریەك لە چین و هندستان و ژاپۆنەوە بەرەو ناوچەی جەمسەری باکور هاتن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەگەرەکانی ئایندە.

لە سەدەی رابردودا جیهان یەك ترلیۆن بەرمیل نەوتی بەکاربردووە و هێشتا 1.2 ترلیۆن بەرمیلی دیکە وەك یەدەگی نەوت هەیە. ئەگەر ئاستی گەشەکردنی خواست وەك ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا نزیکەی یەك ترلیۆن بەرمیل لە کەمتر لە سی ساڵدا بەکاردەبرێت، بەڵام بەچاوپۆشین لەهەموو ئەو قسانەی سەبارەت بە سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە دەکرێن، ئەوا هێشتا لە دۆخێکدا نین بتوانین دەستبەرداری نەوت ببین.

### (1) گەڕان بەدوای جێگرەوەدا

ئاشکرایە کە سەچاوەکانی وزەی جێگرەوە دەتوانن کاریگەری چەندین کێشەی پەیوەست بە قورسی دۆزینەوەی نەوت سوك بکەن، بەڵام هەندێك جێگرەوە ئەو بەڵێنانە نابەنە سەر، کە لەسەرەتادا دەیدەن. نمونەی ئەمەش ئیسانۆلە.

چونکەی ئەو ئیسانۆلەی لەسەرەتادا وەك چارەسەرێك بۆ پشتبەستنی ویلایەتە یەکگرتوەکان بە هاوردە نەوتییەکان

بانگەشەی بۆ کرا، ئێستا ڕەخنەی لێدەگیرێت، کە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك و بڵاوکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەڕێژەیەکی زیاتر لە بەنزین و بڕێکی کەمتر لە وزە بەرهەم دەهێنێت بەرێژەی سێیەك بۆ هەر گاڵۆنێك.

تەنانەت ئەگەر کۆمپانیاکانی نەوت ئەو مەرجە فیدراڵیانەیش جێبەجێ بکەن، کە داوا دەکەن تا ساڵی 2022، 36 ملیار گاڵۆن ئیسانۆل بەکاربهێنرێت -هەندێك توێژەر پێیانوایە کارێکی مەحاڵە- ئەوا ئەم ئامانجە تەنیا لەسەدا 10ی خواستی ئێستای ئەمریکا لەسەر نەوت دەگرێتەوە.

دیارە بە هۆی نەوتەوە جیهان بەرەو کێبڕکێی زیاتر و ناکۆکی زیاتر و توندوتیژی زیاتر دەچێت. هەر بە هۆی نەوتەوە، چین هەوڵدەدات دەوڵەتانی خۆرئاوای ئەفریقیا رازیبکات، ڤەنزوێلا دەچێتە ڕێککەوتنەوە لەگەڵ ئێران، روسیاش خواستی ئەوەی هەیە هەژمون و سەربەرزییە لەدەستچووەکەی بەدەستبهێنێتەوە. هاوپەیمانی نوێ پێکدێت، خواستی کۆن سەرهەڵدەدەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی مۆتەکەی داکشانی ئابورییەوە، کە جیهانی گرتوەتەوە، هیچ سەرکردەیەکی جیهانی خۆرئاوا ئەو ئازایەتییەی نەبوو، باری نائاسایی رابگەیەنێت. کەس ئامادەنەبوو باسی گرتنەبەری هەڵوێستێکی «چەرچڵیانە» لە دەستنیشانکردنی «دوژمندا» بکات و سوربێت لەسەر ئەوەی هاووڵاتیان پێکەوە کۆببنەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بە پەلە.

کاتێك گۆڕانێکی گەورە لە پڕۆسە یاخود میکانیزمە

ئابورییەکاندا رودەدات- واتە وەرچەرخان لە تەرازوی هێزدا - ناسەقامگیری ئەنجامێکی سروشتی ئەو گۆڕانکارییە دەبێت. ئەم حاڵەتەش کە لەبەر دەستماندایە -کە تایبەتە بە گواستنەوە لە سیاسەتێکی وزەی پشتبەستوو بە نەوت بۆ سیاسەتێك، کە پشت بە وزەی جێگرەوە ببەستێت بە ئامانجی پاراستنی وزە- شتێکی جیاواز نییە. بۆیە بەردەوام دەبین لە بەکارهێنانی نەوت، چونکە بژاردەی کەممان لەبەردەمدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵوز و گازی سروشتی و وزەی ئەتۆم بەکاردەهێنین. ئۆتۆمبێلی دووڕەگ، ئۆتۆمبێلی کارەبایی، پایسکلەکانمان و تەنانەت پێیەکانیشمان بەکاردەهێنین. وەڵامەکەمان لەشێوەی شۆڕشێکدا دەستناکەوێت، بەڵکو لەڕێی گەشەکردنمانەوە دەستماندەکەوێت. وەڵامەکە بریتیدەبێت لە کەمکردنەوەی پلە بە پلەی بەکارهێنانی نەوتی بیانی، هاوکات رودەکەینە بەکارهێنانی گازی سروشتی، کە زۆرترە و لەڕوی ژینگەییەوە پاکترە، یاخود رودەکەینە -بەداخەوە- خەڵوز و خاوی تاڵ، کە ژینگە زیاتر پیسدەکەن. ئەگەرچی پەنا بۆ ئەم گواستنەوە پلە بە پلەیە دەبەین (ئەگەر بەشێوەی کاتیش بێت)، بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەکاربردنی سوتەمەنی و بەکارهێنانی سوتەمەنی بەردینی جێگرەوە، ئەوا پێویستە زۆر بەجدی لە پشتی پەردەوە کار بکەین بۆ هێنانەدی وەرچەرخانێکی راستەقینە لە تەرازوی هێزدا -بەرەو بەرهەمهێنانی وزەی جێگرەوە لە ناوخۆدا- بۆئەوەی خۆمان لە پشتبەستن بە نەوت رزگاربکەین،

هەروەها بۆ بەرگریکردن لەخۆمان لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتە نەوتییە دەستدرێژیکارانەی لەپڕ وەکو ددانی ئەژدیها لە هەموو شوێنێکی جیهاندا سەریان هەڵدا.

سیستمی نوێی نەوتی سیستمێك نییە هێندەی بریتییە لە کۆمەڵێك بەش، کە بە شێوەیەکی کوێرانە جموجوڵ دەکەن. چیتر پێکنەهاتووە لە کۆمەڵێك ئەکتەری ئاشتیخواز، کە هەموویان رێککەوتون پێکەوە بەئاشتیانە گەمەکە بکەن، بەڵکو ئێستا پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ئەکتەر باوەڕیانوایە رۆژ بە رۆژ جڵەوی کاروبارەکانیان لەدەس دەچێت، بەڵام ئامادەنین خواستەکانی خۆیان جڵەو بکەن، یاخود ناتوانن ئەو کارە بکەن.

هەرچۆنێکبێت خواست زیاد دەبێت. چونکە پێشبینی دەکرێت ژمارەی دانیشتوانی جیهان تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکەم بەڕێژەی لەسەدا 50 زیاد بکات و بگاتە 9 ملیار کەس، پێدەچێت ژمارەی ئۆتۆمبێلیش لە ماوەی سی ساڵدا ببێتە دوو هێندە و بگاتە دوو ملیار ئۆتۆمبێل، هەروەك پێدەچێت ژمارەی فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکان لەماوەی نزیکەی بیست ساڵدا سی و شەش هەزار تێبپەڕێنێت.

ئەگەر ئەوە روبدات -بە پێی پێشبینییەکان- کە لەماوەی بیست ساڵی داهاتودا بەکاربردنی نەوت بۆ دوو هێندە زیادبکات، کەواتە بەدەیان ملیار بەرمیل نەوتی ساڵانە لە کوێوە دێت؟

گەورە کۆمپانیاکانی نەوت -هاوشێوەی بی پی و چیڤرۆن

و ئیکسۆن مۆبیل- روبەڕوی سەختی زیاتر بوونەوە لە کێبرکێکردن لەسەرانسەری جیهاندا. چونکە چواردە کۆمپانیا لەنێو گەورەترین بیست کۆمپانیا لەسەر ئاستی جیهان خاوەندارێتیان هی دەوڵەتانە، لەوانەش ئارامکۆی سعودیە و گازپرۆمی روسیا. لەسایەی زیادبوونی تێچوونی پرۆسەکانی گەڕانیشدا، کۆمپانیا بە ئەزمونەکانی نەوت روبەڕوی زەحمەتی زیاتر دەبنەوە لە دیاریکردنی شوێنی نوێی نەوتدا.

بڵاوکراوەی «ئینتەرناشیۆنال پترۆلیۆم مەنسلی»، کە لە بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکانی وزە دەرچووە، دەریدەخات، بەرهەمی جیهان لە یەنایەری 2008دا 74466000 بەرمیلی رۆژانە بووە، کە بڕی 168000 بەرمیل لە ترۆپکی پێشوی لەساڵی 2005دا کەمترە.

**خواست و خستنەڕو**

***بەرهەمهێنانی نەوت دابەزین یاخود جێگیری بەخۆوە دەبینێت لە هەریەك لە مەکسیك و ڤەنزوێلا و دەریای باکور و روسیا.**

***دەکرێت لە ساڵی 2015دا خواست لەسەر نەوت بگاتە 99 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە کە لەساڵی 2008دا 87 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە بووە.**

**ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە**

لەراستیدا لە ساڵانی 2007 و 2008دا ئەگەرچی کۆمپانیاکان

زیاتر لە 100 ملیار دۆلاریان لە پرۆسەکانی گەڕاندا خەرجکرد، بەڵام بڕی ئەو نەوتە نوێیە دۆزیانەوە لەبڕی ئەو نەوتە کەمتربوو، کە لە هەمان ئەو ماوەیەدا لە زەوی دەریانهێنا.4 لەوەش گرنگتر ئەوەیە تێچوونی دۆزینەوەی یەدەگی نەوت لە ساڵی 2008دا بە نزیکەی لەسەدا 200 بۆ 300 زیاترە لەو تێچوونە لە ساڵی 2003دا، ژمارەی بیرە نوێیە دۆزراوەکانیش لە ماوەی نێوان ساڵی 2003 بۆ 2008دا بەڕێژەی لەسەدا 65 کەمبۆەتەوە.5

دیاربوو کە مانگەکانی سەرەتای ساڵی 2008 وەك خاڵێکی وەرچەرخانن بۆ ئەمریکییەکان، کە هەستدەکەن نرخی نەوت بەرزبۆتەوە تا ئەو رادەیەی کاریگەری لەسەر شێوازی ژیانیان هەیە و پێویستدەکات هەندێك گۆڕانکاری بکەن. لە سەرەتای هاوینی ئەو ساڵەدا، ئەمریکییەکان لە هەموو روەکانی ژیانەوە دەستیانکرد بە کەمکردنەوەی بەکاربردنی بەنزین. شۆفێران وەك نارەزایی بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی دیزل، ئۆتۆمبێلەکانیان وەستاند و کۆمپانیاکانیش دەستیان کرد بە پارە وەرگرتن لەبەرامبەر ئەو بەتانی و سەرین و کەلوپەلانەی لە رابردودا بەخۆڕایی پێشکەش دەکران و رەسمی زیاتریان لەسەر کەلوپەلی زیادە دانا. زانکۆ ئەهلییەکان و ئەو زانکۆیانەی لە شارە بچوکەکاندا بوون، تەنیا چوار رۆژ لە هەفتەیەکدا کاریان دەکرد بۆ یارمەتیدانی فەرمانبەران لەخۆگونجاندن لەگەڵ نرخی بەرزی سوتەمەنیدا. هەندێك کۆمپانیای وەك هۆلیت باکارد، تێکڕای بەکارهێنانی

ڤیدیۆکۆنفرانسی زیادکرد بە مەبەستی دەربازبوون لە زۆربەی گەشتەکانی فەرمانبەرانی و هانیدەدان بۆ بەکارهێنانی پاسەکانی کۆمپانیا و هاوبەشیکردن لە ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکان و بەکارهێنانی پایسکلدا. تەنانەت دواتریش، کە نرخەکان دابەزین، ئەو شێوازە بۆ مەودای دور چەسپێندرابوو.

وەرچەرخان لە تەرازوی هێزدا پلە بە پلە شێوازی ژیانمان دەگۆڕێت. دەبیستین کە کۆمەڵگەی دانیشتوان دەوروبەریان بەجێهێشتووە و گەڕاونەتەوە ناو شارەکان، هەروەها دەبیستین کە ئۆتۆمبێل هەیە بە سوتەمەنی لێکدراو کاردەکەن و ئۆتۆمبێلی زیرەکیش هەیە، هەروەك ماتۆڕی سوکەڵە (ڤێسپا)، لە شەقامی ناو شارەکانمان و پلێتی وزەی خۆر لەسەر سەربانی ماڵەکانی دەوروبەری شار و کێڵگەکانی با لە گوندەکان دەبینین. هەروەها دەبیستین کەسانێك وازیان لەخواردنەوەی ئەو ئاوە کانزاییە هێناوە، کە بەکەشتی بارهەڵگر لە زەریای ئەتڵەسییەوە گوازراوەتەوە لەبری ئاوی بۆری ماڵان بەکاردەهێنن، لە بەفرگردا هەڵدەگیرێت. هەروەها کەمپین ڕێکدەخرێت بۆ کڕینی بەرهەمی ناوخۆ بە ئامانجی قەناعەتپێهێنانی خەڵك بە هەڵبژاردنی بەرهەمی ناوخۆیی لەبری ئەو بەرهەمانەی لە شوێنی تری وڵاتەکە و جیهانەوە هێنراون، بەڵام دەوڵەتە نەوتییە دەستدرێژیکارەکان وامان لێدەکەن ڕێوشوێنی وا بگرینەبەر، کە دەبوو لەخۆمانەوە بیانگرینەبەر. لەمڕۆ بە دواوە ناتوانین بڵێین هۆشیاریمان پێنەدراوە.

سەرەڕای بەرزبوونەوەی زۆری نرخی نەوت لە بەشی یەکەمی ساڵی 2008دا، بەڵام لە هاوینی ئەو ساڵەدا وردە وردە دادەبەزی، لە 11ی یۆلیۆی 2008دا نرخ گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی لە 147.27 دۆلار بۆ یەك بەرمیلدا، پاشان بەجێگیری دەستیکرد بە دابەزین، بەجۆرێك لە کۆتایی هاویندا لە 15ی سێبتەمبەری 2008دا نرخی بەرمیلێك گەیشتە کەمتر لە 100 دۆلار ئەویش بۆ یەکەمجار لەدوای حەوت مانگ. نرخ بەردەوامبوو لە دابەزین و لە 21ی سێبتەمبەری 2008دا دابەزی بۆ 33.87 دۆلار بۆ یەك بەرمیل.

لە ساڵی 2009دا نرخی نەوت جارێکی تر بەرزنەبووەوە و بەدرێژایی مانگەکانی مارس و ئەپریل لە دەوروبەری 40 دۆلار بۆ یەك بەرمیل مامەڵەی پێوەدەکرا، بەڵام لە مانگی ئۆگەستی 2009دا نرخ دوبارە بەرزبووەوە و گەیشتە 70 دۆلار بۆ یەك بەرمیل و لە سەرەتای ساڵی 2010دا لە نزیکەی 80 دۆلار بۆ یەك بەرمیلدا جێگیر بوو.

سەرەڕای ئەو بەرزونزمییە توندەی نرخ، بەڵام وەرچەرخان لەتەرازوی هێزدا، کە جیهان لە دەیەکانی رابردودا بەخۆیەوە بینی، رانەوەستا و کەم نەبووەوە دور لە کۆمپانیا نەتەوەییەکانی نەوت تا بچێتە دەستی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت. زۆر هێز کاریگەرییان لەسەر دۆخەکە هەبوو، چەندین رێککەوتنیش ئیمزاکران و دەوڵەتی نەوتی نوێی تازە دەوڵەمەندبوو، کۆنترۆڵیان گرتەدەست و ئامادەش نین دەستبەرداری بن.

## پەراوێزەکان

(1) یاریزانانی نەوت ئەم وانەیەیان لە کاتی گەمارۆ نەوتییەکە لە ساڵی 1974دا وەرگرت. ئەگەر ئەو کاتە دەستیان بە پەرەپێدانی جێگرەوەی نەوت بکردایە ئەمڕۆ جیهان نەدەکەوتە ئەم تەنگژەیەی ئێستاوە. تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆش نرخی نەوت زۆر دابەزیوە ئەوا پێدەچێت ئەو یاریزانانە خوازیاری ئەوەبن درێژە بە گەڕان بەدوای جێگرەوەدا بدەن وەك بەئاگابوونێك لە بەرزبوونەوەیەکی داهاتوە.

(2) تەنیا ئەمریکاییەکان نەبوون، کە خوازیاری گەڕان بەدوای نەوتدا بوون لە جەمسەری باکور، چونکە لە ئۆگەستی 2007دا روسەکان ئاڵای دەوڵەتەکەیان لە قوڵایی دەریا لە خوارووی جەمسەری باکور دانا. وتەبێژێك بەناوی کۆمپانیای گازپرۆمەوە رایگەیاند کە ئەم کۆمپانیا زەبەلاحە روسییەی بواری وزە پێشبینی دۆزینەوەی گەورەی یەدەگی نوێی نەوت و گاز دەکات لە ئاوی بەستوی ئۆقیانوسی بەستەڵەکی باکوردا.

(3) وەك خاڵێکی جیاواز گەرمبوونی زەوی کە گریمانەی ئەوە هەیە هۆکارەکەی سوتاندنی سووتەمەنی بەردین بێت، سوودێکی پێشبینی نەکراوی هەبوو، چونکە لە ساڵی 2005دا زانایان ئاماژەی بەهێزیان دۆزیەوە سەبارەت بە بوونی نەوت لەو نمونانەی لە قووڵایی دەریا لە دوری نزیکەی دوو سەد میل لە جەمسەری باکور وەریانگرتبوون، ئەویش بەپێی ئاژانسی روپێوی جیۆلۆجی ئەمریکا (وتارێك بە ناونیشانی: «گۆڕانی سەهۆڵی جەمسەری بۆ ئاو، خەونەکانی دۆزینەوەی گەنجینەیەك زیاتر دەبن» کلیفۆرد کراوس، ستیڤن لی مایەرز، ئەندرۆ سی ریڤکین و سایمۆن رۆمیرۆ، 10ی ئۆکتۆبەری 2005، نیویۆرك تایمز).

(4) «خستنەڕو و خواست لەسەر نەوتی جیهان»، راپۆرتێکی بازاڕە لە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەوە دەرچوو، 10ی سێپتەمبەری 2008.

(5) توێژینەوەی کۆکراوەیە لەلایەن گروپی «ئۆستۆك سیکیوریتیز».

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ / فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر / پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر / رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی / سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگلس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 |ناميلكەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستییانە | دکتۆر حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لەکوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |